# زینانی ڕۆح



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

کتێب: زینانی ڕۆح - شیعر
نووسینی: هاشم سەڕاج
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٦٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٠٨)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ



## هاشم سەڕاج

# زینانی ڕۆح

# گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس

شەوبۆیی سەری سونبولی زوڵفت لە سەری دام
ئیستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەیی شەوبۆ
نالی

هەمـــوو ڕییـــەک بەرەو دڵمـــە و دڵیش تۆی
ئەمـــەم زانی... هەتا زانیم... تەمـــەن ڕۆی!
کـــەسێ هەس وەک منی شـــێت تۆ بناسێ؟!
ئەگـــەر گـــەردوون گـــوڵێ بێ، دیارە تۆ بۆی
ئەحمەد تاقانە

# پێکەنینێک لەناو قوڕگی شاری گریاو

گیانە تارا.. وازبێنە لێم
گڕ بەرمەدە.. لە سەر تا پێم
چیت لێم دەوێ
پێکەنینی قاقای چاوە شێتەکانت
نامبزوێنێ
ئاوازی.. ماتەمینی ناو نۆتەکانت
نامگریێنێ
گریان.. ژەهری چاوانی من ناشواتەوە؟!
ژان هەتادێ
کلی ئازار ئەبا بەرەو شارو لادێ!
لەناو قاقای پێکەنینتا
سەد نهێنیی
بادەی شەرابم بۆ دێنێ!!
من بە تەنیا
بادەی عەشق لە لێوی گوڵ دەخۆمەوە
شانەی مێشکم
بە ئارەقەی ناوچەوانی ماندووبوونت ناشۆمەوە
لەسەر لێوی مناڵەکان.. زەردەخەنە
قەت شێن نابێ
تەنیا لەسەر لێوی سووری ماکیاج کراو
دەست و پەنجەی پڕ لە خەنە!
قاقای پێکەنین ئەبارێ؟!
چیت لێم دەوێ
من سیپاڵی... تارماییەکان



لەبەر ناکەم
لەبەر داڵدەی سێبەرەکان
خەوم نایێ
لە هەڵپەڕکێی دەسگیرانییت
لە ڕەشبەڵەک و لە شاییت
لێزمەی دینار شاباش ناکەم!
چیت لێم دەوێ
من ئێستاکە
چاوەڕوانی وەرزی بەهارێکی تەڕم!
لەسەر شانۆی چەوساوەکان هەڵبپەڕم!!
چاوەڕوانی
بەرگی خامۆشی ئەم ساڵەم
پێکەنینی بزەی لێوی ئەو مناڵەم
گەردەلوولی شاری شێواو ئەی شێوێنێ
گڕ تێ بەربووی ڕەشماڵەکان ئەی گریێنێ
گیانە تارا
لە دامێنی قژی زەردت
هەزاران ئەفسوون حەشارە
هەموو چاوێک.. فرمێسکی ڕەشی لێ ئەتکێ
بە تەنیا چاوەکانی تۆ
پێکەنینی ئەفسوناوی پێوە ئەلکێ
چیت لێم دەوێ
بادەی عەشقت
ناخۆمەوە
چڵکی ڕەشت ناشۆمەوە
تاڵی مەشقت

ناچێژمەوە
من بە تەنیا
بادەی عەشق لە لێوی گوڵ دەخۆمەوە
شانەی مێشکم
بە ئارەقەی ناوچەوانی ماندووبوونت
ناشۆمەوە
ناشۆمەوە

تەمووزی (١٩٧٥)



## سووتان لەناو گڕی عەشقا

کچێ ساریێ...
تۆ هێلانەو من پاساریێ...
تۆ لە لووتکەی دار گوێزێ
من ئاوارەی دوورە شارێ!
لەگەڵ ئەوەش... هەموو شەوێ
دڵ زامدارەو... قەت ناسرەوێ
هەموو شەوێ.. ژەهری دووریت دەخۆمەوە
لە تاریکی نیوە شەوا
هەموو لەشم لەناو لەشت دەتوێتەوە
هەتا دڵم تێکەڵاوی دڵت دەبێ!
حەز لە ئەوینت تێر نابێ
تێکەڵاوی یەکتر دەبین.. دەتوێینەوە!
هەر بە چەشنی هەڵمی بەفرو سروەی کوێستان
پەیتا... پەیتا
روو ئەکەینە... شەپۆلەکان
دەڕژێینە ناو... خەمەکانی دڵی سیروان

١٩٧٨/٤/٢٤
بەغدا

## تۆ کۆچەری و... منیش تاوڵی دەربەدەریت

ئەی ئەو کەسەی شێت و شەیدایی
هەوری و شەدەی
دەپێم بڵێ؟
تۆ چۆن خەمی ئەم سەردەمەت
بەبا دەدەی..
تەمەن ئەڕواو.. گەڵاش درەختان جێ دێڵێ..
وردە وردە بریقەی چاوی تۆش دەڕوا..
پەمەی خاوی.. نەمژراوی
کوڵمەکانت.. سات لەدوای سات..
لەگەڵ پرشنگی رۆژگارا
ئەبێتە هەڵم و بار ئەکات
بۆ ئاسمانی بێ کۆتایی هات و نەهات
هۆ.. هۆ کچە کۆچەرەکە
خەمەکانت لمی کەناری چەمێکن
تا دووکەڵی ناو رەشماڵی تاریکەشەو
رەشتر ئەبن.. خەستتر ئەبن..
هۆ.. هۆ کچێ - کەم دیدەنیت..
نیگاکانت بێتە چەپکێکی رابردوو
هەڵبوەرێ و برژێتە ناو
لاپەڕی پەککەوتوبووی مێژووی مردوو
تۆ کۆچەری و منیش تاوڵی دەربەدەریت
تۆ ئاوارەی منیش ژان و دەردەسەریت
وەرە.. وەرە
لەناو جەرگەی ئاگرگرتووی



ژانەکانی ناو دەروونم تێر بسڕەوە..
هۆ.. هۆ.. کچە کۆچەرەکە
سینگم تاوڵی نەبوونتە
لەشم دنیای ونبوونتە
ناوەرۆکی زامەکانم ئاگردانی
سەرمایی ناو دەروونتە
خەمەکانت.. بەرەڵڵاکە
با دەم بنێنە ناو دەمی ژانەکانم
شیلەی لێوی تامەزرۆیی
دێرزەمانیان تێر هەڵمژن
تاقە شەمی دیوەخانم
هاوسەری تەمەن و بوونم
شەپۆلی سۆزی هەڵچوونم

١٩٧٩/٢/٥

## دوو پارچە شیعر

١

زریان هەڵاڵەی نێرگزی..
ناو قەدپاڵی..
دڵمی دزی.
وردە بۆن و زەردەپەڕی..
بە تەوژمی
هەڵمی سەهۆڵ..
هەڵنەوەری..
گەردەن بەرزی بێ دڕکەزی..
فەریکەگوڵ.. عەمرەکەم..
نەرمە بۆنی زەردەکەزی..
لە شەوانی سەهۆڵبەندان
چۆن دەتەزی؟

٢

بە دەنگێکی برینداریی..
کە بانگم کردی و نەهاتی..
ژیانم چوو.. بەرەو
وەرزێکی نەهاتی..
بەڵێ ئازیز قورینگێکی راژیلە بووی
لە هێلانەی ساردوسڕی
کەلاوەبووی ناخی دڵم
رانەهاتی.. رانەهاتی..

١٩٧٩/٤/٢٣



## دووکەڵ

*چامەیێکی شێواوە*

*پێشکەشە بە «روتای»ی شیلەی گوڵە خوودارەکان*

دووکەڵی جگەرە... هەڵمی ئاو
بۆ باوەشی ئاسمان دەڕوا
نایێتەوە.
دووهەم: کە دێتەوە
ماچی لێوی تاشەبەردی تاڤگە دەکات
کە دێتەوە، دەڕژێتە ناو دڵێ
نێژراوی، خۆڵ و قوومی بیابانی مەرگە.
ئەی تۆ... ئەی دووکەڵە
کەسک و سوورو بێ رەنگەکە
ئەی دووکەڵە
دڵ پڕ وزەو بێ دەنگەکە
دێیتەوە.. ئا..،
کە ئاسمان تەپی و مردن بوو
بە کچێکی چاردە ساڵ..
ئینجا.. بای دووکەڵ هەڵئەکا
دارستانە سەوزەکە سووتا
تەنیا پۆلە مەلێ نەبوون بە خۆڵەمێش
تۆیش ئەی بەژن و باڵا شۆڕەبی
لە ئەشکەوتێکی تاریکا
گڕ لە باڵای خۆ بەردەدەی
دەروازەیەک رووناک دەکەی
ئەی جەنگەڵە سەوزەکە... هێلانەکان.. جریوە

بۆ کوێ؟... سەهۆڵ بۆ شەو.. شەویش
بۆ فەریکە نێرگزێ دەدوێ
چۆن رازی دڵ بدرکێنم
سیرۆژی رەبەق + شەشەڵان
بەرۆژوو دەبوو
هاودۆستی هەمیشەیی
روبەندی رەش بوو
راژیلە بوو.. راژیلە.. مەمک شەمامە
دوورترین گەشتی بەرەو حەمامە
پورە «ئایش» بەدیداری ژوانی
جووتێ درەختی رووت شاگەشکە دەبوو
وەرزی نەهاتی رایماڵی
کۆنە هاوسەری هاری
لە حەساران.
دەستاری سێکس دەیهاڕی
نیوە شەوە لەبەر دەرگا رامەوەستە
دەلاقەی خانوە کۆنەکان دڵیان مەستە
لەبەردەمم تێمەپەڕەو... مەپەڕە
بە بارتەقای گۆڕستانێ
لەناو دڵتا... لە دەروونتا
بیرەوەریم جێ هێشتووە..
کێ دەڵێ عاشقی هەودای دووکەڵ بوو.. چش
هێلانەی کۆتر... تیرباران دەکات
هەموو ساڵێ دەزێ
چاوم کوێر نابێ و لەشم کۆچ ناکات
قاوەخانەی کۆشکی شوشەبەند
داڵدەی پشیلەی گەندەموو زەرد



ئاگردانیانە، گۆڕەپانیانە، تەوییلەیانە
بۆ ئەچی بۆ... خەستەخانە
وەرە ناو ئەو دڵە وێرانە
بازنەکانت ساکارن
بەردی بناغەی شەوانم
سواری باڵی سیمرخ دەبێ و دەڕوا..
بەرەو بازاڕی شەهوەت
سادییە، پایپکێشە، کەندووی بۆشە
سووتانی شەوانی کۆڵانە تەنگەبەرەکان دەگێڕێتەوە
عاشقی قردێلەی سووری زووڵفی چاوکەژاڵەکە دەبێ
دڵە.. زەدەیە کەلاوەی دووکەڵە
هێلانەی رەوەیەک مەلە
بۆنی خەراباتی مەخمەڵبەندی شاری پایتەخت
گەمارۆم دەدا
وەک زەردەواڵە پێم وەدەدا
دووکەڵ گۆماهی دەدا.. هۆ...
کە مناڵ بووم.. دیدەکاڵبووم.. ساکاربووم
دەستی چەپم لەناو دەستی راستت دابوو
لە ئاژاوەی ناو بازاڕا
خەمی دووکەڵ و خواکانت هەڵگرتبوو..
دێمکەیەک ئاوی حەیات بێنە
کوڵمی کچە رەوەندێکی پێئاودە
پێکەنینی جاویدانە.. رۆژەڕێیێ دەڕوا
بەرۆکی ئەو دڵە بەردە
بۆ.. نابیە.. دارزەیتونی رۆخ قەبران؟
فانۆسهەڵگری نیوە شەوان ئەبینی
تەرمی تەزبیح سوورەکە، مشک و جرج سیپەلکیان

دەهاڕی
دەزانی.. ئەکتەر ئاسا دەلەرێیتەوە
قومریش وەک تۆ نازناکات
ئاگری زستانی تەمەن
پرچت لووتکەی دار گوێزەو خۆری گرتۆتە باوەش
دەنکێ تەزبیح لەسەردڵت هەڵگرەو.. مەگری
مەگری.. پێکەنە.. بۆنی ئەم ژوورە بکە
دوا سیپاڵی کاڵی مەشۆرەوە
بۆنی بکەو پێکەنە.. خۆبەتی
بەدواتا.. بەدوای.. وەک مێرووله
قومری بمرێ لەسەر سنگت
لەسەر دڵت قەبری بۆ هەڵکەنە
رواڵەت دەڕواو
ژانەکانی دڵم ناخوا.. خوێنم نامژێ
دەبێتە بەشێ لە مێشکم
ماچی دەم ئێوارانی سەربانان.. کارەساتە
جەستەی نەخۆشێ دەگریە باوەش و نامری
قازی گەردن سپی عاشقی سیانی رەشە
بالیفی لە تووکی کام باڵندەیە...
لە فریشتە جوانترە، کاتێ بەتەنیا دەبێ
کەرپووچەکانی دیواریش پەنجە لە چاوی خۆیان دەنێن
دەڵێی دووکەڵی جگارەی هەموو ساتێ
دەمسووتێنی و لێت تێرنابم
سینگی بەفری یەکشەوە.. گەززەرێژ دەکات
فنجانی قاوە پڕە لە دەنکە هەنار
مەوەستە، رامەوەستە
کۆنە دیواری ماڵەکە مرۆڤ قوتدەدات



گەردنی بریندار دەبێ ئەو ناسکۆڵەیە
ماسی لە ئاوی دەریا تێر نابێ
بە گۆزەیەک دەخۆینەوە
چەند جوانە..
پاشئەوەی ئەشکدەرێژێ
ئەو جووتە چاوە سەوزانە
وردە وردە هەنگاو باوێ
چاوچنۆکە ئەو شەوبایە
چەشنی گوانی مامز. لەگەڵ. سروەی هەناسەی
سوتێنەر ئەلەرێتەوە. پەلاماری لافاوی دووکەڵ بدە
دەبا.. لاسارەکە دیداریت بکات
مەپرسە لەم بورکانە، لەم زیندانە
هەموو خوێنی لەشی لە چەقی روومەتی مەییوە
دەنگی هاوار کردنت پساوە
مەمکی خڕێ.. لە مەمیانە دەفڕێ
بەشێکی لە بۆنی پونگی رووی جامەماست
تورەگەیەک سەهۆڵی توندی لەپشتە
بەرەو شاری هەتاو هەنگاو ئەنێ
هەموو تاریکایی دنیا
لەناو قۆرتی کوڵمی ئاڵی
دەبێتە دانە خاڵێ
قامکی.. نینۆکەکانی جێدێڵن
دووکەڵ بەناو شاری هەودای پرچی پەخش دەبێ
کرمی ناو دیواری قاوەیی برسیانە
عازەبە.. خۆرتە، تۆغیانیەتی
دوایی پەلکە کاڵەک دەکرۆژێ
دەردی لە شێرپەنجە گرانترە

کاتێ پەنگر ئەبێتە خۆڵەمێش
لەشەوانی ئارامگاکان هێمنتری
بەژن دار حەیزەران
ژوانی ئاگرو بەفر چییە ؟
دەبوایە: تێزاب.. ژەهر. مسی تواوەی پڕ ئاگر
برژایە ناو چاوە زیتەکانی. ئەم کۆلیتە شایەنیەتی
سەگی نیوە شەوان دەحەپێنن
چەمەن ئەڕازێتەوە کاتێ ئۆغردەکەی بەرەو قوتابخانە
قامکت ئەنگوستیلەی ئەڵماسی لێ دێ
کولم گوڵە ڕێواس
بەرکۆژەی سوخمەکەت داخە
چاو برسیەو دڵ پڕ داخە
کێلەکان هەڵدەپەڕن
لەناو قەفەسی قەبران
دەیانەوێ دەرپەڕن
ئەو کڵافە ئاوریشمە خوداییە لە کوێیە ؟
چەناگەت لە گوڵ وەردە
پرچت لە زێڕاو.. کلان لە چاوکە
باوەشی هاوینی شێت بووە پەردە
خرمەی بازنی گەردن بەفرەکە
ئاوازی.. دەردە
منداڵدانە.. نەزۆکە
پەربییە.. کۆکە
مردن باشترە.. لە قاوەچی دیوەخانی ماڵی پاشا
سواری پشتی ئەسپە دووکەڵ بە
بۆ ئاسمانی دنیای هەوران
لەگەڵ ڕێژنە بارانێکا دەگەڕێیتەوە



کەپری ڕۆخ جۆگەلەی ناو ڕەزان
جووتە سێوی سەهۆڵی سەرسینگت ڕادەکەن
دۆدانە شێوانە: دۆدانە شێوانە
نەمن دەمرم،
نەتۆش مەلە لە رووباری حەزی تەنیاییا دەکەی
دووکەڵی سپی «ئەستێ» خانم
مامانی هۆنراوەکانم.... هۆزان شێتە
مسی ئەستونی شەقامەکان تێرت ناکەن
دەبم بەخوای هەور.. کێڵگەکان دەکوژم.. ئەوجا
لە بیلبیلەی چاوەکانت دەتوێمەوە.. بەفرستانی
چاوی زیتی سمۆرەیی
ئەبرۆ و برژانگ ڕەش قەترانی
ئاستی نیگای چاوەکانت
زەردەخۆری مانگەشەوە
یا پرشنگی بەربەیانی
نەرمۆکە ئەلەرێتەوە.. لەنگەر ئەگرێ
بۆ باوەشی خوای نوستن
لەشی ماندووی
گرمۆڵە ئەکا بۆ خەوتن
لە خەونەکانت بمسوتێنە
دووکەڵ رووخسار دائەپۆشێ
توانەوەی هەر هەری... سا. دەی دیدەکاڵ
ڕاژیلەی دەربەستی ناوماڵ
ئینجا.. ژەهرە نهێنییەکانت.. دەڕشێمەوە
جارێکی تر بۆ ژوانت
بۆ گەزتنی کولمەکانت.. نایێمەوە
دەمری دووکەڵی ڕەش هەڵدەکا

منیش دەمرم ئەو دنیایەش کاول دەبێ
شەماڵ دۆخی مردنی بەسەرنایێ
هەنگاو بەرەو لووتکەی ئامانج
لە دوندەوە دادەبەزێ
ئامێز بەفرەو شەختەبەندە
دەست و پەنجەم
گۆشتی سڕی ژێر نینۆکی پڕ ئەشکەنجەم
پلووکە بەردیش ناگرێ
مینای پەنجەرەی شەوانی هاری بێداریت
وردو خاش کەم
وا خەریکە وردە وردە بەشی چەپی لەشم دەمرێ
گەمارۆم دە... وەک بۆن و بەرامەی تەوبیلەی
رانەپەڕێ.. گەمارۆم دە
بە بای چارۆگەی ئاسمانیت زامەکانم دەحەسێنەوە.
ئای بۆ شەوێ شادومەرگ
حەزێکی بێ جل و بەرگ
رەوە زەردەواڵەی حەزت
ژەهراوی تاڵیی چزوویان پێم وەدەدا
خۆت حەشاردەی.. خۆت گاڵەدەی
لە زیپکەکانی روومەتت دەتناسمەوە
شەو درێژە.. شەوی یەلدا
شەختەیێ سوورە ترسناک
ملیۆنەها خەمی ئاڵۆز
تەنیا دڵێ.. دڵێکی تاک
خوێنم لە شەختان برێژە
دووکەڵ بەرەو بەرز بوونە
بێداری. دوورە پەرێزی.. بێ ئامێزی



ڕێچکەی تەمەن بەرەو چوونە
گەر زامداربی.. ئەی بەژن و باڵا شۆڕەبی
یاخود بمری... مردنی سەگ
لەم گۆڕەپانە تاریکە.. ئەی ساویلکە
هەموو لەشم ئەبێتە چاو
لە روانگەی خۆ ویستنا
سەرنج ئەدەمە ئاویلکە
لە کلاوڕۆژنەی چڕە دووکەڵ لێم دیاری و لێت دیارم
ئا.. دوێنێ عەسرێ.. یاساوڵەکان
گریان بەردا دڵی نەرمی دارلانکێ
هەژانەوەی پێدەکەنێ کۆرپەکی چاو کەژاڵیش
لە گێژەنی گراویا
لە جیاتی بووکە شووشەی خۆی مشتێ پەنگری هەڵئەگری
شەو درێژەو
کاریتەی بنمیچی مزگەوت
کز ئەسووتا
دووکەڵی مردووی نەزۆکی
بەرز دەبووەوەو دەگری
بۆنی غوربەتی خواوەندی لێهەڵئەستا
لە بەرۆکی تارماییەکان
پارچە کەسکی هەڵئەواسی و توند ئەیبەستا
ئاگردانی شەوانم تۆی
لیمۆدۆزی زامەکانم.. فریشتەی باڵا کەڵەگەت
وەرە.. وەرە.. لەم شارە دووکەلاویە
بەدوای یەک کەوین
هەردوو وێکڕا.. عاشقی دەنگۆکەی کەوین
بەرەو ئەم دووکەڵە چڕە.. ئای چەند کڕە

دیاره ئیمشەو خشپەی پێ دێ
بۆنی بێگانان دێ..
سەگەکان دەحەپێن.. سەگە رەشە
خەوی بەچاوا نایێ
دڵی لە ئەڤین بێ بەشە
پاسەوانی دەسماڵی رەشی خازێیە
تەنیا رنۆکی تیژی نینۆکانی خۆی پێیە
ئا.. کێ دەزانێ
خازێ کۆچەری کام رێیە
خازێ دووکەڵی کام دێیە
شەو درێژەو.. دووکەڵ.. دووکەڵ
خشپەی پێ دێ
نالەی شێتێکی زورهانە
لەخوار ئاوایی رێ دەکا
لە برسانا بێ وەی هەستکا
لەگەڵ تۆپەڵێ تاریکی وازی دەکا
وێکرا.. ئەبین بە دووکەڵ
هەڵمی دەریالووشی خوا
سینگم کێڵگەی کاسەسەرە
خۆریش لاشەیێ بێ سەرە
وەرە.. ناو لەپت لەناو لەپم کە
قامکان گیرکەین
هەتا دەتوانین راکەین
چەشنی کارمامزی تیررێژکراو
بەرەو بنار.. قەراجی تیلەکۆ
بەرەو گلکۆ
گڵە سوورەکان.. بۆنکەین



گوڵە سوورەکان.. بۆنکەین
عیشقمانە.. خوامانە..
گلێنەی هەردوو چاومانە
لە کۆلارەی هەردوو هەرێم.. دەتپارێزم
باوەشگیرتدەکەم.. دەتگوشم لەناو ئامێزم
خەمەکانیش تێکدەئاڵێن
دووکەڵیش شەپۆلی وردتر دەبێ.. وندەبێ
ئینجا.. کیژۆڵەی شاری دووکەڵاوی.. دێیتەوە
ئا.. سەگەکان ترەکان
بەچکەکانیش گەورەبوون
گوڵە کێوییەکان ونبوون و سەریانهەڵدا
خەرمان دووکەڵی لەخۆ بەردا
کە.. دێیتەوە.. دەچییە تۆڵەکان
بەرەو مێرگی هێسکنشین
بە پەیژەی کاسەسەری کریستاڵی
بەرەو چەمەکە شۆڕبوونەوە
باڵندەکان لە داهۆڵ ناترسێن
ئەم زنارە هەڵدەکۆڵم.. مێژووی تەقینەوەی
عیشق.. دابڕان.. هەڵدەکۆڵم
لە رووی با هەڵدەکۆڵم.. ئا.. با با با با با با
ئەی دووکەڵی چڕ
چەند کیژۆڵە حەز حەزۆکێیان لێکردی
دێر زەمان تێپەڕی و.. تۆ هەر نەمردی
بۆنی کاریتەکانت کۆنە
بنکەی هێڵی شەمەندەفەری برسی
وردە هەنگاویان دەهاوشت
پلووکە بەردی قەراخ چەم

وردە شەپۆل ماچیان دەکەن
تۆیش ئاوێنەی دڵانی
دەم و چاومان.. دڵمان.. بشۆینەوە
لەم ئاوە سەهۆڵییەدا بخنکێین
لە پەڕەسێلکە گێژەکە دەکەی
باڵدارە کۆچەرەکە.. بەدوای چی وێڵی
جەستەی مردووت جێ دەهێڵی
بێهۆش مەبە... سەرشێت مەبە
ئەم هەرێمە پڕ قەناسە
لە ماوەی چریکەیەکدا ناهێڵن وەرگری هەناسە
لە پاڵ ئەم یالە راکشێ
دڕکەزییەکان بۆنکە.. گۆشەگیرم کە
کە رۆژ ئاوا دەبێ.. ژەهریش دەبێتە جۆگەلە
درەختیش وەنەوز ئەیگرێ..
دووکەڵ بەرز.. بەرز... ون ئەبێ
لەم چەمە مەپەڕە..
قەوزە سەوزەیان لەسەرە
دیارە مەڵبەندی بۆقانە
هەڵدەخلیسکێی کچی تاقانە
شەو درێژە..
ئەم رەختە فڕێ دە..
دڵم لە خۆت گرێ دە..
خۆت سووک کە..
خۆت ئێسک سووک کە
رێکەین بۆ لووتکەی زەردە
گڕ لە هەردووکمان بەردە
دووکەڵ بەرز ئەبێتەوە



ئاسمان ئەهەژێتەوە
تەمەنی عیشقمانە
دووکەڵی جاویدانە
لە خشتمانبگرن.. لە خۆڵەمێش
ئەی دووکەڵی قەلەندەری کۆستکەوتە
لەشم شەکەتە
کاسەی سەریشم وێرانە
چ.. گەردەلوولێ هێناتی
ئا.. لەم پێدەشتە خۆڵەمێشییە
تەیر پەڕاموچەرێژە.. شەو درێژە
دەمارەکانت دەبەستێ
چەمیش ئەدرەوشێتەوە
دەسگیرانی کەشتی و کەنار
کەشتی باری کرد
پیرێکی ساویلکە مرد، خەمی پێ بوو
دووکەڵی گیرۆدەیی پێ بوو
چەمیش دڵۆپە عیشقی هەڵمژی
شەپۆلەکان سەرخۆشبوون
چارۆگەدارەکان دەلەرین
پوولەکە ماسیش هەڵدەوەرین
منم گەڵای داری بەهەشتی تەمەنت
رۆشنتری لە دەروونی رۆژ
بڕۆین بەرەو بورکانی دووکەڵی کانزاکان
ئینجا.. دووکەڵ تیژڕەو ونە..
قولاپی راوکەر نایگاتێ.. چنگاڵ گیربێ
گوللەی قەناس
تەختی نێوچەوانی نابڕێ.. کت و پڕبێ

کرم ناکەوێتە لەشی وەنەوشەیی
لە زمستانا نامەیی..
باڵندەیە خۆش ئاواز
دەخزێتە دارستانی کاژ... دەچریکێنێ
بەرز.. ون.. بەرەو گۆڕستانی قەرەجان
لمەکان پیرۆزە... عیشقمانە
زەردەخەنەی شەوگاری تاڵمانە
بۆنی پێستی کچە قەرەجێکی رەشئەسمەرە
دڵم، دڵت، دڵی... دوو بەدەرە
شەو درێژەو... لەودیو تاریکستانی ئاوایی
کاروانێ دووکەڵی زەرد گینگڵ ئەداو بەرز ئەبێ
جلەو کێشە.. پرچی زەردی شاپەرییێ دەسووتێ
هەتاوی شەپۆلەکانیش تەواوکەرن
گوڵە سەهۆڵەکان بۆنکەین
مەرگیش لە کەژاوەیەک دەگوازرێتەوە
دەبی بە بەفر؟ با ؟ سەوزایی سەر سینگم
دووکەڵی زەردی شەبەک... دەتوێمەوە
کلۆ بەفرێ بەگەرمایی گۆمەخوێنێ
وردە وردە توایەوە
هەتا دووچاوی هەنگوینی لە بینینا کوژایەوە
بەفرە خوێنیش بوو بەجۆگەلەی رەنگاوڕەنگ
بەرەو قەرسیل و گوڵە کێوییەکان
شۆڕبوونەوە... خۆرئاوا نەدەبوو
لە دووکەڵە رەشەکانا ، لە نهێنیەکانی ئاسمانا
لە ساچمە ژەنگاوییەکانا.. یاخی دەبوو
گڕی زەردی دڵی لامپاش بەرز دەبوو
ساپیتەی.. کاریتەکانی رەش دەکرد



خەمی بەسەر دەم و چاویان دابەش دەکرد
پارچە پارچە جل و بەرگ کۆچیان دەکرد
ئای لەم شەوە.. کش و ماتە
دەنگی سەگەکانیش نایێ
بۆ کوێ دەڕۆی من لەم چۆڵاییە ژەهراوییە جێ دەهێڵی
بێ ئاگردان و بێ چەتر
درەختەکانیش گەڵایان پێوە نەمایە
کادینان مەسوتێنە
ئاژەڵە گەڕۆکەکان دەگەڕێنەوە
تۆزێ لەشەپۆلی زوڵفەکانتا بحەسێمەوە
تێر تەماشای چاوە خواییەکانت بکەم
بارستاییەکم لە شەختە، تەنیا دڵم لێ دەدا
دەمارەکانیشم دەبەستن
بۆنی گۆڕستانی ئاواییەکە.. ئەم ئافرەتە دەگەڕێتەوە
چەپکێ بخووری نیمچە سووتاوی لەمستە
بە قوربانی گەردنت بام
هەتا سەرخۆش دەبم.. بۆت دەگریم
زووڵفی پەشێوم.. کراسی بابردووم
شەپۆلی عیشقی مردووم... فرمێسک بارانە
بڕۆ.. بەرەو گۆڕستانی قەرەجان
دڵمان.. عیشقمان.. پێ کەین
رەوشتە کۆنەکان لەپێ کەین
رەشپۆشەکە پاکانی شل نەبوو
لەم گۆڕستانە.. فراوانە
وەرە ئەی زووڕناژەنی مەرگم
فریشتەکانت سەما ناکەن
گۆمیش مەنگە.. شەویش درێژو سامناکە

تارماییەکانی رووی دیواری ژێر ئەم خاکە
دەجوڵێنەوە... لەناوەوەی خەمەکانم
چاوە سەوزەکانت جووتێ ئەستێرەی نزیکن
لە ئاسمانی پڕ دووکەڵی ژانەکانم
درەختەکانی لەشم تێر ئاو دەکەن
شەوان باوەش گیر ئەبین
شەو نییە.. لە دارستانی کاژ بەدرختەکان هەڵنەگەڕێین
باڵندەی قەلەندەری ناو قەفەسی دووکەڵاویم
لە ئاسمانەوە تووشم بووی
تۆپێ تەمت لە دەروونما جێ هێشت
تەمی دووکەڵاوی.. تەمی خودایی... گیرۆدەیی
وەکو با رابردی چاو چاوی نەدەدیت
بوومە ئاوارەی سێبەری قاوەییت
بەدوات کەوتم... هەر رابردی
دەشمزانی جارێ نەمردی
وەرە... نیوەڕۆیە... لم گەرمایییان هەڵمژیوە
ئاژەڵە بەرەڵاکان.. گەڕۆکە ونەکان
هەموو رۆژێ دەوری ئاخوڕەکە دەگرن
هەنگاو بنێ بەرەو کادیین
سێبەری منداڵەکان رازی دڵیان دەدرکێنن
ئەسپەشێی ماڵی کۆچەرەکە
لغاوی هەڵپچڕاندو بەرەو هەڵدێرو نشێوان
سەری هەڵگرت.. بەم تۆفانە وێرانە
کێ دەڵێ شێت نەبوو... ئاژەڵیش دین دەبێ و
لە خەڵووزی تاوڵەکانا سمکۆڵ ئەکا
ژانی ناو جەرگەی برینی سارێژ ئەکا
هەزارەها دارو بەردو چیاو دەشتمان لەنێوانە



گوڵی سەهۆڵ.. لمی ژێر بارانی شەوان عیشقمانە
چی ئەکەی لەم وێرانە؟
خەمەکانم دادەگیرسێنم
جێی بزماری دیوارەکان هەڵمیان دەمژی
کەوڵە رێوی تۆزنشین بوو.. لە بنمیچەوە شۆڕببووەوە
ئەم تەنیاییە.. ژەهراوییە.. خودایییە
ئەی میوانی شەوانی سەرمای زستانم.. چراخانم
لە پەنجەرەی ژووری مەرگم مینایەکی کریستاڵی
هاوبرینم.. هەورە دووکەڵ بەری ئاسمانی گرتووە
ئیمشەو دڵم ئۆردووگای کۆمەڵێ داڵە
تۆیش دووری لێم.. وەک ئەستێرە
دەنووکیان ژەهرە چنگاڵە
ئەترسم چاوم هەڵوەرێ.. نەتناسمەوە
یا پیادە سەرهەڵگرم بۆ ناو ئاژاوەی ئەم چاڵە
زووکە دەستت بۆم درێژکە
تەماشای ژیلەمۆی لەشم
دووکەڵی زەردی روومەتم... ئەی زۆزانییەکە
منی بێدار... خەریکە دەنووک رێژم کەن
لە عیشقت بێ نوێژم کەن
«با»یش لمەکان دەگوازێتەوە
«ئاو»یش درەختی هەڵکێشراو
«تۆ»یش عیشقی لەشێکی سەربڕاو
شەمی دەواری کوێستانان
چەپکێ پیفۆکیان کردبوو.. بەجووتە دەگەڕانەوە
لە دوورەوە لێکدابڕان
لمەکانیش سوورهەڵگەران
داڵیش دەنووکیان سوور ئەچووەوە

بۆ هێلانەی کەندەڵانیان دەچوونەوە
مەشکەش چاوەڕێی بەیان بوو
رانەمەڕی سپی و تەبەش
ئارەزووی گیاو ژوان بوو..
لە هەڵمی ژانی جوودایی.. لەگەڵ یەکن
تیغی دەبان و کالان
برسیەتی و کونج و کۆڵان
نوێژ و بەرماڵ
سترانبێژو ئاوازی ماتەمین و خۆش
مەی و سەرخۆش
خوێنرێژو کەللەی بەتاڵ
ترێی رەشمیری و قەرتاڵە
خەم و ناڵە
من و کەرپووچ و تاریکی و خۆشویستنی
دوو چاوی کاڵ
وەرە کیژۆڵەکەی شاری بەفر
تفەنگێ بەتاڵ کە لە جەرگم
لە گڕ بگرە تەرم و مەرگم
دووکەڵ عیشقمانە
هێدی.. هێدی وندەبێ.. خۆریش ئاوادەبێ
لووتکەش گەرمایی لەشی لێ ئەترازێ
خەمهەڵگری... خەمهەڵگرم
لەگەڵ لێدانی دڵۆپەی چیتاری خەم
دڵم بەدوات
ئا.. ئیمشەو بەدواتدەکەوم
بەدوای لەشی والات.. سێبەری بالات
گەرلێم ونبی.. بەدوای خاکا



بەدوای بۆنی لمەکانا
بە دوای تاریکی شەوانا
بەدوای خەمی ناو هەگبەی شێتی زیندانا
کێلی گۆڕەکان دەخوێنمەوە
بەردان ریز دەکەم
ئینجا.. قاقای پێکەنین دێ
هاربووە بۆ لەشی ئاگر گرتووەکە
شەمدانم.. گوڵدانم.. ژەهردانم.. ژانی ئەزەلی
لەگەڵ منی.. وەک کاتژمێر.. وەکو کەوش
بەڵام چەسپاوو نەگۆڕی
دوا میوانی ناو گۆڕی
لە بەفران بارو سەرمایە
گەرماییت وەکو زۆپایە
گەرمای زیندەگی سەرمی
خەوشی قوڕاو و لمی
لەو دیو بادەوە.. دەتبینم
دوو چاوی کاڵ... وەکو پەڕگاڵ
دەردەپەڕێ و تیژ دەپەڕێ
لەناو چەقی.. کەفی مەی تاڵ هەڵدەچەقێ
کە ئاودیو دەبێتە ژوورێ
لە خەمەکانم دەگەڕێ
بە لووتکە بێ کۆسپەڕێیان هەڵدەگەڕێ
خەمیش ئەندامی سی ساڵە
لەبۆ ماچێ
لە هەڵوێستێ وەردەگەڕێ
هانی.. هەر چوار سیلەی دڵم تێکهەڵپاچێ
رەگی دووکەڵ دڵۆپە ژەهری مەیووی لێ دەرناچێ

دەزانم باڵندەیەکی نامۆیەو دەچریکێنێ
ئێوارەیە درەنگ
کۆمەڵێ کۆتری سەهۆڵ رەنگ
لەو هەورە خەست و چڕەیان دا
سەرخۆشن یا... با... دەیان با
بەیەکیان دا دەدا.. نا.. نا
رۆحی عەشقە سووتاوەکان
لە کەللە سەری دان
رۆحی شتە سووتاوەکانە
هەوری بێ بارانە
دەبێ پەڕامووچەیان رەشهەڵنەگەڕێ؟.
خۆ چاوم دەردەپەڕێ!
هەوری دووکەڵاوی.. بەکەلە شقارتەیێ
لە خۆڵەمێش دا دەبڕێ
کاروانە دووکەڵ.. تاڵی یەکەم جلەوکێشە
قەتار دەبەستن.. تۆ دەڕۆیت و.. بەرز.. بۆ کوێ..
ئەی خوا پەرستەکە... وەرە
لەبەر ئەم خۆرەتاوە جوانە
لێکرابمێنێن... خەمەکانمان پێ کەین
دەبن بە بازنە.. بازنەی دووکەڵ
گەورە دەبن.. فراوان.. گوشاد.. دادەبڕێن...
دادەپچرێن
وندەبن ئەدی رەنگەکان
بینین و بیستن و دەنگەکان
بۆنی ئێسقان.. عیشق و خەمەتاڵەکان
چێژی حەزە بەدەکان
ئەم جەستە ئاڵۆزو گرێ دارە



دەڵێی کاروانی مێروولەن.. قەتار دەبەستن
لە چەقی بازنەی دووکەڵدا دەربەستن
حەزت گۆزەیەکە لە گڕو مەی
خۆڵەمێشیش رەش و تاریک
پەینی و ئالیک
گڤە با... دەی با.. دێ.. ئا
قەرەجە ئەسپوارەکە بایانە دێ
شمشێری دەستی ژەنگاوی.. تیغ ژەهراوی
وەک برووسکە نزیکە لێم
بەقەد ئاخوڕ لە تەوییلە
وەک... دان و لێو.. چاوو برژانگ
هەڵقوتێنەر مەبە جێم بهێڵە
ئێمشەو دڵم ژەنگهەڵدێنێ و دووکەڵ ئەبارێ
شەوان وەرە بۆ گڵکۆ
دڕکەزیبەکان... قامیشەڵانەکان.... بسوتێنە
سیلەکان بڕوخێنە
جەستەم پڕە لە عیشقی تۆ... زۆر
مەگری چاوانت دێشێ
بە دڵۆپە ئەشکێ
تینویەتی حەزبەدەکان دەشکێ
سێبەریش لە باڵای ناسازی کێلی گۆڕە کۆنەکان
هەڵدەشاخێ..
لەنیوەی رێ.. بگەڕێوە
خۆت و تارمایی باڵا..
لە پاڵ سەرم
لەچکت بکە بە ئاڵا
پلووکە بەردەکان بۆنی غەریبی هەڵدەمژن

منم رۆحی شتە سووتاوەکانی عیشق
لە دوورەوە باوەشێ گڵۆپ دادەگیرسێ
جووتێ کانی هەڵدەقوڵێ
هەنگاوەکانی تێک ئاڵا
تروسکەیێ بەهێڵی راست
بۆشاییەکان ئەپشکنێ
رەشاتیەکانیش پەرت دەبن
لە پارچە زەوی دەگەڕێ
رۆحی روناکی بۆ دوو چاوی تاریکستانی گۆڕەکان
دەڕژێ... هەڵدەوەرێ
ئەم فانۆسهەڵگرە مجێوری کڵێساکانی خودایەو
تۆزی پیرۆزی دیوارە ئەفسوناویەکانی لێ نیشتوە
لە ئارامگای خواپەرستان... شەوەهای شەو
لەگەڵ فریشتان.. نوستووە
قوڕسایی سەرشانیان فڕێ دەدەن
دەبێتە هاوبرینم... هاونوینم
بەرەو دووکەڵی بێ کۆتایی...
دووکەڵی لیچ بە پەنجەکانم دەنوسێ و
خوێن قووڕسی وەکو خوززە
لە شان و ملم گیر دەبی وەکو قرژاڵ و
سەفەر ساز... فڕێت دەدەم
لەکاتی بنبڕ کردنا تێتهەڵدەدەم
ئەبم بەشێتێ پێخاوس
ئەبم بە دینێ ریشئاڵۆز
سەرهەڵدەگرم بەرەو دۆڵی گردی مامزان
تۆیش گۆرانیان بچڕە
بەدەم ئاوێنەکەت بمرە



زۆر جوانە تابلۆی ئەو دەم و چاوە
شەوبۆی قەراخ چەمەکە لە کەللە سەری دا... دین بوو
ئەی.. نیوەشەو بۆی ئارەقە بارانی کوللەی دوو قۆڵی
چێژی گەڕۆکی رۆژانی بێ شۆڵی
شەقامەکان گەرماییەکی زۆریان پێیە
راوکەرەکان هەڵمی سوورو تۆڕیان پێیە
کۆنە گوشێ بەسە.. بۆ هەڵچوونی..
پەرداخێ چای گەرم.. بەدووان
جگەرەیێ بۆندار... بەدووان
مردن... بەدووان
سێبەری رەش و سپی لێکدەئاڵێن
جۆگەلەیێ ژەهری هاری بێداری بەرەڵا دەبێ
لەتە «سندەویچ»ێ تاڵیی گەدەی هەردووان
دەحەسێنێتەوە..
کونجی دوورە پەرێزیمانە باوەشی کش و ماتی
فارگۆنەکە.
سەگەکان بەڕووتی بەڕووی ئاوێنە دەحەپێنن
کچە قەرەجەکە نەریتان لەپێ دەکا
دووری لە ئاژاوەو ئاوەژووی فابریقەو کارخانە
کارمژەکان
جەردەو چەتەو رێگرو فێڵبازە دزەکان
هەتا هێزی کاری تیابوو بەخوڕتی هەڵیاننۆشی
سیس بوو.. ژاکا.. رەشهەڵگەڕا
وەک سۆتی جگەرەی نێوان پەنجە زەردەکانم هەڵوەری
دووندی گومبەتی خەڵوەتخانە
ئارەقەو خوێنیەتی... لەتە کولێرەی
زارۆکەکانیەتی

بەدەم باو بۆران باسەکەی ئەدرکاند
سپیلکەی چاوت لە بەفر ئەکات
ئەم شەو لەخەون و خەوما دڵم تۆپەڵێ عیشق بوو
داڵیش دەنووک ڕێژیان دەکرد..
چ.. ئاگرێکی ئەزەلیت جێ هێشتوە
دەڵێن.. دکتۆرە بەگزادەکە رووتەڵەکەی سوتاند.
دە مەتری بۆ هەڵکەناند
دەڵێی چی؟.. چونکە برای نەبوو...
قوڵنگ بۆ بەرد راوەشێنە نەک بۆ بەفر..
لێو بۆ ئارەقەی چەناگە نەک بۆ دەفر..
وردە شەپۆلی چڕە دووکەڵی زەرد.. بەرەو کوێ
زەڕنگەرە ورگنەکان هەتا تیشکی خۆریان دزی
حەوتشەو کانزاو زێڕو زیویان تواندەوە
ملوانکەیێ بۆ شاژنەکەی بەگزادە
شەمدان بۆ خوانی مەی و بادە
لەیەک پەرداخ دەخۆینەوە
باشترە ببی بە ستێرک
منیش هەژگێ هەویری تیر
بەرەو تەنووری ئاگربارانی عیشقی برسیەتی.. بڕۆین
تێلەگە پووشی کۆلی کچە قەرەجەکە
بەپریشکی ئاورینگی... بەردەستێ
حەزەبەدەکان.. خەمە سەوزەکان... دەسووتێ
گەر تۆ بڕۆی .. بەدەم ئەستێرکی کەلاوەت
رادەمێنم...
چڕە دووکەڵی سۆترەنگی.. دەم ئێواران
لووتکەی هەور
هەڵمی سووری ئارەقەی گەردنی چەور



گەمارۆی لەش دەدەن ... گورج.. کورچ
بەرەو کۆمەڵگای قەرەجان هەنگاو باوێ
لەچلەی زستانی تەزیو بەڕووت و قوت
لەدەوری گڕ سەما دەکەن
پێستەکانیان... پێدەکەنێ
گەر خوانەخواستە دامرکێ... بەرگەناگرن
لەباوەشی یەکتر دەمرن
ئای .. چ گڕێکی ئەزەلیت بەرداوەتە گیانی من عیشقی
قەرەجان.. خوایی.. خوایی
هەڕڕۆ.. رامان و دامانە
بەدەم ئەستێلکی سۆماوی چاڵی کوڵمی
لە لۆچایی لەکەی لاڕوومەتی راما
لە ریشە بۆزەکەی داما
لەژێر داڵدەی سای سێبەری جووتێ ئەبرۆی
سیارەشتاڵەی دووپشک
چاو خەواڵوو.. بوورایەوە
رەشبەڵەکی ریشی پۆشی خوێنە ئەشک
بەبای وەشتی زەردو تورەی زووڵفی پەشێو
گەواڵە هەوری عاشقی ناو ناوەوەی.. قەڵەشتی بوو
عیشقاوی سووری لەبەرچوو
لەباوەشی ساردو سڕی
دڵۆپ.. دڵۆپ گیانی دەرچوو..
ئا.. وەرزی جوانەمەرگ بوونە
لە پرسەی جوانەمەرگێکا
زریزەی بیری گیرۆدەی دووکەڵ و جوانی و کۆچ بوو
هێندە خەمی لێکدابڕانی هەڵمژی
سپیلکەی چاوی داگیرسا.. وردە.. وردە

روومەتی قشتیلەی لۆچ بوو..
خوا دەزانێ چی روو دەدا..
گەر دووکەڵ بەماڵان کەوێ
لە دووکەڵگای پۆپەی تەلاران دەرکەوێ
گەشتێ ئاڵۆزو ئاوێتە
دنیام سووتا بەگڕی.. تە
ئا.. لەم دانیشتە پەستەمەستتانە دێ.. لەش شل و مل..
خۆ.. خەریکە.. سنگی موودارم هەڵکۆڵێ
وردە ئەڵقەی زریزەی زیبوینی خەمی
پەنهان.. بپچڕێنێ..
شلە تێزابە.. ئەم شلکە.. دێ..
بۆ رەزی مووداری سینگم
خەمەو دەزێ و لەش دادەڕزێ
لە ژێر تیشکی پرتەقاڵی..
لووتکەی روومەتی منداڵی
تیشکی پیرۆزی سوتێنەر
رواڵەت و رۆح دادەڕزێ
ئای ئەم دانیشتنە پەستە کش و ماتە
هەوەسمە.. تیژڕەو بەرەو مینبەر راکەم
قامکی بچووکی ژەهراویم لەناو گەرووی تارماییی
مایکرۆفۆن راکەم.
دوو دەماری گژایەتیم لێکتر گیربوون..
خوا دەزانێ چی روو دەدا لە ساتەکانی شێتبوونا
زۆر.. زۆر.. جوانن..
کەوانەی لووت.. خایەیی رووت
چکۆڵەی پات.. لەنجەو لاری رێکردنت
هەڵکەوتنی بەژن و باڵات



شێتانە.. دەجووڵێتەوە.. وروووژانی پەنجە شێتەکانی
رەوە زەردەواڵەن.. شەیدای شیلەی هێشووی قەرتاڵەن
پای بچووکی جوان و کۆکی پڕ گۆڕەوی..
بەدەستی چەپی لەرزۆکی توند هەڵگوشی
لەگێژەنەی حەزەکانی شێتانە سواری پشتی ئەسپی
لەززەت
ئەم ئەسپە خورت و چەتونە لە دۆڵی لووتکە بەرزەکان
جووتە لەسینگی بەفر ئەدا.. دڵارامی خەم رەوێنم
جووتێ دڵ و یەک ئینجانە
دووکەڵ مەڵبەندی هەردوو دڵانە.. جێ ژوانە..
گوڵی عیشقی بۆنداری سوور
پەخش ئەبێ بۆ دنیای دوور
ئەمەیە.. لێک توانەوە.. تێکەڵاو بوونی ئاسمانی
نەک لێکتر جوودابوونەوە
کۆنە مافووری پیرۆز چەند پرسەی دڵسوتێنەری وای
دیوە
وروژانی وردە شەپۆلی ئاوازی مۆسیقای تەڕی
پەرتووکە ئاسمانیەکانی هەڵمژیوە..
باش دەزانم.. لە پرسەی جوانەمەرگەکە
نەیتوانی لووتکەی روومەتی گەززەڕێژکا..
لە مینای پەنجەرەوە دێ.. باڵوورەی لەززەتی پیرۆز
هەور بەری ئاسمانی گرت.. چڕە تەم بەری دوو
چاوی گرت
دەموت هەتا دنیا مابێ.. لە ماچی مزرت تێر نابم
نوستنی خەوی فێنکی سەر سەنگیای سینگی بەفرت بێزار
نابم.
پێست چەرمۆڵە

ئەمەن بێ تۆ بیابانێکی چۆڵ و هۆڵە
کچە تیوە قەرەجە بابان وێرانەکە... تۆ چۆن
هۆگری رەشماڵی
ئەز هۆگری رەفتەی شینی نێوچەوانی نوورانی تۆ
شەوێک لەخەونا زویر بوو
لە سپێدەی بەیانەوە تێر بۆی گریا
بەگشت دیدەی گیانەوە
عیشق بێ فرمێسک بۆشە
باوەش بە عیشقەوە خۆشە
تۆش باوەش و عیشق و مزری
هەوێنی رۆمان و شیعری
وشێ.. مەرجانە ترێی دارمێوە هەڵواسراوەکەی
بن گوێ سوانەی کونجی عیشقی
بەفری .. مزری .. تارمایی ئەفسوونە سحری
کابرا پێی دەوت... بە رازی مزری
هەر بنبڕبوونێک.. سەرهەڵدانێکی تازەی خۆی هەیە
ئا.. من و تۆ.. بەجووتە سەر هەڵدەدەین
بەدوو هێڵی دووکەڵی رەش.. لەهەردەوە سەر
هەڵدەدەین
لەدوندی لووتکەی درەختێ
شێتانە لێکتر دەئاڵێین
لە بازنەی خۆڵەمێشی گەڵا نوورانیەکانا
تاڵ.. تاڵ پارچەکانی لەشمان
قامکی رەشیان لێکبەردەدەن
ئینجا.. دووکەڵ پێکی ئازاری جودایی تێر دەنۆشێ
وەی.. وەی لەناو باوەشە بۆنێ
ئەم لەشە شل و سەرخۆشە مەلە دەکا



شل.. شل.. گرمۆڵە دەبێ.. رادەکشێ
بۆنی خۆڵی پاش باران..
بۆنی لێزمە گەڵای داران... هەوێنیەتی
تیشکی سەوزە لێفێ.. لە باڵای درێژترە
سواری ئەسپە هارەکەی خەونە رەشەکان دەبێ
گەرمایی بن پای لەشێکی زەردی خستە وزە
جوودابوونەوە.. وەک بەفرو لووتکە
لەپاش سووتانی لەشی نێژراوی دڵی تەپۆلکە
تیشکە شێتەکان لە گەردنەوە لێبیدەئاڵێن
دەبن بەڕستە بازنێ..
لەم قۆڵ و مەچەکە گەنم رەنگە
خرنگەیان... رۆژە ڕێبێ دەڕوا
ئینجا عیشقت زۆر پیرۆزە..
وەک گوڵە گەنم و کێڵگە
دەبێ بەکراسە نیو قۆڵی ئاسمانی قۆپچە کریستاڵییەکان.... دەدرەوشێنەوە
شلکە قۆڵەکان... تەزووی تێزابیان پێ وەیە
یەکەم ساتی مێژووی عیشقی پر گێژاوە دەست پێ دەکا
ئێوارەیە جێت دەهێڵم؟ نانا نەکەی.. لەپاڵ
دارگوێزە پیرەکەی حەوشەکەمان هاوشەوگاربین
زیپکەکانی لاڕوومەتم بەئەنگوستان بسڕەوە
تاریکە شەو گەمارۆیداین
برینەکانم.. قۆپچەکان... دادەگیرسێنێ
دیارە بۆقەکان ناخەون
زرنگەی پیاڵەش دوورە ڕێبێ دەڕوا
گیانە باوەڕکە ... دەستلێکبەر دەدەین
هەرچەند ئامێزی گەرمی شەوانت ئاگردانم بێ
لە سەرماوسۆڵی زستانی درێژ

قردێلە سووری کاکۆڵی سیات
دەروونی تارم تیشک باران کات
رنۆکی تیژی قامکی تامەزرۆم
سیپاڵی پەمەی تیالوو لدراوی شەوی تەنیاییت
پچڕ پچڕکات
وەک دووکەڵ و گڕ.. دەستلێکبەر دەدەین
ئاگرێکی سوور.. لە هێلینەکەی عیشق بەردەدەین
جا .. هەودا.. هەودا
دووکەڵ لە قولایی شەودا... دەناڵێنێ
بۆ وەی دیواری مۆخت نەڕوخێ
کرمەرەشەکان ژەهر خواردکە
چاوە گەوهەرییەکانت دەدرەوشێنەوە
ئینجا حەشاردراوەکانی نێو هەورە رەشی تاریکی بەدی دەکەی
تەحا تەحا هەرایە
بۆ ئەوەی زیاتر وورگن بێ
سەگە پۆلیسییەکان مەشق دەدا
سەگە دڕە بن بڕە
چخە چخە چخ چخ
پیرە راوکەرەکان لەکەنارو لووتکان
لە نێچیرە خاسەکان دەگەڕێن
نیشانگری کارامەن
ریشە بۆزەکانیان چەوراییان لێدەرژێ
ئینجا دووکەڵ.. دووکەڵی مردن/ چەوساندنەوە
بەری ئاسمانی شین دەگرێ
تۆیش بەلەشی لینجم وەدەنووسێی
کوێخا پڕدەداتە باخەڵی پڕمەمکی زولەیخا
دووکەڵی سێکس بۆ کام لەتەزەویت بەرێ



خۆگربە، خۆڕاگربە، هۆگربە.. ئا لەم مانگەشەوە
پرشنگی جۆگەلە خوێنی بن گابەردان
گۆرانی بۆ
چارۆگە تەمی دەوری هەوی دەڵێ
خۆشم دەوێی لەم تریفە شەوەدا.. پەلە مەکە
پێکێ لەبادەی عیشقی هەرهەری دەخوێنەوە
فێسی لاهوت لەسەرنەکەی
جوانیەکانت دەشێوێ
لەژێر تریفەی مانگەشەو مارە رەشەکان
رادەکشێن و سەمادەکەن.. لەو شییوە قەرسیلیەدا
کەڵبەی ژەهراویان هەڵدەوەرێ
لووی زەدەیان دادەکەنن
لەناو ئەم کیوارە سەوزەدا
مارانە لێکتر دەئاڵێن
دەزانی؟.. دەزانم
نهێنیەکانت هەوێنی چامەیێ چڕن
شیلەی خەمێکی نەمرن
چێژی لەززەتی حەزەبەدەکان مۆخ سوتێنەرن
ئالەم مانگەشەوە پیرۆزە
نهێنیت دەخەمە دەم با
با بیبا... با.. بیبا.. بەیدەبا بەیدەبا
ئێستاش ژانی چینایەتی
وەرزی خەزانی جەنگەڵە
چەورە بەرهەم
ئاڵقەی لوولپێچی دووکەڵە
ئا.. من.. لەساتە شلۆقەکانا
تۆ لە ئەسپی ... من لەزینی گەوهەر بەندی ئەسپەشێی

بێستانی خوا دادەبەزم
لەبەر تیشکی تەمومژی جادووی ئاڵۆزی جوانیت
دەتلێمەوەو دەبەزم
بۆیە ئەسپ، لەخاکی پڕ دڕکەزیبیە
سمکۆڵ دەکا
ژەهری زیپکەی لە دڕک و داڵان رووەدەکا
ئەسپ لەبەر دەردی بەزین
پشت نانێتە ناو سکی زین
لەساتانی شلۆقیە
لە گوڵە خودارێ بەو لاوە هیچم نییە
بۆ بەرۆکی پاڵتۆی رەشت
لەکاتی سەما کردنا.. دووکەڵ لەباوەش گرتنا
قەڵغان و سپەرم مەبە.. لەساتی بێ بەزەییە
گەرەکمە، تەنیا تالێ لەم
قژو بسک و کەزییە مەرەزییە
شەوانی دووری تەنیایی
جادووی غەریبی بەتاڵ کا
لەخەوی شەوی ناوەختا
تارمایی زیندە بەچاڵ کا
زویر مەبە بۆ ئەم تاڵە
هانی تروسکەی ناوچاوم... هەڵی مژە
هانی گەرمایی هەناوم ... هەڵی مژە
هانی باڵاکەم چەتاڵ کە
لەکاتی نیشان گرتنا
یا ژانە هەوری ناوەوەم ببارێنە
یا تفەنگێ لە قورگی رەشم بەتاڵ کە
گەشتی شێتانەی دووکەڵ بەرەو کوێ



ئا دەڵێن ئا.. ئا.. ئا ئا
چونکە .. دەڵێن.. گوایە.. ئا ئا ئا
کەناری چەم قرچەی هەتاو بیسووتێنێ
لەپێستی برۆنزیت دەکا
ئاسۆش ئاسمانی ساماڵ بێ... لە پرشنگی
سۆمای چاوت دەخواتەوە
وەچەی پەریت و لە باوەشی هەڵمی جادوو سەمادەکەی
پارچەیەکم... ئا.. بەشێکم
لەپشتێنی ئەسپسوارێکی هەمەوەند
کەمەربەندی خستە ناوقەدی خاتوو «ما»ی
شۆخ و شەمەند
پارچەیەکین.. دڵۆپەیەکی لیخنی تۆڤی سەرشێت و
پەرێشان
ئای لەبەر دووچاوت مرم..
کە منالْ بووم لەگەڵ ئەستێرەی زەرکفتا وازیم دەکرد
تۆ عازەبیی و لە دانیشتنێکی پەستا
هەموو خەم و وشکەدەردم بەبادەیەک دەخۆیتەوە...
وەک شێت لەبەردەم قردێلەی سوورا پەل دەهاوم
خۆ تەمی شەرمیش پەرت نابێ
چنگاڵ لە پەردەی.. ئاسمانی عیشقت گیرکەم
شەوی تەنیایی و چۆڵاییم بێ کوللەیە
ئەستێرەیەکی زیوکفتت لێ داگیرکەم
ئا.. دەزانم پەنجەت نەرمۆکە و پەمەیینە
تۆ ژیکەڵەو منیش قامکم زەردو زەدەن
چاوم شەوانی مەیکەدەن
وەرە مۆمێ داگیرسێنین لەپاڵ کێلی
گۆڕی ونبوی دەسگیرانەکەی خاتوو «ما»

لەمەترسی ژەهری خۆرسکی دووپشکم دوودڵ مەبە
لەوانەیە لەکابووسی خەونێکێ پڕ مەترسیا
سیکارد بە دەستانە بۆم بێ... دوودڵ مەبە
دەم ئێواران زۆرتر دڵم بۆت لێ دەدا
هەتا گۆمی روو بەقەوزە
جادووی چاوی تۆم پێ دەدا
لەیادمە... لەگێژەنەی دووکەڵی کارەساتی رەش
بەردی بناغەی شەوانم
لێشاوی هاواری دەنگت کاریتەکانی دەهەژاند
دەمزانی جارێ زیندوومە
قۆشەنی خەم هەموو پارچەکانی لەشی نەگرتومە
وەک نەرمەبۆنی کاکۆڵت... لەیادمە
لەم نیوە شەوە ساردەدا... کزەبا
خەو لەچاوان دەترازێنێ
خۆ کاتی ئاوێتە بوونە..
چریکەی تەیرێکی نامۆو تیژهاواری
یا ساوڵێ ... لەئاسمانی ئاسۆی مێشکی ئارتەشی
خەو لێ کەوتوا..
ئەم گەشتە بەرەو کوێیە؟.. ئا.. ئیمشەو چاوەڕێ بە
چاوەکانم دێنە فڕین.. هێلینی برژانگ جێ دێڵن
ئینجا .. دێ .. مارانە دێ.. بارانە دێ
خۆ شەوان سەوزە سێبەرێ
مارانە دێ..
لەدرزی بەتانی قاوەڕەنگ
چوست چوست دەخشێ..
جار ئەستونی.. جار لاتەریب
جار شۆخ و شەنگ... چەماوە وەک



شۆڕەژنی قەدشۆڕەبی
خۆ جار هەیە بەچنگاڵی لەززەتی ئاگر وەدەبێ
نە (ئیڤا)یە.. نە بەفرینەکەی پۆڵەندی
نەقۆڵ و باسک دەیگرێ
نەدیدەدی
لەسێبەرم گەورەترە
لە کلۆرۆفیلی گەڵایان سەوزترە
خۆ شەو نییە.. لە مەنزڵگای خەمەکانم دانەبەزێ
گۆی خەونەکانم نەگەزێ
نەدەڕزێ..... نەگەشە دەکا
نە نووری جوانی منداڵیی خۆی ووندەکا
بەفرەو ئاگر باران لەپێ
بۆمژینی لووتکەی لەزززەتی هەرهەری
لە بەتانی قاوەڕەنگی میوانخانەیەک دەگەوزێ
کەفی هەڵچووی ئارەقەی رەش.. جۆگەلەیەک
دەبێ بەزێ... دەزێ .. نازێ
لەبەر تیشکی مینای روونی پەنجەرەیەک.. دەزێ.. نازێ
زۆر خاس و جوانن
خێوە شمشێر بەدەستەکان
لەڕووی دیواری ئەشکەوتا سەمادەکەن
وەرن... تارماییەکانی دەروونم داگیرسێنن
تاریکی لە دڵەوە ئاگر دەگرێ
دار قەزوان تیشک دەمژێ
هەر چوار وەرزی ساڵ تێپەڕی.. سەوزترە
شەوان ... لەودیوو
پەڵە هەوری کلاڤە دووکەڵی جگەرەیەک.. جوانترە..
جوان .. ترە

من نۆبەتچی جوانیی هەڵمی گەردنتم
زووکە.. ئیمشەو لە دەرگای دڵم دە
بێوەی بلێیی کێ لەماڵە... وەژوورکەوە
هەر چوار پارچەی دیوەخانە
بۆ ئەم گەردنە جوانە
بەقامکە نوورانیەکانت.. کەلە شقارتەیێ بەردە
لەو کلافە خەم و دەردە
بڕوا بکە بێ تۆ.. تەنیام
تۆیش وەک پۆپکە سیرێکی کێوی تاق و تەنیا
لە پیدەشتی ئەم خاکە دڵ خاپوورەدا
سەرهەڵدەدەی
نەکەنیشکێکی لادێیی
پەی پەنجەت بۆ درێژ دەکا
نە جووتیارێکی زەحمەتکێش لە کێڵگەی فەریکە نۆکا
بەلاچەپەری سێبەرت تێ دەپەڕێ
تۆ رووەک نی... بەڵام تەنیای لەم چۆڵاییە وێرانە
دڵی کۆڕپەیەکی گوندنشینی بنار زەردەی
تۆ رووەک نی.. ئەی بۆ لەناو
تەڵەزمی گەرم و قەڵبەزە دووکەڵی رەشا
نەرمە زەردەخەنان دێنی
دەزانی کێڵگە خەڵووزەو بنمیچی ژووری دیوەخان
دەمی خستۆتە ناو دەمی حەوشەو هەیوان
وەرە.. لەم خاپوورو وێرانیە.. خۆتێهەڵدەین
خۆتێهەڵدەین... لەدوندی قوللەی بڵندا
بۆ قوولایی دەریاچەی شین
مەلەکردنە.... نەوەک مردنە
باوەشگرتنە... نەک خۆکوشتنە



نەلە باوەشی ئاو.... نە بانی قوللە
ئەو ئاگرەی کە دەوری دڵی گرتومە.. داناکەسێ
دووبست سیپاڵی سەوزت لەبەرە
بۆ نایکەی بەسێ
دوایی.. ترووسک دەبێتە نێچیری برووسک
ئا.. دەڵێی شالووری زامدارن
شەپۆلە سەوزو شێتەکان دەجریوێێن
خۆتێهەڵدەن
نزیکبە لێم بەرلەوەی خۆمان فڕێ دەین
دەمەوێ بەفراوی سینگت بنۆشم
با خۆتێهەڵدەین
ئاو... بەرەو دۆخی شەختە رێ دەکا
خۆریش هاواری ئاوازی تەمە
ئەشێ بەجارێ راز نەدرکێنێ
سەهۆڵبەندانە
لە کلاورۆژنەی بەفرزیوینی ئەو جووتە کاژە.. لاتەریبانە
دوورترین لووتکەی دنیام لێ دیارە
منم شەرابی کۆنی قاوەیی
تۆش بادەی روونی شەرابهەڵگری
باخۆتێهەڵدەین
رۆحی زیندووی مەی
وردە شوشەکان لە باوەشدەگرێ..
ئەو ونبوونە... بنبڕبوونە .. ئاسوودە بوونە...
سەمای دووکەڵ هەوێنی چرکەی شێتبوونە
ئا.. لەو رۆژەوە... لێکدابڕاین..
لێکدابڕاین....
گۆڵ گۆڵ هەور بەری ئاسمانی گرتبوو

قیرپاچی سووری برووسک
له کووللەی رەشا نوستبوو
شەوبا برین هەڵوەشێنە..
بەخیل مەبە
بۆ گازی پشت..
قامچی ئاگر راوەشێنە...
بۆنی وشکی گڵ چرپەیانە
جارێکی تر...
له جۆلانەی رەشی شەوا
خەمەکانمان دەهەژێنین.. تا
تریفە...
دڵۆپ دڵۆپ
دەڕژێتە ناو شیلەی لیچی
گوڵە لیفە..

٩/٢/١٩٨٠- ٢/٥/١٩٨٢



## کات و شوێن

گوێ لە ترپەی نەرمە تۆزی
ئەم ئێوارەیە راگرە
رووەو پانتایی زەردو تەڕی ئەم شۆستەیە
هێواش.. هێواش.. دادەبارێ
لەتەک مینای پەنجەرە فراوانەکە
ئێستاکێ تەمی چەورایی
زۆر بەشووشی داپۆشیوە..
دڵۆپ.. دڵۆپ.. دەتوێتەوەو.. دێتە خوارێ..
ئەی پارچە برووسکە سوورەی گورج و بزۆک
لەوێندەرێ...
وەک ئاردەداری بەر خەبەنگێکی داخراو
مەنگ راوەستە...؟
نەرمەبایێ.. بە لەنجەوە..
جێی لە درزی چەوراییا دەکاتەوە..
رەوە کێشکەی پۆپ پیرەدار
بۆ شیلەی هەنگوینی چاوت دەجریوێنن
بڕوا بکە.. بەر لە کاتی ئاوابوونا
خۆر بارگەی شڕی تێکدەنێ
لەژێر رێژنەی پەڕامووچە بارانێکا
زریزەی لەپکەی گەردەنێ.. دادەپچڕێ
لەوێندەرێ..
بە سینگە خورپپۆشەکەت
ورشەت دەدا.. ئەو گەردۆزە.. مەزەدارە
دەتۆزقاڵێ پشووت هەبێ
چرەخەمی جەلاتینیم..

دەگەڵ.. تەزووی برووسکەیێکی ناوەختا
دڵم دەبێتە.. خۆڵەمێش

٢

بەشوێن پێی دێوەرەکانا..
بە قادرمەی ئەم سەر سەرایە سەرکەوتی
وەک پەیکەرێکی بەفرڕەنگ
لە قوڵپی ئاژاوەی ڕەشا.. بۆم دەرکەوتی
ئەی پارچە خەمی خامەکیی ناو تارای سوور
جووتێ پێڵاوی خەنەڕەنگ
لەناو سووتووی پەنجەکانا.. هەنگاو دەنێن
پاش تۆزقاڵێ..
گالیسکە بە شار دەکەوێ
دڵم لێشاوی پەرۆشی..
خۆی ڕاودەنێ..
ئاخر.. لێرە..
کۆنە دیواری ئەم ژووره کۆم بۆتەوە
سێ ساڵە دەردی غەریبی دەیهەژێنێ
نەبا.. ئێستا
بەرەو باڵای دار هەنجیرێکی بێ بەرا
خۆ.. برمێنێ..
چاوت لێیە؟
شۆڕەژنە چاو سەوزەکەی سەر بانیژە
تاڵ.. تاڵ پرچی
لەژێر گڕی.. چەرخی خۆداگیرساندنی.. جگەرەیەک
دەسووتێنێ..

١٩٨٣



## گوشبەندە شووره

پاش چەند هەنگاوێ
گوشبەندە شووره....... وەکو (خۆرئاوا) دەبێ
خشپەی گەڵا دەچرپێنێ:
زەبری پەت لەمپەر ڕاگرە....
مەڵبەندی سەمای خێوانە باوەش...
سەردانی دوورەڕێگایە هەوەس..
دەڵێن: دێ وا.. دێ.. دێ
سەگ ئاسا بڕوانە
درزی شیشەئاسنینە گوڵە جەهەنەمدارەکە
فۆتۆگرافی کۆنەگەڕەک بەزێنەرە..
چەند بە غوربەتە لێدانی دڵەژانگرتووەکەم
دەڵێی دەخزێتە ناو شەربەی بن هەیوانەکە..
چۆن بیردەکەیتەوە؟
خۆ تۆ لەشت
فەقیانە و کراسبەفرینی بەری هەموانە..
هەیاسەی تاقانەکە.. بەلەپانت بێنە سەماو
گۆرانی هۆدا..هۆدا.. بڵێ:
سپیندارە قەد قڵێشاوەکەی حەوشێ
وەکو تەمەنی (تەنیایی)ت
ئێستاکێ پایز ئامێزە.
هۆ.. (        ) هۆ.. (        )..
یەکباوەش دەبین لەگەڵ تاقانە سپیپاتەکەتا..
ئینجا لەتە سێبەرەکانم یەکتر دەگرنەوە.
دیسان سەگ ئاسا بڕوانە
قاڵبی شانەکانی
لەودیو مینای مەیخانەوە..

وورده کاریی (ئیستاتیکا) بەزێنەرە
نیوەڕۆ وەختیش ئاوابوو
داڕزانی تەوقەسەری دەبەنگی هەر بەردەوامە...
هۆ.. (          ) هۆ.. (          )
سەر ئێشەی ئێوارەوەختان
چێژ و چەشە سووتێنەرە..
دوێنێ شالاوی ژانەسەر
گەمارۆی دای...
بە تاڵی ڕەشکەزیتەوە..
کۆنە خەمی لەمێژینەت ئەژمێر دەکرد
ئێستاش پارچە ئازارێکت لەباوەشە
– واز لەم دەردە شێتهەڵگەڕاوەی من بێنە..
+ دەنا پرۆگرامی ئیمڕۆشمان بەفیڕۆ دەچێت
کاتێکی تر سەردانت دەکەم
لە خەڵوەتخانەتا ڕاکشاوە تەمەن..
با سپینداریش تەماشای بن دیوارەکە بکات
سەوزە گەڵای پیرۆزن
پەنگری ئاگری غوربەتمن..
هەڵدەکشێی؟
دوا قومە جغارەش پەخش دەبێ
سەمای گیرۆدەیی پێشکان
چەقی سەرت جێ ناهێڵن
ئاخر.. گوڵە جەهەننەم درزو دەروازەی داگرتووە.
دەنا.. پرۆگرامی ئیمڕۆشمان بەفیڕۆ دەچێت.
هۆ گوشبەندەشوورە.. تێدەپەڕێت.
دەبێ هەر دەبێ
من و توخمە سەگەکان
بەڕێ نەکەوین!

١٩٨٣/٩/٢٤



## ڤان

لەسەر یەک تەل رازاوە دێی
گوڵی قایشی کەمەرت
گەڵا رەنگیی درەختی پایز هەڵوەریوە
تیلمە هەوریت کردۆتە قردێلە.. ئیمڕۆ
هەنێ جار دەسرۆکەش لەچک
هەورێکی مەیلەو گلوازدارت شاردۆتەوە
بێچوە سواندووکەی سەر سنگان
دۆعای تەمەن درێژبیت بۆ دەخوازن
شەوانە هێلانەیانە ئەم باخەڵە
ئەنگوست لە گیانیان وەردەدەی
ئاخر، نمرەیەک نەماوە لەم سیلاکنە بووە
هۆگری پەنجانت نەبێ
سێ بەتڵی کاتیش بەسەرچوو
هێشتا دەقی نەشکاوە ئەو بەرگە رێکە
دایکت دەیگووت: چەند پیربم
تۆ زیاتر خشڵت لێدێ
دەبێ هەر تەماشات بکا- دڵ-
دەزانی چیت حەشارداوە؟
پۆشتەییت لێ دێ
دەندەو پەراسووشت دیاربن هەر جوانی
بۆنی پێستت - وەجاخ کوێران
گیرۆدەی ژیان دەکات
تاڵەمووی هەڵوەریوی سەر مێزەکە
دەسرێژی لە مردن دەکەن

له باوه‌شی کورسییه‌کی قه‌دیفه که‌سک
پاڵکه‌وتووی
شه‌ویلاکی ئه‌ژده‌هایه
به دڵشکاوییه‌وه
پشووت لێ براوه
وا ئیمڕۆشت له‌سه‌ردانا
هه‌موو وزه‌ت بێهووده به‌ره‌ڵلا کرد
ده‌بێ به‌و ئازارانه‌وه سه‌ر بنێیته‌وه – مرۆ –
بێ ئه‌وه‌ی هه‌ست بکات
خه‌نجه‌رێکی «مشت و ماڵ»کراوه زه‌مه‌ن
نیوه‌شه‌وان.. شلک و ته‌نک
ته‌نکه کراسێکی قه‌وزه‌بییت له‌به‌ردایه
دنیا له باوه‌شتا
قازێکی سپی بن باڵ چه‌وره
ڕێژنه بارانی سه‌ربه‌کڵاوه‌ی جاددان
دووچاری غه‌ریبیت ناکا
له باوه‌شی نه‌رمۆکه‌ی ته‌لار دنیا کپه
ده‌یه‌وێ ئاگرم تێ به‌ربدا «ڤان»
ئه‌م باسکانه شه‌وانه چ ده‌که‌ن؟!
دینگه فۆرمیکاداره‌کان له ئامێز ده‌گرن و
دوایی.. ده‌خه‌ون
ئه‌و داوه پرچانه
شه‌وبا تێکچرژانیان ده‌کا
ره‌ق راوه‌سته، ره‌ق برۆ
به ره‌قیش هه‌نگاوان باوێ
خاوێنییه‌کی کپ و پیرۆز ئه‌و ناوه داده‌گرێ



کاتێ پێده‌که‌نێ
هه‌موو رۆژێ به‌هه‌مان پۆشته‌ییه‌وه‌و
به‌تاقی ته‌نێ
ده‌گه‌ڕێیته‌وه.. ماڵه بابان
شه‌قام فه‌رشێکی لوولدراوه
فێره گه‌مانت ده‌کات.

١٩٨٤

## تەزوو

گەمانی بە بالآت دەکرد - با -
ئارەقی بن هەنگڵت پێ وشک دەکردەوە
هەرئەوەتا راپێچی نەدەکردووی
زنجیرە کێوی دەوروبەر
کشوماتیەکی سامناک دایگرتبوون
چی وا نەماوە ئێوارە تۆوی شوومایەتی
بە دەروونی کێڵگان وەرکا
تروسکەی گڵۆپە شیرەنگەکان
دەبنە کفن و کالانی بەلاشەبووەکان
پرچت رەونەقی روومەتت دەشارێتەوە
هێندە بەشەت و پەتی وەستاوی
هەروەختە لە خۆشیان - دین - بم
گەر - با - بتروتێنێتەوە چ دەبێ
کەڤری سپی
سەعاتی ئەم جاددە رەشە بوەستێنی
دەڵێم بەر بەستەوەرە
پەیکەری رکابەرایەتی برووخێنین

١٩٨٥ - سلێمان بەگ



## گۆڕستانی ئەپیکۆڕۆس

تاریکی دۆستی ئەزەلی مرۆڤەو
هەڵدەقوڵێ، فەرووە بەردین
وەبەر قەپێلکان دەکاو
تووک و پەڕاموچەی قەلان
ئێسک و پرووسکی زەمان
لە زەریای هەتا هەتایەی هێمنی دا
دەشێرتەوە.
منداڵیی هورووژم دێنێ
بە تۆپە تەختەی رەنگاورەنگ
گەماندەکەین
«رووتای» بە کراسی شینەوە
بۆ گڵەسەری لێ دەپژێ
کەفە سابوونی خودایش لە پرچان
دەتەقنەوە
چاومان لە چاوی یەکدی نا
لە تریقەو قاقامان دا
تازە رۆحمان لەنێو قەفەسی
جەستەدا... بەند کرابوو
مۆمی غوربەت، گڕی شەهوەتی
- هەمەوەند... هەڵایسێن
سیسارکی کەڤری داگیرساو
ئەی خاک و خۆڵی- ئاگردز- سەما
بکەن
تازە (ئەژدەر لە گەردنی

بازی فڕیو نابێتەوە)

***

پەرامووچەی قەلەڕەشکان!
ستوونە خوێ!
بەردی قاوەڕەنگی چیا! داری قڕتاڵ!
نە رەنگی زەمان دیارە
نە مێژووی پڕ کارەساتی رۆحی بەفر
تۆمارکرا
چاومان لە چاوی یەکدی نا
لەپکەی کوڵمی سوور هەڵگەڕا
مارانە هاتە باوەشم
تێر بۆنم کردو نەمردم
تیشکی رۆژ کێلی قەبران دەبرژێنێ
دڕکەڵان دەندەو پەراسوو
رەوێڵە رۆحێکی جەلاتینی نەو
دەقیژێنن
بە رووتی دێن
بە رووتی بەبێ ئەفسوونی
دەسڕەنگینی بزر دەبن
بەفرە بە ئەشکبووەکان چ دەڵێن؟
بە فریام کەوە پڵنگی سرکی هەست و
سرووش.
سەری بەر تریفە کەوتووم
ئاگر لە ئاستانەی ئێوارە ماڵان
رۆژژمێری زەرد!
شەپکەداری قاوەیی!
پۆشاکی بەر دەرکی کڵێسا



بەفری پڕ تۆزە غەریبە بمتۆقێنە
لە مازووان قوتارم کە
بەڵکو- کرمە قاوەییەکانی
سێوە لاسورەی تەمەن
دەبنە پەپوولەو سووتانی لەززەت و
سۆتەکی ژان
لێکدی جوێ دەکەنەوە
پەشتەماڵێکی پڕ بەفرەفریشتە
رووتای
چڕنووکی کتک برینداری نەکردووە
بیر لەو تەنکە ئاگرەش دەکەمەوە
زستانە شەوان دەیکاتە بەری
ئاردەداری قاوەیی، دووکەڵی شیرڕەنگ
شەهوەتی چاو، عەلەتریکی ئەو
مەمکە خڕانە دادەگیرسێنن
زەرد زەرد ئەو پرچە بە گوڵاوە ناردینە
دەسووتێ
گەردوونی تۆپەلاستیک بە کاوەخۆ بە
گۆڕەپان بە قاقابێنەو
خۆڵەمێشی پڕ کەفی ماری ئەزەڵ بەبادە
ئەم بەفرە زاگرۆسییە پیرۆزە
قەلەڕەشکەی عەنتیکەخانەی کەشتی و
نەعرەتەی فارگۆن و شەمەنەفەر نییە
دڵۆپەیەکی دوورە ئەتۆمە
هەیوولای پەلاسی رەش خوری و
گڵێنەو ئاگریش پاقژ دەکاتەوە
(نە شەوە نە نیوەشەوە نە بەیان

بەردانە)
(کەڵەشێری سپی دەقوقێنێ)
(ئاسن لە ئاگر وەردەدرێ)
پزدانی شەو لەنجەی ژنان
بەلەز بن خۆ راوەشێنن
– حەکیم– و گێل بەیەک پەرداخ دەخۆنەوە
(هەور سکی لە عاردی دەخشێ)
فریشتە رووتای تەماشای ئاوێنە
دەکات
درەختی لەش نیوەنێرو نیوەمێیینەی
بە پەرداخە جیوەیەک سەرخۆشە
ئەم چاوە بازنەییانە
ئەم قژە پڕ گڵەسەرە
بابی شەوە (باخوس)ییەکی سروشتن
سیمرخی ناو ئاگری دەروون
ئەم شووشە پڕ شەهوەت و
زەرنیخە... هەڵایسێنە

***

تاقە تەرمێکی تێهەڵدراوی
نێو شەوە دەریای مەنگی و
لەشە وردیلەکانیش دەربەستی تۆن
لە قوڵایی ناختا دەخەون
دەرفەتی هەناسەدانێکت ماوە
ئەوەی چەپەڵەو ئەوەی جوانە
پاشان هێواش هێواش
ئاڵقەی یەکجارەکی دەپچڕێنن
زۆزانیش، بەفر شەوقی گیاو درەختان



– بە کراسی سوورو تاجە دڕکەزی–
ئاوێنە ئاسا
دنیای سەراب، تووند لە ئامێزیەتی

***

شەو بوو، مەرگ لە ئامێزی کردین و
نەترساین
دەڕۆین دەگەینە کوێ؟
ئێرە بازنەی– قابیل–ە رووتا
شەیتان و قەتران، گوڵە لۆتس و سیمرخ
دۆستی ئەزەلینە
نە لم ئاگری تێ بەردەبێ
نە زمستانی لەشم دەشکێ
(سەمعان)ی مەبن
ئەی مێشە شینکەی– دۆزەخ –
بۆنم مەکەن
شەباقەی زامی ئاوێنە قوتم مەدە
ئەی گەورەترین «دیدالۆس» لە دزیدا
مەمکە خڕەکانی رووتای
بۆنی بەفرو شەختەی شەفەقیان
لێ دەهات
گریانی گڕ، گریانی خۆڵ
گریانی ئاو، گریانی با
لە باوەشی یەکدی ونبووین
قوڕاوێکی خەنەڕەنگە سوور هەڵگەڕا
لەپکەی کوڵمی خاسەڕەنگ بوو
بەبەر دوکانی– دمکانە فرۆشێ–
دەس لەناو دەس

بۆنی جەستەی داو و دەرمانی
مەست دەکرد
رووتای ئەی- بادی-یە مێروولەی
زەمان
دالّی چیاو شاخی- سوپحان-
لەو حەشاماتەوە بڕوانە
کۆرپەی هەنیە بە بۆیەی باوەش
ژنان
چۆن لە ئاسمان رادەمێنن
بە لاری دەڕۆن
بەلاری تەماشای ئاوێنە دەکەن
خۆ دەهاوێنە نێو بازنەسەمای
دۆزەخیانەوە
«سالومە»ی نیمچە گوناهبار
بە لافی منداڵییەوە سەما دەکا
هەستم بەیەک جەستەیی دەکرد
بەڵام سیمرخ سیمرخ نەبوو
غووبار لە کلاورۆژنەوە لەشمان
خرپن دەکات
تەمە زەردێکی دەروون پڕ مۆسیقای
ئەزەلە... ئەم کەللەسەرە

***

غوبار دۆستی هەمیشەییەو
تاریکی دەحەسێنێتەوە
قوڕاوی موشکێن بەلەشی بوونەوەری
تێکشکاو و
ئاسن و پاسنی کارخانەو بزگوڕو



سیپاڵەشڕەی قازی بازاڕ
سەنووقە مۆرکراوەکانی قەڵاو
ئەشکەوتان هەڵدەسوێ
ئاو بەڵەدی نسکۆیەکانی گەردوونەو،
هەڵدەقولێ
نە (کلافە داوی کەتان) تەواو دەبێ
نە چیای پیرۆزی بێ بەفرو باران
بوومەلەرزەی فێ دەیگرێ
گەیشتینە قازی بازاڕ
- کەچەڵ - لە نێو قازانی سفردا
سەمای دەکرد
تەورزینی مەرگ لە کوێیی؟
بە دیدەنی ئەو حەزیا کراس ئاگرینە
شادبووم
جانتا رۆغانی دەستینەی
لە زەندێ شۆڕبۆتەوە... هاوارم کرد:
- کۆنستانس- دووپشکی دەریا
(مەمکانت بەر باراندە و غاردە)
گوڵێ لە قەبرت شۆڕبۆتەوە
بۆنی دەکەم
لەشمان لەشمان لەشمان
شانەی زەنگە سوورەیە
دەریاچە ئاوی پڕ کافوورە لەشی
زەری کەفە سابوونی دیتۆلی پێ
دادەکەن
درەنگە ئێوارە بەپەلەیە ئەی خۆم
دەڕۆم دەگەمە کوێ؟

به پاڵتۆی ڕەش و پێڵاوی ئاوێنەوە
(پەڕە سیمرخێ دەسووتێنم)
گل گل سیمرخ
لە کەڤرو هەوی دەئاڵێن
کەتیرەو جەلاتین دادەڕژێن
بەفریام کەوە پڵنگی سرکی هەست و
سرووش
لەم شەڕە شەوقە دنیا ونەدا
گەردەلوولی باخەڵ پڕ گوڵە
زەمبەقە – بەیاتریس –
ئێوارە خەفەتی مازووی گیانم تۆفانیەتی
چیم لێ دەکەی؟
پاشان چیم لێ دەکەی؟
دەڕۆم دەگەمە کوێ؟
بە (شەش سروود)ی دڕدۆنگی
خۆ هەنجن هەنجن دەکەم و هێمن
دەبم
دەبێ لەو خەوە لەش پارچە پارچە
کراوە دابێ؟
لەشی رووتای ئارەقەی پڕ
لیمۆدۆزی لێ دەچۆڕا
گیانی پارچە هاوارێک بوو
– ئەو دەستە گەرمانەت بێنە
مەمکدانم پڕ جنۆکەن
هەور کەلاکم دەمژن
دوا کراسی بێ زریزەم بۆ دەدروون

١٩٨٩



## تاووسی سپی

### دایانا

مشەمایەکی زریزەداری قاوەیی لەبەردابوو
لەبەردەم دوکانی عەلەتریک فرۆشی
شەپۆلە تیشک دەیشۆرییەوە
شەڕی گلۆپە سفری نێو جامخانەیە– دەروون –
ڕەنگی پەرچەمی خۆر تۆقێنەری
تروسکە شیعری تێگرتم
هەر ئەوەندەم لە بیرە و بەس
چشم بە خەیاڵا نەدەهات
«تازە کار لە کارێ ترازا»
نسکۆ ئەنجن ئەنجنی کردبووم
ئەی چارۆگە تەمی دایانا
خەنجەرێکی ریشوە ئاوریشمینە– خەفەت –
ئیستەش لەت و پەتم دەکات..
دەبموورووژێنە ئەی ساتەوەختی ئاسوودەگی
ئاگری شاوەتی خانەدانی و ئێستاتیکا
شەو تەواو نابێ سپێدەش بە گەمژەیی دێ
ئەی ژەنگە مێروولەی کۆنە شمشێری بەهرە هەڵوەرێ
شەختەبەندی دەریاچەی دەروون تێکشکێنە
ئەو بارستاییە مەرگئامێزە لە تەکمایە
بە جانتایەکی قەترانییەوە بازانە دەلەنگێ
منی توخمی باڕەش و پەتا سپێلکەو نەعرەتە
بیر لە سێبەری بەفر ڕەنگی دۆزەخنشینێ دەکەمەوەو
بۆم دەسەمۆ نابێ

منی پاشەبەرەی شیلەی سێوە لا سوورە
دوگمەی کراسم ترازاو، گۆرەوییەکانم چڵکن و
ئەژنۆم دەلەرزن..
بەخۆ بە خاچێکی کریستاڵییەوە
هێدی هێدی لە نێو فەریکە رۆنی جەستەی
سرووشتا نغرۆ دەبم
لەم نێوەندە سەمەرەیە چ هەیە؟
«ئەمێستا دەروونم نیگەرانە، چ بڵێم؟»
هێندە بە کش و ماتی
لە نێوان حەشاماتی رەشەوولاخ و جۆگەلە سیانی خەڵووزی
و بۆ درینی ماسییە لینجەکانا..
هزری کریستاڵی شەکەتی کردم
پشوومان دا
مەریەمی کیژۆڵە – میعدان –
بە بزەی لێوە خاڵکوتراوەکەیەوە ئاگری تێبەردام
بە پۆشاکی رەشی بریقەداری بەرییەوە
تەنووری جۆش دا
چەنێ لاواز و بنێس گیانی سەماگەردانیەتی
ئێوارە وەختان ئاگر لە پووش و تەپالان جوانە!
شێت هەڵگەڕام.. هەستی مەرگ بموورووژێنە
ئەم خودە زەردباوە، ئاگرڕەنگە، کات لە بەین دەچێت
زۆر لە قاقام دا، چاوەکانم رۆندکیان تێزا
چەند دانە ماسییەکی سوورەوە کراو
بادییە پەتاتەیەکی جنراو
جوانی و چەپەڵی
خۆشگوزەرانی و چەپەڵی



لەززەت و چەپەڵی
بسۆزێ ئەی لەتە دڵی هەمیشە کەیلی خەمۆکی
مردن لە ئێوارەدا
مردن لە سپێدەدا
چ رادەگەیەنێ؟
جانتایە خەفەتێکی سیایە ئەم لەشە خووری رەنگە
منی تارمایی لە ئاوێنەیەکدا دەتشارمەوە
وردە نەینۆکن ئارەقەی گەردنت
دەڕژێنە سەر سنگ و مەمکان
بەفرستانیش شاوەتی شەبەقی بە خۆڵەکەوەی
مردووان خەفە کراوە
ئەی تاووسی سەوزەڵێ بە چاو خەواڵوویی جوانی
دە هەڵسە بەو لەنجە و لارەوە ڕێ کە
هەتا خاکی ژێر پێت کۆتایی پێ دێ
مەرگ و ئاژاوەش مۆڵەتی تاقە خەڵوەتێ نادەن
لە ژێر ئاسمانی بە ستێر رازاوەدا
بە کەسیرەیی هەنگاومان دەهاوشت
ئەی هێزی رەها
«هێلان و هێلین»م بپارێزە
کەڤرستانی میدۆزایە/ ئابلۆقە دراوم
شرە داهۆڵەکانی کێڵگەی رۆحیشم
پەڵە پەڵە سووتاون
شێوەکان لە یەکدی ناکەن
لە ژێر ئەم قووللە زەردانە و ئەپارتمانە ئاسمانیانەدا
بیر لە چی دەکەیتەوە؟
ئەی مرۆ ڕەمڵ لێدە

مەرگەهی زیندووانە
حەشاماتیش بە گرمۆڵەیی لەبەین دەچێت
سەرەتایەکی ئاڵۆسکاوە.. تەماشای چ بکەم؟
بە رازاوەیی لە ئامێزم کرد/ ئەو سپێپاتە
ئۆڤیلیا تاووس لە دەریاچە شیرێکدا مەلەی دەکرد
شەوانە مازووەکانی نێو فەخفووری باوەشی زێتر دەبوون
مەرگ بە درەوشاوەیی پێشوازیمان لێ بکات
بەلەز لاجانگیم ماچ کرد
چ برینێکی ئاڵە/
بڕوام نەدەکرد ئەو کانیلە زەخمە
بە تۆپەڵە بەفرێ سارێژ بکرێت
هێندە بە قەشەنگی هزرە چەوتەکانی رووەو رووخساری
گەردوون دەردەبڕێ
جۆگەلە شیرێکی ئەفسووناویش لە پووز و بەلەکی دەهاتە خوارێ
تارمایی چاکترە لە هیچ
دەوەرە لە نێو شیلەو کەفاوی تاقە سێوێکدا
خێوەتی جاویدانەمان هەڵدەین
خەریکە لەبەین دەچین
کاتیش لە وڕێنەدا ئەندێشاوییە
ئەمێستا تەماشای چ بکەم؟
بە لنگە پاپوجی ئاڵتوونی و ئەنگوستیلەی نقێم ئاسمانییەوە
بازی سۆزانیان دەبڕێت
سەنگینە، باڵا بەرزە تاووسکە
پێستی ئاگرڕەنگی دەلێسینەوە
خاڵی بان کوڵمی دەگەزین
قامکە چکۆڵەکانی پڕ قۆلۆنیا



ئەم بوونەوەرە سپیپاتە
لە پەیژان دادەبەزێ
ماتێلدا، هۆ ماتێلدا لامول
لە ژێر ئەسکەمل و قەنەفە قەدیفە پۆشەکان
سنگە خشێییەتی
بە فریامکەوە «کۆراسوف»ی نەفرەت لێکراو
دڵۆپە خوێنی خانەدانیم لە شادەمارکە
تەلەفۆنی خوناو بارانکراو، شووشەبەندی درەوشاو
من ئێسکسووکم کاتێ تەماشای ئاوێنە دەکەم
گیانم بە ئاو خەرمانە دراوە
چراخانی لەشە خرپنەکەم رستە گلۆپی ژێر
پیرەداری جەنگەڵستانە
لە پەنجەرەوە لەتە زوڵفت تێدەگرم
باوەشە تەنافێکم شاردۆتەوە
بەڵام، دایکم گوڵە جوانەکانی ژێر پەیژە دەکەون
هۆ ماتێلدا
بە تیروکەوانی ئەفسانەیی و ماینی سپی و
جووتە تانجیەکی جەستە سێکسییەوە
بۆ دووکەڵی تەختەی سەوزباوت لێ دێ
بۆنت دەکەم، بۆنت دەکەم
ئەز شەکەتم ئێسقانم رەشهەڵگەڕاون و
دەمامکی گیانم دەعەجانە
بنێشتە لینجەکەش بە ددانتا ئاڵاوە
شەوێکی پەلکەزێڕینەیی بوو
تاووسم تیا ماچ کرد، دەمان پڕ گیا خاشخاش
لە پرمەی گریانی دا

تازە ئاگریش پاقژمان ناکاتەوە
دەم و چاوێکی بازنەیی، دوو چاوی هەنگوینی
پەنجەی زبری بە برینی دڵما داهێنا
ڕەنگەکان دەبوونە هەڵم
بیرم لەو تووک و پەڕەمووچە سپییانە دەکردەوە
پەڕ پەڕ ڕەشهەڵدەگەڕان
ئەی جوانییە خوداوەندییەکە ناسکتربە
جیهانێکی ئاڵوسکاو و سەرەتایەکی بە ژاوە ژاو
ئاخر ئەز شەکەتم
بەخۆ بە تورەگەوە شەوڕۆمە
ئەسمەر پێچیان بەر زەرنیخ دا
تاووسی لەشم پر پۆقلە تێزاب
نە ژیان هێمنییەکی جاویدانەیە
مەرگیش وێرانەیی و بەس
نەڕژێم خودان ئابرووە
گۆڕستانم نغرۆ
هەردوو حەمایەڵۆکەی تاووسیشیان دزی
وڵاتێکی بێ ژێرخان و زانیاریش زەلیل
دەبمسووتێنە ئەی هەرماسی کینە لە دڵی گەردوون
کاتە خەڵووز ڕەنگەکان سەما دەکەن
بوونەوەر، بە لەنجەوە تارای ئاوێنە
بازنەییەکەی هەڵماڵی و ژوورەکەی (سپرا) باران کرد
داو داو پرچی بە هەنیەی وەنووسابوون
خەریکە ڕەزمێکی هێمن کۆمان دەکاتەوە
تەفر و تونابە خودی دڕندە
ئەی جەستەی مەکۆی گوناه



دانە دانە دوگمەی کراسم هەڵدەپچڕان
من جۆلیانم، جۆلیان سووریل
هەڵایسێ ئەی دڵۆپە خوێنی خانەدانی
تۆ لە کوێی؟
ساتە چەرمگەکان بەیدەس ناکرێن
چاڵی چەناگەی پر کەف
پاپوجی خەنەڕەنگ
من چۆن بیر لەم تۆپەڵە کزە ئاگرە بکەمەوە
لەشم لە ئارەقان وەردراوە
شووشەی سەعاتی مەچەکم شکاوە
پەیکەرێکی سفت و سپی لەتە سێوێ دەمژێ
زمانی مارانە دەجوڵێتەوە
کەواتا خەنجەرەکە لەبەر تریفەدا بدرەوشێتەوە
ئەی خوداوەند لە گیانەڵا دامە
لە بەفر سپی تر.... دەسووتا
کفنی لەبەردا نەبوو
لە مەرگ لینجتر.. خەفەتبارتر لە ئاوارەیی
لەشی بە سرووشت وەدەنووسا
زیندەگی من و تۆ وەک مان و نەمان وایە
بە کەفپۆشی لێم مەئاڵێ
لەش کاولترە لە وێرانەیی دنیا
گیانمان بەر با دەکەوێ
بایەک لە تارمایش ناکا
ژەنگە قاوەڕەنگەکان
مێشوولە ئاسا لە دەوری بلاژکتۆری باڵایا
وەردەچەرخان.. ئەو گوم نەدەبوو

پەڕ پەڕ پەڕەمووچ و تێلتاووسی لێ پەرت دەبوون
سرووشت یەکەمین ژەنگی بوونەوەری ئەزەلە –
دەبا بدرەوشێ ئەو چەقۆیە دەسک قەترانییە
تاووسخان بۆنی هەورو لمی دەریالووشی لێ دێ
کوانێ لە کوێیە
پەپوولەی ماچ لە ژێر چەرچەفی ئاڵەوە
«دەوری مەمکە خڕەکانی بدەن..»
هەڵایسێ ئەی ئاگری چراخانی نەهلیستیەت
بە لا تەنیشتێ جوانترە
شووشە چلوورەی گەردنی
لەژێر هەتاوی نیوەڕۆ وەختانا
زەرەندی گیانم دەپەنمێنێ
ژەنگی تۆتیای ئەزەل بەسەر قژیا دادەبارێ
بە خرۆشە ئەو ئاگر گەرمە
گلۆپ نییە، هەوریشە
لیسپێ لەو پرچە برۆنزیە پڕ چەوراییە
لە قامکم دەئاڵێنم و
تازە زریزەی کیسە خەوی مەرگ کۆمان دەکاتەوە
ئاخر بەرەو کوێ رێدەکەین؟
فەنەرێکمان پێبایە ئەم رێگایە رۆشندەبۆوە
بۆیەی رەشی شەو حەشاریدایین
گازێ لەو بەفرستانە،
«هێلان و هێلێن»مان ماچ کرد
زارۆک ئازیزن جگەرگۆشەنە.. ئایندەش
بەتانیەی مەرگم بە خۆ دادەدەن
شاوەتی عیشق و ئێستاتێکا دەووروژێنن



گازێ لە مەچەکان.. گڕوگاڵیانە
خۆ لەبن باڵم دەشارنەوە
مردن چێترە لە کەمتەرخەمی
کاتێ دەبمە تارمایش لە یاد دەکرێن
پێویستە بە هێمنی بدوێین
لێکدی رابمێنین
ئەگینا ژاوە ژاو رەزم تێکدەدا
تەنها چرکەیەک لەززەتبەخشبە
ئەی لەشە سپیپاتەکە
بوتڵە قۆلۆنیا ژەهرێک دەخۆینەوە
قژی درێژت بە دڵۆپە «جن» ئاو پرژێن دەکەم
ئەگەر دەریاچەی لێ بایە ئێرە تێر مەلەمان دەکرد
کۆنکرێتی برژاویش گەرمی دەکردینەوە
لەشمان بەر «دووش» دەداو
ئاوێنەیەکمان دەشکاند
سییچکەسڵاوەی سەر پێڵوی ماتێلدا تاووس
شیلەی مێینەیی لێ دەچۆڕا
شەماڵیش لەنجەی بە ئاوەڵکراسیا دەکرد
پشوومان دا
فەخفورییەک چەرەزمان تروکان
شارستانییە ئەی خودی گەمژە
ساتە خەڵوزرەنگەکان نەدەبوونە هەڵم
هێدی هێدی دەگریا
هەڵقولێ/ ئەی کانیلە کۆڤانی نەفرەت لێکراو
لەگەنە گوناهێکی سووربەوە لەشمان
بارانی دڵۆپە ئاڵتوونیش نابارێ

دووباره پاقژ بینەوە
سیامالێکمان بەرچاو کەوتبا تۆزێ دەحەساینەوەو
بوتڵە شیرێکمان بەخۆ دادەکردو، قژمان شانە دەکرد
مۆرەمان هەڵدەداو پێدەکەنین، ئەمجا گازێ لەو
گەردنە بەفرستانە، ئاخر گەرمایە،
مێشوولەش بەربادی کردوین
دەبا جگەرەیەک داگیرسێنم
بەڵکو زەردە پەرچەمی تارمایی سپی وەدەر دەکەوێ
ئاگری زەردباوی فەنەری چراخانی پیرۆزە
هەلایسێ/ ئەی گیانی نێو چنگی پڵنگی برسی
زیندەگی لەنێو بادامی هەڵووژەیەک هێمنترە
لە «دۆزەخ»دا خێوەتمان هەڵدا.. چرا خامۆش
دڵۆپە خوێنی مەرجانی ئادەمزادە بەدرەختبووەکان
رۆشنمان ناکەنەوە
لە «پاقژگە» شەختەبەندی دەریاچەیەکمان شکاند
هێوربە/ کانیلە «کاستالیا» بەهرەوەرمکە
ئەی کێ گەمان بە زەنگیانە سوورەکانی خەفەتی
رۆحم بکا
لەوێ لە رۆخ رووباری «لیتی»دا ماتێلدا تاووس
کراسە سپێیەکەی بە لەشی وەنووسابوو
کفن نەبوو.. باران نەدەباری
لە «فیردەوس»دا.. لاولاومان لەخۆ لوول دا
پەیتا پەیتا خۆڵی لەشمان دادەباری
ئاڵ ئاڵ پێستی دڵۆپە ئاوی گەرمی لێ دادەچۆڕا
ئەگەر بە شانە دارینەیەک شانەی بکەی
هێڵە وردیلە تەلیسمدارەکان ئاسەواری خوداوەندن



گەردوون لەتە سێوێکی مزرە و تاووسیش شیلەی مێینەیی
دڵۆپ دڵۆپ پەرشی سەر گەڵا لاولاوانە
خۆ بزڤرێنە..
ئەی خوێی خاک، خوێی کافوور
چنگ چنگ گەڵایان لە ئاگردانی خەفەت کەین
ئێستا هێلان گەورە بووە
کراسە خەت خەتەکەی بەرم لەبەر دەکا
ئەی هێزی رەها/ بمپارێزە
گەردوونی شینە شاهۆی دوورە ماتەمین
لە ژێر بارانی زیوین و پرووشە بەفر و
دەریاچەی لەززەت دا.. زامدارم مەکە
ئاخر تاووس بە خرۆشە
بە دەنکە هەنارێکی یاقووتی لەش ئاوساو، بێزوویەتی
– شەو نەبوو–
لە بەردەم دوکانی عەلەتریک فرۆشێ
دورِ دەمی رۆشن، سەوزپۆش
هێدی هێدی
چەتری باڵە قورسەکانی خۆی
هەڵدەدا......

١٩٨٩-١٩٩٢

## مۆنادە جوانەکان

ئەو کۆترە پەڕ لەپێیە
چایە بە فنجانی قاوە دەخواتەوە
ڕەنووە بەفر بحیلێنە/ دۆڵی تاریکیی شیشکوتکە
پرزەت لێ نەبڕاوە/ ئومێدم پێتە... ڕازاوەیە
تەلەفۆنێکی پرتەقاڵی بە سەوزە تۆڕێ داپۆشراوە
وایەری سپی پرچی دەگەزێ..
بە جارێ سووتاوە/ لە خەوێ ڕابووە
لە کوپاوە شاوەتێ باسکەمەلەیەتی
دەنگی تەسک دەکاتەوەو
چەپ/ ڕاست/ ڕێ دەکا..

***

تاقە بازنێکی لە زەندێ کردبوو پەری
دەنکە یاقووتی زەردی لە باخەڵدا نەبوو
چ کاولستانێکی جوانە لەشی
بیرم لە گژوگیا ژەهراوییەکان و پەڕەمووچەی تەیرو
ئێسک و پرووسکی ڕۆحلەبەرو کەلتوورە پەتییەکان دەکردەوە
من مارلۆم.. چاوم لە چاوە پیرۆزەییەکانی ڕەهبەری بەد دەنێم و
خۆم و کەڵەشێرێکی قەترانی
پشتێنم لە چەرمی گورگان
«پەری»یش لەبەر تریفەدا چاوانی سەوز دەچنەوە
بلوورێنە ئەی خودی گوناهبار
زومەڕڕەد بارانی کە/ گریگۆری ڕیشخەنەیی
مۆنادە جوانەکان/ تاووسە سپییە لەش کاشانە ئاگر گەرمەکان
فێداری سرووشتن و پەژارەی گەردوون دەڕازێننەوە



دەبا لەنێو بازنە ئەفسوونێکی سیادا گەمارۆ بدرێین
گومان مەرگی بەردەوامی بە کاوەخۆیە/ لوولمان دەدا
بسۆزێن ئەی غەریزە نەفرەتلێکراوەکانی ئەزەل
بنێشتە تاڵڕەنگە لێوانی
بە چۆڕە سرکەیەک هەردوو چاوی دەڵێی خوێنە
ئێوارە وەختان/ تریفە وەختان
مەرگ ئاوا دەبێ/ بەردی سەبووری شەقدەبا
چەپەربەند دەورەمان دەداو چزووی زەلستانی هاری
لە تویێی دڵمان ڕادەکا
من مارلۆم.. نە مردن ئەم کەینوونە خەفەتبارە دەگۆڕێ
نە زیندەگی ڕووەو لەبەینچوون
ئەی لەبەینچوونی ڕەها/ هەیوولای بێ زەمەن
تریفە نەما/ ژاوەژاو ڕامانی مەستکردم
لەم بازنەیەدا چ دەکەین؟
لەم بازنەیەدا چ هەیە؟
لەم بازنەیەدا چ دەڵێین؟
ئەی لەبەینچوونی کریستاڵی/ ئێستە بیر لە چ بکەینەوە؟
باوەشە چەقۆیەکی مشتوو خەڵووزڕەنگی دەمئاڵ
تەرزانە/ دادەبارێنە سەر خوانی مەیخانەیەک
دەبێ توانستت هەڵایسێنی
مردن خۆشترە لە زەلیلی
جوانترە لە چرکەی ترسنۆکی
چاوەکانت هەڵگلۆفە بۆ وا ڕەق وەستاوی؟
بتریقێوە ئەی بۆ ناجووڵێیتەوانێ؟
دەجووڵێمەوە/ ئاخر مەچەکم ئارەقدارە
پێویستە بازنەکە وەرچەرخێنم

پەخشەش لەشی لیر لیر کردوومە
ئەی خودای بوزورگ بە فریامکەوە
تارماییە مۆناد قەترانییەکان زار زار دەگرین و
دەتریقێنەوەو تیلەم تێدەگرن..
گوتم پەری: ئەی جوانی ئاشووبگێڕ
چەقۆیە دەمئاڵەکان بەردەوام سەما دەکەن
پێویستە بخرۆشێی و بمخرۆشێنی
دەنا جەستەت تەرمی تاوێرەبەردێکی لەمێژینەیەو
لەززەتیش تەمەنمان نابۆرژێنێ..
ئەی خودای پەروێز چەپاڵەم دە
چۆن/ چۆمی هزرم گلێرکەمەوە
پێویستە ئەمێستا بیر لە سەهۆڵبەندی گیانم بکەمەوە
خودم کەشەنگ و ماندوو/ پرچم پەرێشان
شەوبەندم لە ملێ ئالاوە/ ژەکی لەشم خەفەتبار
ئەی جوانی چەرمگ.. پەلەمەکە پەلەمەکە
بارانێ کەرەستەی چەمەنتۆسازێک دەسووتێنێ
سووچ سووچ لەشی پەژمووردەمان گەرم دەکەینەوەو
لەبەر روناهی لەززەتدا دەدرەخشێن و چەرخەی روومەتت
ئاڵ ئاڵ دەسووتێ/ ئەمێستا گەلە جوانی
تیتکت هێلانەی عەلەتریکەو ئارەقت رشتووە
هەر وەختە لە خۆشیان توونابم
نەرمەباسکت بالیفۆکەی سەرو قژی تێکئالاوتە
پەلە مەکە... پەلە مەکە
دنیا بکە بە تۆپێ و تێیهەڵدە..
قۆرتی حەوشان قوم قوم ئاو قوتدەدەن
تۆیش بە تاسووقەی مناڵییەوە پێدەکەنی



بسازێ/ چەشنی مۆنادە پەناهەندە پەرەوازەکان
لەم بازنە دۆزەخییەدا بسازێ
دەبا زووکەین.. لەشی هەتاوگازمان راخەین
مەرگ ملپێچێکی ئاڵە/ چەتری رەشە/ کراسێکی ئاسمانییە
لە کونە دەرزییەوە دێ..
بەو چەرچەفە سپێپاتەش پاڵکەوە
سێوە لاسوورە متفەرکە بە لێوە بەردینەکانت بیقلێشێنە
چەنێ شەرانی هەڵکەوتوونە بە شیلەوە دەخەنن
پەڵە نوورانییەکەی بەر پاژنەی چەرمگ پیرۆزە
رۆژگار قەوارەی تێکنادا بە جارێ خاپووری دەکا
فەریکەرۆنی نێو قژی ئاوەدۆنی زەیتوونە/ پەری
دایکت دەیگووت بگەرێوە بگەرێوە
کەڵە موگناتیسی دڵی هەراشی دنیایە – ئێوارە –
شەوەی نێو باخەڵی ئارەقەدارە ئەو رەنجبەخەسارە
زۆر جار دەرگە کلۆم نادا/ پێخاوس بەرێ دەکەوێ
گەر تۆ نەبای شێت دەبوو
مۆرانەش کراسی بەریان زیواڵ زیواڵ دەکرد
کێ دەڵێ: رەدوو ناکەوێ ئەو بەچکە مەلەکە...
شەو پشتی هەڵکرد/ پاشان شاوەتی نێو کەللەسەر دارما
ئەفسوونە رەشەکانی بازنەش بەر خۆر کەوتن
هەڵمی شەراب و دووکەڵی جگەرەو بۆکرووزی جگەرم
خەریکە بە ریشی خەنەییەوە رەهەندەی
شەختەبەندی مەرگم دەکەن
من مارلۆم... مۆڵەتی بیرکردنەوەم نەماوە.. کەواتە
سەد دەر سەد پەتیارەم/ ئەگینا
خەو بەری چاوی نەگرتبامایە/ بە لوولدراوەیی دەیتۆقاندم

دڵم تەماشا دەکاو چاوم دڵەڕاوکەیەتی
جارێ روومەتەکانی بریقەیان دەدا
پەری بە فوستانی رەشەوە پەڕبازی نەدەکردو
دەم بەدەم زیاتر دەشێوا
ئەی بزماری هاری قەرەج بەدوام مەکەوە/ کەپرەشینەم
لێ تێکمەدە..
ئەی تیری ناگەهان/ خەدەنگی نامرادی
ئاوقەی چ بوونەوەرێ دەکرێی؟
ئەو مشتە توێکڵەش بە شەویلاکی «با»داکە
چەهچەهە بۆ تەلارە کپەکانە
تەنها کراسە قاوەڕەنگێکی نامۆی سەر تەنافی جل هەڵواسینەو
سەمای مەرگی ناوەتەوە...
لەتە کۆنکرێتێکی زەبەلاحی سەرشان و باهوومە خەفەت
درەختی شاری خامۆشان
بە پەژموردەیی دیداریم نەکردبای
توونابوومایە چێتر بوو
«پەری»یش دووچاری گۆشەگیری نەدەبوو
ئێوارەوەختان/ چەمەر چۆپییەتی
تاڵ تاڵ گیسوی رەشی دەلەرزن
پرچی شانە ناکا ئالآی شیوەنی لە ئەستۆیەپەککو چاوم دەرێ
– میمکم نەبوو
شەقڵی مەرگی لێ نیشتووە
ئاخر لەژێر گەرمایی دڵمدا گەمانی دەکرد
ئەی خودی گوناهبار
تازە بە چ رەند دەبین..
پێویستە بیر لە گەوهەری زیندەگی بکەیتەوە



بووروژێ هزری خەواڵوو
کەودەنە ئاوەز لە نهێنییەکانی مۆنادە جوانەکان بگا
بدرەوشێن ئەی نوقڵانە جیوەییەکانی دڵە کەسیرەکان
خەڵقەندە شیاوەکان بە زەمبیلی ئۆرڤەنیەوە دادەبەزن و
ئاخی خاکەساری بە با دەدەن و دۆناودۆن شوونبزر دەبن
پاش عەسرانێکی درەنگ بوو/ پەری لەچکی فڕێ داو
لەگەڵ تیمی ئیسقاداران لە تەنکاوێکدا پاڵکەوتین
ئێمە گیانمان دژوون بوو/ ئاو جارێ لەرزی نەهاتێ
بێهوودە دەگریا/ بێهوودە پێدەکەنی/ بێهوودە دەبوورایەوە
بسۆزێ ئەی چارەنووسی سەراسیمە
رەنگە ئامێتەبووەکانی سرووشت نسکۆیان بژمێرن
ئەمێستا پسوولەیەکی شێداری نێو بەرکی کراسمی
«دڵۆپە فرمێسکی شەوی دووشەمەم»
کوڵمت چرایە/ دڵت چرایە/ بۆنی دەکەم بۆنی دەکەم
پەرچووکەی سەرهەنیەت قەلەڕەشڕەنگن
خۆم باڵیانم کرد/ قوت قوت پەڕەمووچەم لێ پەرتکردن
چرنووکان لە دەروونم دەگرن
بە ترسناکی دەقیغێنن و دەڕۆن
لایاندەبەم لایاندەبەم
بن پەرچەمت چ بۆنێکی لێدێ
ئەو مەمکە خڕەی تیراندازان دەیانسووتان
ئێستاکێ لە دوورەدەمانە
هەم دەمرم هەم خۆشم دەوێی
مەرگم باهۆزی تەمەنمە
تەقینەوەی ئێسقانە قاوەییەکانم دەلەسەبوو
هومای رۆحم بە سێبەری ئاسوودەگییەوە لەرزانیەتی

سەمەندەر بە بڵقی زنە پەرکەمدارە
چەنێ بێعاری نەهاتی کەتانی لەشمان
بدەینە بەر تریفەو هەوری ئەزەل
کەمەنگیرمان کات و هەرگیز دانەبارین
پێت بڵێم لە تەشقی ئاسمانێ/ بارانێ پێکەوەبووین
بەفر بەربادی کردبووی/ کوڵمت چرا بوو
ئاونگی گۆنات ستارە ملپێچی پڕ زەردەخەنەت
لە گەردنێ گرێ دابوو، بۆنم کردی و بەندی دڵم نەپسا
بگەڕێوە ... بگەڕێوە
دنیا بکە بە تۆپێ و تێیهەڵدە
دەبا بازنەی سیا گەمارۆمان بدا
تۆپە سێوی سامسای دەعەجانی میتایە – گەردوون –
بەرقی ئاوە/ قنج قنج رادەوەستێ
جانەوەری چاو ئاوێنەیە چارەنووس
بە سنگەخشێ لەسەر کاشانان دەخشێ
تیشکی گەردنی – گریت – پێدەکەنێ و
دەبێتە خەرمانە تەمی دەوری هەوی
کەمانت دەخەمە سەر دڵێ پەری
بە بسکت خۆ دەخنکێنم
ئەی فریشتە دەروونم خۆڵەمێشییە
منی مۆمیا.. چرکەی بوون و لە بەینچوونم
دڵۆپە شاوەتێ بوو
ئەوەتانێ جارێ مایە بۆیە دەڵێم
چاوت لە رەنگی تازە فریزان دەکا
ئەوشۆکە ماچیان دەکەم
پەرچووکەی سەر هەنیەت دەمبزوێنن



بەڵکو رۆحمان دەبێتە دڵۆپە ئارەقی جەستەی
نەشەمزاوەی ئەم گەردوونە بێ کۆتاییەو ون دەبین و
لە دۆن و ئادگاری قازو قورینگی نێو هەوران دەگەڕێینەوە
ئەوشۆکە/ بەژنی با تەنافی ئاڵۆزی پڕ مۆسیقایە
لوولیدەدەم ... لوولیدەدەم
پێپلیکانەکان رەشن.. درەنگە نیوەشەوە
– سپێدە بوو.. بەدوای دارەبازەکە کەوتبوو
ئاوێنەی پێڵاوی دەبریقایەوە –
عیشقت لە مردن دڵتەزێنترە
دادەبەزم.. چ شۆڕبوونەوەیەک
فانۆسی چەپەربەند خامۆش
خۆت بەڵەدی درز و دەروازەت کردووم
دەنگی «گۆین» و ناڵە ناڵی کەنەفتانە
ئامێتەی ئەم ڕەشاییە دەبن
ئەم زەلستانە پیرۆزە.. کوانێ «پان» لەکوێیە؟
مۆسیقای خەدەنگان وەسنگی باپەڕبووان داکا
وردەکای سواخی سەربانان بتروسکێن
دەبا بڕووخێ ئەم باڵاخانەیە
دەروونم بێ تۆ خاپوورە.. هەر ئەوەتا نەمردوومە
دەبێ وەبیرم بێتەوە.. چلۆن دابەزینێک بوو
زەندو مەچەکی بازنی باغەت
ئاسمانی هەورپۆشی فێرە جادووگەری کرد
ئەو لێوە خاڵکوتراوەی کە دەڵێی
جۆگەیێ.. قەوزە
دەرزی سوبحانیی و شیری کەژاڵە
پەنجەو مەچەکی پاکیزەشی تێدا گەڕاوە

باخەڵی کەیلی گوڵە حاجیلەیە
گەردنی چرا قوتیلەی درەنگە ئێوارەوەختانە
قامکم دەبنە با.. خوابەندت دەپچڕێنن
چیایێ بەفر رەنوویەتی
رۆحی گەردوون سترانێکی خەفەتبار دەچڕێ
دەوەرەوە.. دەوەرەوە
چاوە تاریکی ئامێزەکانت پڕن لە رووداوی مەرگ
کارەساتی خۆشەویستی/ گورگی سێکس دەلووڕێنێ
دەگری.. بە تووکەحەرامەی زەندێ
تنۆک تنۆک گلۆر دەبنەوە.. بەرەو کوێ؟
رەگ و ریشاڵی هار قوتیان دەدا
گیان تێکەڵن/ قەبر دەناڵێنن
بۆنی مەرگ شاراو شار دەڕوا
پێی بڵێن بەپێشمان کەوێ
گوڵە حاجیلەی بەژن درێژیی باریکەڕێیان بچەمێنینەوە
دەترسام بە چنگەڕنێ هەڵیکۆڵێ و بە گەرمایی دڵی وەنێ
ئەمجا بۆ دڕینی زەلستان و هەتاوی نیوەڕۆ وەختان
گیانی یەکدیان دەهاڕی، دەبا ئەم وێرانەییە
جێبێڵم/ بەڵکو پەری دەسگیر دەکەم..
ئەستەمە مرۆ بەتاقی تەنێ هزری بڕ بکا
بسرووشێ و بمسرووشێنە ئەی دڵ
چ وێرانەییەکی جوانە لەشی..
سەحەر هاتم درەختەکان لە خەوێ دابوون
کەسکاوی لەشیان بە هێمنی دەگریا
ئەوێستا زانیم چاوت شێتە رەش و جوانە
دڵت پارچەیەک گڕکانە



کرم خۆشیان دەوێی
کەفە سابوونن و بە مۆنادی جەستەت وەردەبن و
شامپۆبارانت دەکەن
زەردەخەنەی لێوی کەفاوی بە جغارەوە جوانە
بە هەوەس خۆ بلەنگێنە
لەم شەڕە شەوقە دنیاوونەدا
بڵقە بڵقی حەوزە چکۆلەکان
سەردولکەی مەرگتە/ قامکت بروسک هاوێژن
تارای مەلەزو پەشتەماڵی ئارمووشیان بۆ راگرتی
بە خڕخاڵی گڕناڵ گڕناڵ مەچەکبەستیان کردی
ماچت دەکەن.. تەیر بە بووکت دەبەن
ئێستە لەم کشوماتیە جوانییە
تەڵە شقاتەیێ لە زبڵگەی گەردوون بەردەو
ئاڵقە ژەنگاوییەکان فەرامۆشکەو دنیا بکە بە تۆپێ و...
پرچی مەیلەو ئاگرڕەنگت بۆنی عیشق و مەرگی لێ دێ
سرووشتی دڕندەش بەسەر پاکی وەرزەکانییەوە
دوژمنداریت دەکا.. دەبا غەوربێ
تازە وەک جەستەی بن پێخەفێ لەبەین دەچین
دوڕدەمی پڵنگی قاوەییشمان پڕ سووتووی جگەرە کرد
هێشتا دانەدەمرکا ئەو ئاگرە
دەوەرەوە.. دەوەرەوە
تۆپە چکۆڵەی چەرمگی رۆژگار فێرە سەمات دەکا
بە گەردن و ژێرچەناگە راگیری کە
– بیرم لەو تۆپە چەرمگە دەکردەوە، چۆن چۆنی شێوەیەکی
جوانتری
بە چەناگەکە دەبەخشی

ئەمێستا فرە جوانی
تۆڕی سەوزیش لەبەرکەی
ماسیگر شاگەشکە دەبێ
هێندە بۆنم کرد... تێر نەبووم
چاوم مەستانە دەگریا... پەری پەشۆکاو
وا بەسەر پردێ تێدەپەڕین
سۆلی دەعاردی دەخشێ
ئەشکی خەفەت بادامی چاوی دەشۆرێ
تازە بەرەو کوێ ئەی خودی گوناهبار
بە چ رەند دەبین
کڵۆ بەفری بەسەرداکەن
داو و دەزووی دەسئافرەتان ترسناکە
پێویستە بە بیرکردنەوە خۆ لەناوبەرین
بەر منەتی مە نییە دەوران
ئەوانیش دێن.. وا دەڵێن
من هەر دەڵێم تۆ مامزی و یاڵی ئەسپت لە پشت ملێ
شۆڕبۆتەوە/ گەڕەکە پەرژین سەوزەکان
شکاری مەرگی تۆ دەکەن
لەشی لۆیاسانی سپیت دەلێسنەوە
لەم هاوارو فەریادە، خۆڵڕەنگییەدا
چ بە فریاتەوە دێ.. منیش دەڕۆم
دیسان دەگەمە ئەوێ
تاقە گەڵایێ لە یۆکالپتۆزەکە دادەپچڕێنم
بۆنی دەکەم.
بیرەوەرییەکان هێدی هێدی سەردەنێنەوە
شەو هاتم گڵۆپە شێوە مانگەکەی بەر دەرگانەکە دەسووتا



ژەهر وەک جیوە دەوورووژا
چەرچەفە پشکۆیەکی لە خۆ لوولدابوو پەری
چاومان لە دوڕچاوی یەکنا
بەڵام لێکدی حاڵی نەبووین
بەمجۆرە بیرمان دەکردەوە
لە باوەشی ئەسکەملێکی درێژکۆڵەی دارگوێز قاوەڕەنگدا
دەسبازیمان دەکرد
درەختە مەرگ لێداوەکەش چەشنی ئێسک و پرووسک و
ئاردەداری نێو ئیسپرتۆ دەبریسکایەوە
با پرتەقاڵەکانی دەلەراندەوە
لەوێ ڕا چادانی سەر زۆپاکە هەڵدەچوو
پەری سەوزە تۆڕێکی پڕ گەڵاچایە قژی
جارێ زووڵف زەرد فێرە سەما نەببوو
کادی/ مینابەندی شووشە عەترو فەخفووری و تیڤالە
نارنجیەکانی دەبریقاندەوە
بۆنی باخەڵی موشکینی مەستیکردم
چ چەوێڵە بەفرێکی نوورانی دووبەدەری دەکا
لە شووراوە ئاوابووین
بووکەشووشەیەکمان دزی
دایکم پێشکێشی کردوومە
ئاخر من نەرم و هەڵۆڵم
«بۆن و بەرامەی کانداس چەشنی بۆنی درەختی
بەرباران وا بوو»
تەمەن ژەنگی دەرگە ئاسنینەکانە
وەک تۆزو خەنە هەڵدەوەرێ
لێک دانەدەبڕاین، بەڵام پەرتدەبووین

نم نم باران گڵۆپە شێوە مانگە بۆ یۆکالپتۆزەکەی
دەشۆرییەوە..
توخودا تایبەتمەندێتی ئەم زەلستانە بازنەییە تێکمەدەن
هەر نەبێ سەهەندی ئەو سنگ بڵندە مەمکهاوێژەیە
سەرە قەڵەمجافێکی پیرۆزەیی شمشاڵی سەر لێوە فەریکە
بەمجۆرە بیرمان دەکردەوە
ڕۆژگاریش گورگێکی بەلەسەی لەش پەڵە پەڵەی زەردو قەترانی بوو
بە چەپکێ خەدەنگی ناگەهانەوە دەیلووران
دنیا لە پیرییان شەکەت..
دەوەرەوە لێوانت لە گەڵایان بسووە
دەبا گیانیان بێتەوە خۆ
لە شووراوە ئاوابووین
خرنگەی خشڵ و خلخاڵی وەجاخزادانەی نەدەهات
گەر لێرەبا ئەو دەرگەیەی کلۆم دەدا
تاپری دەسکزەردمان بە مامزە شووشەییە دوو قۆچ زێڕەکانی
نێو جامخانە وەدەناو مەستانە بەسەر کامای قەنەفە
قەدیفە سەوزەکانا بازماندەداو گازێ لەو تەنکە گەردنە خوداییە
دەتریقاینەوەو چەرخەی ڕوومەتی دەدرەخشا/ تێر تێر
«ئەتاری»مان دەکردو لەم ئاژاوە لەززەتییەدا دەربارەی
«سیباند»و «کەی یوباند» دەدواین/ ئەمجا کوتاڵە
خەتخەتەکانمان
زیواڵ بە زیواڵ دەکردو پەری خانەدانانە دەدوا
خانەدانانە پێدەکەنی
خانەدانانە دەبوورایەوە
بازنەی رەشئەفسوونی کەیلی هەرماسیەت دەوری دەداین و
ئاوێنەمان دەلستەوە



بەو شقاتەیەی کە دڵۆپە شەمێیەکی پیا رژیاوە
ئاگرمان لە قاقەزی کەسک و سووری نەریتان بەردەدا
بەمجۆرە... هێندە بیرم لە کراسە پەڕ مێشییەکەی کردەوە
دین و پەتیارەبووم
جگەرەیەکم داگیرسان... پەری
ئەی ئەم چەرمە زۆزانیە چییە؟
من نەرم و هەڵۆڵ و سەنگینم..
ئەی کێ خاڵی سەر لێو و چەناگەی کوتیووی؟
مەرگ لە درزو دەروازەو گڵۆپ و پۆقلەی کەفە رەنگاوڕەنگەکانی
سابوونەوە دەهات..
گەردوون هەستی بە چەپەڵایەتی خۆی نەدەکرد
«لە خەوێ رابوو» گڵۆپە سفرەکەی داگیرسان
«خەون بوو»
ناوکە سەمون و پاشمەندەی سەر خوانەکەی
بۆ چۆلەکە بەختەوەرەکان هەڵدا
لەولاشەوە پەروانە خۆیان بە گڵۆپیان وەدەنا
جەمیلە هۆ جەمیلە
ئەو دەرزیلەیەی کە داکۆکیت پێ دەکرد
ئەمێستا لە سوورمەی سوخمەی سۆزانیەکی
پرتەقاڵی داچەقیوە..
تیشکی سوور دەیترووسکێنێتەوە
«مەخمەڵی سوور خوێن و تاوان دەشێرێتەوە»
شتە نەبینراوەکانی ئێوارەوەختان لەبەین دەچوون
منیش شەکەتم/ بەخۆ بەرپشی خەنەییەوە
مۆڵەتی سەرەتاتکێی خۆریشم نەماوە
دەڕۆم/ دەگەمە ئەوێ/ لەوێ کات دەوەستێنم

مەرگت دایپرزاندم.. بەمجۆرە بیرمان دەکردەوە
شێوەو کەرەسەی ژوورەکەشمان گۆڕی
خەفەت نەدەگۆڕا... خاتە چ دەکەی؟
چنگێ وردە بزمار و دەرزیلەو دەموسمان
لە ناخی دڵە قاوەییەکە راکرد
گوتم ئاگرە/ زووکە بخولێرەوە
شەومان رووناکردۆتەوە
بۆنی بخووری سپی و دووکەڵی شیرڕەنگ لە پۆشاکان دەپژا
چاوە کزەکانی فرمێسکیان تێ زابوون
داڵگە درەختێکی گوناهە
بەرامەی بخووری کافووری باناوبان لەخۆدەچوون
تەلارە کەرپووچ زەردەکەش کاول بوو
ئەمێستا/ رێدەکا
زەردەبسکی پۆشاکی دەرازێنێتەوە
هۆ «ماتیا»
ئەی مۆمیای بەردەرکی گەرماو
سێوە هەراشەکانی رەنگی مەرگیان هەڵێناوە
رەدووکەوتبا وا سیس نەدەبوو
عەلەتریکی مۆنادە جوانەکانی دەدرەخشان
لەشی کاولکردبا
دووانە دەهاتن سەمایان دەکرد
«سارەڕەش» دەیپاراستن
بشمردبای سووژنێکم لەسەر دڵێ دەچەقاندی
منیش دەڕۆم دەگەمە کوێ؟
لەوێ کات دەوەستێنم
ئیستەش هەر بە ساکاری بیر دەکەیتەوە؟



ئیستەش هەر بە ساکاری بیر دەکەیتەوە؟
ئینجا دڵۆپە خوێنێکی خەستی مەیلەو قاوەیی
لە مژۆڵی برژانگی چەپییەوە دادەچۆڕا
جۆگەلە «شیر»ێکی روو بەسەرتوێژیش لەوەی تریان
دایکم بە چمکی چارۆگە ریشوە زەنگیانەدارەکەی
دەیسڕینەوە
پەککو چاوم دەرێ..
پێڵووی نەگریسی لێ راخست
بەرگەی ئەو ناڵە ناڵە ئازیزانەیەی نەگرت
ئیستەش تیلمە چارۆگەو دەنکەزەنگیانە
دڵم رادەچڵەکێنن و بۆنی
«چەوێڵە خۆڵێکی پڕ حەسرەتم پێ دەبەخشن»

(١٩٨٩ - ١٩٩٣)

## ئەلیاسابات

رەها بە بازنەیی بیر ناکاتەوە
زەنگیانەی کاژمێر بەگەردوون دادەکا
خورجێکی ئاوییەو پڕیەتی لە موورووی ئەوین و
زەنبەقەی بخوورو پەرەنگی هەیوولا
قازانێک باهۆزو زەلزەلە دەلەرزێ
کەینونە هەتوانی سرووشت و
ئیسفەنجی لۆگۆسە، دژوونی وەرزەکان قوتدەدا
ئەندێشە خۆشترە، تێڕامان
گەمانی پاپازی کچانی ئاراسە و
پاژنە خڕ/ لووسبەلەک/ گیسویان کارەبا
ئاشتەبا جوانەکان بەرهەڵای قووڵایی شەو دەکەن
کراسیان لە بانی منارە هەڵدەدەن
مەرجانی نەزۆکی لە مینای پەنجەرەی زیندەگی و
پەشمەکی سپاتی خۆر دەگرن
من مەرگم شەرابی عەدەمەو
تەمەنم پڕ کەفی گوناهە
دڵۆپە خوناوێک لە دنیا
ئاوێنەی دڵانە
بلەرزە
خەشخاشی ناموراد
بلاچەی سلیکای بیابان
بۆڵە ترێی ساباتی نوورانی
جەنگەڵی رۆحستان وێرانە و
چاوەڕێی چ دەکەی؟

١٩٩٤/٩/٥



## فاوست

لە رۆخ دەریاچە گوڵگوڵییەکەدا
قورقوشمی خاترجەمیی دەتوێنێتەوە
پەلکەزێڕینەی میتاڵە لاهوتییەکان لەبەر دەکا
شەختە ئیکسیرێک دەسووتێ
دەکرووزێنێ.. راڤانا.. راڤانا
دەروونم گوڵە فیردەوسە
هزرم بارستێک تلیاک
سپەی گیانم دەلوورێنێ
دەلەنگێم
خەریکە بانگلۆز دەبمەوە
کەواتە/ بوتڵە سرکەیەک لە کۆڤانی مەرگ دەگرم
ئەو کەڤرە سپیە تێفرووسماوانە چ دەکەن؟
ئاوەزێری خەفەتە ئەبەدییەکان
بەو دەریاچە جەلاتینییە دادەکەم و
دەکرووزێنم

١٩٩٤/٩/١٦

## دەف

شەقام ئەژدەرێکی ڕەشبەڵەکی گرێ گرێی زەبەلاحە بەسەر
لاشەی سرووشتا دەخشێ
قەپێلکە ئایسکرێم ، قالک و قەوانی برۆنزی و دار عەسا
قاوەییەکان
رووەو خەرەندی چراخانە قەترانییەکان رادەماڵێ
پەژمووردەیە هەڵووژەی گیان
تفری زەمەن هەڵدەوەرێنێ
پەیتونە جوانەکان
تابووتە شووشەییە بۆ نخوشەکان دەگوازنەوە
گوڵدانە کریستاڵییەک بەسە
ژەنگە شیعری وەنەوشەیی تێکەین
مەرگ قەفی تەنافێکی ئاڵۆسکاوی تەلیسماوییە
پڵنگی هزر بەرزەفت دەکاو
خۆڵەکەوەی فەنتازیا دەبارێنێ
شەو متبوونی ڤایرۆسەکانی ناخەو
ئاوێنە ژەهراوییەکانی رۆح
دەسبازی خودستانی پیرایەتی دەکەن
بریق و باق نەما
دەف – دەف – دەف
کەرنەڤاڵی کەرتە مووسەکانی زێرابی تەمەنەو
کەفی قەوزە سەوزەکانی ئەزەل دەتەقێننەوە
دەف
چنگێ مۆرانەی ئەندێشە
دەف
چنگێ ئاگری تەجەللا
دەف

تەمووزی/ ١٩٩٤



## ورچ

گۆڕهەڵکەن ورچە و مششەی دێ و
دورجی شۆخە ژنان دەڕفێنێ و مۆرانەی
تەختە بەسیسەم و
چەکمەجە کاستەرییە نسکافاوییە خامەکییەکان وەردەکاو
تەنتەنەی پەلکەزێڕینەی یاریگەی منالێی و ئاڵەتی
هەوەسی هەوەسبازان لە زەواق دەنێ و
بە دۆشاومژەیەک/ سەبەتە ستیلێ تۆپی ماهووتی و
بەلەمێ/ کەفەسووراو قڵپ دەکاو/ کراسی
تەپ و تۆزی مەرگی گەردوونی گۆڕەپانی
تۆپێنی/ پیتەکان/ لەخۆ لوولدەداو
ورچ ورچ باران دادەبارێ!
من خۆم/ لە کوێ/ نیم، چەتری رەنگاڵەییم
لە بن باڵێ، چاوەکزەکانم
کراسی ئێواران دەخوێننەوە..
لە نێو ئەو پەڵە هەورە ئیسفەنجیە شۆخەدا
خەوتن فرە خۆشە
ئەی لۆزەندەری/ مەرگن ورگن جەنگن
چاوترووکانێ مۆڵەتم بە!
قاپ قاپ ژەهر و قاپقاپم تێدەگرێ و
کلێتە سەوزەکەم لێ رادەوەشێنێ و
چاویلکە سفرەکەم لە گۆزەی بە لەچکی قەیرەو
بە لەچەکان دەنێ
بێ ئاگر لە خۆمان، کەسیرەو دانەچۆقەمە
مەقەست/ قۆپچە قۆلۆنیاییەکان دەپچڕێنێ

بوومەلەرزە/ گوڵدان، پیاڵە و ژێرپیاڵە
سیمییە پوولەکەییە ژیکەڵەکان
ئەمێستا/ سووراحیە شەرابێکی پڕ رازیانە هەبوایە
خەفەتە هیسییە مەرگەمووشییەکانی
لە یاد دەبردینەوەو.. قاقا/ سارا/ بتریقێنەو
/تاپڕ/ی هەوەسەکانت بتەقێنە
«میری سەرڕووتی رۆبی بۆری رووسی لەبەر
لەناو ریمی سووری توورێدا ریشی
بەشیری دەتاشێ»
لفکەشۆڕ لفکەی تەڕی بە بزماری
بالکۆنەکە وەدەکاو خەناوکەی
لە ئاوی جوانیی دەنێ
بێ ئاگر لە خۆمان لەم زمستانە تووشەدا
«ورچ ورچ چەتەو سیخووڕ دادەبارێ»
/سارازین/ زۆپایە و خۆزیا قلەشقاتەیەک هەبوایە
گەرم گەرم سوولییەی ئاگر دەیترووسکاندین و
/ پەرداخێک/ گوارەو ئەنگوستیلەی
نقێم درەوشاوەمان بە خۆ دادەکرد و
بە قەڵەمبڕان پەڕەتووکی بالیفە بەرگ
سیرەکانمان بەر گەردەلوولی حەز دەدا
«جانتات لە لەشت جوانترە»
«جانتات لە لەشت جوانترە»
توێکڵە پرتەقاڵمان بەر/ مەقەست/ دەداو
/شەکردانێک/ خامەو قەڵەمتراشمان بە
لێفە رەنگاوڕەنگەکانا پەرت دەکرد
ئەم ساردە بارانە سەری لێ شێواندووین



پێویستە خۆ هەڵدەین....
ورچ میرغەزەبە و زمانی بستێ دەرکردووە
حەوزەماسییەکانمان لەبن هەنگڵێ
کراسمان کراسمان کراسمان
لە بزمارە ژەنگاوییەکانی دیوارە تەپەدۆرییەکە
گیردەبوو...
ئاه.. کراسگهۆڕین../ سۆماسیما/ سۆماسیما/
ئەی رووناکییە رەنگامەکان تێر بریقەمان کەن!
کراسە سوورە سۆراوییە قۆپچە سۆرەکییەکان
مۆرە مۆرانەییە خامەکییەکان
زەردە زەردێنەییە زێباکان
سەوزە قەنەوزییە کەسکاوییەکان
زیواڵ زیواڵ هەڵدەزڕان
قۆپچەکانی/دال/ کراسە مەدلوولییەکانیان
جێ دەهێشت
بێ حەوز لەخۆمان
لەتە لیمۆدۆزی زەردباون و بەسەر
کاشییە کاشانیەکاندا دەخشێن
لەژێر/ ژووری/ هوردکە فەخفوورییەوە
هورچ نەعرەتەیەتی/ کێ دەتوانێ
بەرپێنەی باتێ و پەلکەمۆزی
لەبن پێ رایەخێ
ئاخر/ جوغدە و موقوربازە.. مەکیینەی
دروومانی ژنان.. سەماوەرو باولە
تۆتیا هەڵدەداتە نێو حەوزە پڕ
پارچە ئیسفەنجەکان..

/پوور مامز/ دووپشکەو قل قل
سیری سپی قوتدەداو بە دەمەجەڕان
پشتی/ نەزۆکان/ داخدەکاو چاوی
لێیەتی/ چلۆن/ چێلّی ئەلبان/ بە
/تادانۆ/ دەباتە بانی ئەپارتمانەکان
لەم بارانە ساردە بەژاوە ژاوەدا
تەپ و تۆزی/ هزرم/ داوەشاند
«دینم یا وورێنان دەکەم»
با راماندەماڵێ
/سارازین/ .. زینەو ماینێکی سپی
کریستاڵی دەدرەخشێنێ!
قەلەموون مینای پەنجەران دەنووکرێژ دەکەن
«بەهاتنتان سەرفرازو خۆشبەخت دەبین»
«مقەباش نەما لەبن کراس و پشتێنانیان
راکەین»
من وەستام کە وەستام
تومەز/ سارا/ی بزبزۆک
«دەبدەبەی بەرغەبابەی/ شۆڤێنییەک/
دەرزی ئاژن دەکا»
هەراژم هاتێ و رشیامەوە
هەمدیس فافۆنێک شەربەتی مێوژمان فڕکرد
ورچ گورگەمێشە/ سیکلۆبە/ مەگەزۆکەی
پەتای/ حەمحەمە/ و بێ چووپ
لە نێو کەفە دیتۆل و تایتاودا
بۆقە مەلەیەتی..
روومەتی بەرهەڵمی کتلییە ستیلەکەدا



/سارا/ی چاوقەزوان/ جندەیەکی
نەوڕەسیدەی سەلارە
کراسی شاوەت بە لەشی
گەردووووون دادەدا
/پەرووین شاهین/ ،/ هەڤەکۆپان/
/لەیلا سۆمەر/
«Are beni boya beni»
مووروی هەوەسەکان لە ئیسفەنجێکی
لیچندا سەما دەکەن
کوڵمی سۆرک سۆرک بەهاراتی
خاسەڕەنگی لێ دەڕژا
جیوەی ئاوێنەی ماڵان هەڵوەری
مافوورە جوانەکان لووووولدران
خۆزیا جاجمە حەشاردراوەکانمان
بسووتاندایە
مەرگ دادەگیرساو
دووچاری ئەم زوورگ و هەڵەتە
نەدەهاتیین
لۆژ لۆژ رێگە توناوتونیەکان دەبڕین و
هەڵتەک هەڵتەک دەگەڕێینەوە..
ئاخر کێ؟... کێ دەتوانێ
سواری قەڵاندۆشکانی ورچی قەدەربێت و
سەرمازۆی کات/ چش
لەبەردەم مینابەندەکەدا وەستاین
لەیستۆکی قورمیشکراو سەری بۆ دەلەقاندیین
خۆمان لە قەپانە شیرییە پۆدرەییە گەچییە

جیوەبییەکەدا...
«مەغازە چییە سەر رووتاوە بۆینباغ
شەکەربیە چاو برۆنزییەکە»
گلۆپە جاجکی دەتەقاند و گورگانە دەخەنی
کێشمان/ کێشتان ٥٦کغم و
«دووشەموان بەختەوەرن»
بیرمان لە دووانە دایساوەکانی
«دی.. سۆسێر» نەدەکردەوە
هورچی مەرگ قەپی لە قۆپچەی
کراسە کەتانەکان نەدەگرت!
لەبەردەم مێزە شەختەبییە پان و پۆرەکەدا
روونیشتین..
زیقاوڵە، خڕخاڵ، بەرسیلە، بووکەشووشە،
جەزوە، شانەی دار، مەڵهەم، دەسماڵ
دانە دانە دەدوان
چ جۆرە لێدوانێک
ئێمەیش نقەمان لێوە نەدەهات
ئەو چەپکەنی پۆشی و
منیش پێجامەو ساغرە رازیانەیەک
تاو تاو کات چەپاو دەکرا
شەبەیخوونی شاڵ و شەپک و
دانتێلاش
تەڵە شقاتەی گیانی دادەگیرسان و
قۆپچە قەترانییەکانی پاڵتۆی
ورچی دەتریقاندەوە

١٩٩٤/١١/٢٧



## مەرگ و جوانیی

بوەستە بەرانبەر پەیکەرێ
کە هێشتا
رووخساری سەردەمی مناڵیی دەلەرزێ
لەم شەوە بێ دەنگ و کپەدا
نیگاکە .. پەرییان
لە رازی پرشنگ و خەرمانەی خودایی
تێ ناگەن
تێرامێ.. بەرلەوەی تەلیسمی
ئەو گڕ و ئافاتە لەکیس چێ
قەیماغی گەردن و ئاڵتوونی
ئەو قژە بنۆشە
کێ دەڵێ:
سەحەرێک لە هیکڕا
ئێوارێک لەنکاو
خێوەتی وجوودت تێکنانێی
بێ چپە؟!
ماڵئاوا ئەی خودە جوانەکان
ئەی خودە
دژوون و بەدەکان

تەمووزی (١٩٩٥)

## بازنەی قابیل

بازنەت ئاوێنەی «نەرسیس»ەو دەدرەخشێ
چ درەخشانەوەیەک!
دووشێک لەبەردەم بارانی بێ ڕەحمەتی بازنەکەت
دژوونی تەمەنی مردوو
تەمەنی کەسیرەو پڕ ژەنگ و خۆڵەمێش
ئەوەی باشووکەو پەپووەکان
بەخیلی
پێ نابەن/ پادەکاتەوە/
ئەی خودان بازنەی کەیلی ئاڤی جاویدانە
ئەوە سەرینچاوەی زیندەگییە
یان ئاوە شیلەی پاقلاوەیەکی جەلاتینیە
زەخمی زمانە سوتماکەکان سارێژ دەکا
دەوەرەو چرکەیەکی بێهوودە لەگەڵ
بازنە باراناوییەکی سپیپاتا
ساپساپێنی عەدەم بکەو
حەزی بەدو لەززەتی شەڕەنگێزایەتی
سەیروورەی شێتهەڵگەڕاوەی
ئەم سرووشتە زبڵگەیە دامرکێنە
تۆ نازانی ئەوێندەرێ
سەهۆڵبەندانی «قابیل»ە
بەستەڵەکی دەریاچەی گوناهکارانە
هەم دۆزەخ و هەم پاقژگەو هەم فیردەوسە
دەبێ کێ بێت لەوێندەرێ و
لەبەر لەززەتی بارانی ئەم



بازنە هەڵووژەییەدا توونا نەبێت
لەو بازنە ئاتەشییەدا
«کوردکوژەکان، خەیانەتکارانی وەتەن
ئاژەڵێکی دەعەجانن
دە سەپاچە و چاو بەرەژێر» (١)
لەوێ مەرگ هێندە شەکەت و بێزارە
بەرگەی سێبەری یاد ناگرێت
لەوێ مەرگ
سەرابی شەختەبەندێکی شووشەییەو
ئاو نییە..

١٩٩٥/٧/٢٠

(١): دەتوانی ئەم برگەیە نەخوێنییەوە، چونکە شیرازەی چامەکە تێکدەدا.

# بۆهیمیەت

*بۆ: ساڵووکترین هاوڕێی هونەرمەندم*
*«حەمە عەلی خان»*

قاپە «جن»ێک شیرازەی کۆنەخوازی لەخشتە دەبا
نەخشی کەرەکیفە هەڵێناوی «منی باڵا»
هەڵدەوەشێنێتەوە
ماسییە سرکەکانی گیان
لە دەریاچە شەکرڕەنگە بێکۆتاییەکەی جەستەدا
دەرەقسێن
ئێمەی تێهەڵدراوی ئەم بستە خاکە خەنەڕەنگە
دڵۆپە کریستاڵییەکانی پروشە جن
بە لەشمان دادەچۆڕێ
فوستانە رەنگاڵەییەکان لەبەربا
گۆرانییە ئەفسانەییەکان دەچڕن
سپێدەبا/ ئاگر سەما با/ مەرگەساتەکانی با
ئەی بەچکە ئاگری ئەزەلی خودی کەسیرە بووم
گۆنا پەشمەکئامێزە لەززەتدارەکان جیوە بارانکە و
مانگە شووشەییە شیرڕەنگە کزو خامۆشەکان لە ئامێزکە
ئەمێستا لەم دەڤەرە قاتی و بریندارەدا
کەرنەڤاڵی غەریزە جەهەنەمییەکانە
ئای چەنێ بەلەززەتە
بە جانتا «دێلزی»یەکی کۆڵەپشتی تژی
لە لاپەڕە نەفرەتلێکراوەکانی - رامبۆ -
چەشە سادۆ ماسۆشییەکانی - ساڤۆ -
حرووفە بەدەکانی - بۆدلێر - و



قەلەڕەشەکانی - پۆ - و
بە کیسەخەوێکی زریزەداری ئەبەنۆسی
لەم خاکە خاسەڕەنگەدا راکەی
ئەو راکردنەی ئاسکە قاچ خەناوییەکان شەرمەزار دەکاو
لەنێو ئاگرە نەستی درەوشاوەی پەتا تاعوون و
بوومەلەرزەی - ئارتۆ-دا
مۆرەی چارەنووسە خەمۆکییەکان هەڵدەین
مەوەستە/ بەرەو ئاپۆرەی کچە قەرەجە رەدووکەوتووەکانی
گەردوون ئەوانەی کەینوونەی مەرگ نەدیووی رەنگاڵە
کیژۆڵە رەونەقدارەکان تووکە حەرامەی لاجانگان
دەلێسنەوە.. بەرەو حەشاماتی ئەو سالووکانەی
شەوانە بە ریشی نیکۆتینییەوە کەفی شەرابی
دەرەجە سفر دەنۆشن و لەشیان بەر مووس و خاڵە
کوتراوەکانی بازووی جەربەزەیی دەسۆزێن
قژ ئاڵتوونیە دەروون چەمک خەفەتاوییەکان
پەیتا پەیتا
دووکەڵی عەبەس لەخشتەمان دەبا
کەسیرە کەسیرە
بادەی جیوە سیمیاوییەکان بنۆشین و
لەباوەشی یەکدیدا ببوورێینەوە
مردن چرا شووشەیەکی بێ ئاگرەو بەس
ئاخر، بەو ملپێچە حەڵوارەنگەوە
بەو پەنجەوانە ئاسمانییەوە
بەو فوستانە سەوزو قەترانییەوە
گوڵاوە «ئالاندیلۆن»یش لەخۆ بسووی
مەرگ تەنها پێکێکی پڕ لە ئەستێرەی هەپروون

بەهەپروون کراوەی بەر تریفەی مانگەشەوبایە
ئەی خوداوەندی قەدەر
ئەو بەفراوە شەوبۆیە چاو و لێو نازونوزاوییەم بپارێزە
بارستە سەمایەکی ئێسکسووکی نەوڕەسیدەیە و
بۆنی چەرمە گلاسیە نارنجییەکانی لێ دێ
ئەو تیلمە چەرمەی پاپووجی سۆزانیان
دەنەخشێنێ و دەمانچەی مارشاڵە دڵڕەقەکان
شکۆمەند دەکاو دەبێتە قەڵاتەی تانجیە
نامۆکانی دەسدامیاران
نیوەڕۆ با/ ئێوارە با/ مەرگەساتی با
ئەی گەردەلوولی عەدەم
شەوبا ئابڕووی خەفەتە عەنتیکەکانی تکاندین
عەلەتریکە زەردباوەکان
خەرمانەی رووخساری
مەوەستە/ ئەی بەچکە ئاگری ئەزەلی خودی کەسیرە بووم
ئێمەی تێهەڵدراوی ئەم بستە خاکە خەنەڕەنگە
لە نوێخوازیترین وێرانەی کۆنەخوازیدا
کۆت و بەندکراو
خودە گومڕاکانمان .... دوور لە شەوە باخووسیە
پێکەنینی هەرماسییەکان
بەمجۆرە ئەم زیندەگییە بەدبەختە جێدەهێڵین و
ئایندەش... فرزەندەکانمان قەوانە گوللەتۆپی
شەڕی دەسەڵاتی بێهوودەیی مارشاڵان کۆدەکەنەوەو
ئەوانیش دەبنە سووتەمەنی
بەڵام چ سووتەمەنییەک؟!
ئەی نەوڕەسیدەترین خەفەت



مەوەستەو
بەجانتا دیلزییەکی کۆڵەپشت و
کیسەخەوێکی زریزەداری ئەبەنۆسی
بەرەو مەزەدارترین
دنیای ئاژاوەی ونبوونی
مەرگ
و
شێتبوون
و
جوانی

١٩٩٥/١١/٦

## سزا

*بۆ: حەمە ڕەنجاوی شاعیر*

شاهێنی دیدە بازە، مەستی شەرابی نازە
دڵ دارو دڵ نەوازە، دڵ کێش و دڵ فـریبـە
«نالی»

دەبا تێکڕای ناقووسی کڵێساکان
بزرنگێن
منی غەمزەدەی تێهەڵدراوی چرکەساتە
تاوانبارەکان
خۆم و پۆشاکە ئاگرینەکەم
لەم پێدەشتی قاوەڕەنگی قەدەرەدا
سەرمەست سەرمەست دەخولێمەوەو
ئاسمانیش.. شین شین و هەورین هەورین و
قەشەنگە!
شەو/ ئەو شەوە کپانە فریام نەکەوتن
هۆگری و هێمنییەکانی ئاتەشی گیان بنووسمەوە
چیم داوە لەم زەمەنە زوشت و بەرەڵڵایە
خێسەی ناچیزو دەعەجانیترین ئافەریدەی
ئەم سەر زەمینە پەشمە پەشم
ئەو گرگنانە چلۆن وەک منی ئاتەشزەدە بیردەکەنەوە
وەرە ئەی گەورەترین پرۆمسیۆسی سەڵتەنەتی
ئەجەل و مەرگ و فەنا
بەرەو غەریبیەکی خامۆشی هەمیشەیی
ڕێکەین
تاوانەکان پێوانەی ئێمەن



شەرم تنۆکە بەهارییەکانی گوڵە
جەهەننەمییەکانی باغی ئیرەمە
ئێوەش مەترسن ئەی پشکۆکانی دڵ!
ئاوازەکان تێکەڵ و پێکەڵ کەن و
زەنگیانەکانی گوڵدانی ئولفەت هەڵوەشێنن
ئیتر ڕووەو ونبوونێکی ئەبەدی ئەبەدی
ڕێدەکەین
ونبوونێک بەتاڵیترین کش و ماتییە
لە بۆیەکانی
شەو شەو شەو
دە تۆش وەرە ئەی چەهچەهەی
هوزاری شیعری ناز پەروەری
زمان حەلەزوونی
وەی چرای درەخشانی شەوی عوقبا!
جەستەی پەیڤەکان بریندارکەین بریندار
تازە
لە فەزای زایەڵەیەکی
زەواڵ زەواڵی لازووردیدا
زەواڵ د ە ب ی ن زەواڵ

١٩٩٥-٢٠٠٤

# دووش

هاشم سەڕاج + زانا خەلیل

ئێمە چڵکنیترین دژوون بووین، لەم کەرنەڤاڵی عەدەمی بوونەدا
ڕۆژەکانمان بە مۆرە مەرجانییەکانی کافیتریاکان ئەژمار دەکرد
ئابجۆی خەناوی داو داو قژە شۆڕەبییەکانی غەریزەی دەخوسان
کێ وایگۆ کێ؟
ئێمە بە دژوێنیەوە جوان نین!
دووش دووش دووش دووش
بریندارێترین شەباقەی زەخمی سەیرووڕەیەو
پیتە ئاوییەکانی سەمای دەسەواژەی جەستە بەگیانەڵا دەدا
ئێمە بە دژوێنیەوە جوان نین!
سوراحی خوایی پڕ زناکی خەفەتە ڕەنگاڵەییەکانمان بخواتەوە
سترانێکی زێتر وجوودیم بۆ بچڕە، ئەی ئاسکی غار شۆڕەبیی
هۆ ئەتەکێت چەنێ بەختەوەری!
پێناسە سەوزەکانت شکۆمەندە
ئێمە لە بازنەیەکی قابیلیدا بگەوزین و شەوبۆی تەمەن بخەینە بادەی
وەنەوشەیی
ئای ئەتەکێت دەبا بەختەوەرین: دەبا نەمرین و بەختەوەرین
ئەی گوناهباریترین مەرجانی فیردەوسە جەحیمیەکان
ئێمەی موتەشەرید ئەودەمانەی لەبەر ڕەهێڵەی خولیای حەرف
عەبەس دەچڕین و سامبا دەکەین،
سامبا دەبێژین و گوناح دەکرین،
ئەی گوڵیترین گیان: چەند حەزمان بە شەویترین ڕۆژەکانی ماچە
هەمدیس هەوەسمان حەلحەلەی لێوارەکانی کەون و، لۆمبۆکانی بارانە
ئۆۆهـ: دوورگەییترین جەننەت لەو فەزایەی پەنگر
توو تاجە غەریبییەکانی کاژەڵە، ئاڵقە ئاڵتوناوییەکانی قامکی خۆرانی



بۆڤاری لەکوێیە شێتە سەمایەک بۆ سیاچاران بسازێنێ
ئاخر لێرە، هەموو شتە خەڵووزییەکان جوانن، جوانیتر لە مەرگی یەکشەوە
جوانیتر لەو وەختانەی ئیقامەی جەحیممان لێدەسێننەوەو
هاوکێشە بەختەوەرییەکان بەرەو تاریکستانی لەبەینچون دەڕۆن
ئاخر لێرە هەموو خەڵووزەکان جوانن جوان جوان جوان
وەرە.. ئانا
بۆ بۆڤاری سەماییێکی شەرابیرەنگ سازدەو،
ئیرۆسەکانی ڕۆح بە خوداوەندی شەراب شادکە
وەرە ئانا: جەنتاکانی نامۆیی بخە کۆڵ و، دوور دوور رووەو نێو
ستێرە خامۆش و مانگە یاخی و دورگە شێتەکانی عەدەم مل بنێین
جانتاکان ئازاری غوربەتن، ئەی پەریبە گوڵگوڵینە سنگ بە پلپلەکان
ئێمە شایستەی تاقە جانتاییێکین و رووبار راپێچمان کات
ئەی شاژنیترین کچی کانێسکان: وەرە
جانتاکانی بابان لە ماکیاج نێ، وەرە... وەرە
ئێمە لە جەنتاییێکی نامۆ لەدایک بووین
جەنتا ئەی ڤینۆسیترین چرکەساتی قەڵسیم
کێ هەیە کێ.. لەو رووبارانە مونحەریفیتر..!؟
لەو هەلالانەیش سیما بزرکاوتر
ئاخر لێرە باران مەرگە.. ئەی مەزنترین کەحێڵی بەرباران
دەبا ئەمشەو بە ئاهی ناکامیت بشۆیتەوەو
منیش تێر تێر ڕۆحت دەکرۆژم
رووبارمان بۆژۆ دەکرد، ساڤۆ دەهات..
ساڤۆ.. شووشە مەرەکەبێکی ئاڵی مازۆخەو
فەزای رەوحانیەت حەرفرێژ دەکاو
شەوە سۆزێک فەراهەم کات، وەرە باران
رووبار سەفەرەو، سەفەریش..
... باران

شەوی ٢٠/٢١ - ١٢/١٩٩٥

# ئەی برۆنزیترین خەفەت

*بۆ: زناکیەکان*

شەو خەفەتە سەهۆڵییە کریستاڵییەکان هەڵدەوەشێنێتەوەو
گەمانی مەرگ بە پیتە ئاونگییە ئاوەژووەکان دەکا
ئێمەیش لەژێر جریوە جریوی
ستێرە ئاڵتووناوییەکان دا
دەهالیزە تارییەکانی رۆحمان رۆشن دەکەینەوە
چەند بەختەوەرین
بەختەوەرتر لە هیچترین بەختەوەری
ملوانکەی وجوودە نەفریناوییەکان
لە گەردنی ئەیقۆنە فیردەوساوییەکان دەئاڵێنین
ئەو ئەیقۆنانەی شوونپەنجەی
خوداوەندە سەراسیمەکانیان پێوە لکاوەو
زریزە هەڵماوییە ئاوەزیواوییە تاووسیەکان
لە دەنووکە شەرابییە قاسپە نازونوزاوییەکان
ئاوێزان دەکەن و
شمەکە بۆ بخوورییە دانسقەکانیش
بۆ کچۆڵەو فرزەندە دەلالەکان هەڵدەدەن
کەس لە نهێنییە جوانە بێچارەنووسەکانی گەردوون ناگا
ئەی شەوە باخووسییە شێتهەڵگەڕاوەکان
ئێمە بەتۆوە جوانین
ئاوەدۆنی پیرۆز بە قژی
راهیبە جەربەزەکان و سۆزانیە سەماکەرەکان دادەکەین و
خەواڵوو، خەواڵوو دەتریقێنەوە
خەواڵووترین خەفەتی زێبایی چاوە خەواڵووەکانە



ئەو چاوانەی دڵۆپ دڵۆپ، خەفەتەکانی قەدەرو
ئاسنە ژەنگاوییەکانی یاسا یاساغەکان دەتوێنێتەوە
دەبەنگیترین دنیاش
بارستە کۆنکرێتێکی تاریکی ئامێزی ئاوەز ژەهراوییبووی
وشک و برینگە، ئەندێشە جیوەییەکان دەپلێشێنێتەوەو
سرووشە فریشتەییەکان لەمپەردار دەکا
بەتانیەی کەینوونەش ئاسوودەگییە
ئاڵۆزترین خەون و پایەدارترین جەستە
لەژێر تۆفانی عەدەم دا حەشاردەدا
بەم جۆرە رووباری زەمەن بەردەوامیترین ئەژدەهایەو
سۆزە تێزابییەکان رووەو هیچایەتی رادەماڵێ
سۆزانیترین سۆز لە ئاوەزە رەنگاڵەییەکان سەرابیترە
گەمژەترین خەفەت لە لەبارچوونی سۆزە غوربەتییەکان دایە
برینە شەرابییە دوورە خەیاڵاوییەکان
دەبنە تۆخمەسەگ و تاک تاک دەحەپن
چ جۆرە حەپینێک!
رۆحیش هەڵۆبەکی دەروون خامۆشی غەمزەدە
چاوە خەمۆکییەکانی رووەو دوورترین ئاسۆی لەبەینچوون
کێ لە نهێنییە ژاوەژاوییەکانی دەروونە ئاڵۆزکاوەکان دەگا؟
ئاخر ئێمەیش، لەژێر جریوە ئاڵتووناوییەکان دا
بارستە پلازمایەکی ئاوەلینجی
مناڵدانی عەبەس بووین
شۆڕشەکانی شەو برۆنزیترین خەفەتی پێبەخشین و
مانگە هەپروون بەهەپروون بووەکانی گیان
گەمانە یاقووتییەکانی چلوورەی ئەشکەوتە
لەبیرکراوەکانی سەردەمی مناڵیی بوون

چێژبارانی کردووین و خاترجەم نەبووین
ئایندەش فیردەوسێکی ئاسۆ سەوزی هەمیشە جیوە باراناوییە
لەم چرکە پەشمەکییە ناجاویدانەییەدا بەیدەس ناکرێ
دیداری مەزنترین لەززەت و ئاخافتن
مەزەدارترین هەبوونە و دژی چرکە چلێسییە
مەرگاوییەکان دەجەنگێ
کەس لەو چارەنووسە نادیارانە ناگا
مەگەر لە جانتای ئافرەتە بەدبەختەکاندا
لە دایک نەبووبین و
چارۆگەی زەمەنی بێهوودەیی گەمارۆی
گیانی نەدابین
مەرگ بوو، دوا گۆرانییە عەندەلیبییەکانی بۆ چڕین
مەرگەساتی سوپەرنۆڤای
ستێرە پەڕاگەندەکانی پێ راگەیاندین
گەمانبوون، گەمانە دۆزەخییە هەرماسییەکان
بەرەڵلاترین گەمانی گەردوونی گول، سفلسی
بێئابڕووترین سەردەمی شەڕو کوشتارو دژوونی
دەوەرە، بڕیاری لەحزە وجوودییەکان
ئەی برۆنزیترین خەفەتی خوداوەندی
شەرابی فەنەری
گیانی کەسیرەیی هەڵایسێنین
ئاخر: ئێمە بە چاوخەواڵوویییەوە جوانین!
بە جەربەزەییەوە جوانین!

١٩٩٦/٤/٢١



# پەشمەکانی چۆمسکی

*بۆ: «شێرزاد حەسەن»ی چیرۆکنووس*

فەنەرێک لە بەفر
گەلەرییەک لە سێو
سەبەتە نەردێک
لەبەردەم رووناکیە بریندارەکەدا سوراحیەک
وشەمان بە/ کەفە پرتەقاڵیەکانی لەش داکرد
ئیستەبرەقەکانی رۆحمان لە ئاتوون نا
لەخۆشیان پەڕەی لووتمان دەلەرزا
دەدرەخشا گەلەرییە سەرخۆشە بەدمەستەکە
دەبۆرژا فەنەرە سەهۆڵییە چیلچیلەکە
نەردە مێروولەش رەنگ رەنگ
ئاوێنەی دڵیان دەشکان
ئاو فەزای لەشمان دەشێوێنێ
ئاگر فەزای لەشمان دەشێوێنێ
ئایندەترین ئایندەمان لەکیس دەداو
بە/ سەرگەردانییەوە دەخولێینەوە
چ ئاگرێکە؟
ئەو گەرماییە کحولییە دۆزەخیە یاقووتیە غوربەتیە
بەردە سپاتەکانی ئۆرفیۆس دەرەقسێنێ و
مەززە هەندەسییە سینەماییەکان
مشتومڕە سەفسەتاوییەکان
پێخەنینە سیامەستاوییەکان جیلوەدار دەکا
نەرد گەمان بە پەنجەکانمان دەکا
پەنجەکانمان گەمان بە نەرد

گەمانی عیشق لە پەڕەمووچ سووکترە
لە پەڕەمووچ سوکترە گەمانی عیشق
نە زەمەن گەمەکان دەسەمۆ دەکا
نە گەمانیش زەمەن
ئەی سپیپاتترین سپیەکانی بەفری هەمیشەیی
ئەی کێ بەرپرسی نەبوون و بوونە گوناهکارەکانە؟
تازە چ دەکەین؟
دەبا بباریێ یەشمی ئەفسووناوی
لەوێ لە مووبەقە پەرداخەکەدا
ئامانە بریق و باقدارەکان کۆرسیەتی
شۆخان تۆقە رەنگاڵەییە خوداوەنداوییەکە لە قژی
دەداو
گەردا نەباریێ چ دەکەین؟
پەرداخە مۆرێک ئاوەشاتوو فڕەکاو
«گللتە ئیتە مێسنخ»
شۆخان تاووسێکی مەلوولەو بیر لە مەرگ ناکاتەوە
پەڕ پەڕ لاپەڕەکانی کتێبی هونەری
چێشتلێنان هەڵدەداتەوەو بەسووکە سەمایەکەوە
گۆرانی پیتە لێواوییەکان دەچڕێ
لا لا لە لا لە لا لا
شەش، شەش، باڵول باڵول.. چوومسکی
بەفیکە هێماوییە سۆزاوییەکانی
بەرەڤانی لە فەزای مووبەقە نارنجیەکە دەکا
ئەی بەختەوەرترین خەفەتی درەنگە قەدەران
بارت لە شووشە نییەو جوانی
دژی مەرگ دەلەنگێ



نەردە پیرۆزەییەکان لەنێو قژی حەشاردەداو
بەگوناهکارییەوە پەیڤەکان
پاژ پاژ هاوێر دەکەین و
چاوە چێژاوییەکانمان مەست دەبن مەست
دەبا بباریێ.. گەردانە باریێ
پەرداخە مۆرەکان تژی نابن تژی
مەگەر لەگەڵ خانمە چاومەستە پەمەییە قژ ئاڵتوناوییە
تاووساوییەکەدا قل قل کبریتە ئاڵەکانی تەڵەشقاڵتان
بکرۆژین و تۆقە رەنگاڵەییە خوداوەنداوییەکەش
لە پەلکە زێڕینەی قژی زەردییە چاو مرواریە
دەسکەفاوییە سەرمەستەکان بدەین و دەنا
بۆنی وجوودێکی شەت و پەتی خەفەتبارتر لە
تەرمە بەمراز نەگەیشتووەکانمان لێ دێ و
غەریزە ئاگراوییەکان.. دین دین گیانەڵا دەدەن و
خەوە نووتکێی ڤالیۆمە هەستشێوێنەکان
متبوونێکی مەرگاوییە
ئاخر پیتە قەترانیە کەف چوبیتیەکانی ئیرۆسن
بلوورە ژەهراوییەکانی هۆشمەندی خاشخاش دەکەن و
زەردەخەنە زەنگیانەییەکانیش تەنێ وەفریای
کۆڤان و دژە یادەوەرییەکان ناکەون
دەبا بباریێ بە رەنگاوڕەنگی
پەڵە هەورە پلازماکانی ئاسۆی ناهزرو
تەزرە زومەڕڕەدەکانی
شووشە چرا پڕ نەرد بن
دەمامکە تەلیسماوییەکان بۆنکەین
چێژی تلیاکی عەدەمەو

تاریکی گەورەترین کوللەی سەربەستییە
پرچە حەڵواییەکانی تاووسەژنان بە بۆیەی
خەڵووزی دەنەخشێنێ و قۆپچە نەردە
کریستاڵیەکانی تەنکە کراسان دەترازێنێ و
لە مەرگ هێمنترە خەونەوازی سەرمەدیانەی
نێو باخەڵی درەوشاوەی، کیسە خەنە
خووساوەکەی باوەشی بێ ژاوەژاوی
ئەو تاووسەی کۆیۆنی پاکی تەمەنی
لەبەر هورووژمی بای عەدەم شەکاوەیەو
نازو نووزی، دەسبەرداریی، خەفەتە کوشندەکانی
شووشەی شکاوەی لاجانگی...
دەبتروسکێ.. یەشمبارانی غەریزە جنونیەکان
ئەی ئاگرینترین خەفەت
خەریکە کات بەسەردەچێ و منی هەمیشە ئاوێنەش
دەسێکم لە لووتکەی سێو ووو
پلم نوقمی شیلەی بەهێ
ددانە سەدەفیەکانم نەرد بازیانە
فەنەرە بەفرینە چەرمینەکەم
لە بەردەم ئاوێنە سەرابییەکەی لەشمدا
بریق و باقیەتی
پرچم لە گەردەنم لووولدەدەم و بەو لافاوە
زیوبە جیوەییە دەخەنم
حەزی ئامازۆنیەتی پارچە ئاوێنەکان
ناخرۆشێنێ..
با بباریێ.. گەر تەرزەیەشم نەباریێ چیتر
شیعری جەلاتینی بە سوخمەیەکی بەرتەسک و



بەژن و باڵای رووباراوی
سەمای مەرگ نانێتەوە
چزووی دووپشکاوی هەوەس
بە ئیسفەنجی پیت وەنادا
نەفتالینە نەفتالین
نەفتالینە قەوزەییەکانی ئایندە
مۆرانەی تەمەنی وەنەوشەیی لە نێو نابەن
یەشمی ئیکسیری نەباریێ
بەهێی مەرگ، سێوی سێکس
خڕ خڕ بە پەیژەی عومرمان
غلۆر نابن..
هەڵووژەی تازە رەسیدەش
شەبەقی دەمە لینجەکان مزر ناکا
فەنەر، گوناهە گوماناوییەکان
سێو، گەمانە گەمژاوییەکان
نەرد، دەروونە درەوشاوەییەکان
گوماناوییە گەمژاوییە نەرداوییەکان
فەنەراوییە سێواوییە درەوشاوەییەکان
گوناهاوییە گەماناوییە دەروناوییەکان
سەر لێ شێواوییە ئاگراوییەکان دادەگیرسێنن
ئەمە هاوکێشەی وجوودو نا وجوودی تاووسەکانە
وەرە ئەی رووناکیە بریندارەکەی هەبوون
دەبا لە هێما زمانەوانیەکانی سرووشت رابمێنین
بەمجۆرە بەڵەدی کردین.. کێ؟
بەڵەد بوون لە غووبارە رۆحیەکانی
دوای فەنابوونی جەستە

با وەرزەکان.. کاژمێرە کەسیرەکان پەژموردەترین
لە ئالۆزترین سەرقاڵیە جەنجاڵیە وەڕەساوییە
ژەهراوییەکاندا
خەناوکە زناکیە تەلیسماوییەکە هەوادەین
لە گەردنی هەورە تۆتیا چەرمگەکانی میتا بدرەخشێ
گۆزە شەرابێک بە کەینونەی هەڵوەشاوەی
خۆداکەین و بە درەخشاوەییەوە جوانبین.. جوان
بەرسیلەی مەززەی حەزەکان ماچبارانی قەدەر بکا
شۆخێ لە بەردەم رووناکیە بریندارەکەدا
تۆقە خوداوەنداوییەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و
**قل قل ـ موورووو ـ قل قل**
بە درەخشاوەییەوە درەخشاوەتر
خۆشیە جوانە هەمیشە خۆشاوییەکان هەڵدەوەشێنەوە
با ببارێ با یەشمی سێکس ببارێ
با یەشمی عەدەم ببارێ
خەشخاشی هەستە شێتەکان بە ئاوەژویی بلەنگێن
ئاخر وجودێکی شەکەت و رێگایەکی تارتارۆسی
مەترسیەکانی کەڤری عەقڵ
هەراسانی گیانی کردووین.. گەر وانەبێ
ئەی کێ بەو سەوزە ماهووتە ئەتڵەسیە سەما دەکاو
پەلکە زێرینەی زونناری وشە نەفریناوییەکان
لە نێو قەدی دەقە هێشووییەکان دەئالێنێ
منیش شەکەت.. ماندووتر لە وجوودی ساتی
حەسانەوەی
میتا... تۆقەی سەرم پەژموردەتر.. دانتێلای بەرم
خەفەتبار.. پلم نوقمی شیلەی بەهێ و



زووکە وەرە ئەی ئاگرینترین خەفەت
لە زەریاچە عیشقاوییە نەستاوییەکەدا
دوور لە ژاوەژاوی ژەهراوی
شاتە شاتی شەکەتاوی
مەلەی نائەبەدیانە بکەین
ئێمە بێ جاویدانەیی جوانترین
بەبێ بیرکردنەوە جوانترینین و
بەبێ لێ خوردبوونەوە جوانترینیش
ئاخر پلم نوقمی بەهێ و
غووباری قەدیفەی قەنەفە رەساسییەکە بۆژۆم دەکا
بە سەرکاسییەوە شمەکە سەرکاسەکان دەجولێنەوە
بەمجۆرە هێندە لە سۆز دواین سۆز، سۆز سۆز
عیشق گڕی تێ بەر نەداین
بۆ کڕووزی سەمای دڵە ئاڵەکانە ئەم هەبوونە
چرکە ئاگر تێبەربووەکانی عیشقە عیشق
ئەمێستاکەیش
زگار زگار
تابووتە قەڵەندەرەکانی بوونمان
لە ئامێز دەگرین
سوراحی سوراحی
جواناومان لێ دەتکێ
سبەیش کراسێکی زەرنیخیە و
«بوونەوەرە سامساوییەکان» دەیپۆشن و
سەرچڵێیەکانی هەرقەل و سێوە ئاڵتووناوییەکان
لە خورجینی گەمژەییدا دەشێرنەوە
تازە پاپی شەرابیشمان نۆشیوە

شۆخان تروسكەی ئاگرێكی ئەزەلییەو بەس
چی نەماوە
تفتیلكی گیان بەرهەڵا بێ و
گەر ئەو یەشمە مۆنادیانە دانەبارێن
فەنەر خامۆش
هاوكێشە دۆزەخیەكانی چۆمسكی فرە خامۆش
سەبەتە و گەلەری خامۆش
باووو جووو دە دە دە
جوانەكان تووڕ هەڵدرێن
ئێمەیش حیت حیت
بەباڵای زراقی زەمەن پێدەكەنین

مایسی ١٩٩٦



## گەمەی مۆرفێمەكان

*بۆ سەروەر و بەیان*

(ئاقیبەت/ گەمە دۆزەخیەكە بەردەوام دەبێ و
ئێمەیش چنگمان پڕ نەرد و كراسە ئاودامانەكانمان
سیخناخ لە داشی شەترەنج
رووەو گەمەی باڵۆنە رەنگاوڕەنگەكانی هزرو
دەبدەبە پەڕمووردەكانی ئاڵۆش هەنگاو دەنێین
هەنگاو دەنێین- دەبدە بە پەڕمووردەكانی ئاڵۆش، و
باڵۆنە رەنگاوڕەنگەكانی هزر)
سۆلین تاك تاك سۆلە سوورمەییەكانی تور هەڵدەدا/و
نقێمە دووپشكاوییەكەی گەردنی دەدرەخشێ
ئەی! درەخشانەوەی دوا چركە ساتەكانی مەرگی ئاڵ
بدرەخشێ... ب د ر ە خ ش ێ
پەرتەوازە بە/ حەزە شەرابییەكانی مۆرفێمەكانی دڕدۆنگی
لەم چیمەنستانە ئاگراوییەدا.. پ ە ر ت ە وازەبە
بەڵكو، گەمەكان ئەنجامدەدەین، و زەمەنە زیوییەكانی
زنارە بەساڵكەوتووەكان بە جووڵە دێنین!
نەسێبەرەكانی (ئەلف)، نە تارماییەكانی (بێ)
دەسەبەر دەكرێن...
نهێنیە فەسلەجیە وەنەوشاوەییە ئاڵۆزكاوەكان
دەسە پاچەمان دەكەن/ و تەراتیلە سەحەرییەكان
تەنگژەترین كە سەرمان بە ئاوەژوویی دەلەنجێنن
ئەمە كوشندەترین نیگەرانیەكانی ووجوود، و
فەنتازیترین ماكەكانی مەرگە
سروەیەكە لە مراز، و نۆخژنێكە لە ئومێد،

هیڤیدارترین هەوڵە هەتاوییە هەڵایساوەکان
لە عبوورێکی فیردەوسە جوانەکان بەولاوە چیتر نییە
لەم سەیروورەی وازییە زەمەناوییە چ بکەین؟
جەستەیەکی پەژموورەدەو رۆحێکی کەسیرەی سۆسنی
سۆسنترین گوڵە وەرزییەکانی گیان
ئەی،! بوونەوەری بولێڵەکانی کانیە قەشەنگەکانی هۆش
ئای،! قومار بازترین مۆرفیێمەکانی خشتە بەندییەکانی رۆح
ئێمە سەرکەوتوترین بەدبەختیەکانی تەمەنین
جاویدانەییش/ پەشمینترین چرکە پەشمینەکانی پەرێشانی
سۆلین ئەی س ۆ ل ی ن
وەرزشی عەبەس تێر میوەجاتی عیشقی نەکردین
خودی خەڵووزی نەسرووشا/ نەورووژا
ئەی،! ژەهراویترین سرووش:- بەو شەیداییترین لەنجەیە
دەربازمانکە.. لەو هاوکێشە مەستاوییە دەربازمانکە
بە کوشتدران، پەپوولە سپاتەکانی شیعر، و چرکە گەمژاوییەکان
بەو شەپۆلی عیشقاوییە شیعراوییە یەکتا پەرستاوییە
رەسەنترمانکە/ هۆ! رەمزبارترین فریشتە
بنۆشین،! شەرابی بەهێکانی جەستە نهێنیە فیردەوساوییەکان
بکرۆژین،! قەندە مەرمەڕییەکانی گەردنە عیشقاوییەکان
بدۆشین،! لەو لەززەتی گۆی سینەبازە سەرمەدیانە
بپۆشین،! پۆشەنەکانی، ئەتلەسی، سوندوسی، ئیستەبرەقەکانی
سێو
هورووژمی وەرزەکان، چەهچەهەی پیتەکان
بشکێنین،! قالبی ژەنگاوی (وەک) کەکان
رەسەنترمانکە دەربازمانکە سەرفرازمانکە
ئەی فریوبازترین جوانی



فەنتازیترین شیعری خودا وەنداویمان پێببەخشە
ئەی زراڤیترین باڵا بڵندی رەهاکانی ئاسمان
بەو بەرزیترین باڵایەزداناوییە چلۆن بیردەکەیتەوە؟
- پێکێ لەو خەونە وەنەوشاوەییانە سۆسەنیانە دەخۆمەوەو
تاک تاک سۆلە سورمەییەکان هەڵدەدەم
هەڵدەدەم پۆشەنی ئەتلەسی، سۆسەنی، ئیستەبرەقی
گەمانن گەشتە جەهەنەمیەکانی زیندەگی
وازییە وازەنینیە واز واز بووەکانی زەخم و خەفەتە
زریزەی زریانە زیوییەکانی زەمهەریری
زراڤیترین بەرزییەکانی عیشقی باڵایە
(بەمتەرزە.. نازداریترین خەونە ئالۆشاوییە شەبەقئامێزەکانی
س ۆ ل ی ن.. بەو جەستە پارچە سەهۆڵیانەوە دەرەقسێ
قل قل کامای عەینەکان لێکدی گرێ دەداو..
ع، ع، ع.. ئەی کەمەربەندی عەلەتریکاوی
رەوشەنمانکە.. حروفە هەڵوەشاوەکان دەزریکێنن)
بابچریکێنن کەنارییە کاکاو رەنگەکانی ووشە
بدرەوشێنن دالەکان، بژاکێنن چەمکەکان
تنۆکە چەهچەهەی لەززەتاوی نەفریناوی هەڵوەرێنن
کێ دەکاری،! بڵندترین بەژنی شیعرێکی شەرابی بخواتەوە؟
کێ دەکاری،! سەفەرە ئاوریشماوییەکانی دووکەڵ بخواتەوە؟
بچریکێنە ئەی ووشە بەنەغمەی کۆکاینی پیتە کاکاو رەنگەکان
سەرمەستبین/ بەو غەیبوبەی عەدەمە
هەڵمژین/ سیرە ئەفسووناوییە بەنگاوییەکان
با نەشەووتین لەم گەردوونە کەنەفتە
هەڵدەدەین سۆلەکان، گۆرەوییە حەڵواییەکان
زێڵمان خەڵتانی زووخاڵ، ورۆحمان وورده شوشاوییە

کەی دەچریکێنن؟ لە کوێنە پیتە شەککەرییەکان؟
بەو پێخاوسییە چیمەناوییە گۆرانییەکانی عەبەس دەچرین
هەڵدەدەین، نەردەکان، داشەکان، بازەکان، رازەکان
سۆلین ئەی سۆلیین
بازدەدەین لە سەکۆی مەرگەکان
(بەچاوە شەمشەمە کوێرییەکان، دۆشداماوترین
نووشتەی سینەی بازان دەخوێنینەوە
بابزریکێنن پیتە برینداربووەکانی ئەزەل
قافەکان قاسپەن، و زێیەکان – زریزەی ئومێدن
بەو نەردو شەترەنجەی، زریکەن.. ز ز ز
گرێنە عەینەکان، ع ع ع
قیژەنە قافەکان، ق ق ق

قاپقاپەکانی قاف/ حەللانەکانی حێ
هەڵهەڵەی هێ/ عەرعەری ع/
خەردەلەکانی خێ/ ئاتوونی
تاقانەترین ئەلف جۆشدەدەن

لە کوێنە؟ بابچریکێنن پیتە سوسنیە ئەتلەسیەکان
لەو سرووتی تەلیسماوی زەمزەمە نووساوەیەدا
ئاوێنە بازناوییەکان/ غوربەتاوییەکان
سیمیای هێشووی وشە/ پەرجۆی پیتە نەبزوێنەکان
دەستی/ فۆبیاوی گەشکاوی جنۆکاوی
لە چرکە ساتە پەمەییەکانی بوغمان دەوەشێنن
باز باز بازە لەنجەو لارییەکان
بەسیرەی دۆزەخینی سیحر بازییەوە



بازی سپی/ بازە دڵۆپە شیراوییەکان دەبڕن، و
لەشی قوچەکی دەڕەقسێنن
باز باز بازە تلیاکیەکان
مۆرفینیەکان
کۆکاینیەکان
بەسیرەی دۆزەخینی سیحر بازییەوە چ دەکەن؟
(باز مەلێکی جوانە ترسناکیشە)
(باز ترسناکترین مەلێکی جوانە)
سۆلێ باڵابنێسترین زراڤیترین سینەبازە ترسناکیشە)
پەریان لە پەشمەکی هەور، و بۆیەی پەلکە زێڕینە
بۆ مێخەکیەکان دەنێن، و
دەسبازی گەڵا قورقوشمیەکانی
دارستانی عەقڵ/ و توولەمارە خورافیەکانی
بیرکردنەوە دەکەن/ شەونمی مەزەندەو
هەڵمی سرووش دەوروژێنن
خۆڵەمێشە قەقنەساوییەکان بەکێڵگەی زیندەگی و
مەزرای مۆرفێمە سەر شێتەکان پەرت دەکەن
تاپۆی قامووسە خۆڕسکەکان هەڵدەبزرکێن
زمانە ناهزراوییەکان ئەو پانتاییە نەقشدار ناکەن
پێویستە دیدەنی ئەو (خۆی) بکەم
داشە شینە سووورباوە بێڕەنگەکان لە
تاکە سۆلێکی شەککەری جوانترن
سۆلە سۆلینیەکان لە پادەکەین، رادەکەین
هەڵدەنیشنەوە، دەوەستین
بازەتلیاکاوییەکان هەڵدەفڕنەوە
هەڵدەفڕن ئەو بازە پرۆمسیۆسیانەی

مەڕ مەڕی سینە کون دەکەن
بابچریکێێن: فڕندە ئاگرینە زەیتوون ڕەنگەکانی ژیان و
سوور ڕەنگەکانی دۆزەخ
تازە بەو پێخاوسییە جەستە مۆرفیناوییە چ دەکەی؟
– تاک تاک سۆلەکانم هەڵدەدەم
قاچت لە چقڵە ژەهراوییەکان دەپارێزن
ئەی! ژەهراوی ئیلهام بەخش بەختەوەرمانکە
(دوێنێ داشەکانمان پەرش نەکرد ئیمڕۆش نا)
(نەردەکانمان هەڵنەدا ئیمڕۆش نا)
وڕێنە نەستاوییە سیرە بازاوییەکان تێر لەززەتی نەکردین
(سۆلین یان دیار دەبێ یاخود دیار نابێ)
(داشەکان دیارن و دیاریش نین)
(نەردەکان یان دیار دەبن یاخود دیار نابن)
ئەی قومار بازیترین شەترەنجە تێکشکاوەکەی عیشق
زێڵمان خەڵتانی زووخاڵ، و ئاگرە سپییەکانی زایەند
هەڵچوونیترین دەستەواژەمان پێدبەخشێ
خۆشمان دەوێی، ئەی فیتنە بازترین جوانیەکانی ڕەها
(ڕەدووکەوتن پیتەکان، بەتاڵبوون بەتاڵ دەسەواژەو ڕستەکان)
خۆشمان دەوێ.. بەو یەکتاپەرستاوییە ئەڤیناوییە
هەموو سۆلینە بازاوییە سپییەکانمان خۆشدەوێ
ڕەشەکان نا/ شەوەکانمان خۆشدەوێ ڕۆژەکان نا
سۆلین پاکیزەترین باز بێوەژنە چلۆن گەمەکان ئەنجام دەدا
(گەمانە نەرداوییە شەترەنجاوییە مەرگاوییە سێکساوییەکان،
ئاخر ئەو باوەشە ستیان، و پۆشەنە گوڵگوڵیانە کەیلی وشەن
دەزریکێێن/ خۆشمان دەوێ/ نە زنجێ دیارە
تۆزێ پشوو بەین، نە زەریاچە شەرابێکی خەوناوی)



دەبدەبە ئالۆشاوییەکان پەژمووردەبن چ دەکەین؟
هەڵدەدەین سۆلەکان، دەکرۆژین گەردنی
قەندە مەڕمەڕییەکان..
ئەو سۆلەی کە لەپای نەکردووە ئەوی هەڵدا،
بەرەو کوێ؟
دەژاکێن، نەردەکان، عومرەکان، داشەکان، جەستەکان، شەرمەکان
(سۆلین کەساس و زرنگە)
(سۆلین کەساسە بەڵام زرنگە)
(سۆلین لەگەڵ ئەوەی کەساسە بەڵام زرنگیشە)
ئەی بەرزیترین بنێس، بەو زراڤیە ئاتەشیە
سەما بکەو کەمەرت بئاڵێ لە قەوزەی شەرابی عیشقەکان
پەرشبێ ئەو قژە شەوڕەنگە، داپۆشێ گەردن و بەهێیان
(چەنێ باڵاکەو بەرزە، باڵاکەو چەنێ بەرزە)
(هەموو سۆلینەکان پاکیزەن، شوویان نەکردووە)
(شوویان نەکردووە، سۆلینە پاکیزەییەکان)
(پاکیزەییە سۆلینەکان شوویان نەکردووە)
(سۆلین نەزۆکترین پاکیزەیە، شووی نەکردووە)
(بێوەژنترین کچی دەڤەرە شەرابییەکانە)
(ئەو بازە سپییەکەی ڕاوکرد)
(بازە سپییەکە لەلایەن ئەوەوە ڕاوکرا)
(ئەی،! دوژمنیترین بازی پرۆمسیۆسی لەشمان کەیلی ئاگرە
داشە مەرجاناوییەکان، نەردە کریستاڵیەکانی نێو باخەڵی
دەنوکرێژکرا)
[ «بابلەنجێن بەو پەردە پەرمێشیە بگەوزێن مافووری ئەتڵەسیە
بەمناوەختیە دوو بەختیە: ئەی پیتە کۆکاییناوییەکان
وازییەکانی زەخم و خەفەت چلۆن ئەنجام دەدرێ»

نە ئاگردانە قامیشەڵاناوییەکان، نەڕێگا مەیخاناوییەکان،
نەزانیاریە تلیاکاوییەکان لە ئارادانە» ]
سۆلینیش (منالّیەکانی کچێنی/ بەرزێتیەکانی
قووڵایی، و جوانیەکانی دۆستایەتی پاراستووە)
با پایەداربێ خەیاڵ سەروەریترە لە واقیع
سۆلین کراسێکە لە خەیالّێکی خەردەلی، سرووشێکی
سوورباو، و هزرێکی پرتەقالّی...
خۆشمان دەوێی ئەی ژەهراویترین نەفریناویترین
ئیلهام.. هەڵدەدەین نەردەکان، بازەکان، سازەکان،
رازەکان، دەگەچلّێنین کراسە رەنگاوڕەنگەکان
زیندەگی چێترە لە مەرگ، هەر نەبێ گەمانە
بازاوییە ئەندێشاوییە مۆفێماوییەکانی تیا ئەنجام دەدرێ
(مەرگ مەرگە و زیندەگیش زیندەگییە)
(هەموو بازێک فڕندەیە، و هەموو فڕندەیەکیش باز نییە)
سۆلین ئەی سۆلین
(سۆلەکان هەلّمەدە، بازییە بازاوییەکە عەقلّت دەشێوێنێ)
(ئێمە نەردەکانمان هەلّدەدا، و جێگۆڕکێمان بە بەردە
سپییەکان دەکرد، زاق زاق قەلەڕەش زنارە پیرۆزەکانی
شیعرە شەرابیەکانیان داگیر دەکرد)
ئەی کەسیرەترین کەسەرە کەسکونیەکانی عومر
تازە تەمامان بەچی بێ،! لەو تێکشکاویترین گەمانە
شیعراوییە ئێستاتیکاوییە وەڕەسبووین)
ئاخر ئەو سۆلە شەکراوییە، داشە نەرداوییە شەترەنجاوییەکانی
هەموو گەردوون قوتدەدا
(بەمتەرزە لەژێر دار قەیسییەکدا دەستێ شەترەنجمان
ئەنجامدا، تارماییەکی سپیپات بە چاوە گورگانیەکانی



داشەکانی دەجولاّندەوە)
هەلّدەدەین/ سۆلەکان، نەردەکان، بازەکان
سۆلین ئەی سۆلین
سۆلین پێخاوسترین سۆللەپایە
گۆرەوییە نارنجاوییە شەککەراوییە حەلّواییەکان لە پاناکەین
لە پاناکەین گۆرەوییە گوماناوییە گولّگولّییەکان

سۆلین/ سۆلین/ سۆلین
سۆلین ئەی سۆلین
لە پالّتۆدا سۆلین/ لە پالّتۆدا سۆلین
لە پالّتۆدا سۆلین

لە پالّتۆدا سۆلین
وێنە دەنگیەکانمان لە قۆغەیەک زیندانی کرد
عیشق بەو پەڕی سەربەستیەوە ووشەکانی دەردەبڕی
دەروونمان، دەروونمان، دەروونمان پەرەنگاوییە
پارچەیەکە لە نەقشە سەهۆلّیە شەباوییەکان
پڕکحوولی شەراب، و هەستی کوشندەیی ئیوارە وەختان
زەمەنیش/ زیخی زەریاچە زێباکانی شەپۆلە لماوییەکانی
تاریکییە، بەکەفە سابوونەکانی ئومێد جەستەی
بازنە پەیڤینەکانی دەقە مەستاوییەکان دەدرەوشێنێ،
دەرەقسێنێ: پیتە شەککەرییە ئەفسووناوییەکان
سۆلین ئەی سۆلین، لە پالّتۆدا سۆلین
سۆلین سیستمێکە لەکۆد، ئەو نەقشە پیرۆزە،
ئاوازەکانی ئۆرفیۆسە، گەوهەریترین پەرەنگی
گەمە جەهەنەمییەکانە)

ئەی داب و نەریتی: سیمۆناوی
: شیفۆناوی
: سیفۆناوی
ئێمە بەو پێکی وشانە سەرمەستین
با پەیڤەکان گەرماییترین سۆزاویترین گۆرانی بچڕن
سۆزی عیشقاوی سێکساوی ئەخلاقاوی
بگەوزێیین/ لەو شەپۆلی ئاتەشینی خۆڵەکەوەی عیشقە
دامرکێنین/ شەوە تامەزرۆکانی نائومێدی
بچڕێنین/ گۆرانیە لماوییە خاسە رەنگەکان
بلورێنن/ گورگە مۆرانە رەنگەکانی خود
سۆلین ئەی سۆلین
ئای؟! ئای رەمز بارترین فریشتە
نازدارترین بازو بەندی شیعر/ بەو دڵۆپە قەترانیانە
بەو خەفەتە شەککەرییانە
ژەهراوی خودی خەڵووزی بەهرەمان داچۆڕینە
باپیرژێنن نافوورا رەنگاڵەییەکانی فەنتازیا
بروخێن قەڵا بەرداوییە نەریتاوییەکانی خەمۆکی
تەقینەوە ناوەکیەکانی فۆنیمەکانی دەروون
بەردەسرێژی قەدەر، و
شەپازللەی لەززەتدرێن
زەمزەمە زێڕاوییەکانی زەریاچەی دڵ
نەغمە ئاوازەکانی عیشق پ ە ر ت ە و ا ز ە کە ن
کێ دەکارێ کێ؟
بەو شەپۆلە شەرابیە جناوییە جنۆکاوییە
سیمە کریستاڵیەکانی کاژەڵاک بتروسکێنێتەوە
(بەمتەرزە/ لەو سەربەستیە دەربەستەی



گەمانی وەڕەق، و نەرد، و زیندانیبوون
لە خشتەیەکی شەترەنجدا)
گەمانمان بە تەرزە سووربباوەکانی ووشە دەکرد، و
ژاراوی رێساکان لە پەرداخی نەریت دەکران و
دابیش/ لە شووشە خۆڵاوییەکانی میرات
لە پانتایی دەنگە بێچەمکەکاندا
(کورد/ کاکڵەترین توێکڵ و توێکڵترین کاکڵەکانی
بانێڤی شەڕە
هیڤیدارترین بێهیواکانی خودان ئێستاتیکای
سرووشتێکی لەنجەدارە
کورد/ خەمباریترین ئاوازەکانی گەمانە فۆنیمیەکانە
لەوێ لە پانتایی دەنگە بێچەمکەکاندا
تەلاری برۆنزی و گەڕەکی مەرمەڕیمان
بۆ ماناکان بونیاد نەنا
زریزەی بزەمان بەکامای عەینەکان نە ئاڵا
وەرە ئەی شەرابی زەمەنی زەمهەریری
بەردەوامیترین سەرخۆشمانکەو پێکێ
لەو بەرزیترین باڵای عیشقە بخۆینەوە/ با
بەخەندەی قرمزییەوە سەربنێینەوە
پەرتەوازە بن هێما عورفیەکان
بەم ورێنە شەککەرییانە
لە ناوبەین ئێسک و پرووسکە کەنەفتەکانی عومر
ئەنجامدەین/ گەمانە دۆزەخاوییە مەلعونەکان
بچۆڕێنین/ شەونمی، بازەکان، نازەکان،
سازەکان، رازەکان
ئێمە بەو سەربەستیە شەککەراوییە عەبەساوییەوە

جوانین

ئەی جوانترین سۆلینەکانی فیتنە باز، خۆبزڤرێنە
بزڤرێ/ ئەی بێخودانترین تەنیایی
لەم کەونە بەتەمەنکەوتووە.. دەربازمانکەو
لە ئامێزمانکە ئەی عیشقبازترین مەراقی هەلۆیی
باق و بریق، جریوە و جوکەکان
کەفچەرینی چۆمە کێوییەکان/ عەبەس بوون
هەڵدەدەین، بەردەکان، نەردەکان، کراسە رەنگالەییەکان
بەردەکان خەونێکی سەهۆڵین
بەرد، بەرد/ ئەی بەردەبازی عیشق دەربازمانکە
بەردەسماتە/ بەردە زوورە، بەردە چەقۆ
خەونێکی سەهۆڵین.. هەڵدەدەین بەردە خەوناوییەکان
(بەرد هەر بەردە، باز هەر بازە، مەرگیش مەرگە)
بەمتەرزە/ گەمانە مەستاوییە وڕێناوییەکانمان
ئەنجامدەدا،
ئەو فووانەی لە باڵۆنەکان دەکران هزر بوون
ئەو دەرزییە مۆرفینیانەی لە تاقە ووشە دەدران سرووشبوون)
دانە دانە ڤالیۆمەکانی خەوالوبوون قوت دەدەین
جێگۆڕکێ بە بەردە سپییەکانی زەمەن دەکەین
(بازی مەرگ نەوی دەفرێ)
ئەی پەرۆشیترین دڵ لەحەسرەتەکانی شیعر!
دەبدەبەکانی ئالۆش دەوروشێن
شەکراوی پیت، و خێواوکی مانا جەهەنەمیەکان
ئاوێتە دەبن
هەرماسەکانی گیان فرفرِ لەدەفرە کەیلەکانی
گوناهـ دەخۆنەوە



گەردانە دوو پشکاوییەکەی دەپچڕێنن
سۆلین ئەی سۆلین
سۆلین حەپەساویترین زمانشکیاوی ئەزەلە
کێ لە سپێدەترین تاریکە شەودا
زوقمی زمان تێکدەشکێنێ/ پەیڤ نا
تۆبی، ئەی بەپیێزترین سروشتی ژەهراوی
ئەی مەکربازیترین بازی بازەڵە بووی جوانیەکانی گەردوون
کەیبانوترین خانمی چرکە لەززەتاوییەکانی ووجود
تونامانکە بەو فیتنە بازیترین جوانیە
جریفۆن نەهات/ بهاتایە
دەربازی دەکردین لەو وازییە دوو پشکاوییەو
ڕێگا دوو بەختاوییەکانمان دەبڕی!
(ئێمەی گەشتیاری داڵدە وێرانەکانی پیتە
نەمرەکانی بێهوودەیی پانتاییەکانی وڕێنەی
حەپەساویترین سەراسوی و سەرلێشێواویترین
رەنجبە خەساری گەڕیدەی دوو بەختی سەمتوورە
جنونیەکانی مۆرفێم مارانگازی کردوین
سازە هەڵایساوەکانی فۆنێم پەرتەوازە
مۆخمان بارستێک ژاوە ژاو، دڵمان بارستێک
لە عیشق،)
بازیش بەو روناهیە دۆزەخیە رەونەقاوییە
ئاخڵەی خەنەیی گەردنیان دەدرەوشێنن
سۆلین نازدارترین باز و چاو بازترین عیشقبازو
سەرفرازیترین دوندی ئەڤین پەرستە
شەککەریترین ئیقاعەکانی زەیتوون و زەیزەفوونە
ئەی کەشخەترین شوختی شەختەی هزر

لەم گەورەترین گەشتە سیزیفیەو
پان و پۆڕترین بەتاڵییەدا
لەززەتاویترین ماچی شەرابیمان پێببەخشە
پێمان ببەخشە لەززەتاویترین شەرابی عەبەساوی
(بازی مەرگ نەوی دەفڕێ)
پەڕی قازوقورینگاوی تاووساوی دەبارێنن
هەڵدەنیشنەوە کە ڕادەکەین،
هەڵدەفڕنەوە کە دەوەستین
ئەم پۆلێنە دۆزەخیە هەڵفرێنن، هەڵۆکان نا

هەڵۆ، خەرتەل، باشووکە، سیسارکی سەرگەڕ،
واشە، پەپو، داڵ، قەلەباچکە، کۆلارە
لەقلەق، ماسیگرە، شمقاڕ....

دەنیشنەوە کە ڕادەکەین، هەڵدەفڕن کە دەوەستین
سۆلین شێتە، و مازۆخیە ژەنگاویترین سۆراوی
گۆناکانە..
سەرپاکی باڵای بازاوی
بازە سەمتوورییەکان هەڵۆنە
سازاوییەکان ماسیگرە
ئەم پۆلێنە ئاتەشییە بۆژۆی کردین- جریفۆن نا
(باز هەر بازە، و ماسیگرەو شمقاڕیشە)
ئەم پۆلێنە دۆزەخیەش بۆ ژۆی کردین

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ق | س | ت | ش | |
| ع | ر | ا | ز | |



(جوانن، خەمە زەنگیانەییە ئاسمانیە شەرابیە دۆزەخاوییەکان
کۆدی پەمەیی، هزرە کریستاڵیە نەورەساوییە،
وێنە زەیناوییە مۆرمۆرەکان، ئیقاعە ئارمووشاوییەکان
کێ دەتوانێ کێ؟
پێشبینیە شەونماوییەکانی ئەجەل، بخواتەوە
بچێژێ، هەستە عیشقاوییەکانی مەرگ
لەو زەریاچەی تافاویترین زێباییدا
کەرەستەکانی مەستاوی لاربنەوە
ئەی وێنە ئاڵۆزکاوەکانی (هۆش) دەربازمانکە
لەو تۆفانی حرووفە تلیاکاوییانە
ئەی رازاویترین دوگمە زیواوییەکانی ئۆڤیلیا
تابانیترینترووسکەی تەلیسماویمان بۆ بهاوێژە
پەلکەزێڕینەکانی گیان هەڵبزڕکان
پەژمووردە بوون لاولاوەکانی باڵا
(وەرە: چرکە کاستالیاییە جەربەزاوییە قەرەجاوییەکانی
-زناک- لەو خەڵوەتی ئینتحاری پڕ ئاژاوەیەی خودی
خەڵتانی خەڵووزی رزگارمانکە سەرفرازمانکە
قەوس و قوزەحی (سووتانی رەنگەکان) خەردەلەکانی
گیانمان بسووتێنە، تا لەو پانتاییەی (سەمای
بەفری ئێوارانی) حەزینە، (تەمە سپیەکانی
رۆح) بەو پۆشاکی فریشتاوییە شەرابی
عەدەم بنۆشێ/ سۆلین ئەی سۆلین
شەرابی عەدەم بنۆشین، و فەنتازیترین
پیتە باڵدارییەکانی (کتێبی شیعر) رامکەین)
هەڵدەدەین/ سۆلەکان، بازەکان، زارەکان
خۆڵەکەوە زناکیەکان، میدالیا پیرۆزەییەکان

تێکەڵدەکەین دڵۆپە خوێنە ئاڵەکان
دەڕۆین، ئەو گەمانە دۆزەخیەش بەردەوامە
دەڕۆین، نازداریترین کەرەستەکانی وجوود جێدەهێڵین
جێدەهێڵین، ئاسەوارە سپلێڕەنگەکانی ووشە
کێ دەتوانێ کێ؟
لەو زەمەنە زێڕاوییەی چراخانەکانی قەدەر
بەو شەپۆلی ڕەوحانیەی،
بەرسیلە مۆرفینێناوییەکان، هەنگوینە فۆنێماوییەکان
بەشەککەریترین پێکی مزراویترین شەرابی عیشق
بخواتەوە، بەو بزە زریزاوییە زیواوییە زیلاوییە
پەرمێشیترین پەردەی شیعری نەفریناوی بوڕووشێنێ
لەززەتاویترین گوناهە لەززەتاوییەکانی
(مەجدەلیەکان) عیشقاوی کا
بەمتەرزە.. لەم گەمانە شەترەنجاوییە جواناوییەدا
جێگۆڕکێ بەداشەکانی زەمەن دەکەین، و
سۆلین کراسێکە لەپێوەندییە ئیحائیەکانی
کولمی/ شەرابی سێوی ژێر زەوییە
گەردنی/ پارچە سەهۆڵە هەندەسییەکانی نێو بادە
گەردانە دوو پشکاوییەکەی فۆبیاوی دەخەنێ
(گوپی پڕ دووکەڵی سۆڤرینە، جانتا دەستینەکەی تەژی
ئامپسلین، دوو پشکە بارانی لەززەت نەبارێ)
بە لەتە مووسێک کیسە چپسێک بەسەرو قژیا
دادەبارێنێ، قاروورە شەرابێک دەسمێ،
جەلاتینە شامپۆیەکی زەردێنەیی دەرزی ئاژن)
ئێمەی موریدی تاقانەترین (ئەلف)
گوناهە ژەهراوییەکانی جەستەی هەمیشە تونامان



سەردولکە خەفەتبارەکان بەبادەدا
(بێ)یش بەهێیەکی لیمۆ ڕەنگەو چاوە
شەمشەمە کوێربییەکانمان دەخەڵەتینێ)
لەوێ لەو دۆزەخە فیردەوساوییەدا
دار قەیسییەکە لەرزی دێتێ
ڕایەخە لوولدراوەکان، بە گومانەوە ڕادەخرێن

ا ف و
م ر

شایستەی پرۆسەترین پرۆسەی موچڕکەی ختووکەدارە
جاجم نا، نەقشە مەرگاوییەکان هەڵدەوەشێنێ
زەخمەکانی زیندەگی دەسوڵێنەوە
نەغمەی تەراتیلە سەحەرییەکان جیوەی
حەسرەتەکانی بزواندین
هێندە بیرمان لە سێگۆشە بێکۆتاییەکانی
ئاسمان کردەوە/ پەتیارە بووین
سۆلین سۆلە سوورمەییەکانی ڕووەو چیمەنەکان هەڵدەداو
بەو پێخاوسییە شەککەرییەوە دەخەنێ
گۆرەوییە حەلواییەکانی بەپووزی وەنووسابوون
لەززەتە سێگۆشاوییەکان بەلەنجەی خستین
تەنافە پۆشەنێکی شۆردراومان لە باوەش نا
جەستە/ بێگوناهترین جوانییە
سەرپاکی زەمین بۆ ڕازیانەی لێ دەهات
عەقڵ/ بیر لە هزرە کریستاڵیەکان ناکاتەوە
غەریزە/ دەبدەبە گیابەنداوییەکان دەتەقێنێ

گەردوون/ ماسوولکە مازۆخیە مارە زیواوییەکانی
مازۆخیتر لەمێژوو
سۆلین/ دەفرێکی زیواوییە و لە بالەب
لە دەنکە هەناری ئەڤیناوی
لێومان مەرجانی/ چاومان هەڵماتێ/
لوتمان شەوبۆی شەوانی شەیتانی
تازە/ کەڵکەڵەی عەبەس لە کەللەی داوین
لە کوێیە؟
مووسی
بەرگ
سووری
دەم ئا
گراوی شادەمارەکانی عیشق بپچرێنێ
کەی؟! رادەکەین بازەکان هەڵدەنیشن
کەی؟! دەوەستین بازەکان هەڵدەفڕن
(باز فڕندەیەکی جوانە ترسناکیشە)
(باز ترسناکترین فڕندەیەکی جوانە)
(باز پیرۆزەو ترسناکە)
(باز پیرۆزە بەڵام ترسناکە)
وەرزەکانمان بە رەنگە نامۆکان دەناسییەوە
ئەو بزاڤە لەنجە لەیمونیە مەرجاناوییە نهێنییەکە، و
درەختە قەیسییەکانی عومر، وسرووش،
رووەو بەدمەسترین بەدمەستیەکانی بێهوودەیی دەبا
زەمەنیش/ پۆشەن و گەڵاو سپیاوەکان
بەفیرۆ دەدا..... بێهوودە بوو گەمانە
(ئەتلەساوییە سوسناوییە سوندوساوییە ئیستەبرەقاوییە



نەرداوییە شەترەنجاوییە دۆزەخاوییە سۆلیناوییەکانی
ورێینەکانی گەمان/ هەڵدانی داشەکان، بازەکان
نەردەکان، رازەکان، سازەکان، نازەکان)
ماچ و موچە پرتەقاڵیەکانی تۆتیای چرابەندی باخەڵی
سۆلین/ بەو چاویلکە سفرەوە گەلێ جوانە
نەخوازەڵا/ گوارە یاقوتاوییەکانی
بلەنگێنێ
بلووزە نارنجیە ئاتەشیە نەینۆکاوییەکەیش
لە گەردنی بئالێنێ.. و
پەنجە لەوزینەییەکانی
نوقمی کێکێکی ئیسفەنج کا
نوقمی کێکێکی
ئ ی س ف ە ن ج
ک
ا

مایس ١٩٩٧

## زێ زێ
## هەمیشە
## دایکمانە

*بۆ: هاوڕێی شاعیرم «تەڵعەت تاهیر»*

پرچت خێوەتی عومرمەو، سوێند بەو تاڵە پیرۆزانە دەخۆم
قامکت، چەند دانە جگەرەیەکی پەرتەوازەی عەبەس
لەو بازنە دووکەڵاوییانەوە، دەڕوانین
سەفەرە... سەفەر
سەفەری بە گومڕاکردنی کەون و،
بەلەنگاز بوونی ڕۆح
زەردەخەنە ئەشکاوییەکانمان وەشێرە
چیمان لەدەست دێ چی؟ ئێمەی گەشتیارانی کاتەکان
تێر نەبووین لەو گەرمایی ئامێزە،
ئەی ئامێزەکانی غەریبی
داڵدەترین کونجی حەسرەت، سۆزبارانمانکە
تازە روو لە کوێ کەین؟ لە کوێ
تێر نەبووین تێر.. لەو هاواری وجوودە
کەناڵەکانی «ئەستاخۆس» نەکرابانەوە چێتر بوو
نەعیشق دەما.. نەشیعر نەتێڕامانەکانی عەدەم
بەو جەلاتینی لیکاوییە دەبەنگتر دەبووین
گەردوونیش پیر پیر بە گەمژەیی دەتلایەوە
دادەبڕاین، لەو گەلە گورگە، ئێمەی بریندارانی شەو
بڕوانە.. بەهێی ڕەنگم چ هۆزانێکی ئاوییە
هەڵچوونەکانم سیمیای لەت و پەت



بێنموودترین رووخساری شەت و پەتم
لە روبارێکی زیووین جوانترە
زێ زێ نمرەکانی زەمەن هەڵدەکشێن
«زێزێ» تامەزرۆم بە قەیسییەکانی عیشق و،
پرتەقاڵەکانی لەززەت، لەتێکم لە ئاخافتنەکانی ئاوو
بارستێکم لە گوڵە دۆزەخ و، حاجیلەکانی فیردەوس
بەهارژنی گریانەوە، چەقۆکانی یاد
بەو بەردەهەسانە ئیسفەنجیانە دەدرەوشێنمەوە
ئەشکەوتەکانی مەرگیش دوور دوور
کەیلی گورگی برسی
زێ زێ دێن.. دێن
دادەخەم دەرگاکانی چلێسیم، کش و مات
بەرانبەر سیسترین میوەجاتی ئەبەنۆسی
حەپەساو... دەسەپاچە
با بلاڵێینەوە زێزێ بلاڵێینەوە
بۆ خەمێک لە ئەزەلەوە
قەف قەف زنجیرە ستیلاوییەکانی
لە گەردن بەند کردووین
«زێزێ»کان گوناهن، دەلاڵێینەوە
زێ زێ نمرەکانی زەمەن هەڵدەکشێن
سێو فریوی نەدابایێن
پێویستیمان بەلاڵانەوە نەدەبوو
ئاگریش بەجووڵەی نەدەخستین
تامووروی پەیڤەکان کۆکەینەوە
کەڤرێکین، کەڤرێکی چارەنووس روەو «زێ» گلار
دەکەینەوە

«هەودا هەودا قژە سپییەکانی «زێزێ»ش بۆن دەکەین
مووکێشە نەخشدارەکەی، تەزبیحە دانە قەزوانیەکەی
قامکە زەرد هەڵگەراوەکانی.. رادەمووسین
چارۆگە چەرمگەکەی لەسەر دڵێ گرێ دەدەین»
رووەو ئاوێنەنومای باڵای کەنەفتی دۆشدا دەمینێین
سوژدە بۆ عیشقێ دەبەین ئاوە ئاو.. ئاو ئاو ئاو
پڕیەتی لە دڵۆپە شیرەکانی گوناهەکانی زەمەن
با هەڵوەرێین رۆندکی عومرو
قاقاکانی چرکەی وەڕەسی
نەرم و نیان... پێکەنینە خەفەتاوییەکان دەخۆینەوەو
«زێزێ»کان گوناهن، بەدبەختن
پەرژینی خەمە کەژاوەییەکانمانن
ئاقیبەت خۆ لەباخەڵێ
نوورانیان دەشێرینەوە

١٩٩٧/٧/١٦



## جەنگ

نەدەکرا بەم شێوەیە بیرمان بکردایەوە
بیرکردنەوە، بەم تەرزە جیاوازە
یەکجارەکی دەیتاساندین
لە ئاکام بەجووڵەخستنی جیلوەی ڕەونەقی
ڕووخسارە سوبحانییەکان بوو، بە نەشتەری
جادووی لەنجەی بزەیەکی مەزەدار
[فەزاکانی گیان]
پارچە پارچەکران و دین بووین و دین دین دین
دەلاڵاین و دەلاڵاین و حەزمان بوو
لە دامێنی گومبەزە خۆڵەمێشییەکەی سەیرووڕەی بووندا
شەکەت شەکەت ڕاکشێین و پۆل پۆل کۆترە شینکەکانی
عیشق عیشق عیشق
لێفەیەکی ئاسمانیڕەنگی
ئەتڵەسی ماهووتی سوندوسی ئیستەبرەقی بێ و
سەراپای لەشمان لە باهۆزەکانی سرووشت و
ئاشووبەکانی فیراق و ژاوەژاوەکانی وەڕەسی
داپۆشێ دا
ئێمەیش جەنگ جەنگ ..
هێشووی وشە بچرپێنین
ڕەحیقی پیت بلەنجێنین و
جەنگ جەنگ
یاری بە مەمکە هەڵووژەییە بۆ پرتەقاڵییە تام
ئەناناسییە ئیلاهییەکانی ئەڤین بکەین و
لەسەر دوندی قوللەی بێهوودەیش

جەنگ جەنگ جەنگ جەنگ
چاو خەواڵوو ... ڕەنجبەخەسار
بنێشتە کوردییە ڕەنگاوڕەنگە لەززەتدارەکەی
ڤانێلای حەز و بەندەواری و فەنا بجاوین
نەدەکرا بەم شێوەیە.. ئاوەژووترین بەرەواژییەکانی
هزری بوونمان بخەینە چنگی شەوترین ئەژدەهاکی
مەرگ و مەرگ و مەرگ و مەینەت .. هۆ
شۆخانیترین شۆخی تەرسا
وەی تەوتەمی مەعبەدی دڵ
تۆی سوهانی چەقۆکانی شیعر و جەنگ و
شەعشەعەی ئاگری دەیری موغان
بقاقێنە و حیلکوهۆڕ بقاقێنە
ئەی دەڤەرترین شوێن کاتی هۆگرییەکانی
یادەوەری گیانی سەرابی..
پەژمووردە مەبە
با لە دوند و دامێنی قەڵایەک لە شیلەخانەی
میوەژاتی پەرتەوازەترین عیشقستانی حەشیشیدا
جەنگ جەنگ جەنگ بگەوزێین
جەنگ، بریندارکردنی پەیڤینەکانی ناخ و
جوانییەکانی جەستەیە
لە خشتەبردنی فەنتازیاکانی عومر و
ئارمانجە نەخشینەکانی غەریزەیە و
قلێپکردنی ژەنگی بونیادە پەشۆکاوەکانی
ژیارێکە لە خۆڵەکەوە و خوم و خەردەل
جەنگ سپیترین بەردەوامبوونی سەرابێکی ئاڵۆسکاوی هەرماسییە و
ئیکسیری زەردی زیندەگی و گەمەی بێ پایانی گەردوون



بەر مننەتی جەنگ و جەنگاوەر و جنون و جوعەل و
جینایەتکاری نییە..
جەنگ جەنگ جەنگ جەنگ
تەنزکاری بەخشندەترین قەشەیەکی زوهانی
کاریزمای شیعرە و لەسەر مافوورێکی
«سندباد»یدا ڕوونیشتووە و
بتلێ خەشخاشی میهر و پیاڵەیەک فۆنیمی غوربەت دەنۆشێ و
تۆزە تۆزەش تاریکخانەی
زیندانەکانی فاشیزمی ئینجیلی
زمان تێکدەشکێنێ
جەنگ جەنگ جەنگ
عەبەس بوو، جەنگ و جەنگ و جەنگ و
چرکە شەیتانییەکانی نووسین و نووسین
نووسین ئەی بێهوودەترین شەرای
دایساندنی جەنگە جەهەننەمییەکانی
عیشق و هەوەس و جوانی و ناخودئاگا
وەی لەدەستدانی
تەرزە و تەوەنە تەماوییەکانی سەڵتەنەتی
هۆش
هۆش
ه ۆ ش ...

١٩٩٧ - ٢٠٠٤

# مایا

*بۆ: دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا*

«هەڵبزڕکاوترین دەریاچە ئەستێرەیەک لە مەی هەڵمیترین
جیوەی کحوولی پێبەخشین سەرمەستی نەکردین، ئەی دۆست
بەشێکبووین لەو سووفی کونجانەی دەنکە فستقەکانی
زووهد، متمانەی پێنەدەکردین»
پەپوولە باڵنەخشینەکانی عیشقی وجوود
ئالوودە بوون ئالوودە
ئالوودەی سیسترین گوڵە باغەکانی هێشووی ووشە
چ سیسترین ئالوودە بوونێکە ئەم هەڵوەدابوونە!
مەرجانەکانی مەراق درەوشاوەو
زومەڕڕەدەکانی زەمەن بێ ترووسکە
ووشە بەنگینیترە لە ڤالیوم/ رەنگینیتر لە ئاوێنەکانی ئایندە
شەبەنگیتر لەو رەزمە رەوشەنیانەی گیان!
ئای؟! ئیکسیریترین پەیڤین
پاریوون پاریوون پاریوون
خاسەڕەنگبوونی سیما رووخساراوییەکان
نهێنییەکی یەزداناوییە/ سۆزاوییە عیشقاوییە
بادەیەک/ لەو فۆنێمە فوارە تەلیسماوییە بخۆینەوە
گۆزەیەک/ ئیقاع دەروونمان دەشواتەوەو
پێدەشتە ئاوییە قورقوشماوییە خەفەتبارەکانی خوود
دەبریقێنێتەوە.. پاریوون
جەزوەیەک/ پشکۆی پیرۆزەیش بە جووڵەی
دوو پشکییەوە ئێسقانمان سوور سوور هەڵدەگەڕێنێ
تازە بیر لەچی دەکەیتەوە لەچی؟!



هەڵدەبزڕکێن/ مەززە ئەڤینییەکانی کحوولیترین رستە
هەڵدەبزڕکێن/ سێوە لاسوورەی ئەو گۆنا
چراخانەی وادەسووتێن
سووتان بەو ماچە پەمەییانەوە چلێسیترین عیشقە
ئەوقا/ «منی شیعر» سۆزاویترین ترنجە نارنجییە
پرتەقاڵییەکانی پەیڤین و هەڵاڵە زەمەقیەکانی
باغی تەمەن پەرت دەکا پەرت
لیمۆ ترشەکانی حەززە لەززەتاوییەکانی
- سەبەتە- ئەتڵەساوییەکانی ترازانی رەنگەکان
هەڵدەکشێ هەڵ.
نغرۆ دەبێت نغرۆ
بەرەو نەستەکانی مەرگ/ و زیندەگی
لەو نەستە کریستاڵییە مەرجاناویە کاژەڵاکاویە
رەونەقاویانەی
گەچ/ رەنگی سەمادەکەن
گەچ/ رەنگی فەرامۆشییەکان لە یاد دەکەن
گەچ/ رەنگی بە ئیقاعی ئارمووشییەوە دادەبڕێن
ئای؟! ژیلەمۆکانی مەحەببەت چەنێ
سۆزاوی خولڤاون سۆزاوی
«بێدەنگی خانەدانترین شازادەترین رەفتارەکانی وجوودە
با بەناسکی بدوێین، بە ناسکی بیر بکەینەوە، بە ناسکی
بخەنین، بەناسکی لەو دەریاچە ئەزەلییانەی پەیڤین مەلە
بکەین و بەناسکیبوونێکی پەتیش جیهانبینیە
ئەفریناوییەکان راڤەکەین راڤە.»
عیشق/ مەستبوونی بازنە دەنگییە شیرین گوفتارییە
ژێ ژێ ئارمووشاوییەکانە
عیشق/ زەلیلترین زەبوونیە. تەماهیکردنەکانی چرکە

دەرزی ئاژنیەکانە
سۆزێکی ئاگر رەنگە/ سێبەرەکانی مزرو کراسێکە
لە سرکەی هەناری دانە شووشەیی و
ساتە وەختەکانی ناوادە هەڵدەوەرێنێ
خەستتر لە دڵۆپە ئاتەشییەکانی تەمری هندی
دەخواتەوە.....
میوەژاتەکانی سفرەی جەستەمان پەژمووردە
ئەی هەڵبزڕکاویترین نیگەرانیەکانی رۆحی کحوول
مەست نەبووین مەست
بەو نۆشینی قەدەحە/ خەواڵووتر لە فەزاکانی شەو
ئای؟! کردە قەشەنگییە جەحیمییەکانی زایین
پیت پیت ووشە زاکان
بادە مەست بووەکانی عومر پڕ دەکەن پڕ
ئێمەیش بارستێک/ لەو مۆرفێمە لە ززەتاویانە
با/ پیتە بزرۆکەکان دەگوازێتەوە
با/ رەنگە هەڵبزڕکاوەکانی جەستەمان دەگوازێتەوە
با/ ژیلەمۆکانی مەحەببەت دەگوازێتەوە
ژیان/ گوازتنەوەیەکە لە پەرتبوون و پەرتبوونێکە
لە گوازتنەوە
بەو ئیقاعەی سوێرتر لە رۆندک و
مەخمەڵیترین بیرکردنەوە/ چەنێ خۆشە
چەنێ خۆشە
قامکە شووشەییەکان/ لەبەر دەم تیشکێکی وەنەوشاوەییدا
هێلینەکانی پرچ پرچ پرچ پرچ پرچ پرچ پرچ
لە بەردەم تاڵە تیشکێکی وەنەوشاوەییدا
مردن/ لەبەردەم تیشکێکی وەنەوشاوەییدا
چەنێ خۆشە خۆش



بیرکردنەوە لە پانتایی میحنەتی دەریایەکی
هەتا هەتایە
لەو ئەشکەووتە کەڤراوییانەی پێکی
زەمەنی قەوزەیی پەی پێ نەبردوون
لەو «مایا» گەماناویە کەفڕەنگاویانەی
بەردەوامییەکانی خەندە بێ هزرەکانی
لە بزەی ساویلکە ترین کۆرپەیەک دەکات
ئەی هەڵبزڕکاویترین رۆحی کحوول
دەبا لەم سیسترین ئالوودە بوونە
{«سوێ»کانی «مەرگ»و «وجوود» راڤە بکەین راڤە}
بەو جل و بەرگە رەنگینانەوە.. بخەنین/ خەنینێک لە ئاگر
ئەمە کەرنەڤاڵی زەیتوونی بوونی رەنگەکانە
«ساردین» کەمەرباریکترین کۆترە باریکەی فەزای باڵێ»
بەنەغمەی قەیماغی قوڕگی دەپەیڤێ
ساردین ئەی ساردین
چ پەیڤینێکی ئاگرینە ئاگرین!
لەم سیمینترین هەورینترین تەرزینترین
نەفرینی ترووسکەی عیشقاوی بوونە
دەزبێنم بە/ پەرژینم بە/ هاوژینم بە/ پەیڤینم بە
با لەو سوراحی سەهۆڵینی گەردنە
سۆزاویترین شەرابی ئاسوودەگی بنۆشین و
هەرمێ و هەڵمات و هاموونەکانی سینە
غلۆر بکەینەوە غلۆر
لەو گەردوونە بێ دەزبێنە. غلۆر دەبینەوە غلۆر
ساردین ئەی ساردین
ئاخرین دووماهی خەونەکان هەڵدەبزڕکێن
ساردین/ نارنجیترین گوتاری سکالاوییەوە

دژ بە خەفەتە ئەبەنۆساوییەکان دەجەنگێ
لەم سیمینترین زەیتونیترین کەرنەڤاڵی وەنەوشاوەییەدا
پەرداخێک ووشەمان خواردەوە. پاریوون
ئای؟! ئەوە لێرە وەستاوە بەو کراسەوە چەنێ جوانە!
لەو ماسک و دەمامکە مایاویانە دواین کە ڕۆحدانی بووننانن
با بەو مایانەوە سەرنەنێینەوە «ساردین»
+ بەو جل و بەرگە رەنگینانەوە چەنێ جوانم!
ژیان/ زنجیرە مایایەکی ئاسمانی رەنگاوییە
هاوکێشەیەکە لە ئاو زوو زوو دەخورێتەوەو
تیتروا‌سکە سەرگەردانەکانی ئەندێشەیش
مرازە ئەبەدییە لەززەتاوییەکان حاسڵ ناکەن
سەرمەست نەبووین ئەی دۆست
پێویستە/ شەرابە تاڵەکان بە گوڵە نازنارەکان داکەین و
«لیلوپەڕی» کوڵمە پەمەییەکانی «ساردین» بکرۆژین
ئەمە خاپوور کردنی چارەنووسەکانەو
تێفکرینێکە لە کردە نەستییەکانی مەی مەی مەی
وەرە ئەی گوڵە عەترییەکانی «بوون»با بەدفەڕترین
بەدمەستترین گۆرانیە ژەهراویەکانی «چارەنووس»
بچڕین و بە سووکە سەمایێ/ خۆ بە ئاخافتن لە نێوبەرین
نەبادا فۆنێمەکانی تەنهایی دیدەنیمان نەکاو
کلیلە تەلیسماوییەکانی «مایا» لەدەست دەین
«مایا» حەسرەتێکی ئاڵەو
وڕێنەیەکی جنوناوییەو نانووسرێتەوەو نا..
ئامانجێکی تەماوییەو راڤەکان دەوەستێنێ
ئاخر چ؟! سیسترین ئالوودەبوونێکە ئەم هەڵوەدابوونە
دەرگاکان دوورو کلیلیش هەڵمینیترین شێوە
+ «تازە بەو هەنگاوە سستانەو



بەو کراسە شەت و پەت و شەوڕەنگانەو
بەو پەیڤ و پەیڤین و چاوە مایاویانە
پێشبینی چی بکەین؟
پێشبینی/ ساختومانێکە لە شووکولاتە
خۆرە مەرجاناوییەکانی زیندەگی
بەتیشکی زەرنیخییەوە گەمان بە گیانی دەکەن»
وەرە ئەی تروسکە ترین چرکەی مەستبوون
با وورێنە ژەهراوییە جنوناوییەکان بنووسینەوە
مەستبوون/ بەجیوەکردنی رۆحی کحوولە
مەستبوون/ بوورانەوەیەکە
دژی کردە لۆژیکییەکانی/ عەقڵ
مەست دەبین مەست
پاریوون پاریوون
هێزە نەفریناوییەکان وون دەکەین و
لیکمان بە نینۆکی کەساسییەوە دەخەنێ
ئەمە خەنینێکە لە مۆسیقاکانی «با» دەکات
تازە بەو شێوەیە بیر ناکرێتەوە.. نا
چیتر موورووە هەتاوینەکانی مرازە نارنجاوییەکانی
«ساردین» ناتروسکێنەوە
قەدەرێک بوو.. ئەم تووڕ هەڵدانە یەکجارەکییە
ئای؟! زیندەگی
رازاوەترین خەفەتباریترین سازاویترین
مایاکانی ئەزەڵ
مەست نەبووین ئەی دۆست
مەست ن ە ب و ی ن
«وا هەڵدەبزرکێ کحوولیترین «شەراب»و
ژەنگاویترین «وڵات» و قاوەڕەنگیترین «جوانی»

تازە بە فیڕۆ چوو... بەفیڕۆ
ئەم تۆمار کردنی وڕێنە کەیلی قەشەنگییانە
تازە قۆپچە وردیلەکانی حروفەکانی
کراسی دەق. کۆناکرێنەوە. کۆ
تۆ ئەی ئاگرە بەهرەی بنێسیتر لە
غاقە ئاوییە کۆچەراوییە خوداوەنداوییەکانی
کەڤالە غوربەتاوییەکانی «سەروەر»
دەزبێنم بە.. دەزبێن
لێکدانەوە هەڵمێنییەکان زەلیلن زەلیل
ستیان و گۆڕەوییە نارنجاوییە بۆنخۆشەکانی
چڵکنیترین «جوانی» و مایا ڕەنگاڵەییەکانی
ئارەقاویترین شیعر/
بە پەرژینی/ تەنافی ئیرەمەکانی ناخ هەڵواسین و
چەوریترین هەڵمیترین کحوولیترین گۆرانی
بۆ/ وەهمە جوانەکان/ ئەی دۆست
وەرە بەو خەفەتە زافەرانیانەوە
ئەی سەروەریترین «عەقڵ»
جوانیترین ئاڵۆزیترین تارماییترین ئەبەنۆسیترین
نهێنیە مایاوییە سەرمایاوییەکانی «مەرگ»
ڕاڤەکەین ڕاڤە
کراسە کەتاناوییەکانی سرووشت زیواڵ بە زیواڵ
توێ بەتوێ
لاپەڕە نوستالژیای گوناهەکان هەڵدەینەووە
ژیان/ سەفەرێکە لە باران
باران/ سەفەرە سیزیفییەکانی ئاوە
مەرگ/ سەفەرە سیزیفییەکانی رۆحە
خەون/ جیلوە دارترین سەفەرە جووڵەدارەکانی خەوە



وەرە/ ئەی رۆحتۆتیاترین رۆحی شیعر
لەو زەبریترین زەبروزەنگییەکانی ئەڤینی ئاگراوییە
«بووتە» قەشەنگەکانی «مۆرفێم» لە پاکەین و
بەو سەرمەستیبوونی کحوولە/
«بیرمان لە فۆنێمە حەسرەتاوییەکان دەکردەوە
مەرجانە هەرماساوییەکانی ووشە
بەکاکاو ڕەنگییەوە گەمارۆی دەداین»
تازە خەریکە مەست دەبین مەست
مەستبوون/ لە دەریاچە شەکراوێکی ئەڤین ڕەنگ
پیتە پێڵووداخراوەکانی شیعر.. ناکرێنەوە
پێکێ لە فۆنێمەکان. تەنها پێکێ
پاریوون پاریوون پاریوون
مەشقی بەزیندەگی کردنی پیتە سەرشێتەکانە
دۆ، ڕێ، می، فا، سۆ،لا، سی، دۆ
قعقع. هب هب. حقحق. عقرقوف.
بوودا بوودا بوودا
کۆخێکی سیا سێبەراوی کۆمانکاتەوە خۆ
شترە لە شیعر
ئاخر.. بەو خەڵتانی شەرابەوە
لەم سەقەرو سەقەمی ئاڵۆزبوونی دەروونە
چرکە ووڕێناوییەکان/ لەوحەکانی شێتێتی تۆمار ناکەن نا
تازە. ئەستەمە دەربازبوون... ئەستەم
ئەی سەلاریترین رۆحی شیعری نەفریناوی
هاوسێداریمان کە «ساردین»
«کراسە وەنەوشاوەییەکەی جوانیترە»
منی تەمادار تکادارترین ئاگرەکانی
سۆز دەنووسمەوە.. دە ن و س م ە وە....

شەمزاوە میوەژاتەکانی خودی یاقووتیم
ئەی میهرەبانیترین مایای پەمەیی
پوولەکە بارانی ئەم سەرزەمینی رۆحەم
دەربازبوونی بازنەکانی دەنگە دەنگ
راڕایە کریستاڵەکانی -دڵ- دووماهی...
سنجر سنجر بە ئاگرەکانی شیعر دەسۆزێین
با هەڵتەکێنین/ پیتی واژە خەمڕەنگییەکانی
قوللەتێنی گۆشەگیرترین دەروون
با بەدژواریترین شێوە بیر بکەینەوە
تۆ ئەی/ رەسەنزادترین خانەدانترین شازادترین دۆست
«ساردین بەو جەستە بنێسەوە گەلێ جوانە»
قاژ قاژ ئەنگوستیلە قەرەجاوییەکان بەر ئاگردەین
ئاگرێک لە نوورە دژوارەکانی عیشق بکا عیشق
ئەی خودا!!
شەو بە قوتیلە چرایەکەوە چەنێ جوانە جوان!
بە قاقاوە/ پاریوون پاریوون پاریوون
شەمەندەفەرە وێڵەکانی دنیای پیت قڵپ دەکرێنەوە قڵپ...
ئاخر چ؟! سیسترین ئالوودە بوونێکە ئەم هەڵوەدابوونە
مەرجانەکانی مەراق درەوشاوەو
زومەڕڕەدەکانی زەمەن بێ ترووسکە
لەبەر دەم ئاوێنە زیواوییەکەدا قژمان دادەهێناو
بیرمان لەو تۆپەڵە ئاوازە زافەرانیە دەکردەوە
{نە «مەرگ» موڵکی ئێمەیە نە «وجوود»}
هەڵمی دەروون بلوێرەکانی قەدەری دەژەنی
«قامکە شووشەییە کریستاڵییە تیترواسکاوییە
نەخشی یەزداناوییەکان بەشێوەک دەبزوان
بیرکردنەوە ئەستەمە ئەستەم»



خەندە ئەبەنۆساوییەکان دەبوونە دەنکە گێوژی
درەختی عومرو هەڵدەوەران»
کێ بزە بارانمان دەکا کێ؟!
چەند جوانن «پاریوون»ەکان لە پاوانێکی چەمەناوییدا!
«هێزو وزە پڵنگاوییە ئاسکاوییەکان»
شنگە خەنەییە جیوەییە شۆڕەبیاوییە نیمچە نەمرەکان
لەو کلۆ قەندە پاکیزەییانە دەکەن
جارێ بەرلیکە ژەهراوییەکانی مرۆ نەکەوتوونە
ئەی مرۆ/ غەریزەکان هەنگوینێکی ژەهراوینە
ساردین/ چەند جواننجوانن چەند جوانن جوان
فنجانە قاوە/ لە بەردەم تریفە سوورەکانی مانگەشەو
بەلەرزانەوە «هێلینێک تریفەی رەنگاوڕەنگ»
لەبەردەم تریفە سوورەکانی مانگەشەو
شەو/ خەڵوەتیترین پانتاییە ترسناکییەکانی ئەڤینە
رۆژ/ لاساریترین گەمانی دۆزەخێن
خاپووربوین ئەی خاپووریترین عیشقی هەمیشەیی
بە چرکە ئاگر پرژێنییەکانی بێهوودەیی و
تەڵەزمی ژەهراوی بوونی رۆح
تێفکرین بەم تەرزە نەهامەتیە
ئەستەمە ئەستەم
تازە بەفیرۆ دەچێ
مایا پەمەییە مۆنادییە فیردەوساوییەکان
ئەی هێزی چەرمگ هێزی هەمیشە چەرمگ
دەزبێنم بە/ دەزبێن
بێ پشت و پەنا لەخۆم..
دەروونێکی دووفاقی
ژیانێکی دووفاقی

له دایک بوونێکی دووفاقی
مەرگ/ دوو فاقیترین دیالۆژەکانی
دوالیزمە بێهوودەییەکانە
ئەی هەڵبزرکاویترین خەفەتە شەکەرییەکانی
رۆحی کحوول
ژیان ئەو وێرانەییە نییە کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە!
چ سیسترین ئالوودە بوونێکە ئەم هەڵوەدا بوونە!
مەرجانەکانی مەراق درەوشاوەو
زومەڕڕەدەکانی زەمەن بێ ترووسکە
پاریوون پاریوون پاریوون
کەی تنۆکێ/ لەو ئیقاعە خوداوەنداوییە
دەخوێنەوەو... شۆڕ دەبینەوە بەرەو
قووڵاییە بێ کۆتاییەکانی ئاسوودەگی
«بەختەوەرییەک لە کش و ماتییەکی شازادەیی»
ژیان/ دانەدانە رەشە زەیتوونی هەڵڕژیاوی
رووتەختی فەخفوورییەکی قەیماغڕەنگە
مینۆکانی شکۆفەی لێو بەخەندەوە
پاریوون پاریوون پاریوون
ئەی تۆقاویترین هەڵماویبوونی ترسناکی
لەو گۆزەڵە بۆن و بەرامە قوڕاوییەدا
حەشاردرابایین
«مەست نەدەبووین مەست»
سترانەکانی «منی شیعر»یش
سەرمەستیترین کحوولی عیشقی گەردوونی نەدەنۆشی
بەو بەد مەستیترین سەرمەستییە
ووڕێنەکانی بوونمان تۆمار دەکەین
چ؟! تۆمار کردنێک!



له سروودەکانی باران دەکات باران
هەدەربوون/ شەوە شادومانیە رۆژە ئاژاوەییەکان
گۆرانیە سەحەراوییەکان... پاریوون پاریوون
هەتاویترین سێبەر نەی دەشەمزاندین
ئەی شازادترین دۆست
وا هەڵدەوەرێ
خەزەڵەکانی درەختی چلێسی
پاریوون پاریوون
تێربوون لەو ئیقاعە شەکەرییە خەنەییە
مردنە... مردن/ مردن
تاڵیترین چوکلاتە ئەی دۆست
پاشان/ کێ لەو باخچە غوربەتاوییانەدا دەخواتەوە
گلۆپە سفرەکانی دەوەنە شووشەییەکان هەڵدەکا
«چەنێ جوانن دەوەنە شووشەییە پلاستیکاوییەکان
بە چلچرای عیشقەوە رووەو درەختەکانی شەو
هەڵدەگەڕێن.. تێر تێر دەخەنن... و
گەرمەسێرەکانی ناخ، کوێستانەکانی ئەزەڵ
بەهێ باران دەکەن»
{ساردین} بەو ماکیاجە نارنجاوییە
شۆخە ژنێکی ئالۆشاوییە
چرکە نۆستالژیاوییەکان لە «ستیانێکی» لەززەتاوییدا کۆ
دەکاتەوە.... کۆ
بەزمانەکانی لەش لەش لەش دەپەیڤێ
دەسەمۆ نەکران ئەی دۆست
شەوە شەوقاوییەکان
وەرە ئەی لەززەت باریترین چارەنووسی هەنگوینی
تاڵیترین چرکە ساتە خەفەتاوییەکان بسۆزێنین

لەم کۆنفۆیترین مەشقی گەمانی دڕندە ترین
ووشەی ئاتەشیینە
ڕوەو نەستەکانی «مەرگ» و «ژیان» نغرۆ بین نغرۆ
بەرەو ئەو ئایندانەی بە گورزێ
نەتریکەوە دێن...
خێوەتە قەترانیەکانی شەو چاوەڕوانی دەکردین
ئێمەیش کراسە سپیەکانی دەقمان دەسووتان
بەرەو بێهوودەترین گوناهەکانی گەردوون
لەم پانتاییە مایاوییە هەڵدەبزرکێین!
دەرفەتی بیر کردنەوەمان نەماوە
«گەر لەو دارستانە گوزەر کەین و تۆزێ تۆزێ لە
حەسانەوەی
ئەو هەموو درەختە لە پاوەستاوانە تێرامێین...
لێشاوی خەزەڵوەر... شەپۆلی کلۆرۆفیلە کەساسەکان»
شەو لوولی دابین بیرمان لە نەهامەتی نەدەکردوە
کراسێکی مەخمەڵئامێزی پەشمەکی هەمیشە پەرداخە
«ساردین»
پەشتەماڵێکی شێتە شەو..
جەستەکان دادەپۆشێ
چ؟! سیسترین ئالوودە بوونێکە ئەم هەڵوەدا بوونە
مەرجانەکانی مەراق درەوشاوەو
زومەڕڕەدەکانی زەمەن بێ ترووسکە
«پاریبوون»نیش کۆترە باریکەی بەهرە خوداوەندییەکانەو
بەخەفەتێکی مۆرەوە دەگمێنێ:
«ساردین» کراسە وەنەوشاوەییەکەی جوانترە!
«کیسە خوێیەک سوێرترە لە شیعر وشەو»
«کیسە ئاڵەتێک تونترە لە شیعر وشەو»



نە ڕۆژمان دەستەمۆ کرد
نە شەو، نە وەرزەکان
دەبا بە وورێنەی قرمزییەوە سەردانی
گوڵە نازنازو لاولاو و بەیبوونە زەرنیخاوییەکان
بکەین و لە گوتارە بۆنخۆشەکانی شەوبۆ حاڵی بین»
خۆشم دەوێی
ئەی نازووکترین چرکە ڤالیۆمئامێزەکانی
سرووشی شیعر/ دەزبێنم بە دەزبێن
بێ پەناو پەسێولە خۆم
سەروەری بوونی/ عەقڵ/یش دادی نەداین
ئایندە شەرابیترین شەختەیە شەختە
هێندە لە سیما برۆنزیە شەککەراوییەکان
ڕامابین.. لێخوردبوونەوەیەکی شێتانە
ڕۆحمان بەرجەستە نەبوو بەرجەستە
نەمدەزانی ژیان «ئەو وێرانەییە نییە کە ئێمە بیری لێ
دەکەینەوە»
ژیان/ سەراسیمەترین شیعرێکی کەساسی لەززەتدارە
کێ چێژی لێ وەردەگرێ کێ؟!
«شیعر تونترە لە ئاڵەت، ناسکتر لە خاسەڕەنگ،
نەفرینیتر لە هەرماس، قەشەنگیتر لە زەری،
درەوشاوەتر لە پەرەنگ کوشتاریتر لە تاعوون،
ئەشکەنجەییتر لە جووزام، مەعریفیتر لە کووچە
ئالۆزکاوەکانی عەقڵ، ئاڵتوونیتر لە داوەکانی
گەنگەموو، سۆزانیتر لە سووحاق، ئاسمانیتر لە ئەتمۆسفێر،
ئەمازۆنیتر لە ئاو
نوقلانەییتر
لە پێشبینی موغەکان،شیعر رەنگە رەنگی پیتە

مایاوییەکان، مردن/ بەشیعری کردنی جەستەیە، و
ئیقاع/ ونجڕ ونجڕبوونی ڕۆحە»
مەست نەبووین ئەی دۆست مەست نەبووین
بەو تۆمارکردنی ووڕێنە شێتاویانە
کە بەڕێکەوتین
«نە ریزە کورسییەکی نەیلۆفەڕی، نە لالەزار، نە ئاو
نە مایا، نە ئاوازە سۆزاوییەکانی پاریبوون،
نە فوارەی نافورایەکی پریشک زیواوی
رووتەختی مەڕمەڕێکی چەرمووتر لە بەفریش نییە»
«ئەی قاوەڕەنگیترین وڵات
ژەنگاویترین چارەنووس؟؟ پارێن پارێن
لەم ئاوەدانترین چۆڵاوییە خۆڵاوییە
راڤە مایاوییەکان یەخسیرن یەخسیر»
کە بەڕێکەوتین
بە تیلەی چاو دزەمان دەکردو
گوڵە نەیلۆفەڕی بزەمان هەڵدەوەران
ساردین ئەی ساردین
خڕ خڕ هەرمێکانی پاژنەی دەبزوان و بە گۆشەی
چاوە سیحراوییەکانی دەپەیڤا
خەوتن/ لەو هەودای هێلانەی ئەگریجە پەرمەنییە
کەستەنائییەدا
ئەزەلیترین زەمەنە زەمەن
پەرتدەبن/ خەفەتە مەستبووەکانی وجوود
توونا دەبن توونا
سووتاندنی بەردە دۆزەخاوییەکانی مەراق/ پارێن پارێن
«نەمدەزانی سەرپاکی جوانییەکانی گەردوون
لە تاقە هەڵووژەیەکی تەڕچکی سپیتر لە بەفر لەنجەولاریەتی»



ئەی شەککەریترین ماچی شەپۆلاوی/ گاز گاز
سێوە لاسوورەکانی لەشی شیعر زامدار کەین و
چێژێکی تری سادۆمازۆخی هالاوییەتی»
کە بەڕێ کەوتین/ ساردین
بە ماکیاجی پرتەقاڵییەوە
روومەتە عەتراوییەکانی دەسووتاو
لێوی ژێرەوەی دەگەزی و
دەپەیڤان چاوە سەوزەکان.. بژانگە ئاڵتووناوییەکان
پەیڤینێک/ لە رووبەری دەریاو نووکی نێزە
قەوزاوییەکان دەکا
ئێرە سەربەستی بوونێکە/ لە سەمای کەوچکی نێو
پیاڵە گوڵگوڵییەکان و ژاوە ژاوە بێ کۆتاییەکان دەکا
شەپۆلی پڕ بزاڤی پۆشاکە پەلکەزێڕینەییە دوورە
هزرەکانەو بە لێشاوێ رەنگەوە گۆرانی دەڵێ...
کە بەڕێ کەوتین
«ساردین» لە سایەی درەختی فۆنیمەکان پاڵکەوتبوو
هاوڕێکەم پێشوازی لێ کردین
لەوێ لە دەرمانخانە چکۆلانەکەدا
«لە دامێن خەرمانێک داودەرمانی «سفلسی»دا
روونیشتبوو، و بەشێنەیی کەپسولە کفلێکسی
ووشەی دەتەقان»
دەرزەنە دەرزییە پلاستیکاوییەکان
زەندەقرێژی کردین و راچەنین... کە راچەنین
بە دڵۆپە شەرمی شەونمییەوە لە بزەمان دا»
ژیان/ ئەو وێرانەییە نییە/ پارێن پارێن
کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە
«لە پۆرترێتە خەفەتبارە ئاوەژووەکە رامایین»

ئەسرینترین سیمین و سیمینترین ئەسرین»
هێندە بە کزۆڵەیی بیرمان لە «هیچ» دەکردەوە
وڕێنە قرمزیە سەرشێتەکان تۆمار نەدەکران
ئەی ئەشکبارترین ئایندەکانی شیعر/ دەزبێنم بە
وەرە ئەی شازادترین رەسەنزادەترین دۆست
خڵتەی هەڵبزرکاویترن شەراب
مەستمان دەکا مەست
با گۆرانیە عەبەساوییەکان بچڕین
کە بەڕێ کەوتین
«ساردین» خۆی لە ژێر کراس و فانیلەکان حەشار دەداو
تارماییەکی نارنجییەو دەسەمۆ ناکرێ دەسەمۆ
هاوڕێکەم/ لە جووڵەی مەکربازیترین عیشقاویترین
«چاوەکانی» (فەڕەنگیس) دەدواو
ئەو چاوە هەنگوینڕەنگانەی بە زەردەی هەرماسییەوە
دەدوێن و دەخەنن.. کۆتایی بە ژاراوەکانی «ئایدۆلۆژیا»
دێنن
ئەی خودا!
چ ئێوارەیەکی قەدەرییەو کێ بیری لەو
چرکە پەمەییانە دەکردەوە؟!
هاوڕێکەم بە سوراحییەک پیتی هەڵاڵەییەوە
تۆنی رەنگە پرتەقاڵییەکانی شیدەکردەوە
پۆرترێت پۆرترێت پۆرترێت
ئەی شوناسیترین دوودڵییەکانی ئەم وجوودە
هەڵچوونیترین/ سوور
ژاکاویترین/ زەرد
پەرۆشیترین/ شین
هێمنترین/ سەوز



پاقژیترین/ سپی
ئەمجا بەڕێ کەوتین/ کە بەڕێ کەویتن
چ؟! بەڕێ کەوتنێک...
«شێبا سەرەلووتی تەزاندین»
خەندە خەنەییەکان بەربا دەکەوتن بەربا
«ژیان/ وێرانەییەکە لە ئاسوودەگی ئەی دۆست
لە هەڵوەرینی دەنکە هەنارە شەراباوییەکان دەکا»
زەمەن/ بەو هەموو خێراییەوە ئەشکەنجەی دەداین و
لێنەدەگەڕا سیمبارانەکانی بەیدەست کەین بەیدەس
[نە «مەرگ» موڵکی ئێمەیە، نە «وجوود» و نە
مەرجانەکانی «جوانی»]
تازە نە وڕێنە جەهەننەماوییەکان تۆمار دەکرێن
نە دەرگا سەرابییەکانی «چارەنووس» دەکرێتەوە
دەڕۆین... /خۆر/یش پاریوون پاریوون
خەفەتباریترین لەپکەیەکی «فلس»ڕەنگەو
سەفەرە سیزیفیە مایاوییەکانی
تەواو ناکا... تەواو

تەمووزی ١٩٩٨

# دارڕمان

*بۆ: عەدالەت ڕەزای شێوەکار*

«چ بنێسیترین کێوە ڕەشتاڵەییەکی شووشەییەو
بە سەرتاسەری سەوزە فەزای
مێزەکە/ ، دارڕمیاوە
میتاڵێک/ لە ڕۆحی کانزا خوداوەنداوییەکان
دەکات!
لەو شەپۆلی پرچە قەتراناوییە هەودا
تەلیسماوییانەدا
ئاگر دەگرێ ئاگر»
پەنجە بلوورییەکان لەو دامێنە خەڵووزاوییەدا
دەحەسێنەوە... حەسانەوەیەک/ لە ئاو
خەوتن/ تێفکرینە لە مرازەکان
خەوتن/ لەباربردنی چرکە مەلوولییەکانە
ئای! / مەسیحا/ بەو ڕەنگە زافەرانییەوە
چەنێ جوانی!
چەنێ جوانین! ئەو کاتانەی بە یەکجارەکی
دادەڕمێین و خەوێکی قووڵ قووڵ قووڵ
خێوەتی خەفەتەکان دەخاتە لەرزینێک
لە لەرزانەکانی هەودا عیشقاوییەکان و
زەردەخەنە عەبەساوییەکانی رووەو
/بوون/ پەرش دەکرێن... و
ئەی کێ گەڵا خۆڵاوییەکانی درەختی
/وجوود/ دەجووڵێنێتەوە؟! کێ
با برووخێ! ئەو باڵا کێلە بەفرییە بەفراوییە



ئەمە! ئەسمەریترین
ڕۆحلەبەری قەدو قامەت شمشاداوییە/ چەرخێکی فەنتازیایی
خەنەبارانی کرد با چی دەبوو!
خەنەبارانکردنی باڵایەک لە
تەنکە شووشەکانی گڵۆپە نیۆنێکی
ئاسمانی ڕەنگ دەکا و
خەونە چیمەناوییەکان
ئاوازە نەشمیلانەییەکان
دەبووژانەوەو
بووژانەوەی کارمامزە گەرمێنیە سەرگەردانەکان!
ژیان/ جوانیترین دارڕووخانێکە لە سەهۆڵ
«کە ماڵئاوایی لە دارڕمانییەکان دەکەین
تاوێ/ دەلەرزین و دەلەنگێین و
هەمدیسان خێوەتە خەڵووزییەکە
هەڵدەدەین...»
با تاوێ بلەرزێین
تاوێ بسۆزێ
بسۆزێین، دەبا بسۆزێین لەبەردەم ئاوێنە جوانەکانی لەززەتی دنیا
سەماکردنێکە/ بە قریوەی پێکەنینە
شێت ئەنگێزەکانەوە
تا/ فنجانە کافوورییەکان
مەست دەبن مەست
کەس لەو رووبارە ئاڵتووناوییانە
بزاڤیتر و ڕۆحلەبەریتر نییە!
ئەی مۆرانەکانی /زەمەن/
چاوەڕوانی چی دەکەن؟!

ئەی! پاکیزەترین بالاّ بڵندی
بنێسیترین ئاڵۆزیترین کێوی
دارمیاوی رەشتاڵەییەکانی گیان!
ئێمەیش دەڕوخێین و دادەڕمێین و لە بناوانەوە هەرەس دێنین
بێ ئەوەی... جوانییەکانی قەدەرو پاکیزەکانی گەردوون و لەززەتەکانی سەفەرە ناوادەکان
کۆمان بکەنەوە.... کۆ!....

١٩٩٨/٥/٢٥



## پایزی ڕەنگەکان

## یان «کەڤالێک بۆ ڕێبوار سەعید»

پایز فەزایەکە لە مەی
گۆزە شەرابێکی زەردباو دەشڵەقێنێ
وردە گەڵای
شۆڕەبییە سەرمەستەکانی بووڼمان
هەڵدەوەرێن و
پەڕ پەڕ
پەڕەی گوڵە باڵ پەپوولەییە وەنەوشاوەییەکانی باخچەمان
«باخچەیەک دوور لە رەوشە رۆشەنییەکانی جاویدانەیی»
بەر تەوژمی کاکاو رەنگیترین گڤەیەک دەدرێ
گڤەیەک
جووڵەی تەنافە ئاڵۆسکاوەکانی - با - نییە
کەڤالە سەرشێتەکانی گێژەنی - ئاو - نییە
قاوەیی بوونی رەنگە ئاگرییەکانە
رەنگ رەنگ..
پەرت دەبن پەرت
«چەند خۆشە.. سەمای قامکان
لەو هێلانەی هەودا پایزییەدا
ئەی بەدمەسترین یار..
بە سەرخۆشییەکانی عیشق
ئەی پاقژترین یار
بە ئەسرینەکانی بەفرین»
شەرابی خەزانی مەرگێکین بە ئاڵی
مەست دەبین

«جەستەیەک لە یاقووت
سەفەرێک لە گوناه
خرنگەی ئاڵتوونێک لە وازی بەردەستی زەرییان
چ! هەڵوەشانەوەیەکە زیندەگی/ ئەی یار»
با/ بەو کزۆڵەییەوە خەونە دۆزەخییەکان
تۆمارکەین تۆمار
با/ لەو فەزا ڕەنگ تەلاییەدا
بادەکانی ئەڤین نۆشکەین نۆش
سەوزە دارستانێکی ئاگراوییە
گەمەکانی خود و شوناس
دێن دێن چەند بە ئەسپایی دێن!
گورگ گورگ گورگ گورگ
لە مێرگە مەرجانییەکان دەلوورێنن
ئای کوردستان!
شالاوە کریستاڵییەکانی ئەشقیا جەربەزەکان
گورگ گورگ چەند بە ئەسپایی دێن و دەلوورێنن
ئای کوردستان!
نارنجیترین/ لەززەت بە پێکەکانی ئومێدو
پرتەقاڵیترین/ لەنجە بە کەوانەکانی هزرەوە
خورافیترین فڕندەی ڕەنگاوڕەنگی خەونەکان
بەو عیشوەو نازەوە
ئای! دەریاچە سوورەکانی مەرگەسات
وا هەڵدەوەشێن/ بارستە ئاوێنەییەکانی
بەفر ڕەنگیترین ئامانجی هەڵوەدایی
پایزی ڕەنگەکان
دارستانی ڕۆحمان مەی پرژێن دەکاو



مەستانە دەلەنگێین بەو ئومێدە ژاکاوانەوە
چەند خۆشە.... سەمای قامکان
لەو هێلانەی هەودا پاییزییەدا
هەڵوەشاندنەوەی هێما جوانییە
لەززەتدارەکانی وجوودە
ئیتر چی دەکەین؟!
مەگەر مووروە مۆرەکانی خەمۆکی نەدرەوشێنەوە
لەم کورتترین زەمەنەدا چی دەکەین؟!
گەمەی ڕەنگە ئاوییە شەیتانییە مەلائیکییەکانە/ ژیان
دەبا بدرەوشێنەوە
ڕستەکانی مووروە مۆرەکانی ملوانکەی مەرگ
ڕەنگ ڕەنگ ڕەنگەکان
تەنها ڕەنگەکان، موڵکی ئێمەنەو
ئەوانی تر نا!

هەولێر: ١٩٩٨/٩/٢

## سەمای ئاو ئاو ئاو

کریستاڵن بۆ
ئێمە دادەڕژێن
چەنێ کریستاڵێن ئاوەکان!
ئای! جوانیەکانی شونپەنجەی
خودا پەروەردگارەکان
هەنگوینن چاو چاو
دەروونمان ئاگردار دەکەن
تازە لەو نهێنیانە ناگەم
ئەی شەو...
شەوی کەیلبوونی
لەززەتە ئاورینگاوییەکان
دەبارێ ئاوی جوانی
ئاوی ئەگریجەکانی عیشق
دەبا مەرگ بێ
بەو ئاتەشی پەیکەری
میهرەبانییەوە
ئاو سەما دەکا
ئاو ..
ئاو ..
ئاو ..
ئاو ..

٢٨/ ٩/ ١٩٩٨



## چۆپی

ئەگەر یاقوتەکانی تەمەن لەو دەسماڵە
ڕەنگاڵەییە حەشاردەین چی دەبێ؟
ئەگەر بازنەکانی بوون/ لەو
بەفرستانی دۆزەخە
ونکەین ون/ چی دەبێ؟
توانەوەیە/ ئەو ڕەنگی دەنکە فستقانەی
سەهۆڵبەندی ئەزەل کاتێ
نەشئەبازترین لێو بە بزە دێنن
چەنێ جوانن لێوە ئاڵ ئاڵە مەرجانییەکان
بەو شەپۆلی بزەی ئاوریشمییەوە
ڕامانێک لەو ڕووخسارە بازنەییە
ئاخڵە خوداوەنداوییە
لەباربردنی/ وجوودێکە لە ئاو و ئاوەدۆن و ئاونگ
ڕووخاندنی/ شاخێکە لە شەکر و ڕەحیق و پەشمەک
بزواندنی مشتێ شەربەتی لەیمونی ڕۆحە
با ڕەسەنزادەترین شەکەریترین
پرتەقاڵیترین بەفرینیترین
بەچکە نازپەروەرەکانی خۆر
لە ئامێز بگرین و بمرین
مردن/ توانەوەی کلۆ شەکرێکی کەمخایەنی ئەبەدە
تاڵ تاڵ تاڵ تاڵ تاڵ تاڵ

١٩٩٨ - ٢٠٠٤

## بێهوودەیی

لاولاوەکانی ئەو زوڵفەم بە رووخسار دانەدا
کەپرێک، ساباتێک لە گوناھ چێکەم چێ
ئاوە ئاڵتوناویەکانی ئەو گۆنا دەنکە ھەناراوییەم
تێر نۆش نەکرد نۆش نۆش نۆش نۆش
تا بیر لەو تنۆکە شەراباویانە بکەمەوە ئیرۆسەکان
بەرەو جەحیمێکی جوانەمەرگ بوون دەبەن
جواناوییە یەزداناوییە ئاتەشاوییە/ ژیان
چیم لەدەست دێ و چیت لەدەست دێت؟
خۆڵەمێشبوونی لاولاوەکان و یاقوتەکانی گۆنا
دەروونیان نەکردمە فیردەوسێک لەو
ئاتەشکەدە مەی پڕژێنانەی مەرگ
دەبا بێ... بالآیەک لەو
ھەنارە سرکەییانەی پەشمەکێک
لە نافوورەکانی حەزە تەلیسماوییەکان
بەلەنجە دێن و زەنگیانەکانی رۆح
بە نەخشە خوداوەنداوییەکان دادەکەن
گشتیان گەمانی ماچ کردنی پەیڤین و ھەڵوەرینی
گەندە مووەکانی لاجانگن/ ھەڵدەوەرێن
ھەڵوەرینێک بە ئاستەکانی ئاڵتوون .. ئاڵتوون
ئاڵتوون .. ئاڵتوون..
ئاڵتوون.

١٩٩٩/١/٢٧



## زیندانەکانی...

ئەو تاقانەترین فیشەکە زیوبیە زەیتوونیە
ئەو تاقانەترین فیشەکە ئاڵ ئاڵە
ئاڵتووناوییە
ئەو ژەھراویترین کەپسوولەی فەنتازیای
زەماوەندی ئەفسوونیترین تووناکردنێکی
خود خود خود خود خود خود
لەکوێ بوو... لەکوێ.. لەکوێ؟!
زێڕینترین زەماوەندێکی مەزنترین
رقێکی پیرۆزو بەتاڵکردنی
نەزۆکترین خەونی چەکمە بۆرەکان و خۆ
لەنێو بردنێکی
ئاڵ ئاڵ ئاڵ ئاڵ ئاڵ ئاڵ ئاڵ
ئەی کەپسوولە ژەھراوییەکانی
ژەھر ژەھر ژەھر ژەھر ژەھر ژەھر
ژەھر ژەھر
کوانێ؟! ھۆشمەندییەکانی
رۆحە ئاتەشکەدەییەکانی
کورد کورد کورد کورد کورد کورد کورد
ئەو تاقانەترین فیشەکە زیوبیە
زەیتوونیە
ئەو ژەھراویترین کەپسوولەی فەنتازیای
زەماوەندی ئەفسوونیترین
تووناکردنێکی
خود خود خود خود خود خود
خۆ لەنێو بردنێکی
ئاڵ ئاڵ ئاڵ ئاڵ ئاڵ ئاڵ ئاڵ!

١٩٩٩/٢/١٦

## شازادە

تۆ بەو گەمەی ئێسقانانەوە
چەنێ خشکۆکی شازادە
تەنکتر/ جیلاتینیتر/ بزاڤیتر
لە گۆشتننترین رەونەقەکانی جوانیی
بەو/ خەوالّووبوونی خامۆشییە خومڕەنگییە
بەو/ شووشەییترین لەنجەولارەی دۆزەخییە
بەو/ هەتاویترین هەلّمی هالاّوی هەرهەرییە
پەرێشانێن پەرێشان شازادە
سرووتێک/ لە مەراقێکی ئەبەدی و
نیازێک/ لە ئاگریترین
رەنگە رەنگامەییەکانی جەستە
خوماریترین/ سەمای ئەجەلّت بۆ دەکا شازادە
خوماریترین سەمایەک سەما سەما سەما
بەو/ کەش و هەوای ئاشنابوونی عیشقستانە
ئاخۆ؟! بلّێسەکانی ئاتەشی - زەمەن -
چیمان لێ دەکا؟ چی! چی چی چی
زەمەنێک/ لە دووڕیانە دروودییەکانی
لەحزەکانی شێتبوون شێتبوون
ئەی برۆنزیترین کچە شازادە
بە ماکیاجەکانی نهێنییە سرووشتییەکان
ئەی ئاسکترین شۆخ
بە سرکییەکانی سووتانەکانی مەحەببەت
چ؟! سەرسووڕمانێکی شەراباوییە/ زیندەگی
چ؟! سەرسووڕمانێکی زەردەخەناوییە/ ئاوزینگدان!



دەبا/ دیالۆگی هێوریەکانی تەنیایی
راڤەکەین ئەی شۆخ!
دیالۆگی هۆرێنەکانی هاژەی رووباری شەیدایی
لەززەتدارترین ئیقاعە
دین دینەکانی مژدە .. مژژدە .. مژدە
ئەو/ ئەسمەریترین گەزەنگیترین قەشەنگیترین
تالّە تیشکی فیردەوساوییانەی
مەملەکەتی رووخسار
کە/ راڤە ناکرێن
راڤە ناکرێن
راڤە ناکرێن
ئەی درەخشاوەترین شازادە!

١٩٩٩/٢/٤

## لە هەمبەر سرووشتدالە هەمبەر سرووشتدا

برینە سەرشێتیەکانی بوونمان
بە باندێجی وشە سەرکۆنەییەکان دەپێچاو
سەربەستییە شەراباوییەکانی شادی
کۆیلە دەکرا کۆیلە
کەسیش بەتەمای تەمەنە ئارمووشییەکان نەبوو!
بەتەمای نۆشکردنی بادە یاقووتییەکانی زەمەن!
پەڕەوازە بووین پەڕەوازە
هۆشمەندیمان پەرداخیتر لە
پارچە شووشە ڕەنگاوڕەنگەکانی دلۆڤانی دینبووین دین دین دین و
یاسا مەرجانییەکانی سرووشتیش
بەغوبارەکانی جوانی و هێمنییەکانی تەنیایی
دەیتۆقاندین
سترانێکەو بەس.. چیتر نا
پیتە خۆڵەمێشییەکانی پێ دەچڕین و
خەندەمان بەبزەی نارنجییەوە پێدەکەنێ و
«لەژێر دار سنۆبەرە دوور دوورەکەشدا
سوخمە خەنەییەک
رووەو ئاسۆ دەسهەڵدەبرێ
دەڵێی زەربییەکە لە ژەنگەکانی ڤۆدگا و
لە سەردەمە مناڵییەکانی
تۆی هەمیشە خەزەڵوەر رەنگ دەکا»
گەمەیەکی بێهوودەییە لەنجاندنی سۆزو
داچۆڕاندنی ئاوی زیندەگییە زوقماوییە
زەمزەمەییەکانی عیشق



بەمجۆرە لە بادەیەکی قەوزەییدا
دووکەڵە ئاڵەکانی عومر فڕ دەکەین و
گیابەندەکانی ئەگریجە دادەهێنین
خەنینێکی ئاگرینیش رووەو
بەردە سیزیفیەکانی خامۆشی و هەوەسە
گوڵخەندەرانیەکان
وێرانکردنی کونجی خەفەتبارییە/ ئاسوودەگی
خاپوورکردنی خەڵوەتگەکانی گۆشەگیرییە/ گیرۆدەیی
تۆ/ بەختەوەری
ئەی دژوێنترین بوونەوەر!
لە نسێی درەختە موهاجیرەکان و
شەکەتی ئەو پەڕەسێلکە حەز نارنجییانەی
فەزا مۆر مۆرەکانی دووری دەبڕن و
لەو کێوە باڵا زراڤانەی بە سەقامگیرییەوە
لە هیچێک دەڕوانن هیچ هیچ هیچ
ئاخر
بەو/ دەسەپاچە بوونەی رۆحەوە
بەو/ ئالوودەبوونەی پەتای مەرگەوە
بەو/ لانەوازبوونەی خەونانەوە
لە هەمبەر وەحشەتە/ شکۆمەندەکاندا
چی دەگوترێت... چی؟

١٩٩٩/٤/١٧
هەنارە

لیمۆ ترشە نارنجیەکانی دیلان دیلان دیلان دیلان دیلان
دیلان
دیلان
دیلان
دیلان
دیلان
دیلان
دیلان
لیمۆ ترشە نارنجیەکانی دیلان دیلان دیلان دیلان دیلان
بەتۆی دەسپێرین          دیلان
ناسکترین بەهرەی کوڕە خانەدانێکی          دیلان
خەیلانی و خەیلانی و خەیلانی و          دیلان
توو تاووسەکانی ئێزید          دیلان
لە دوو توێی دڵە سووتاوەکەت و          دیلان
ستیانە رەشەکاندا بیپارێزەو          دیلان
ئەو ئازیزیترین فرۆی          دیلان
دەریاکانی ئەفرۆدیتی شیعرە
ئەو شازادی زناکە زناک زناک
وازبێنە با هەناسە زیوییەکان
هەناسەدەن هەناسە هەناسە هەناسە
تۆی گوناهباریترین دۆست/ ئەی عیشق
ئەو شازادی زناکە خێڵانیە خێڵانیی
لیمۆ ترشەکانی جوانی ناوڕووشێنێ
ناوڕووشێنێ
ناوڕووشێنێ

١٩٩٩/٥/١١
تاوەری هەولێر



## سیماکان

لەعلێک/ لەو وەحشەتی فەزای
فراوانبوونی گەردوونەوە
دادەبارێ و دەدرەخشێ!
لەعلێک/ نەوشکۆفەی
قەشەنگیترین خەندەیەکە لە شەراب و جن
ئاوێتەی ئەسرینەکانی نهێنی و
ژیلەمۆکانی حەسرەت دەبێ
لەعل دەچریسکێنەوە لەعل
«سترانن
سێون
خۆخ و بادامی دانسقەن»
لەعل
«بەهێ و نارنج و ترنجن
یاقووتە دوڕدانەکانی ئەوینن
کراسی پەشمین و کرێشەن»
هەڵدەدرێن و هەڵدەدرێن و هەڵدەدرێن
بە زەردەخەنەیەکەوە/
رووەو نادیارە نادیارەکان
هەڵدەدرێن و هەڵدەدرێن و هەڵدەدرێن
لەعل لەعل لەعل .... لەعل
گۆرانی بۆ کێ؟! دەڵێن و بۆ کێ؟! دەڵێین؟
وەرە هەمدەمیترین!
لەعلەکانی دڵ دڵ دڵ
«ع»نێک/ لەو عوودی عەرعەری باڵایە،

دامرکاندنی کلّپەی سوێی غەمێکە لە/ لاهووت/
«هـ»ییێک/ لەو بەهێی نەوڕەسیدەی
فەخفوری سینەیە
ئێوارە غەمگینەکانی/ دڵ/ سپی دەکاتەوە
«د»لێک/ لەو دیدەیی مەستبوونی
دیدەنییە خوداوەنداوییە
/چەواشەبوونێکە/ لە گرمەی هەورەکانی گۆشەنیگاو
شۆڕشە ئاڵۆزاوەکانی ڕاڕایترین
ڕۆحێک لە ئاوازەکانی بخوور و شەم
درکاندنی خەمی چی چی چی چی
بەو پەرتبوونی خەیاڵی بنێسییەوە
لەچی دەدوێین و بدوێین و بدوێین و لەچی دەدوێین؟
ئەی دۆزەخیترین شۆخی رووخسار
تریفاوی/ خەوناوی/ خوناواوی
شەرابێکی تاڵ تاڵی ئارمووشیە
چرکە گومڕاییەکان
سەرەڕۆیترین خەونێکە
لە ڤالیۆم و تلیاکەکانی مەحەببەت!
بە با دەدرێن/ بە با دەدرێن بە با دەدرێن
ئاهە ئافەتیەکانی
«ڕەمیدەترین ئاهووی
هەنگوینیترین چاو خەزاڵێک و
خەزاڵێک و خەزاڵێک و خەزاڵ
بەو گریشمەو نازەوە
بەو زەردباویی خەزانی نیازەوە
لە پشکۆ نارنجییەکانی



کوانووە/ خەنە/ یەک دەکا»
ئەی چی لەو بڵێسەی/ جوانیە/ بکەین؟
ئەی چی لەو بادە تفتەی/ عەدەم/ بکەین؟
وەرە ناسکترین ئاسکترین ماسکترین
شۆخی دیدەباز!
غووباری/ بەزینێک/
لە ئامێز بگرین و بگرین و بگرین و بگرین و بگرین و بگرین
ئێمەی ڕەمیدەی ڕۆحە پەرواکان
جەسارەتمان نەکردو نەکردو نەکرد
پەنجە نەوبلوورینەکان بە لەنجە بێنین و
بێنین و بێنین و بێنین
تۆزێ/ لە تۆزی لیسپی خەناوی
قژ موشکینەکان
بۆنکەین و بۆنکەین و بۆنکەین
ئێمەی ڕەمیدەی ڕۆحە پەرواکان
نەوێراین و نەوێراین و نەوێراین
چلوورەی چەناگەو گەزەنگی گەردنی
/ ئاتەشینێ/
هەڵمژین و هەڵمژین و هەڵمژین
جوانیی/ کودەتایێکە لە سەهۆڵ و سیم و سیمیا
تۆفانە ڕەفتارییەکانی تێکشکاندنی
تەوتەمێکە لە کەسەرو لە کەسەرو لە کەسەر
نەکاراین و نەکاراین و نەکاراین
ساباتی قژ قژ قژ قژ قژ قژ
عەترناکتر بکەین و بکەین و بکەین و بکەین
شێوەکان

بشێوێنین و بشێوێنین و بشێوێنین
شێواندن..
بە حەشیشکردنی شیعرو تەمەن و تەمەکانی
عیشق و گوناهە ئەبەدییەکانە
بە حەشیشکردنی/ پارچە رۆحێکە لە ئەڵماس و
لەنێوبردنێکی سوور سووری ناوەختە
ئاوا/ کلافەی تەنییەکانی تەنتەنەی
دەزووەکانی وشە
هەڵدەوەشێنینەوەو هەڵدەوەشێنینەوەو هەڵدەوەشێنینەوە
رەمیدەبوونێک/ لە فۆبیاو هیستریا
دەربەدەربوونێک/ لە ستەم و سیستەم و یاسا یاساغەکان
ئەمە دەسەپاچەبوونێکە لە زوقم و
تێرامانێکە لە زەبوونی
لەبەردەم تەلیسمی پرشنگی خودایی
گەردنە بەخۆر شۆردراوەکان و
لاجانگە/ نیشان/ ئاڵ ئاڵەکانی سەحەرو
رەنگە شەیتانیە/ ئیقاع/ یەزداناوییەکاندا
دەوەستین و دەوەستین و دەوەستین
زارەترەک
دەخەنین و دەخەنین و دەخەنین!

١٩٩٩/٩/١٩
هەولێر



## مەرجانەکان

*بۆ: (مەحموود زامدار)ی مامۆستاو ئازیز*

مەرگە مەرگەمووشییە سەگسارییەکان
بەشێوەیەک دێن
لە هەڵکردنی «با»کان دەکەن
با با با
دەنگەکان/ رەنگەکان/ رەوشە یەزدانییەکان
بونیادە دانسقەکانی لەشە کاشانییەکان
لەنێودەبەن و لەنێودەبەن و لەنێودەبەن
شیلەی نارنجیترین
گوڵە ئاوێنەییەکانی ئارەزووش!
لەم هەڵپەی گرفتاربوونەی عیشقە سەرمەستییەدا
بێ سەروشوێن و سەرگەردان چ دەکەین؟! چ
جانتایەک/ تۆوی وشەی سەرشێتیی
بە کێڵگە تەرچکەکانی رەنگ وەردەکەین/
رەنگ رەنگ رەنگ
ئاژاوەیەکی رەمەکی و بزاقێکی رەشۆکی
لەژێر سایەی درەختی
گەڵا ئاڵۆسکاوەکانی رستە ئاڵتووناوییەکاندا
بە کۆڵێ مەرجانی خەون/ و
یاقووتی ئەندێشە/ و
خرۆشانی سێوە لاسوورەکانی
مراز مراز مراز مراز مراز مراز
ئاهە ئاتەشییەکانی هەناسەمان
بە نێڵە نێڵی حەسرەتەکانی جوانییەوە
یەئسەکانمان دەکەنە چرا چرا چرا

لالەیەک/ لێواولێو لە گەردەلوول!
لالەیەک/ لێواولێو لە بۆیەکانی قەیسی!
لەو دەیجووری شەوە سەرمەدییە سامۆراییەدا
گومڕا گومڕا
بۆ کوێ دەڕۆیین؟ بۆ کوێ؟ ئاخر بۆ کوێ؟
بۆنی شەرابی کەساسی/ و
تەزووی مەراقە بێهوودەییەکانی
هەوەس/ و
نەوای گۆرانییە سەرسەری ئامێزەکان
بەو خامۆشییەی غوربەتینەوە
سەرکاسی کردووین/ سەرکاس
ئێمەی تێهەڵدراویترین
خەڵقەندەکانی ئەجەڵ
لەم سۆزاویترین خولانەوەی سیزیفییەدا
چ دەکەین؟
چلۆن دەنکە هەنارە دۆزەخییەکانی
/ دیدمان/ کۆدەکەینەوە کۆ کۆ کۆ
زەردەواڵەکانی عەدەم
ورووژاویتر لە چرکە ئاتوونییەکانی/ سێکس/
ئای؟! دەخیلت بم ئەی
مەرجانیترین ئاگرە لەززەتدارەکانی
عیشق عیشق عیشق عیشق عیشق عیشق عیشق
ئاوازە ڕۆحانییەکانیش
بەو خەسڵەتی کزی و بەربادی و مەلوولییەوە
دادمان نادەن
داد داد داد داد داد داد
چۆن چۆنی/ بیر بکەینەوە؟!



چۆن چۆنی/ دەروونەکان بدوێنین؟!
چۆن چۆنی/ تەڵای روخسارەکان بخۆینەوە؟!
دڵێکی تێکشکاو
خەیاڵێکی تێکشکاو
تەمەنێکی تێکشکاو
«شەویش/ تێکشکاویترین پەرداخیترین هەمدەمە
بە سوراحییەک شەرابی ئاڵ ئاڵی
عیشقەوە دەلەنگێ»
ئاشوفتە خۆمان لەو دەیجووریترین
تەنیاییە کوشندەییەدا
تازە بەو شەکەتیبوونەی گیانەوە
ستوونە خورافییە ژەهراوییەکانی خەمۆکی/ و
بەستەڵەکە مۆر مۆرەکانی نیگەرانی
هەپروون بە هەپروون ناکرێن
گومانیش/ هەتاوێکی کەنەفتی ئەزەلییەو
تا دێ بەفرستانی یەقینە دێرینەکانی عومر
ڕەش دەکاتەوە ڕەش ڕەش ڕەش
«با»کان بە نهێنییەکی شەیتانییەوە دێن و
هەڵەداوان سووسەیان دێ و
هەڵدەکەن و هەڵدەکەن و هەڵدەکەن
تارمایی ئاسا ون دەبن و ون دەبن و ون دەبن
دەریاکانی/ نادیاریش/ سەرابێکی دوور دووری
فراوانیتر لە فەزای ئاسۆ تەڵخەکان
لە لاپەڕە قاوەییە بێ کۆتاییەکانی
تۆمار دەکەن/ تۆمار/ تۆمار/ تۆمار
ئێمەی ڕەمیدەو کۆچەری و نامۆ و سەرەڕۆ
بێ خێوەت و شوناس و گوفتار

سەر لێشێواویترین گەشتیاری قەدەر
چرکە زیوینەکانی ژینیشمان پێ ئەژمار نەکرا
[ «ئەو چرکە گەرمانەی وجوودمان دەکردە
پشکۆیەکی درەوشاوەی سوورباوی پرتەقاڵی و
بە کامی/ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ
لاجانگە نوورانییەکانمان رادەمووسی و
بەدیار قامکە بلوورینەکان
رادەماین و رارِا دەماین
شێتانە لە قاقامان دەداو جەزبەکانی ئیلهام/
پەپوولە سپییەکانی وشەیان هەڵدەفڕان» ]
ئەمێستاکەیش
هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێ
حەزە سادییە ئارمووشییە جیوەییەکانی
/ سەیروورە/
لە چەپکێ ئاخاوتنی پەرشوبڵاوی نەفریناویدا
بەرجەستە بکەین و
شێوەکانی ورێنەی شەیدایی و
مۆسیقای غەریزەکانی شیعرو
مەرجانەکانی کەینوونەو
زەنگیانەکانی/ رۆحی گەردوون/
دانە
دانە
هەڵدەینە
زێرابەکانی بیرچوونەوەو
بیرچوونەوەو
ب ی ر چ وو ن ە و ە
١٩٩٩/١٠/٣٠



## خومار

- «چاوەڕوانم لەو ئاتەشی بەفرەدا
تیشکی برژانگ و هەتاوی دیلانت
دابباری
بارانبارانمانکە و بەخۆڵپەرستی
پەیکەرێکی ڕاهیباوی مەستمانکە»
- مەست دەبین مەست هەمیشە مەست
ئەی زیوینترین ماهی بەدەخشان
ئاگری عیشقێکی نادیار
نهێنییەکانی ئەجەلمان هەڵمێندەکاو هەڵمێن و
خەردەلیترین هێمنیش دادەگیرسێنێ و
ئێمەی مەستیترین خومارو خوماریترین مەست
دەڵێین و هەر دەڵێین و هەر دەڵێین
کوانێ/ خومار/ لەکوێیە لە کوێ
بە باوەشێ سوراحی و کۆڵێ شەکراوی شەیداییەوە
/مەی/ پرژێنی فرزەندەکانی عیشق بکا
(نزایەک بۆ /خومار/ لە ئاڵتوونەکانی خۆر
سرووتێک بۆ /خومار/ لە جەزبەکانی باخوس
ئەڤینێک بۆ /خومار/ لەورێنەکانی رۆح)
خومبارانمانکە ئەی هەتاویترین خۆری شیعر
بەو هەورینیترین پۆشاکی عیشقەوە
مەستیترین چرکەساتی لە ززەتەکانی
بادامی قاوەو گیسووی قەتران و
سنۆبەری باڵامان پێببەخشە
با هەڵاڵەکانی جەستەمان پەرژینەکانی زەمەن

نەوجەوانیترین جوانکەن و جوان جوان جوان
ئای؟! تەرزینیترین بەهرەی ئاڵ ئاڵ ئاڵ
ڕاهیبیترین خەفەت و هەڵمینیترین
مانشێتێکی گەردووناویمان بۆ هەڵدە
مانشێتێک لەبالەب
لە حەشیش و تلیاک و نەفتالینەکانی زناک
زناک زناک زناک
بەو عیشقی یەکجارەکییە هەمیشە
مەست دەبین و مەست مەست دەبین
ئێمەی بەچکەکانی خومار
خشڵی شیعر و شەرابی بەهرەو
موورووی ئەڤین
بە فەزاکانی گەردوون دادەکەین و
زناکی وشەش بە گوڵاڵەکانی ڕستە
ئاخر خومار لێرە نییە
خومار لە کوێیە لە کوێیە خومار
گەر لێرە با خەندان بارانی دەکردین
«خومار بە خەندانەوە گەلێ جوانە
بەخەندانەوە خومار گەلێ جوانە
گەلێ جوانە خومار بەخەندانەوە»
کەواتە دەڕۆین دەڕۆین
دەروون خامۆش و دڵشکستە
عەقڵ خامۆش و دڵشکستە
عومر خامۆش و دڵشکستە
دەڕۆین د ە ڕ ۆ ی ن
بەفیکەیەکی ئاسمانی



دڵی شەو ڕادەچڵەکێنین
بەرەو گەڕەکە
سپی سپی و ڕەش ڕەش و ئاڵئاڵەکان
ئێمەی مەستیترین بەچکەکانی خومار و
خوماریترین بەچکەکانی مەستی و
مەستیترین و خوماریترین و خوماریترین
خومار و خومار و خومار و
خ و م ا ر

٢٠٠٠/٢/٦
تاوەری هەولێر

## زازاکان زیباییترین زریزەی زەمهەریرین

لەم عیشقی ئەشکبارانی سۆزینەدا
زێوی کازێوەو زێڕی زەردەپەڕو
کانزاکانی بولێڵمان بەسەرا ببارێنە
ئەی خودا
مەستین مەست مەست
مەستر لە باهۆزەکانی گەردوون و
ئاگرە قەوزەییە قددیسییەکانی / ئارتۆ/ و
سەرمەست بە نهێنی وجوود و
قەدەرەکانی مەرگ و سیحرەکانی جوانی و
چڕینی گۆرانییە ئەجەلییە خەوڕەنگییە
بادەگەرییەکانی / سەفای تەم/ و
هەڵدانی وشە زاخۆنیە دیلاناوییەکان
بەرەو زەریاکانی ئەڤین و زەمهەریر
سپاردنی زەیزەفونەکانی تەمەن
بە دۆزەخەکانی گوڵ و گوڵدان
ئەمە چ کەرنەڤاڵی عیشقێکە ئەی خودا؟!
ئەمە چ ئاڵترین درەوشانەوەیەکە/ خودای من/
ئای؟! قددیسی / من/ تۆ / لەکوێی؟!
لەم کەرنەڤاڵی رامووسانی حوزنەدا/
عەتفەکانی /دڵ/ دەسۆزێ
لەم کەرنەڤاڵی رامووسانی پەرتبوون پەرتبوونەدا
وڕێنەکانی / رۆح/ دەسۆزێ
لەم کەرنەڤاڵی رامووسانی زایزۆنەدا/
زازاکان/



زەمزەمەی زلزالی زەمەندی زێڕن و
دەسۆزێن
لەم کەرنەڤاڵی رامووسان رامووسانی
سووتان سووتان سووتانەدا
ئەی خودا؟!
[بە زریزەی زایزۆنەکانی زیبایی و زەمەق و
زەبەق و زەری و زەیتوون و زەنگاڵ و بەیبوون و
هەڵاڵەو دالیاو یاسەمینەکانی
رەندبوون رەندبوونمانکە ئەی خودا]
دڵبەندمانکە دڵبەند بە
/ کاستالیا/ خومارییەکانی ئەزەل و
فیردەوسی رەنگەکان
ئێمەی بەلەنگاز بە کونجی
زناکە شەوڕەنگییەکان
دەشەوتێن و دەشەوتێن و دەشەوتێن
لە گۆپکەی هەورە ئاڵئاڵەکانت ئەی خودا
شیلەی یەقینیترین شیعر دەخۆینەوەو
پیت دەچڕین و فۆنیم بەلەنجە دێنێن و
نارنجیترین سکڵێ ئاتەشینی
عیشقی دەروونمان خامۆش نابێ
ئاه؟! شۆخانیترین باڵا سنۆبەری عیشقستان
تۆی پەلکەزێڕینەی یەزدانی
لەکوێی.. لـ ە ک و ێ ی
وەرەو وەرەو وەرەو وەرەو ووو
/ هەوری/ هەتاوینی ئیلهامی جنونی
هەڵدەین و هەڵدەین و هەڵدەین

جەزبەدارمانکەو فەنامانکەو
فەنتازی/مەرگ/ بارانمانکە
ئەی خودا
ئەمە چ ئاڵترین درەوشانەوەیەکە/ خودای من/
ئای؟! قدیسی من/ تۆ/ لەکوێی؟!
شەوبۆییترین بەفرستانی
گوناهی گوڵناری
لە بادەکانی ئەڤین کەین و
ئەڤین کەین و ئەڤین کـ ە ی ن

٢٠٠٠/٢/٢٤

# لاله بەدەستان



# لاله بەدەستان

گەرمن وەک دڵی بەردە ڕەشەکان
[یاقووتی قلّیشاو/ شکۆفەی خەندەران] /
دەلەرزن/ دەلەرزن/ دەلەرزن/
گیانیان لەبالەب لە میهری گوناھ و
ناچیزی لەززەت و کۆڤانی ئاتەشین
دارچینی گۆنایان تلیاک و
خەیاڵیان خەناوی و بەربلاو
پڕیشک و کلافەی زەمەنی
سەهۆڵین ورد دەکەن
هەڵوەدای ڕۆحێکی ڕەمیدەی سۆزانین
/دەناڵن/ مەراق و فیراق و سوحاق و شەوچرا
بەهێیان فەریکی ستیان و
خەزانیان تامەزرۆ
[ئەی خودا/ گرێکە ئەم ژینە
پشکۆکان زەمهەریر
فیردەوسی دۆزەخین/دۆزەخی فیردەوسین]
دەنۆشن/ شەرابی کەدەری تەنیایی و
شەربەتی یاقووتی مەدهۆشی
کەسیرەو دەردەدار دەپەیڤن
پەژموردەو چاو خومار
دڕدۆنگن/ لە وەجدو چارەنووس
ئاسکی بالاکان ڕام دەکەن/ نیگەران
پیاڵەی عیشقێکی قاوەڕەنگ
نۆش دەکەن/ مەرگە مووش



حوققەباز/ پەنجەباز/ دیدەباز/ سینەباز
پەپوولەی شەبەقی باخچەکان
مووچڕکی چیچیلەی گوێچکەکان دەگرن و
پەنگری بەرسیلەی حەزەکان دامرکێ!
سەرگەردان/ دەلالێن/ دەژاکێن
ئەو مەلەک بەچکانە قەشەنگن
خەدەنگی خەونەکان لەسینەی
/مرازان/ دەپێکن
پەشمەکی جەستەیان
/کەڤاڵێ/ ئاڵتوونی پەرێشان
ڕەنگاڵەی پۆشاکیان
/سروشتێ/ نیگاری سەرگەشتە
دەروونیان فەنەری سیامالّ
مووڕووی /دڵ/ بەلەنگاز
موبتەلای ملوانکەی مەرگێکن لە حەشیش
/خەرابات/ مەفتەن و خەمیانە
بە ڕووتی سکلّی ڕۆح
بدەنە بەر ڕێژنەی بارانی بەیبوونی و
باهۆزی نەریتی ئاسکان
ئەو مەلەک بەچکانە
غەجەرن/ خەزاڵن/ گولاڵەی
شمشاد و قولقولی سوراحی و
ماخۆلانی خومارن
لازووردو مەرجان و ئاقیق و
شەو چرای دەیجوورن
تفتێلکی گوناھ و قورینگی قەوزەنە

قەزوانی قوزەح و تاووسی مورادو
هەرماسی هەوەسن
/مێرغوزار/ لە کوێیە؟
لە کوێیە/ مێرغوزار/
بە باڵای لاولاو و
چەپکەنی ماهووتی و کەمەر چین
بلەنگێ و بلەنگێ و بلەنگێ
[«ئەو مەلەک بەچکانە»]
شۆخانە ڕەندانە
ڕەنگینیی ئەتڵەسی خەندەکان
غوباری غوربەتی خەنەکان
لە گۆمی سەرشێتی و مەستی نێ
هەورینی وێنەکان
باسووق و سجووق و مێخەکی
عیشقەکان
لەسایەی ساباتی تەنیاییم هەڵڕێژێ
لەعلەکان/ خەونەکان/ تەرزەکان/ وەرزەکان/
ماچێنی گەردن و گوارەو گریشمە
ببارێن
لالەزار/ سەرمەست و سەربەست بێ
مێرگەکان/ بە ئاوی ئەڤین و
ئاونگی فەنابوون ئاودێرکەین
بەکامی خەمینی ڕاڕایی
عومرەوە
بۆ مەرگ و جوانی و نەمانی
وجوودمان بخەنین

٢٠٠٠/٩/٨



## بابەرم جانانە

*بۆ/ هاوڕێی شاعیرم «دڵشاد عەبدوڵلا»*

به حەسرەت عومری من یەکبارە فەوتا
مەگەر عومرێ دوبارەم پێ عەطاکەی
«نالی»

تۆ/ ئەو ئاڵتوونی گیابەندی ئاتەشینە
ڕووەو/ مەزراکانی دڵ، و فەزاکانی ڕۆح ببارێنە
ئەی گوڵگوڵێترین گوڵەندامی سەهۆڵێنی مەوداکانی مەرگی من
لەو/ دڵستانی کەساسینی کەسیرەبوونی ڕۆحەدا
خەفەتبار، و دەردەدار، و جەزبەدار، و ئەشکبار
«لێم تاریک بوو... ڕووی جانانە»
ئەو قەقنەسی پەرێشانی دەروونەی من
سەودازەدە، و مەیزەدە، و تلیاکزەدە
ئەی سرووشی عیشقی
شەپۆلینی دەشتی شیعرستان
غەزەلبارم، مەدەدکارم
شیرین ڕوخسار/ دلاوێز/ وەی ئاهوونیگا ؟!
بەو نووری دیدەو ئاگری ئەگریجەو
/ خەرمانەیی دڵ/
هەتاوگازم کە.. هەتاوگاز
بەو هەتاوینی چەمەنزاری پەرۆشینی غەمگینییە
سەقەردۆست بین.. سەقەردۆست
ئەی دڵنەوازی تەمەن و

سوهای



پەرچەم و پەیمانەو پەروانەو پەشمین و
پێروو و پەیڤین و پۆپەشمین

فیردەوسی/لیمۆ و لاولاو و لالەزاری عیشقستان،و
فۆبیای جوانییەکانی لاجانگ،و لەبزینەکانی لەززەت

هەی فەنتازیای

کەتانو کارێزو کاسو
کرێشەو کرێوەو کاهوو و
کۆستو کۆسارو کۆڵوانەو
کلافەو کفرو کوفرو
کرۆسکو کسپەو
کردگاری کەژاڵی

چاوخوماری ولاتی من
تۆی سەلسەبیلی سیمینی/
ئاگرو ئەڤین و ئاونگی وشە
تۆی/ بادەگەر/ و /فیتنەگەر/ و /خەمبەر/ و
غارەتگەری... /کەچ کولاهی من/

ئەو کتێبی ڕەشڕەشی میهرینی میهرەبانییە
ئەو ئەتڵەسی نەخشینی خوداوەندی گیانییە
ئەو بلوورینی مۆرفیمی خومارینی دین دینە

لە شووشەکانی تووتیای ئێسقانی جەستەو

پاییزی گڵۆپە نەیلۆفەڕییەکانی ڕۆحت
درەوشاوەترو ڕەونەقیترو ڕەوشەنیتر نییە!
ئەی درەخشانییەکانی قەدەرو مەرگ و فەنا ؟!
مێخەکبەندی بەربادی سەحەر
سمڵی سەلارین،
وەی! سیحری خومارینی بادەیی چاو!
لەم/ قولقول و غولغول و ڕۆح ئاوێزانی
سونبول سونبولەدا
لەم/ سوب سەحەر/ و / زەردەپەڕ/ و/ غرووب/ و
ئێوارەوەختەی غەمگین غەمگینەدا
پاژی چەهچەهەی زەمەنێک بسووتێنین!
ئاخر/ بەرچنە شەرابێکی مەرجاناوییە ئەو غوربەتی ژینە
ئەی ئەسمەریترین/ بەهێی / کریستاڵێک
لە خۆر و
ئەبەنۆسیترین/ خۆخی/ خەواڵووبوونێک
لە خەو و
تەرزینیترین نەفتالینی هەنارینی
چاڵە ئاڵئاڵەکانی مەرگ
ئۆوهـ! غەزەلبارم، مەدەدکارم، سیاماڵم
زەمەنێک/ تەنیا/ زەمەنێک
ئاڵ ئاڵ بخرۆشێ و
سوور سووریش
گومانە جوانەکانی پەرەنگەکانی
گوناه و خەتابارییە خەڵووزییەکان دایسێنین
چاوەزار/ نارنجیترین/ تابووتێکە/ لە مەی و موراد
ئێرەیی/ کوشتنی خەتخەتیترین کەشخەییترین



عیشقێکی زەیزەفونی و زەیزەفونییە
ئەی حەڵواییترین، شەککەریترین، ئەسمەریترین جوان!
تۆی مێرگ و مێرغوزارێک

دوڕڕ و سۆسەن و ڕێحانەو ئاقیق و شەونم و
لە پونگ و بەنگ و هێل و تفتێلک و نەعنەعەو
یاقووت و مەرجان و تەرخون و لەعلی بەدەخشان

ئای! موشکین نەفەس، غارەتگەری دڵ!
خەنەییترین زافەرانیترین ڕەمیدەترین
ئاسکی هەوارگەی حوزن!
چناری نەونیهالی نیگارینی دیدەمەستان
بەو ئاگرستانی جەننەتی جوانییە
ئەڤین ئەفشانم کە.. ئەڤین ئەفشان
با/ قەوس و قوزەحی فەنەری خامۆشینی
پەرتەوازەی ڕۆحم هەڵایسێ
بەو گریشمەی سورمەڕێژی سوبحانییە
زینهاری زەمهەریری زیندەگی بزەمزەمێنە!
ئەی/ فەنتازیای فیردەوس و ڕەفرەف و فەنا
تۆی/ مەلەکزاد و غەجەرزاد و ئاتەشزاد و
ئێزەدزاد و ئەڤینزاد
بەو هەورینی پۆشاک و حەشیشینی گۆناو
پەرچەم، و بەیبوونینی بەهێ و ستیان و
شمشادی قەد و قامەتەوە چ دەکەی؟!
ئای؟! دوڕڕدانەیی دڵ!
زڕزڕەی زنجیری زیوینی زومورڕەد

ئۆۆها! چەهچەهەیی/ باغی ئیرەم/
بەخشندەترین سوهای جیلوەبەخشی من
لەم/ مەرگەمووشینی درەوشانەوەی بوونەدا
لەم/ دەمدەمە، و وەلوەلە، و زەلزەلە، و
زەمزەمەیەدا
بخرۆشێ و بوروشێ و بدرەوشێ
تا/ زەرد زەرد دەلەنگێی
زەرد زەرد دەپەیڤێی
زەرد زەردیش دەزەمزەمێنی
ژیان/ جێهێشتنی خورجێنێک بلوێری
ماتەمینی و زەمزەمەیەکە و بەس!
مەرگ/ دوایین زەماوەندی زێراباندنی
خەونە خومارییەکانی ڕۆح و مەراقە مەراق
ئەی مەراقی شیعر و حەشیش و شەو و
شەوڕاو و شاندە شێتەکانی خولیا و خەنین!
بەو سەوداسەری لەنجاندنی ژێی وجوودە
زیلَ زیلَ بزەمزەمێنە و
هەڵووژەکانی عومر و گێلاسەکانی عیشق و
شەو و شەوبەندو شەیدابییەکان
لەو جانتای خەمینی یاقووتینی
نەوجەوانبوونی هەوەسی
گەردوونە شێتە هەڵدەو
هەڵدەو هەڵدەو هەڵدە
گەردوون گەردوون گەردوون
ئەی بۆدڕنیترین لاشەیی
پیر و کەنەفت و تلیاکێن



غەمزەدەییترین ڕێبواری ڕیسواییەکانی
غەجەرستانی عیشق عیشق عیشق
ئەی؟! دورجی فەنا!
نابەڵەد و بێ نوا و پەژمووردە خۆم!
بابمرم جانانە
بـ.. ا.. بـ.. مـ.. ر.. م
جـ.. ا.. نـ.. ا.. نـ..ە

* ناونیشان و ڕستەی نێو کەوانەکەو چەند تاقە وشەیەکیش، لە فەزای گۆرانییەکانی «دەروێش عەبدوڵڵا»وە تێکەڵ و ئاوێزانی ئەم دەقە بووینە.

١٥/ ٢/ ٢٠٠١



## ماچینەکان

*بۆ هاوڕێی شاعیرم «سەعدوڵڵا پەرۆش»*

زولفــان تو بەس چین چین بکە
بسکێـن مــوقــابیـل دین بکە
پێشکێشی یەک زولفەک تەبن
مـولکی خـوتەن تەخـتێ خـەتا
«مەلای جزیری»

ئەمشەو
تاریکی باڵۆنێکی بەیبوونییە و
ڕووەو کێڵگە دڕکاوییەکانی/ ئەبەد/
هەڵدەکشێ و
خەفەتە جیوەییەکانی/ بوون/ و
کەسەرە کەسکونییەکانی/ مەرگ/ جێدەهێڵێ
شکۆفەی مێلاقە مەرجانییەکانی
مێرگی/ گیان/ دەپشکوێن و
هەتوانی هەیوولای / گەردوون/ دەسووتێ
پەرەنگە پرتەقاڵییەکانی لەززەت و
خۆڵەمێشە ئەڤینییەکان
/ بەهێ/ ڕەیحانییەکانی دوڕڕ باخەڵێ
/ ماچین/ بە لەنجە دێن
ماچین ماچین /ماچین
تەلیسمێکی چاوباشقاڵی ئاگرینە و
چینییەکە پڕ لە فۆبیا
لەم ژینی سەربەشینی بابان وێرانەدا
برینە مێخەکییەکەی ڕووەو لەنجەی



/ با/ هەڵدەخا
هوزاری دڵ بچریکێنە
ئەی شەهلاییترین چاوخومار!
بیماریتر و خۆڵەکەوەبیتربە!
ئاڵ ئاڵ ئاڵەکۆکی چراخانی گۆناکانی
ئاگر دەگرن
شەوکراسی ڕۆح دەسووتێ
شەوکراسی ڕۆح دەسووتێ
ڕووخسارە بۆڕازیانەکەی
پرچە بۆخەناوییەکەی
گورزەتریفەی تاووساوییان لێ دەتکێ
ماچین ماچین ماچین
شەوکراسی چەند جوانە!
ماچین شێتە و جیلوەگەر و خومارینە
چین چین چینی گیابەندی
چیمەنە شێدارەکە شانە دەکا و
ڕووەو / نادیار/ دەڕوانێ...
نێو لەپی پڕ گوڵە خەشخاش
شەوکراسی چەند جوانە!
شیلەی شاتووی لەبی دەڕژێ و
دانە دانە
مووڕووی وەرزەکان دەژمێرێ
لەم سێباری نیوەشەوە تاریکی سپی سپییەدا
لەم فەریاد و فوغان و عەربەدەیەدا
شەو دەڕواو سەحەریش
ئەستێرە بە جریوە جریوی ئەرخەوانی و
خۆریش بە لەگەنێ

گزنگی حەڵواییەوە دەلەنگێ
[تۆی هەمدەمی یاسەمەنی لەززەتینی تەمەنی من
ئەی ستێری چنوورینی کەیوانی من/ بمژاکێنە]
لەم فەریاد و فوغان و عەربەدەیەدا/ ئەی یار
پەژموردەمکە پەژموردە
وجوود/ غەمباریترین بەردەوامبوونێکی شەکەرباراوییە
ماچێن ماچێن ماچێن
ئێمە چ دەکەین؟! ئاخر ئێمە چ دەکەین؟!
لەژێر بورجە چێن و ماچینییەکەی ئەزەلدا
بە تاسووقەی نامورادییەوە
دەنکە هەنارەکانی درەختی عومر و
مەرجانەکانی / باغی ئیرەم/
کۆدەکەینەوەو ورد ورد
لە هەڵکشانی باڵۆنە بەیبوونییەکانی
بەهێکان دەڕوانین..
ئەی؟! موراد و مەهوەشی من
شەعشەعەیی عالەمی باڵا!
[خوناوەکانی خوێ و خەونەکانی زەریا و
زەمەقەکانی زەمەنە زەیزەفونییەکان/ و
لازووردەکانی لاولاوی باڵا و نەرگزی
زەردەخەنە مزرەکان بۆن دەکەین] بۆن
ماچێن ماچێن ئەی ماچێن!
ماچێن شێتەو جیلوەگەر و خومارینە
ڕەشتۆزیترین تۆزڕەشێکی سەرگەردانە
شەوانە قازو قورینگی ئیکسیری
هێشووی وشە سەرشێتەکان دەلەنگێنێ
ئەی یار



خەمباریترین و نیگاریترین و ئەسمەریترین یار
لەم فەریاد و فوغان و عەربەدەیەدا
لەنێو ماڵە کەساسەکەی واژەیەکدا
سەرخەوێ بشکێنین/ ئەی یار
ئەم ئاقیقە مەرجانیانە
[بە نهێنییەکانی خۆڕسکی و هێورییەکانی
خامۆشییەوە هەڵدەکشێن]
ئەی شەوکراسی شەوڕاوی و
وڕێنەکانی جوانی مەستمان کەن!
مەست مەست مەست
لەگەڵ فۆنیمی پیتە نازپەروەرەکان
فەنابین فەنا
ئای؟!/ ماچ و موچە ماچینییەکانی مەچەکی
مەستیترین بێهوودەییەکانی عیشقێکی
شەرابینی ڕۆح پەروەر!
ئەی موراد و مەهوەشی من
شەعشەعەیی عالەمی باڵا
جولیان سوورێل جوولیان سوورێل
تۆ لەکوێی/ ئاخر تۆ لەکوێی؟!
لەم دۆزەخی عەدەم بارانی
بوونەدا چ بکەین؟!
تەنکترین ئاگری ڕۆحمان
لە بادەکانی ئەڤین دەنێین و
دڵۆپە ڕاڕاییەکانی بوونمان
بە پەپوولە تەمەن کورتەکانی
قەدەر و حەشیش دەسپێرین
شەو دەڕواو سەحەربش

[ئەی شەوڕاویترین و ئەشکبارترین و نوورئەفشانترین و
پەیڤین کوشتاریترین شەو، یەلداییترین
شەوی تاریکییە سپییە/ ڕووناکییە کەوەڕۆژییەکان
ئارژنگ و ئارموش و ئامان و ئامەد و ئومێدەکانی
تیشکی فەنتازیای تەرزەو بارانی قەرقەفی
عیشقی حەسرەتینت بیارێنە]
ماچە ماچینییەکان
چینییەکی پڕ لە ئەفیون و ئەفیونن
دەریاچەکانی /دڵ/ بە هیستریا دێنن
ماهووتەکانی هزریش زیواڵ زیواڵ
هەڵدەوەشێنەوە
ئێمەی گیاکەڵەی بێستانەکانی «زیۆس»
لەوێ
لەژێر بورجە چین و ماچینییەکەی ئەزەلدا
مووڕووی وەرزەکان دەژمێرین و
گۆرانییە ماچینییەکان دەچڕین و
مەست مەست دەبین
شەو دەڕواو سەحەریش
لەم فەریاد و فوغان و عەربەدەیەدا
بە فێدارییەوە بیر لە ملوانکە ئەڵماسییەکانی
/ ئەبەد/ دەکەینەوە
ئای؟! موراد و مەهوەشی من
بەو لەرزانی زوننارینی زوڵفەوە
شەوکراسی چەنێ جوانە!
ئەی یار
خەمباریترین و نیگاریترین و ئەسمەریترین یار
باڵۆنە بەیبونییەکان هەڵدەکشێن!



وەرزێکی تر .... وەرزێکی تر
ئەسمەرپێچی بوونمان دەپێچینەوەو هەڵدەکشێین
دەریاش/ بە خەندانەوە
دەخەنی و دەخەنی و دەخەنی و
مرواریییە شەرابییە نەوڕەسیدەکانی /کەنار/
بە حەشیشی جوانسەراکان دەسپێرێ و
جەنگەڵێک/ لە تروسکەی ئاڵ ئاڵ ئاڵ
دەدرەخشێ
ئەی ئاسمانیترین/ سرووش/ بە فریام کەوە
تۆی هوزاری غەزەلخوانی غەزەلباری
/ ئیرەمی دڵ/
ئێستە لەکوێی؟!
ئاسمان بە ئاخڵەی پیرۆزەوە
زیوینیترین زریزەیەک لە گەردنی
کارمامزە خەناوییەکان دەئاڵێنێ
لەم جەنگەڵستانی قەوزەییەدا چ دەکەین؟!
ماچێن شێتەو جیلوەگەر و خومارینە
چین چین چینی گیابەندی
چەمەنە شێدارەکە شانە دەکا و
شەو دەڕواو سەحەریش
لەنێو ئیقاعی واژەو دەستەواژەو
سرووشتینی ڕەهەندەی مەفتەنی مندا
ساغەرێک شەرابی ئاڵ و
چەند تنۆکێ
ژەهری هەلایل
جێ دێڵێ و
جـ ێــ د ێـ ڵـ ێ

مارتی ٢٠٠١



## خەون

تۆ کە حۆریت، وەرە نێو جەننەتی دیدەم. چ دەکەی
لەم دڵەی پڕ شـــەرەر و ســـینەیی ســـۆزانمدا؟!
«نالی»

خەناوکەت لە بادە دەکەم و
دەیخۆمەوەو دەیخۆمەوەو دەیخۆمەوە
ئەی عەتری
عوودو عونناب و عەرعەرو عەنبەرو عیشوە
ومیسک و سونبول و ساغەرو سوپەندو سوهاو
سەمەن و سەروو و سەحەرو سورمەو سەدەف و سیلسیلەو سەماو سۆزان و شەهلاو شەهێن و
شیلان و شووشەو شەبچراغ و شانەو شەوەو شەوبۆ و شەرزەو ڕام و ڕاکی و ڕازیانەو هەرمێ و هوزارو هۆبەو فەنەرو لەب و لەبلەب و لەبالەب و بادو بادام و بادی و لیمۆ و شمشادو
سرووش & عیشق & حەشیش
ئیکسیری
ئاگرینی
ئاڵتوون و
دەف و
جەزبەو
مەست مەست مەستی
ئاتەشو
بەها! بەها! بەهی
بەهێو
مەها! مەها! مەهی



موراد و
حەش حەش حەشی
حەشیش و
خەش خەش خەشی
خەشخاش و
ئاڵ ئاڵ ئاڵی
مەرجان و
جەم جەم جەمی
جوانی وجیلوەو تارا و تاوەرو تابان و تەلارو کۆسارو کەمەرو کوردو کافوورو کەناری و کاشان و کاشانەو کەژاوەو کەوسەرو کۆتەرەو کانی و کارێزو هێرۆ و هاموون و هەلهەلەو زوونارو زوحەل و زەری و زەنوێرو زێزێ و زازاو زیو و زەیتوون و زیزن و زەردەپەڕو زەند و زەنەخ و زنارو زیلان و زریزەو زایزۆن و زەمزەمەو
زیۆس و نازنازو نەورەس و نیهال و مەخمەڵ و
گەزەندو گوفتارو گوڵشەن و وەسمەو وەنەوشەو وەزان و مول و مەستانەو ڕوقیاو لالەو لاڤیاو لایەق و ئاسیاو سۆنیاو فریب و بوردو ئەختەرو قۆخ و قەیسی و قەنەفڵ و قاوەو نەسیم و بان و پاوانە
تۆی/ جادووی جەمی جیلوەگەری
خشڵ و خەشخاش و خولیا و خەڵات و خەتا و خەزاڵ و خێڵ و خەیلان و خەرمان و خەزێم و خواز و خاڵ و خەڵووز و خەون و خەندان و
خاوەرو خومارو خاراو خەنەو خەندەو
خەندەران و خوناو و
خەمان!
ئەی کریستاڵی خەردەلە جوانەکانی نووری باڵا!
گوڵئەندامیترین نیگەرانیترین لەنجەی دووشینی
یاقووتینی/ دڵ/ی [گەردوون]ای
نەشئەباز/و عەترباز/و سیحرباز/و جیلوەباز!
لێوڕێژمانکە لێوڕێژ ئەی خودا؟!

بە ئەڤین و بە ئەڤین و بە ئەڤین و بە ئەڤین
لێوبەبار/و دەردەدار/و ئەشکبار/و خەفەتبار
چ کەمەندێکە؟!/ کەمەندی عیشقی قورینگی سەقەرڕەنگ
سەقەرڕەنگ و سەقەرڕەنگ و سەقەرڕەنگ
خرۆشانی ورێنەکانی ڕۆح و کارێزەکانی
مەرگ و میهرو حەزو حەسرەت و گوناه و
عەترو جوانی! و
عومرو عەدەم و خەون و خەفەت و سەفا!
ئەی یار؟!
ڕەشتۆزیترین و گوڵئەندامیترین و
نیگەرانیترین و عەترباریترین یار
لەم ئەفغان و فوغان و فیغانەدا
ئەی خودا؟!
دەردەدار، و جەزبەدار، و لێوبەبار، و
خەفەتبار، و ئەشکبار
[شەدەلار، وەی مەزەدار!، چاو بەخومار]
مەست مەستی خەرامان!

هەرتۆی
ئاونگ
و
ئاورینگی
گیان!
ئەی؟!

نەستەرەنی جەننەتی دڵ!
نارەوەنی دۆزەخی هۆش!
خاری موغیلانی غەیبی مێرگی غرووب!



سیمیای سیمینی حرووفی نەفرەتین!
بیابانی خەزەڵوەری سەهۆڵینی مەرگی من
ئۆوه؟!/ شۆخانیترین شاشوختی نەخشی
شوعلەڕێژی یەزدانی!
وەی؟!/ هودهودی فیردەوسی ڕۆح!
منی سەودازەدە، سەودازەدە
سەوداسەرم
سەوداسەرم
سەوداسەر

٢٠٠١/٦/١٢

# سروودەکانی عیشق

مونەججیم کەرگەس و لاشەی لەلا شەیئێکە، نەیزانی
کە ئەم ئەفلاکە چەند لاکە، ئەم گەردوونە چەند دوونە
«نالی»

## دەشنێ

طوڕڕەت وەکو تۆماری شکستە و، سەری کوڵمت
بۆ نووری سەوادم بووەتە شەمعی موتالآ
«ناڵی»

تۆ بەو هەموو
ڕازو نیازو نەوازو نیانییەوە
پەیکەرێکی لە عوودو ڕووبارێکی لە مەی و
خەراباتێکیشی لە میهرو مورادو مەراق
ئەی نوور ئەفشانی خەدەنگی
ڕۆحی خوڕڕەم و خرۆشان و سەفا
وەی! سایەبانی نساری گیان!
پەلکە زێڕینەی چەرمگی
ئاسۆی سیماڵی عەدەم!
بشنێ و بشنێ و بشنێ
لەم عیشوەگاهی

| |
|---|
| لەنجەی پۆڕو کۆترە شینکەی ئێواری سینای<br>فیردەوس و بۆنی عەترباری کڕێوەو کڕنووشی<br>هەورو کەڵکەڵەی کۆڤانی مەرگ و لەو خەڵوەتگاهی<br>«سوپەندی دڵ»ە، نەسیمی دووکەڵستانی<br>بخووردی نەشئەی مەستی، ماهووتی<br>پیرۆزەشینەی/چاوەزار/ دەشەکێنێ |

بشنێ و بشنێ و بشنێ
گەردوون ئاخ! گەردوون
لە بوقعەی سەمایەکی ئاڵی سیلسیلەداری
سیحراویدا مات و سەرگەردان و مەلوول



بەڵاگەردانی باڵای خەرمانەی عیشقێکی خومارینە
ئۆوە! ماهی یەکتا
میهری یەکتاش بەو هەموو
زینەت و فیرقەت و جیلوەت و
سەڵتەنەتەوە.. ڕەندو ڕەوەند
شین شین شینی شێوەی شیوەنی شیرینی
لەنجەیەک دەگێڕێ
ئەی خەرامانیترین لارولەنجەو لارێک لە
نازنازو لالەو لاولاو و لەیموون
تۆی میحرابی سایەو سۆمای سەرابینی
سوجدەگاهی/سەفاگاهی/ خەڵوەتگاهی
پیرۆزیترین قەوسوقوزەحی ئەبرۆی
/ئاتوونێک/ لە میهرو مەهتاب و مەرجان!
ئەی گوڵمێخەکی مێرگی مەخمەڵینی
دڵ و دەروون و وەجدی ئاتەشین!
وەی!/ ملوانکەیەک لە مرازو پاوانەیەک
لە پەیمانەو زوحەل و زوهراو زومەڕڕەدو
زیوی سوها
بشنێ و بشنێ و بشنێ
بە نقێمی خەندەو پوولەکەی پەیڤین و
زەنگیانەی نەوا
ئەم عیشقی ئەزەلباری وجوودە عەترناککە عەترناک!
تا ئەتلەسینی ئاسۆمان خۆشتر بوێ و
پیاڵەیەکی تر لەو شەراب و حەشیش و شکەن و
ماچ و مووچ و نافەو گەردن و باڵاو ستیان و
کەمەرو ئەڤین و سینەی ئەڵماسینە بنۆشین!
بابنۆشین با با با با با

دای دای دای دای
زەمەن دای/ مەرگ دای/ عیشق دای
قەقنەسی «دڵ» عەتری/سوپەند/ دەوەرێنێ
شالووری «ڕۆح» نەغمەی غەزەلخوانی غرووب
شەویش/ شوعلەیەکی شێتی شەیتانییەو
پرشنگی شەوچرای قەدەر!
وەرەو وەرەو وەرەو
ئەی ئەتڵەسیترین ڕووباری من!
لەم کەرنەڤاڵی شینی سفرەو نارنجینی لەنگەرییەی
وجوودەدا وجوودەدا
جیلوەی گوڵشەنی گۆزەیەک بشکێنین!
نەبادا جوغدی ئەجەل ئیکسیری ڕۆح بخواتەوەو
تەرزەی ئاڵی یاقووتی/فەنا/ بباریێ
دای دای دای
دای دای دای
تۆ بەو هەموو جوانییەوە چ دەکەی؟!
بەو هەموو جوانییەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟!
ئەی ئێمە کێین و چی دەکەین و ئەتۆ کێ و ئەو کێیە؟
با بڕۆین؟! بەرەو کوێ؟!
بەسە بەسە ئەم بێدەنگییە کوشندەییە
ئاخ ئاخ ئاخ
[چاو بنێ بەیەکدا]
با کۆتایی بە نەسیمی مەوسیمی شتگەلەکان بێنین!
بێدەنگی بەسە، بدوێ و بقیژێنە
بۆ بۆ بۆ        بۆ سەرسامی بۆ!
ئەم وڕێنەیەت لەچی؟ ئەی ئەو تارماییە دوورە
ئەی عیشقی خودایی، نووری کەینوونەی باڵا!



هەر تۆم پەناهی/ بەفریام کەوە.. بەفریام کەوە!
چیم لێ دەکەی چی چی چی
[چاو بنێ بە یەکدا]و بەیەکداو
بەسۆزی سەمای ئاوێنەی ڕەونەقی
تازە جەوانییەوە
گۆرانی بچڕین و بچڕین و بچڕین
دای دای دای
ئەبەد دای/ جوانی دای
ئەی خودا تازە چی بکەم! چی چی چی
زەینم موشەووەش و بەربڵاو
لەبڕێز بە یەئس و ئاگرو خەفەت
خەریکە ئێوارە وەختانیش بە تەرمی تارماییە
تاریکەکانی تاوان و گومان و گوناه،
دامدەگرێ و دامدەگرێ و دامدەگرێ
زەمەنیش بەزەڵزەڵەو زەمزەمەو زەماوەندەوە
دێ و دێ و دێ
دای دای دای
لەمینای پەنجەرەی

بەفرو

| | | |
|---|---|---|
| نیگاو | | نیگارو |
| نسێ و | | نسـارو |
| نەرد | | نـەواو |
| نیــهــال | و | نارەوەن و |
| نازناز | و | ناردین |
| و ناسوفتە | و | نەوڕەستەو |
| نارو نازو | و | نەزەربازو |
| نەشئەگاه | | |

دەدا
دای دای دای
ئەی دەفری سۆفلێینی لە بالەب لە
نوورو چەمەن و دالیاو تاراو خەمان و
یاسەمەن و
دای دای دای
ئێوارە دایگرتووم!
دونیای خرۆشاویش بە لێوی شەرابییەوە
مەست و پەژمووردەو پەرێشان
قامکە بلوورییەکانی /جوانی/ ڕادەمووسێ و
عەتری زافەرانی لەشێک دەخواتەوەو
دەخواتەوەو دەخواتەوە
ئای؟! چ؟! زەمزەمەیەکی ئاڵ و ئاڵۆزە! د و ن ی ا
بەو هەموو جوانییەوە
دەشنێ و دەشنێ و دەشنێ
ڕازو نیازو نەوازو نیانییەکانی
پشکۆی عیشق دەبارێنێ و
دەبارێنێ و
دەبارێنێ
د ە ب ا ر ێ ن ێ ......

٢٠٠١/٨/٨

## کەفباران

شەو چەپکەنی نەیلۆفەڕی یو جیلوەیی ڕەقصی
شەرمندە دەکا زوهرەیی زەهرا لە سەمادا
«نالی»

لەم جیلوەگاهی جوانییەدا
کەف کەف کەفی
ئابجۆی زوڵفی پەشمەکینت
دەپرژێتە سەر مەڕمەڕی کافووری ڕۆح!
گوڵە بەدەکانی /دەروون/
مەست مەست
کەفی فێدارییان لێ دەچۆڕێ
سیلسیلەیەک کەفی ئاڵتوونی دەسووتێ
کەفی / گوناه
کەفی / خەتا
کەفی / عیشق
کەفی / فۆبیا
کەفی شوعلەڕێژی خودا!
لەم کەفبارانە نەیلۆفەڕییەی قەوس و قوزەحییەدا
ئەی یار
مەهتابیترین و دڵنەوازیترین و دیدەمەستیترین یار
شەو/ شووشەیەکی خاڵی و پەرکەمدارە
گیانیش/ لەتێ مۆسیقای مەستی موسافیر!
ئای؟! خودای من
من بەو هۆشی شکستە و



هەڵوەشانەوەی ڕۆحەوە
چۆن چۆنی بیر بکەمەوە و کۆدی کەفی
بلوورینی ئەم / ئەزەلە / لێکدەمەوە!
ئەی یار
مەهتابیترین و دڵنەوازیترین و دیدەمەستیترین یار!
وەی کەوسەریترین ڕووبارێک لە ڕێحان و ڕەز و ئاقیق
یاسەمەنی ئەندەروونی ئیرەمی دڵ!
لەرزانیترین کەفی نیگەرانی
دەریای غرووب!
وجوود/ ڕەنگینیترین و گوڵزاریترین و دڵڕفێنیترین
کاشانەیەک کەفی کەفاوی کەسەرباری
خۆڵەکەوەبییە!
ئەی یار
مەهتابیترین و دڵنەوازیترین و دیدەمەستیترین یار!
تۆی تەواری تەوتەمەکانی ئۆرفیۆس و
زەنگیانە زیزنەکەی کەفی قەدەر!
بەو کەفبارانی نەخشی یەزدانییەوە
ئێستە لەکوێی؟!

٢٠٠١/٦/١٦

# سەمای پێپوکان

*بۆ هاوڕێم: ئیسماعیل گەیلانی*

بەم کاسە لەسەر پەنجە دەڵێن: نووری عەلا نوور
ڕەخشانە لە میشکاتی قەدەحدا وەکو میصباح
«نالی»

پیرە «بی»یەکان بە سەرسامییەوە
کتێبی ئاڵۆسکاوی / ئاو/ دەخوێننەوەو
غەزەلێکی بەربڵاوی /قەدەری/
بۆ باڵای / زەمەن/ دەچڕن
هەموو شتێ لەم جۆباری بەفراوە زریزەییەدا
بە شکۆمەندییەوە دەڕواو دەڕواو دەڕوا
گەڵا ، پوولەکەماسی، تێل تاووس، ئەگریجە و شکەن
غەمگینیترین تاری غەریبی دەژەنێ!
لێرە/ وجوود ئاوازێکی سەرگەرمی بێسەروشوێنی
لەنجەدارەو ، /مەرگیش/ نەسیمێکی ناوادەو ناگەهان
لە جیلوەگاهی /ڕەنگاڵە/ و /کلک تەقێنە/ و /ڕەوێڵێ
قەلەموونە سەرکزەکان/ و عەتری گوڵەکێوی و گوڵەباغەکانەوە
هەڵدەکا و خەندەیەکی نیگەرانی ئەبەنۆسی جێدەهێڵێ!
ئای؟! شۆڕە «بی»یە پەلک ڕێحانییەکەی
نەرگزجاڕی فیردەوسی /دڵ/
ئاسکی خەتا، ئاسکی ختەن!
لەژێر سایەی درەختە نامورادە خوڕافییەکاندا
کەوسەری گۆپکەی ڕۆحێکی تاووسینی
بەژاوەژاومان نەنۆشی



تا مەرجانەکانی عیشق و ئومێد هەڵایسێن و
لەم ئیرەمی ئارانە ئیلاهییەدا
سیامالّی شەو بسووتێ!
لێرە/ ئاو دەڕواو گەڵا خەمینەکانی تەمەن و
ڕەنگە تۆخ تۆخەکانی پێپوکی جوانیش
خوم و خاکستەرو خاسەڕەنگ ئاسا
هەڵدەوەرێن و هەڵدەوەرێن و هەڵدەوەرێن

ژیان/ چەند هۆبەیەکی چلچراداری پرتەقاڵییە و کوللە
ئاسمانییەکانی دڵ و دەروون ڕۆشندەکاتەوە
ئەمیان دادەگیرسێ و ئەویان دەکوژێتەوە، لەنێوان
هەر دایسان و کوژانەوەیەکدا، (کۆد)ێ هەس و ڕاڤە ناکرێ!

ئای چ؟! کارەساتێکە ئەم سەیروورەیە ئەی خودا!
ئەو ئاڵۆزییە لەبڕێز لە نهێنییە
ئەو هەموو کەژ و کێوانە لەچی دەدوێن؟!
ئەی؟! سرووشت بەو لێشاوی
ڕاز و نیازو حوسن و ترسناکییە بێکۆتاییەی؟
لێرە لەژێر پیرە «بی»یەکاندا
خێوەتمان هەڵداو، ئاگرمان کردەوە ئاگر ئاگر ئاگر
«با» ئەستوندەگی لێ دەشکاندین!
زیندەگی/ بەو هەموو فراوانییەوە، کۆرپەیەکی بنێسی ڕەنگ
زافەرانی بوو، لە ئامێزی جۆلانەیەکی وەنەوشەییدا
دەژەنراو دەژەنراو دەژەنرا
مەرجانەکانی گیانی دەهەژاندین و دەهەژاندین
هەلاژاین... کە هەلاژاین

چ هەڵاژانێک؟!
بە زەمزەمەی زیزنی زایزۆن و
زناک و زەواڵ و زەری
هێدی هێدی گۆرانیمان دەچڕی:
«زامدار ئەی زامدار»
زامدار ئەی زامدار
[لەم پانتایی گەڕانەوەی هەتا هەتاییەدا]
عەتری حەشیشی واژەکان لە بادە دەکەین
زامدار ئەی زامدار
[لەم پانتایی گەڕانەوەی هەتا هەتاییەدا]
عەتری حەشیشی واژەکان لە بادە دەکەین
هەڵکشاین... کە هەڵکشاین
چ هەڵکشانێک؟!
ئاسۆ پشکۆیەکی سوور سوور
تیشکە ئاڵئاڵەکانی دادەڕژا
زەمەن زیباییترین زەماوەندێکی زیوبینی دەگێڕا!
ئێمەی غەریب و موسافیر
کەسیرەو خومار خۆمان!
بە قریوە قریوی تازە جەوانییەوە
لە قاقای شێتانەمان دا... قا قا قا قا قا قا
غەجەر ئاسا.. غەجەر غەجەر غەجەر ئاسا
سەمامان کردو سەمامان کردو سەمامان کرد
لەپڕ هەڵگیرساین... کە هەڵگیرساین
چ هەڵگیرسانێک؟!
مەشکەیەک /ڕاکی/مان نۆشی!

ئەجەل/ گورگێکی هاری چاو هەڵماتی بریندار، باڵ باڵ باڵ باڵ



باڵی لێ دەڕواو بە زەردەیەکی ئاڵۆسکاوی ڤایرۆسییەوە
دەیلووران!
ئێمە چی دەکەین؟! ئاخر چی دەکەین؟! ئەی دووبەیانی چی دەکەین؟!
لەنێو بەفراوە مارەزیوبییەکەدا
مەلەمان کردو مەلەمان کردو مەلەمان کرد
بە چزووی مووچڕکەکانی /عەبەس/ خرۆشاین
چ؟! خرۆشانێک؟!
دڵ بەرهەڵا، ڕۆح بەرهەڵا، عیشق و جوانی بەرهەڵا
زەین و هزرو عەقڵ و / ئەندێشە/ش
خەتەرناک و عەرەقناک و خەوفناک و عەترناک

ژیان/ ئاوازێکی ئاڵۆزی زایەڵە غوربەتییە و لەپڕ دێت و
لە نساری تەلارێکی نادیاری تەنهاییدا لەنێو دەچێ!

ژیان/ چەپکێ دووکەڵی کافووڕڕەنگی گەڕیدەیە و

> سەحەرگاهان

دڵی میهرینی /ڕەوەندان/ دەلاوێنێ و
دەوار/ خەڵوزیترین یاقوتێکەو دەدرەخشێ و دەدرەخشێ و دەدرەخشێ و
چرکە ڕۆشناییەکانی

> خەون و خولیاو خێڵەو ژوورو
> جەم و جادووبەندو جەلەب و
> چێژی سەرچڵییەکانی چێوار

لێکدەداتەوە و لێکدەداتەوە
تۆی/ فەنەری جیلوەگاهی مورادی من! ئەی یار
ماهی ئەزەل، خۆری ئەبەد!
پەریزادەترین و دڵنەوازیترین یار
با بنۆشین... با بنۆشین... دەبابنۆشین
لەو عەتری سوراحی گەردنە
مەی و مول و گوڵ و نوور و نەواز!
تاریکی/ هەورێکی هەتاوینەو هەمدەم هاموونەکانی
عیشوەو عیشقستان دەشێوێنێ و
کێڵگە حەسرەتێک جێدێڵێ.. جێ
بەمجۆرە بیرمان دەکردەوەو بە هێمنیش لە سیحری
نەخشە جوانییەکانی یەزدانی ڕادەماین و ڕاڕادەماین
ئێمەی کۆچەرانی زۆمی زەمەن!
لەوێ لەژێر پیرە «بی»یەکاندا، پیتمان دەچڕی:
«زامدار ئەی زامدار، زامدار ئەی زامدار»
بێژەمان بە لەنجە دەهێناو باڵی دەگرت و باڵ
باڵ باڵ باڵ باڵ باڵ
گوڵە بەدەکانی سرووشتمان بە شەراب ئاودێر دەکردو ئاودێر
دەکردو ئاودێر دەکرد
مەلەمان دەکردو وشە تەزیوەکانی ئەڤینمان
هەڵدەدایە فەرهەنگی ئاتەشکەدەی بێهوودەیی و
بێهوودەیی و بێهوودەیی
ئای؟! چ کارەساتێکە ئەم سەیرووڕەیە ئەی خودا!
بە سەرمەستیش/
وازیمان بە شەپۆلەچەوی موراد دەکرد
شەو/ ڕەشتۆزیترین ڕەشماڵێکی



بخوورین بوو.. دادەگیرساو
بە دانەموورووی خۆڵەکەوەییەوە
دایدەپۆشین و دایدەپۆشین و
د ا ی د ە پ ۆ ش ی ن

٢٠٠١/٩/٢٥

# مەرگی غەریبان

*بۆ: هاورێی شانۆکارم «ئازاد مەولوود»*

«تێکستێکی شیعر ئامێزە و لە ژیانی تایبەتی گرۆهێ سالووک «الصعلوک» و چەند کەسایەتییەکی تراژیدی و فۆبیایی دەدوێ کە بەهەوەسی خۆیان جۆرە ژیانێکیان هەڵبژارد و تێیدا سەریان نایەوە، جا خوێنەر بۆی هەیە بەئارەزووی خۆی و بە پێی پیت و مۆرفێمی نێو کەوانەکان هەر ناوێ دەسنیشان دەکا بەمەرجێ لە ڕووی ڕیتمی دەروونی ڕستە و بڕگەکان هەماهەنگ و کۆک و تەبابێ»

ساقی! وەرە ڕەنگین کە بەپەنجە لەبی ئەقداح
بەم ڕاحە، لەسەر ڕاحە، دەڵێن: ڕاحەتی ئەرواح
«نالی»

A

ئەو پیری خەرەف، ئافەتی مەردییو صەفابوو
تۆ شۆخ و جوان، دوور بی لە ئافات و خەرافات
«نالی»

گورگێکی چڵێس و برسی سەرپاکی شنۆی ڕەندی
تەمەنی بە تەپ و تۆزی خەڵووزخانەکەو خەم و
قەرقەف و زوخاڵستانی قەدەرا سپارد،
خۆرکەوتنێ سارد
دەتگوت ڕەژووەو ڕەشداگەڕاوە!

B

بە ڕەنگی تەڵخی ڕیشۆڵان شاگەشکە دەبوو
سوڵتانی سەرای سەڵتەنەتخانەی سەرابستانێک
تۆڕێ تواری تاری تەوتەمی



تەڵاییترین توغرای شەوڕەنگی
شەعشەعەداری سەراپەردەکەی!

C

بە داس و گسک و شکۆیی
داو داو شکافی عومری بەبادا

D

من لە بێ بەرگی «مەخە»م پرسی، کە بۆ چ ڕووتی؟ وتی:
«ڕەببی من شێت بم ئەگەر شادبم بە بەرگی عارییە!»
«نالی»

شێتێتی و نەقش و دارتاشی
لە دەسڕەنگینی تاقە توحفەیەک
بەرجەستە دەکرد،
بە گورگە لۆقەش خۆی هەڵدەدایە
حەوزی لیخنی «باغی شار»ەوە

E

بە نەواو نەغمەو عەربەدەو
خەفەتبارترین سەدای حەسرەتکێش
ئاگری عیشقی دڵ و دەروونی دانەدەمرکا!

F

گۆرانییەک بوو، لە ئەزەلەوە هەمیشە خەمبار
یاوەریترین دۆستی شیرینی گۆچانی دەستی
سوب سەحەرێکی سافی سوسنی
بە نائومێدی سەری نایەوە!

G

قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دنیایی دەنی
قەدری ئەو کەمترو، هەردوو لە غەمی یەکدی غەنی
«نالی»

بە نەردو مۆرەی، لەگاوی ڕەنگین
مەینەتەکانی نامورادی خۆی پێوانە دەکرد!
ئیکسیری ژینی لە بۆی گوڵشەن و عەتری
عەنبەرو ڕەنگ و مەڵهەم و زەنای زەواڵی
زەنجەفیلگەلی زەمهەریری ڕۆح دەگرتەوە
گەڕیدەترین موسافیرێکی شەقی و ڕەوتەنی
شکۆی قەڵافەی چەقۆکێشانی زەندەقرێژ دەکرد
ئەمێستا گۆڕێ بێناونیشان!

H

کەللە وەک جەڕڕەی شەرابی پڕ نیشاط و تەڕدەماغ
شێری نەڕ، ئاهوویی بەڕ، گورگی سەفەر، قەمچی نەچێژ
«نالی»

دەتگوت ڕەگەزی لە سڵقە سوورە و بەکەرێ
سپی مەیخانەکانی ئاقاری شاری یەک یەک
تەی دەکرد، دوای بەدمەستی دەیگەڕانەوە
کۆختە شڕەکەی!

I

ساڵێکی ڕەبەق بێجامەی بەری جارێ نەشۆری
پاشان لوولیداو تووڕهەڵیدایە ئاوی دیجلەوە!



J

دەزانی خۆ دەچینە جێی غەریبان
بە مەرگی خۆت ئەگەر چاوان سیاکەی!
«نالی»

بەدوایین خڵتەی شەرابی کەدەر، کەوتە گیانەڵا
هەم خۆی غەریب و هەم بەستەکانی!

K

«ئەرێ باڵاکەت بەرزەو شۆڕێ ناوت نازانم
وەڵڵا بە زمانی کوردی دیدەم قەزات لە گیانم»
لای لای لای لای
فنجانێ قاوەی کەیلی مەرگەمووش، لە خشتەی بردو
سەرگەشتەو مەلوول، چاونەترسێ بوو، چریکەی دەنگی
سوورە قورینگی ئاسمانی ڕەها
«جەمیلە» مابا، قژی دادەڕنی و جلی دادەدڕی و
بە سەردولکەیێ تا ڕۆژی پەسڵان گەردوونی
نوقمی دەریاچەی ئەشکی حەسرەتین دەکرد!

L

ئێوارە وەختان بەرچنەکانی پڕ لە گێلاس و
قەیسی و هەڵووژەو سێو و لالەنگی، بایی
نان و شەرابێ هەرزانفرۆش دەکرد
چرکەی سەرمەستیش تێیدەچریکان!
«نەکۆییم نەدەشتیمە
کابرایێ قاچاخچیمە
لەبەر خاتری چاوکاڵان
لە دینی عیسایيمە»

ئەرێ لای لای لای لای
«لە صوبحی کاذیبی شەودا».. چەقۆ ڕێژکرا!

M

سی و جگەرخانەی سەفەری، کاتێ تێکدەنا
بەختەوەرترین میری سالووکان، تا سەحەرگاهان
دەکەوتە سەماو ساغەرنۆشین و بەزم و زەمزەمە
پەیکانی ئەجەل دەرفەتی نەدا!

N

بە قیژەی تیژو نەعرەتەی شێتی و قرقێنەی بەرزی
سامناکیترین شەوی دزانی دەهێنا لەرزە
بەدفەڕیترین سیامەستێ بوو!

O

ناوازەترین حەبەشزادەیەک، قابە شەرابی
لە سیلەی قەبران-دا دەشاردەوە،
تاریکیترین شەوێکی سپی
بوو بە نەخچیری سەرماو سەروەشی!

P

عومری بێ حاصڵی من چوو بە عەبەث
ئەمەکم هەرچی هەبوو چوو بە عەبەث
«نالی»

لە داخی عیشقی شۆخانیترین قەرەجبەچکەیەک
کۆگای پڕاوپڕ لە لالەو چینی و چلچراو شووشە و
فەخفووری، بە عەبەس سپارد، کە دۆزرایەوە
لە ئەندەروونی ژووری تەنهایی و نەهامەتیدا
هەڵواسرابوو!



Q

لە دوورڕا ڕیزێ ددانی
زەردی زێڕینی دەبریسکایەوەو
تێکەڵی زەردەی ئالۆزی دەبوو
هاودەمێکی خۆی
بە غافڵگیری زەفەری پێ برد!

R

لاکین ئەمە دونیایە، گەهێ سوورە، گەهێ شین
«لایُسألُ مَن عاشَ، وَمَنْ مات، ومن فات؟!»
«نالی»

بەلەنگازێکی بێ شوناسنامە، بە پرچی لوول و پاڵتۆی درێژو
بزەی سیحراوی لە حەشاماتی بازاڕەکاندا بەبێ موبالات
دەخولایەوەو گیرفانەکانی تەژی لە چوکلات
دەیبەشییە سەر [منالّ و مەزن]ان، لەبەر دوکانی
قەسابەکانیش گۆشت و ئێسقانی کۆدەکردەوەو
ڕووەو گۆڕستان هەنگاوی دەنا، ڕەوە پشیلە
دەوریان دەدا، لە هەمان شوێن گۆڕغەریب کرا!

S

کۆتربازێکی ڕەهەندەو کەساس، بە چاوی کزی
دەیڕوانییە قوولایی ئاسمان، دووبەری دەستی
دەدا بەیەکدا و لە دوایین چرکەی سیاچارەیی،
کوێرایی داهات.. بە چەپڵە لێدان کەوتە ئاوزینگدان

T

پڕکە قەدەحی پڕ فەرەحی بێ تەرەح و غەم
«ناوِلْني، و نادِمني و غازِلني بالأفراح» «نالی»

بالآبەرزێکی پرچ قەترانی تیلماسکێ پەڕۆی
سووری مەرجانی لە نێوچەوانی خۆی گرێ دەداو
«حەربە»کەی دەستی دەدرەخشایەوەو
بەشکۆمەندی لەبەر ڕەهێڵ و تۆف و بارانی
شەقامەکاندا چوست ڕادەوەستاو
شێتانە شووشەی مەی هەڵدەقوڕان!

U

لانەوازێکی ئالوودەی مەی و شەوانە لەبەر
ئاسانەو خەبەنگەکاندا لێی ڕادەکشاو لە پرخەی
خەوی نائومێدیدا، بەدفەڕێ هات و
گڕی تێبەردا!

V

عاشقی صونعی حەقم، قوربانی ڕەنگی قودرەتم:
چاوی ماوی، خاڵی شین، کوڵمی سپی، زوڵفی سیا
«نالی»

بە کۆڵێ بلوێری ئەڤین
لە شەقامەکان دەخولایەوەو
ئاوازی عیشق و مەرگی دەژەنی و
هەوری خەمینی ئاسمانی
میهری نم نم دەباران
کزۆڵەو چاوکز
ڕەنگ و ڕوخساری خاسەڕەنگ ڕەنگی
کەڤاڵێ کەیلی سیمای ماتەمین
دەتگوت قدیسی کلێسای وەجدە!
جوغدی ناوادە چاوی تێبڕی و
لەسەرەمەرگا
چەپکێ بلوێری بۆ قەدەر هەڵدا!



W

تۆ نەوشگوفتەوەردی، من مایلم بەزەردی
تۆ هەمسەرت نەسیمە، من هەمدەمم لەهیبە
«نالی»

بوێریترین/ غەزەلخوانێ
ڕەوتەنیترین/ خانەخرابێ
غوربەتکەشترین مەستی سوراحی!
بە یاقووتی دڵ
مەینەتەکانی شەکەتی ژینی لێکدەدایەوەو
چەهچەهەی ڕۆحی دەڕژاندە گەردوون!

X و Y

دنیا بەفیدای قەددی بکە، دامەنی بگرە
«طوبى لِمَن إختارَ على المالِ مآلا!»
مەمخەرە هاوییەیی هەولی فیراق
دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی قیا
«نالی»

جووتێ نامۆبوون لەم گەردوونەدا
مەرگ و ئاژاوەو
خوڕڕەمیترین مووورووی زەمەنیان
هەڵدەدایە نێو
عەبەسبارانی کەفی بادەوە
مولپەرستترین دووکەمەربەستەی
بەردەرگانەکەی کولبەی مەیکەدەو
سەودای سەرشاری
دوایین غەرغەرەی شەعشەعەی بوونیان
بە فوغانی /دڵ/ دامرکاندەوە!

Z

ئەی مەسجید و میحرابگەهت قیبلەیی حاجات
بۆ ئەهلی موناجات!

«نالی»

سالووکیترین غەجەرزادەیەک
نەفرینیترین سەقەرنشینێک
لە فەزای تەنگی زەواڵستانێک
نیگای جوانی مەلەک بەچکەیەک
دەنووسێتەوە
دەشزانێ.. عەتری کافووری ڕۆح و
ڕەوغەنی عەرشی سوبحانی میهرو
میسکی تاتاری جەننەتی دڵەو
زەلزەلەترین زیندانی وشەو
حەشیشیترین هاڕژنی مۆرفێم
دەسەمۆی ناکا!

٢٠٠١/١٢/٢٩



# وارانی ڕۆح

*بۆ: هاوڕێی شاعیرم «کەریم دەشتی»*

دیدەم وەدیدەت شای شیرین چەمان
فیراقت قامەت کەردن وەکەمان

«مەولەوی»

١

عەتری حەشیشی عوزارت
یەکبارە سەرشاری کردم
شکۆی پۆشاکی شەوڕەنگت
هەڵوەدای سرووشی کردم!

٢

منی سەودازەدەی خەیلێ خومارینی ئالوودە
بە مۆرفینی مۆرفێم کۆ بەکۆ کووچە تەنگەبەرەکانی
عیشق و ئومێد تەی دەکەم و پارچە کریستاڵەکانی
«دارما»ی داڕماوم بۆ کۆناکرێتەوە!

٣

هەڵدەچێ بۆکرووزی دەروونی پەرتەوازەی کەیلی
خەمینم، زگار زگار سروودەکانی فیراق دەچڕم و
هەرسی یاقووتینی چاوم دادەڕژێ!

٤

کۆتاهاتنی تەمەن چ پێویستی بە غەمگینییە
سەیرووڕەیەکی سەرشێتی بێکۆتاییەو شارای
دوڕڕ و مەرجانەکانی مێرگی ئەڤین ڕادەماڵێ!

٥

زەمەنیش لەتێ چلوورەی ڕاڕای
کاوانی کێوی قەدەرەو
بەسەقەرخانەی دڵم هەرەس دێنێ!

٦

دڵ لە دڵ مەدە ئەی یار
ئەوەی ڕوودەدا
جێی سەرسوڕمان نییە!

٧

«سرۆ»ش
لە کۆمەڵێک ئامرازی فریودەر بەولاوە چیترە
شەوژمێرو خەوژمێرو چەوژمێرو ڕۆح ژمێر!

٨

ڕەوێڵ ڕەوێڵ
ڕەوە برگەی وڕێنەی پیتەکان هەڵدەدەین و پاشان....

٩

ئاقیبەت
بەو عەتری زوڵفی تووجڕەنگەت
لە خشتەم دەبەی.. ئەی یار
ئەی خانومانیترین یار!

١٠

لەنێو وەهمێکی بەرجەستەکراوی ڕەنگیندا
خانوومان چێکردو گوڵشەنمان بەعیشقاو
ئاودێر کرد
گوڵگەشت گوڵگەشت



گوڵباییترین ساغەرمان نۆشی
چەهچەهەی شالوورێکی نامۆبوو!
لەو دیو غەیبستانی غرووبەوە
چرپاندی بە گوێچکەمان
وریابن! زینهار زینهار زینهار
کات ئەوەندەی بەبەرەوە نەماوە!

١١

کات کات کاتیش بەسەردەچێ
ئەی تاکترین پاک و پاکترین تاک
بەفریام کەوە
غەیرەز تۆی بەخشندەو دلۆڤان و میهرەبان
لەم گەردوونە وێرانەدا چیتر هەیە!

١٢

ئەی یار..
لەو شکەنستانی جینانی
سەڵتەنەتی شۆخییەتدا
نسارێکم پێببەخشی چی دەبێ!

١٣

ڕێنوێنم کە... تۆی سایەبانم
زیانبارو دەردەدارو خەفەتبارو
کەسەردارو مەینەتبار
لەم زێدو زاگەی وجوودە
ڕۆحی شەکەتینم ڕەنگرێژکە... ڕەنگ ڕێژ

١٤

تازە لەچی بدوێم و لەچی بڕوانم
بێدەنگی کرۆکی
مەراقە ئاتەشییەکان دەردەبڕێ!

١٥

هاوار بە ماڵم.. بە مەرەدی
گومڕاو گوناهبارانم نەبەی!
ئەی میهری باڵا!

١٦

سووزیام... سووزیام
ئەم سورمەی سوبحانییە چییە؟

١٧

تۆی سەرحەڵقەی زیکرستانی
جەزبەی وشە.. ئەی فرووستادەی عیشق!

١٨

لەم سیاساڵی عومرەدا
وەش وەش
تیری مەحەببەتی دوور ئەندازت
ڕووەو دڵ دێ
ئەی دیدە خومار!

١٩

خرنگەی خشڵ و سڵسڵەی
حەسرەتی میهری گیانە
ڕستەکان دەخاتە سەماو تالووکە!



٢٠

تا ڕۆژی پەسڵان و سەڵا
بە میوانت بم
ئەی سولاڤی ئاگری حەشیش
منی «شودرا»ی بەلەنگاز
ئاڵتوونی «ئەکشتەر»ی
ئەڤینی قامکە یەسوعییەکانی مەلەکبەچکەیەک
ڕادەمووسم و دڵیش فەتار
نەوای ئێوارە وەختانێکی ئارژنگی بەزایەڵە دێنێ!

٢١

شۆق و شوعلەو ڕۆنەقی
جوانسەرای ئەڤینی تەمەنی
خۆزیا بە ڕۆژی ویساڵ!
ئەی ڕەمیدەترین ئاهووی
خوتەنی جیلوەگەری ڕەوتەنی!

٢٢

وەیشوومەو وەشتە
هیجرانبارم من
قاروورە شکیاو
یەخ بەڕێوەیە
ترسیاگ دڵم، خێڵ خانە ویران!

٢٣

هەرەس بە ماڵم
عەنبەرین گۆنا
عەرەقچینەکەت نەخشی یەزدانە
وەرکەمەر سینەت

عەتری فیردەوسە
غەرغەرە واهات.. تۆ هەر نەهاتی!

٢٤

سەررەوێڵەکەی ئاهووی دیارم
شەکەرڕێز، سۆسەن
خەرامان بالا، بازووبەند وشە
دوعای چاوەزار بۆ تۆ دەخوازم!

٢٥

سەودای سەرمەدیت
بێ خوردی کەردەم
بەرکەنارو ڕەند
قەلەندەر ڕەنگ زەرد
بەو بەو ئەی ئالا
ئەی لالە کولاه
ساتی ئەلوەدا نزدیکە نزدیک!

٢٦

بووڵ بووڵ بووم
سووزیام
هەمڕازی دووریم
لوولووی ڕەبانیم
چەمەی ئیلهامم
کەنەفت و زورهان خەمیاوم خەمیاو..!



٢٧

منی سەروەش و سەرگەشتەو بێحاڵ
گرپەی ئاگری دووری دۆستانە
دڵی ئەڤینیم وڵ وڵ دەناڵی
چ ڕەنجوور و خەمینە شەو!

٢٨

لێرە بەولاوە
تیری ئەغیاران
تانەو تەشەری بەد ئەندێشان و
سۆزەی شالووران،
وەلوەلەو فیغان
چوون یەکە بۆ من
بەرانبەر عیشقی دیدە سیاوان!

٢٩

مەهمەهەی ڕۆحی فیگارم
بۆ زەواڵێکە
سەحەرگاهان چەنێ جوانە!
ئێوارە وەختان جوانتر!

٣٠

کاشانەیەکمان هەبووایە لەیرە
لە لالەو لاولاو
پشکۆی عیشقمان دەگەشاندەوەو
ئاژاوەی ئەزەل دەبڕایەوە
ئەی نەو نیهاڵی بەهەشتی گیان!

### ٣١

شنۆی هەناسەی عەترینت
وەڵگی درەختی عومری
خەمیاوم وەچرۆدێنێ
ئاتەشی ڕۆحی تووجینت
خەوش و خاشاکی
دڵ دەسووتێنێ!

### ٣٢

تۆ بەو «کەمان»ە شێتەوە
دڵڕوباییترین خوڕڕەمی
عیشقێکی ئاگرین
بە باڵای ڕووبارەکانی
شەودا دەکەی «مەجید» گیان(*)
تنۆک تنۆک
تنۆک تنۆک
تنۆک تنۆک
ئاوازی خەمینی شەککەرینی جودایی
لە گەردنی سوراحییە زراڤەکان
دادەچۆڕێ و
زەخمەکانمان.. ئای زەخمەکان!
دەکولێنەوەو
دەکولێنەوەو د ە ک و ل ێ ن ە و ە

(*) «مەجید خۆشناو»ی کەمانچەژەن.



### ٣٣

ئەی شکارەندازی کۆترە باریکەکانی
ئیرەمی عیشق و پەیڤین
بەمجۆرە کۆتەڵەکانی عەقڵ
بە ناخودا دڵڕەقەکانی دۆزەخ
دەسپێرین و
بە لێلاڤەکانی وەجدیش
سەرمەست و شێت و پەرێشان
سەردەنێینەوە!

٢٠٠٢/٢/٢

## ئەرەنیا

ئەی لوطفەکەت خەفییو هەواخواە و هەمدەمە!
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوضوور
«نالی»

لەژێر دارزەیتوونە لەنجەدارەکەدا
«ئەرەنیا»ی شکۆفەبارانکراو
کاژمێرێکی نارنجی لە مەچەک کردبوو
وەک دووپشکێکی دەریایی
لە لاسکی ناسکی گوڵە- نازناز-ێ بئاڵێ!
ترووسکەیەکی ئاڵۆز ئاڵۆزی قاوەییش
لە قووڵایی چاوە زەردەکانییەوە دەبریسکا!
وەک ئەوەی لەبەردەم
ئاوێنەیەکی «نەرسیس»یدا
وەستابم
سەرسام و پەرێشان!
تەنها لە ئاخڵەی ڕوخسارە
برۆنزییە خوداوەندییەکەی ڕامام و
چیتر نا!

ڕۆح/ لەتە ئیسفەنجێکی هارهاری لیریکی بوو
هەر ئەوەتا دانەدەگیرسا!
عەتری ماکیاجی ئاڵی پاژنە
تورت و خڕەکانی مەستی کردم!
مەست مەست مەست
لەودیو گەڵا تۆخ تۆخ و تاریک تاریکەکانی
قەدەریش!



شنەبایەکی سەرشێتی فێدار
چین چین شارای هەڵاڵەی
وەجدی پەرت دەکرد!
پەرت پەرت پەرت
ئای! ئەرەنیا
«تۆ دانە مەرجانێکی لە نوورو دڵۆپە شەونمێک
لە سەفاو یاقووتێکیشی لە جیلوەی مەحەببەت و
دورجی شەوە ئەبەنۆسییەکانی خەمینی/دڵ/
ڕۆشن دەکەیتەوە»
ئەرەنیا! ئەی خانەزاترین فەرمانڕەوای
ئەمارەتی حوسن و غەزەل و نەشئەو
میهرو عیشوەو شکۆ!
بێسوودە بێسوود
هەڵدانی ڕستەی پڕ
کەدەرو کەسەرو شەراب و حەشیش!
بێسوودە بێسوود
خولیاو کەڵکەڵەی
مەراقی ئەزەلی و زەلزەلەی ماتەم
ئۆهە.. سوپاسالاری پەروێزیترین
لەشکری خومارینی نەواو نەواز و
زەمزەمەکانی ئیکسیری وشە!
تۆ بەکۆڵێ ئومێدی کافوورییەوە
لەم مەزرای بێکۆتای ئەبەدییەتەدا
بۆ کوێ دەڕۆی!
ب ۆ ک و ێ

٢٠٠٢/٥/٢

# عیشق و نەواز

*بۆ هاوڕێی شاعیرم «فەرید زامدار»*

ئەستێرە هەموو مەحوە لەنێو نووری قەمەردا
یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بەفەردا؟
«نالی»

چنگ چنگ خشڵ و
عەترو عاج و عونناب و
گوڵ و گوارەو کل و کلدان و
کلچۆک و مەهـ و ماکیاج و
مایە و سمڵ و سەمەن و
ستیان و بلاّچەکانی
دەروونت بەسەرا دادەبارێنم
ئەی تازەپەری!
سوهای سوبحدەمی ئیرەمە
هەڵواسراوەکانی ئومێدی ڕۆح
تۆی نازپەروەرترین قورینگی
هەورە شینشینەکانی فیردەوس و
لەنجەدارترین کۆترەباریکەی
سنەوبەرەکانی ئەڤین
لەم سەرزەمینی بێکۆتای فەنای تەمەنەدا
هێندە بە قەشەنگی لەژێر
پیرە چنارەکەدا وەستاوی!
سەرپاکی سەیرووڕەی بێموبالاتی گەردوون
تاقە نقێمێکی ئاڵی گەردانەی سای گەردنتە!
ئای دڵنەوازی من



زەمەنت بە حەلەزوونی لە کەمەرێ
ئالاّندووەو عیشقیش بە
سیلسیلەکانی سکڵ و
خەتاکانی سەقەر!
چەنێ بە هێمنی دەلەنگێی
بە هێمنی دەخەنی
بە هێمنی سروودەکانی
نەشئەو نەوازو نما و
جیلوەکانی جوانی دەچڕی!
«لە دوورڕاش، دوودی ماهێکی خەنەیی
شەپۆل شەپۆل، سەرتاپای بالاّو شکۆی
فوستانی شەکەریت دادەپۆشێ»
ئەمێستا لەچی بدوێم؟ ئەی یار
دڵفیگارو ڕۆحفیگار و لەشفیگار
پێویستە، لە گەردەلوولەکانی
عیشق و ئەجەل و فەنا بدوێین!
ئۆف ئۆف ئۆف
بۆ وا پەشۆکاوی بۆ؟!
هەر وەختە لە خەفەتان
دڵم شەق بەرێ!
دەپێم بڵێ بۆ وا پەشۆکاوی؟!
خەمکەدەم، وەی مەیکەدەم!، ئاتەشکەدەم!
بوەستە تۆزێ بوەستە!
ئەمێستا فرە جوانی!
ئەی زەمانی نەفرەتلێکراو
بوەستە تۆزێ بوەستە!

با لەژێر پیرە چنارەکاندا،
تۆیە ئالّووالاّکانی بەختەوەری
هەلّدەین و هەلّدەین و هەلّدەین و هەلّدەین
بەدبەخت و کەساس و کەسەردار
سەرنەنێینەوە!
ئای خودای من ئەم کش و ماتییە ڕۆحییە چییە؟
دێوانەو سەودازەدە خۆم!
پێویستە بدوێین
بێدەنگی لە خشتەی بردین
ئاخ ئاخ ئاخ
لەچی بدوێین؟ ئەی یار
قامکی بلوورینی نوقمی شەرابی - کەوسەر - و
شارای شکۆفەی شکەنی پەرشی وەزانی - با - و
باغی باخەلّی کەیلی قازمانەی - حەشیش-!
لەژێر پیرە درەختەکەدا
- ئەرەنیا-ی مەلەک بەچکەی - ئاتون -
هێندە بە کەسیرەیی سەمای دەکردو
هێدی هێدیش
تۆپی ماهووتینی قەدەری
ڕووەو میحرابەکانی
ترس و عەدەم و پەرتەوازەیی
هەلّدەدا!
ئاخ... دەخیلتبم
شازادەی جەننەتی شیعر!
وەی سولّتانی سەلّتەنەتی
هەورەبانەکانی جوانی!



مەستم مەست مەست
سەرمەست بە عیشق و نەوازو
نەونیهالەکانی بالاّ
لەم میحنەتی سەرگەشتەیی
هەدەری بوون و داستانی
بێبڕانەوەی مەرگەدا
- دلّ - بە بادەی مەحەببەتی تۆوە
مەست و سەرگەردان نەبێ چ دەکا!
ئاخ کریستالّ ئاخ!
ئەی ناوازەترین توحفەی
نەخشی یەزدانی!
تووسەوداکانی - ئاتون -!
«بە پرشنگی نووری ڕاستەقینەی ڕووخسارت
خەوش و کەدەری دەروونی خاپوورم بشۆرەوە!»
ئای کریستالّ! ئای!
دەبێ!
هەمیشە بەم - شێوە-یە بدرەوشێیتەوە!
هەمیشە بەم - شێوە-یە بلەرێیتەوە!

٢٠٠٢/٦/٢٠

## ئەرەنیا...

## ئەی جیلوە فرۆش!

*بۆ: هاوڕێی شاعیرم «زانا خەلیل»*

کەوکەبەی طەلعەتی شاهانەیی تۆم بورهانە:
کە لەسەر موددەعی، سوڵطانی موبینە جەدەڵم
«نالی»

ئەی یار
ئەی گوڵە مینای مێرگە
ئەبەنۆسییەکانی مەلەکووت
وەی هەتوانێک لە هێشووی
شەعشەعەی
هەتاو و غەزەل و زەبەرجەد
پشکۆی بەرامەی فیراقت
سووتێنەرترە لە ویساڵ!
ئەی یار
ئەی مەهناز و هەمڕاز و هەمدەمی
ئامادەگییەکانی فەزای لەتلەتی گیان
کاتێ لە چرکە ئاڵۆز و خومارییەکانی
فەرامۆشیدا
خەندە خەنەییە پیرۆزەکان
بڵێسەی ئاقیقی بزەیەکی ناگەهان
دادەگیرسێنن
بزەیەک/ لێوانلێو لە جادووی
جیلوەکانی خۆرو خەزێم و خەردەل و
خەرابات و خەتا!



پەیمانەی دڵی شکستە کەیلی نەشئەی
شەرابی عیشق و ناردینەکانی سەفا دەکاو
مەملەکەتی/ هۆش/ دادەڕمێ و
ڕۆح ئاگرێکی ئارمووشیی تێ بەردەبێ!
ئەی یار
ئەی چەپکە گزنگی خۆری ئاسمانە
ئەبەدییەکانی ئەڤین، وەی
ئاخرین فەرزادی زیکرو پەیک و
مەحەببەت و حاڵ و جەزبەو شکۆ
و ئاونگە ئاڵئاڵەکانی
پەڕەی گوڵە باغەکانی وەجد!
عەترو پرشنگی جوانسەرای سەر ڕووی زەمینە
بۆن و بەرامەو ڕەونەق و درەوشانەوەی زینەتی/
«میحرابەکانی ئەبرۆ و خوماری چاو و بلووری گەردن و
مێخەکی زوڵف و شاڵ و شمشادو شکەم و شەمامە
شێدارەکانی بێستانی ئیرەمی باخەڵ»
ئەی پاکزادترین شۆخی تەریقەت
وەی سوجدەگاهی سرووش!
گەمەی هەڵدانی نەردە نامورادەکانی گەردوون
سەدای زرنگانەوەی پارچە خشڵ و لەعل و لازووردە
موقەددەسەکانی حەرفەکانە
لە کولبەخانەی ڤالای مینابەندی وێرانەیی دڵدا
پەرتبوونی هێمای تەوتەمی تابۆی
هێشووی وشەکانە
ڕووەو بەفرانباری پۆشاک و ئاتەشی پێست و
کەڤاڵە سەودایییەکانی دەروون!

ئەی یار
ئەی توحفەترین کریستاڵێک
لە پەلکە زێڕینەکانی زەمەن!
بە لەنجەی برژانگە سوبحانییەکانت مەستترم کە مەستتر
با غەزەلە غەمگینییەکانی غەریبی بچڕم و
بەڵکو تۆفانە نوورێکی خەرامان!
تونێلە تاریکەکانی
حەسرەت و کەدەر ڕۆشن دەکاتەوەو
ئەم خەڵوەتی تەنیاییە پڕ سۆزو میحنەتی
ژەهراوییە دەخرۆشێ!
ئای خودای من، خودای بوزورگ
میهرو بەخشندەیی هەر شایستەو
شایانی تۆیە، تۆی دلۆڤان
فریام کەوە فریا
«کاستالیا»ی پڕ دوڕڕو یاقووتی غەزەلی
ئێستەتیکیم لە ژەنگ و ژاری دڵڕەش و بەدفەڕ و
ناکەسبەچەکانی بوغزو دەغەز بپارێزە! ئەی خودا
ئای کە قێزەونن/ کرمگەل و سیسارک و سەرگەڕ و
جوغدو باشووکەکانی کینەی وشە!
چەنێ جوانن جوان جوان جوان
«فیردەوسەکانی مۆرفیم و
فیردەوسە کریستاڵییەکانی ئەفراندن»
بەسۆزو میهرەبانی خۆت، ئیلهامە ئیلاهییەکانم
پێببەخشەو، دەربازم کە دەرباز
منی دڵخاپووری شەیداو سەرگەردانی، عوریان
لە عیشقی سەرمەدیت، فیدای شارای شکۆی شەوانی



شکەنی ئەزەلی نەبم چی بکەم!
ئەی یار
ئەی دیدەخومار
وەی ئاهووی ڕەمیدەی تاریکییە سەوزەکانی
هاموونی هەڵاڵە بەندو هەدەری
هەر هەری- بوون-!
با تۆمارەکانی عیشق و عومرو جوانی
دەپێچێتەوە... با با با.
ئاگری شەیدایی و دەریاچەکانی
مورادو هۆگری
پڕ خۆڵەکەوەی تەنهایی دەکا.. با با با
خەون و خوڕڕەم و خولیاکان
لە خشتە دەبا.. با با با
ئەی ئاگرو خۆڵ و سروەو ئاوی حەیات
«وەی زوهرەیی زەهرایی» ئاسمانی
ئەمارەتی داڕمیاو و دەیجووری من
ئەی زیزنترین پۆڕی دەلال
لەو- سینا-ی زیندەگیی ڕۆحەدا!
بە ڕەوشی باڵە فڕەی بێموبالاتییەوە
چەنێ جوانی!
دەخیلی هەڵمی هەڵاڵەی پەڕو پۆشاک و
قەدو قامەت و لارو لەنجەی
ئێوارە وەختانت بم!
شکەنت/ بۆنی میسک و غوباری پاپیرۆسەکانی
ئەزەل و فوارە ئەفیونییەکانی کێڵگەی
خوداوەندی لێ دێ و عەتری هەناسەت

گلەسەرە خاسە ڕەنگەکانی- دلمون-
خۆ هەڵداشتنی پەڵە هەورە نائومێدە
ڕەنگ زەردو ڕەشەکانە
خوناوی کازێوەی ڕوخساری برۆنزیت
کشانی ئەستێرە نامورادو کەساسەکانە
جیلوەی حەشیشی جامی جوانیت
وەرە.. با لەبەردەم
گۆزە شەرابە کەسیرەکانی
-عەدەم- دا سەما بکەین و
سرووده سەقەرییەکان بچڕین و
ئیستەبرەقەکانی پیت و
ئیکسیرەکانی عومر بسووتێنین!
زیندەگی ئای زیندەگی!
کاشانەیەکی کەشخەی ڕەنگڕێژکراوی ڕازاوەی بە
نەغمەو نەواو نەوازو ئاوازە ئاڵۆزاوەکانی
حەسرەتی/
حەشیشکێش و جەفاکێش و
نیگارکێش و چەقۆکێش!
وەرە گاڤێکی تر.... تریفە-
گوڵە کەتانەکانی
باغی سەرای سەودابیمان دەپرووکێنێ!
ئێمەی گومڕاو سەرلێشێواو.. لەم
دوو بەتڵی شەوە شێواوەدا
دوایین دوردی شەرابی عیشقمان نۆشی و
وێڵ و سەرمەست و سەرگەردان.. بەرەو کوێ؟ ئەی خودا
غەزەلمان هەڵدەداو



مەزموورەکانی ئەڤینمان دەچڕی و
سەرزەدەو سەودازەدەو مەینەتزەدە
ئەی خودا، ئەمێستا بۆ کوێ دەڕۆین؟ بۆ کوێ
نەزەمەن موڵکی ئێمەیەو
نە ئاگرە کازێوەییەکانی ڕووخساری جوانی!
هاوارم کرد.. هاوارم کرد...
ئەرەنیا ئای ئەرەنیا!
گوڵفرۆش، جیلوەفرۆش، وەی بادەفرۆش!
گەدایێ والەبەر قاپیی خەراباتی ڤیان-دایە!
«کە چاوی مەستی وەرگێڕا» ئەی خودا
نیلۆ فەڕستانی شکەنی تێکەڵ بە
ڕەنگە ئاگرینەکانی قودرەت و
بزەی بلوورینی گوڵە لاولاوی
لێوی دەسووتا!
شەو لەتە خەڵووزێکی هاڕراوی پڕ لە
دەنکە کافوورو پارچەی کریستاڵ!
دادەڕژا و دادەڕژا و دادەڕژا!
چ خەیاڵستانێکە ئەم عیشقە، ئەی خودا
چ خەیاڵستانێکە زیندەگی، خودای من
لە دوڕیانە تاریکی قاوەییەکەدا وەستاین!
هێدی هێدی
- دڵ- دەڕۆیی و دڵ دەڕۆیی و دڵدەڕۆیی
شەقڵی خەفەتێکی شکۆداری خودایی
لە ڕوخساری عیشوەداری دادەباری!
ئەرەنیا ئۆف ئەرەنیا
کارمامزە سەرگەردانەکەی باغی سەفا

بەم عیشوەو نازی غەمگینییەوە
چەنێ جوانی!
تازە چی دەکەین ئەی یار
ئەی چاو خوماریترین یار!
ئەرەنیای موغبەچکە ئەگریجەی لە ئامێز دەناو
چین چین چین چین
پرچە عەتر پۆشەکەی ڕووەو
تریفەی قەدەر پەخش دەکردو
بەتیلەی چاو لە تیشکە ونبووە
مەحەببەتییەکانی ئاسمانی دەڕوانی و
تنۆک تنۆک تنۆک تنۆک
جیلوەی جوانی یەزدانی
تێکەڵ بە دڵۆپەکانی
زوڵمەت دەبوون.. ز و ل مـ ە ت...

٢٠٠٢/٩/٢٩



## تفتیلکە فیردەوسییەکانی

## ئاهورا

*بۆ: زناکییەکان*

ئەسیری سیلسیلەی بەندی مەهاری سەرقەتارت بم
کە دەمکێشێتە ڕەوضەی حەی وەکو مەجنوونی دێوانە
«نالی»

لەوێ
«لە بنار چیا سەرکەشەکانی زاگرۆس-دا،
دانیشتین» و
«تەمبوورەکانمان بە چڵی دارگوێزەکانا
هەڵواسی»
- لەرزان- لەرزان لەرزان
سڵسڵەکانی زریزەی زیوینی
زیندانی ڕۆحی دەلەرزان!
ئاگرمان هەڵایسان و
سولاحییەک شەرابی- هوم-مان نۆشی
عیشق سەرمەستی کردین.. سەرمەست
«ژیان/ لە پانتایی ڕووبارێکی زولاڵی
- زایزۆن-یدا
هەڵدەلەرزی و شەپۆلی دەداو، گوڵەڕۆن و
دەنکە ڕازیانەو شووشەی بەتاڵ و شووڵ و شەم و شانەو
چادانە ڕەونەقدارەکانی ڕووەو مەفتەنە
بێکۆتاییەکانی قەدەر ڕادەماڵی»
شەیداو موبتەلاو گرفتار

بە دەوری- ئاتەشکەدە-ی ویسالآ
خولاینەوەو خولاینەوەو خولاینەوەو
زەمزەمەی- زازا- کانمان چڕی و
چاو ڕۆندکی تێزا ڕۆندک!
«لە دوندو کاوانە دوور دوور و غوبارییەکاندا
پۆل پۆل قەل و سیسارک و دالآش
چەشنی تەنکە کۆلارەی ڕەنگاوڕەنگی کاغەزین
لەرزان لەرزان دەمێلکان!»
لەولاوەیش
سپەو ژووشک و گای بەڵەک
بە گردۆڵکە وەنەوشەییەکانی ئاوەدانیا
وەردەبوون!
لێرە
ژیان/ گوڵە نەسرینێکە لە
شیلەکانی خەشخاش و کحوول!
بۆنی دەکەین و مەست و کەسیرە ڕادەکەین! ڕا...
«ئەی «باخووس»ی بە عیشق، خومارو فێدار
زیندەگی بەلەززەتی شەرابی ترسناک و
حەزو هەوەسی سامناک و ژاری هەلایلی
مەحەببەتەوە، ئاگریترو مەزەداریترە»
چەند زوو ڕەونەقی نووری
پێستە ئاوێنەییەکان لەنێو دەچن و
پەنگری ئارەزووەکان دادەمرکێن!
وەک دامرکانی سپاتیترین چەپکێ ئێسک و پرووسکی
بریقەداری دخمەیەک.. دخمە!
ئاهورا ئای! ئاهورا



- من- بووم پرشنگی ئاڵتوونەکانی جوانیم
بەکێڵگە ئاقیقییەکانی خۆشەویستیا
پەرت کردو قەقنەسی- شیعر-م لە
زیندانەکانی زەمهەریری- ژاڵ-
دەربازکردو، بەفری لێو بەبارم بە
پشکۆکانی شادی کوژاندەوەو
دانسقەترین دەسنووسی کردگاریم
بە ئەتڵەس و سوندوس و ئیستەبرەقەکانی
عیشق پێچایەوە!
گەر دەمزانی، ئای کە دەمزانی
-وجوود- بەمشێوەیە بەردەوامییەکانی
خۆی دەپارێزێ و
بێهوودە- نەرد-ە بێموبالاتییەکانی
هەڵدەدا
هەرگیز بیرم لە خاپوورگای /عەدەم/ نەدەکردەوەو
لافاوێک- هوم-ی خاتر جەمیم دەنۆشی و
بە ئارامیترین شادییەکی کوشندەیی خۆم لەنێو دەبرد
وەرە ئەی ماهی ئاسمانی- سرووش-
لەم شەوستانی بێ پشت و پەناو پاوێرەدا
غەریب غەریب لە تەکمابە
وەرە وەرە.. بەبێ حوسنی چراخانت
ئەم گەردوونە پەژموردەیە، چ مانایەکی هەیە؟
ئۆوهـ.. ئەی بەندەوارترین شۆخ! وەرە وەرە
«نەشەو گەمە نەیزەکییەکانی
لێ دەبڕێ و
نە ڕۆژ کۆچە سوور سوورەکانی

کۆست و کەسەر»
پشکۆکانی حەسرەت و فیراق
برینی سەربەرەژێرکردین و
ئومێدەکانی ڕۆح هەڵپرووکا
ئەم هەموو هەوڵ و هەڵچوون و لێکدانەوەیە
لە پای چی؟! گەر عیشق نەبوایە عیشق
نە شیعر دەما نەچرکە خوماربییەکانی جوانی!
ئای! خودای بەخشندەو دلۆڤان
لەم ئاگرستانی یەئس و لەت لەت بوونی
دەروونەدا فریام کەوە فریا»
– دڵ- گۆزەیەکی بەتاڵ و
هزریش مەنزڵێ بەتاڵتر
لە سیلەی بورجی خامۆشان
چ گۆڤەندێکی بەژاوەژاوە وجوود!
دەروون یەکبارە هەڵکرووزا
ئێمەی دڵبەندو ئاتەشزەدە
دڵبەستەی کانییێکین لە
کافوور و ئاگرو حەشیش!
هەڵوەدای ئومێدێکی جاویدانەی
یەخسیر بە چرکەکانی ئێستەتیک
بخرۆشێ
ئەی زەبوونیترین دڵی ڕاڕاو زارو زەلیل
زەماوەندی شکۆی سرووشتە سرووشت
ئەم ڕەنگرێژکردنی کەڤاڵی
زەمەندو ئارێزو کارێزو زەنوێرە، و
زریزەی زوورگ و توحفەیی تاوێرو تەلانە!



لێرە هەموو شتێ بەشەقڵی خامۆشی و
سەرسامییەوە لەنێو دەچێ و
پاژ پاژ لە جەرگەی قووڵاییە تاریک و
نادیارەکاندا! ون دەبێ!
لەوێ، لە بنار چیا سەرکەشەکاندا
هاڕەی لەرزانەی- لەرزان- بەجارێ
سەر شاری کردم و /بادەیەک/
جیلوەی جوانیم خواردەوەو
دیل و دێوانەو پەرێشان!
جوانیی/ هەورە بروسکەی بێموبالاتی قەدەربوو
زەبری ناوەختەی لێ وەشاندین و
توانای بیرکردنەوەی لەکیس داین
گۆد بووین گۆد، پەتیارەو سەودازەدە خۆم!
هەودا هەودا ڕیشوەی
کەمەرچینە ئارمووشییەکەییم ڕادەمووسی و
دەبووراینەوە»
بڕوام نەدەکرد ئەو ئاوێنە تەمە گەنمڕەنگە
فیردەوسییەی کە سەرتاپای لەشی داپۆشیوە
بەمشێوەیە لە خشتەم ببا»
ڕۆحکەسیرەو دڵکەسیرەو لەشکەسیرە
ئاسمان فوارەیەک پارچە پارچەی کریستاڵی
میهرو مەحەببەتی یەزدانی دادەباران!
کەواتە با بڕۆین! بەرەو کوێ؟ نازانم نا نا
کات/ شەوێکی بێ ئاگرو بێ شەراب و جوانییە!
لەرزان لەژێر پەڵە هەورێکی خەواڵووی خۆڵەمێشیدا
گوڵە لاولاوی زەردو مووڕووی مۆرمۆری درەوشاوەی

لە بسكێ دەئاڵان و زرنگەی لەرزانەی دەهات!
لەرزەكەمەر/ دەدواو لەپكەی گەردنی دەدرەخشا
لەرزەكەمەر/ دەخەنی و لە قاقای شێتانەی دەداو
هێشووی وشە تلیاكییەكانی دەبرِسكان و
هەلهەلەی فیكەكانی پیت دەبزرِكان و
پۆڵووە شینشینەكانی ئاتەشخانەی
-دڵ- دەگەشایەوە
ئاهورا ئای! ئاهورا
ئاهووی دەلالی مێرگە مەزموورییەكانی گیان!
وەی میسكی سیلسیلە پیرۆزەكانی زاگرۆس و
چراخانی ئەشكەوتە تاریكەكانی شیعر!
ئەم- ئاران-ی مەزداییەت بە- ئاراس-ەكانی
ڤیان و ڕووگەكانی خۆرو چەهچەهەكانی
تەیری- بەهمەن- ئاودێركرد
ئاخی پەركەمدار
بە ئاگری سوور سووری گوناهەكانی خەلیقەوە
دەلەنجاو كانزا زیزنەكانی نێو جەرگەی
هەناوی بە میتاڵە بلاچەدارەكانی
هەدەر دەسپارد هەدەر
ئاهورا ئەی ئاهورا
ئەو هەموو گابەردە چەرمگ و تاوێرە بلوورییانە چین؟
خورپەو سرووش، ئاگریان تێبەردەدام و دانەدەگیرسام!
بیرم لەو كەڤرستانە جوان و ترسناكە دەكردەوەو
«عەتری پۆشاكی شەوەزەنگرِەنگی و میسكی
فەریكە لەشی، دەپرژان و بێ سەرحەد گیانیان
پرِ بەنگ و حەشیش دەكردم»



-لەرزان- لەرزان لەرزان
تاڤگەی قژە خەڵوزییەكەی ڕووەو ئاسمان
دەشێوان!
بۆنی خوم و خەنەو خەفەتی ئەبەدییەتی لێ دەهات!
لەپرِ هەستمان ڕاگرت.. كە هەستمان ڕاگرت
جریو جریو جریو
غاق غاق غاق غا.. ق ق
ئەمجا چاومان هەڵبرِی... چ چاوهەڵبرِینێك!
پرودش پرودش... پرودروش
ئۆوە.. ئەی فرِندەی تەخت و بەختی جوانی!
وەی! توررِەیی عەرشی عیشق!
ئەی ئەو بوونەوەرەی كەوام لێدەكەی لە
ئاگرەكانی- وەجد-و - حەنان- و مەینەتەكانی
تەخت و تاراج و چەپاو بدوێم
لەچی بدوێم لەچی؟
«دوو بەتلێ شەو ڕاشكاوە»
دەروونم كەیلی حەشیش و چاو خەواڵوو،
خەریكە دەبوورێمەوە!»
لە میحرابە یەزدانییە شەورِەنگییەكانی ڕامام و
پەشۆكام.. ئەی خودا، چ نەخشێكی سوبحانییە!
«لەهی» یەك ئۆخژن و سوكنایی قودرەتی
سەرتاسەری دەروونی داگرتم»
نیگاكە ئای كە نیگا ناكەی!
دەپێم بلێ بۆ نیگا ناكەی؟
لەوێ لە تاریكییە وێران و كوشندەییەكەدا
پێویستە دیدەنیی

ئەو سێبەرە سپییە مەشخەڵدارە بکەین!
چاودێ.. دەچاودێ! بۆ وا پەشۆکاوی؟
دەپێم بڵێ بۆ وا پەشۆکاوی؟!
چەنێ بەلەز هەڵدەلەرزێ و ون دەبێ و
کە تەجەللاش دەکا، بەو پەڕی میهرو شکۆمەندییەوە
لە لووتکە پیرۆزەکەی چیای- سوبحان- ڕادەمێنێ و
گورج گورج گورج
ئاوازەترین توحفە مەزداییەکانی
قەڵا خاپوورکراوەکان، لە گۆشەکانی
-دڵ- دا
حەشاردەداو حەشاردەداو حەشاردەدا
ئەی زاگرۆسەکانی ئەڤین
وەی! پێدەشتەکانی خەتا
ئەم هەموو دوڕو ئاوریشم و سوندوس و کەتان و
دەسنووسە ئاڵتوونییانە بۆ کوێ بەرم؟! بۆ کوێ
ئەی ماهی من ئەمێستا لەکوێی؟
شەو ڕاشکاو ستێری ئاسمانی ئیلهام بێ جریوەو
دڵخاپوورو ڕۆحخاپوورو دەروونخاپوور
بە دەوری گابەردە چەرمگ و سیحراوییەکانا گەڕاین و
لە زەمزەمەمان دا زەمزەمە
بەرچنەیەک مووروی ئەرخەوانیمان
پەرشی ئاسمان کرد.. ئاسمان!
ئەی نووری ڕەها.. منی سەرمەست و سەرگەردان
سەرچاوەکانی سرووشم بپارێزە!
پارچە قوڕقوشمە میناییەکانی پێستی ڕەونەقداری
دەبریسکایەوە.. چ بریسکانەوەیەکە! ئەی خودا



دانە دانە شوعلەی ددانە سەدەفییە
نەخشی ئیلاهییەکانی
دەڕژانە نێو پەیمانەیەک لە دوڕو خەندەو
لەعلی بەدەخشانی لێوی، شیلەی شاتوو و
- ئەناناس-ی ئیرەمی لێ دەتکا
ئاهورا ئای ئاهورا
ئێرە زاگەی- پۆڕو بەفرو تفتیلکە نازپەروەرەکانی
ئاگرو تەڵا خوداییەکانی عیشقە
عیشق عیشق عیشق
عومریش چەند دڵۆپە شەرابێکی
بەندەواری پیاڵەیەکی خاڵی!
ئەفسووس!.. ئەو هەموو
ڕووباری ڕۆژانی تەمەن و ئاگری ئاهورای ڕوخسارو
ئاوازی فۆنیم و لافاوی خەندەیە،
برژێتە- دیار-ی دخمەیەک!
لەوێ لەبنارە پیرۆزەکەدا
سەمامان کردو پاڵتۆکانمان
لەخۆڵەکەوەی پشکۆکانی فیراق ناو
گالیسکەیەک دووکەڵی کافووری و
ساباتێک تەمتومانی قەنەوزیمان
بەدوای خۆدا ڕاکێشا!
زەمەن/ لەتە چارۆگەیەکی ئاگرین بوو
دڵی لە پریاسکەیەکی خامەکیدا گرێ دەداین!
ئای خودای من
چۆن لەبیرت دەکەم چۆن!
گشتی لە پێناو تۆیە، تۆی خودان

تفتیلکە لەنجەدارەکانی فیردەوس و
میحرابە پیرۆزەکانی سوجدەگاهی حوسن و
ئیکسیری نەشئەکانی شیعرو ئاگرو جوانی!
تازە چی دەکەین؟! دەپێم بلێ چی دەکەین؟
لەوێ لەبنار چیا سەرکەشەکانی زاگرۆسدا
ئێمەی فرزەندە ئەشقی و لاسارەکانی- خومار-
چاوخەواڵوو دەدواین، چاوخەواڵوو بیرمان لە ئومێدە ئیرەمییەکانی شەبەنگە چەرمگەکە دەکردەوەو کاتژمێرە زنجیر ڕەشەکانمان ڕووەو گوڵشەن و سنەوبەرەکان هەڵدەداو بەتریقەو قاقای شێتانەوە- تاجە ئەڵماسێک-مان بۆ خوداوەندی شیعر چێدەکردو خرنگەی لەرزانەی تفتیلکی قودرەت دەهات و جامی دڵ لە بالەب شەرابی ئێزەدی حوسنی دەنۆشی و لازووردە لیمۆییەکانی- زناک- لە سوولاڤەکانی خوێندا دەگەڕان و ئاوێتەی جەزبەعیشقی و غەیبییەکان دەبوون و بۆنی هەلاڵەکانی ڕۆح ساڵە ڕێیێ دەڕۆیی و..
یەکبەدەم هاوارمان دەکرد..
مارلۆ ئەی کریستۆڤەرمارلۆ.. لێرە لەم خەراباتی گیانەدا، دەربارەی ڕەوشی بوێری و جەربەزەیی و حەشیش و مۆرفیم و ئاگرو ئێزەدو مەرگ و مەی و سێکس و وجوود و سۆفیزم و جوانی و نەهلیست مشتومڕمان بوو- لەپڕ تیغی چەقۆیەکی ئەڵقەداری دەسک قاوەییمان لە پانتایی مێزە مەخمەڵپۆشەکەی مەیخانەی دڵ و شیعر چەقاندو.. هەمدیس هاوارمان کرد مارلۆ ئەی مارلۆ.. نەفرەتمان لە گیانی بەدفەڕی مۆتەکەو جوعەل و چکووس و سیکلۆپەکانی شیعرو وشەکردو لەسەر ڕایەخی کولتوورێکی لێوڕێژ لەبەربەرەکانیا ڕاکشاین و
لە عیشقە ئاگرین و ئیرۆتیکییەکانی
لاڤەو تابان و سۆلاڤ و لەیلای
حەبەشزاد/ و غەجەرزاد/ و مەلەکزاد/ و ئاتەشزاد..
دواین.. کەچلۆن پارچە چلوورەکانی باسک و
بلووری سینە دەکرۆژن و لەبازنەیەکی
- سیزیف-یدا تاوێرەکانی عیشق و خوێن و شاوەت و
مەرگ و جوانی ناخی یەکدی دەهاڕن!



پاشان- ڕاکی- مان نۆشی
سەرمەستترو دڵمەستترو ڕۆحمەستتر
-لەرزان- دانە دانە شووشە جوانەکانی کحوولی
دەلەرزان و شەپۆل شەپۆل زەلزەلەی
مۆسیقا غوربەتییەکانی وشە دادەڕژان و
/جوانی/ دوڕو یاقووتی موبین بوو
پێکەکانی پڕ عیشق و ئەڤین دەکرد
ئەی -باخووس- وەی خودان مەشکەی شەرابی
هەوەس و جەزبەی لەنجەداری جەستە
قولقولی قەڕابەی- هوم-ی دڵ
فەڕزاد کە.. بەژەهرو ئاگری مەحەببەت فەنابین! فەنا
سرووشتی شکەنی نەرمتر لە -شەوەر-
دفنە غەجەرییەکەی توحفەی دەسڕەنگینی قەدەر
لیلۆسی خەناوکەی گەردنی زراڤی بۆنخۆشتر
لە عەترو عەنبەرو ئەکاکیای عەدن و
دووکەڵی- سەندەل-ی ئاتەشی ئاهورا
ئێمەی بەچکە ئەشقی و لاسارەکانی خومار لەوێ
لەنێو چیمەنە ئاونگدارەکەی مەیکەدە زاگرۆسییەکەدا
چەنێ بەهێمنی دەدواین و بەهێمنی بیرمان دەکردەوەو
بەهری دڵ یەکبارە دەسووتاو
مەخموور مەخموور قەیفەکانی هزرو سۆز
هەڵدەوەشانەوەو بەهمەنی ڕۆح دەخرۆشاو
لەحزە- نەرسیس-ییەکانی- حەرف-مان
تۆمار دەکردو تۆزە تۆزەیش عەتری
شەوکراسی- عەدەم-مان دەنۆشی و
ساغەری پڕ هەلاڵەی سەودابیمان
بۆندەکردو لە ئالۆزییە جوانییە خوداییەکان

ڕادەماین و ڕاڕادەماین..
سوبحدەم ئای! سوبحدەم
لەبەر لافاوی پرشنگە ئاڵتوونییەکانی
-میهری یەکتا-دا.. دەلالاینەوەو
لەشمان لەشمان لەشمان
بەر دووشەکانی گزنگ دەداو
-لەرزان- قاقا پێدەکەنی و
بۆ مێخەکی هەناسەی ئاتەشکەدەی- وەجد-ی
جۆشدەداو تەنکە ئاگرەکانی گیان
پەرت دەبوون پەرت پەرت پەرت پەرت
بەمجۆرە- شەراب- شووشەکانی
شەرم و شکۆو دڕدۆنگی
هەپروون بەهەپروون دەکاو
مەرجانەکانی حەزو خوڕڕەم و شەیدایی
دەدرەوشێنێ و
تۆوی مەرگ دەخاتە بەر زەلزەلەی
گەردەلوولەکانی عیشق و جوانی
زەمەنیش/ ڕووباری لێڵ و شەکەت و ترسناکی
چارەنووس.. بەلەنجە دێنێ و
شەودێ و بەکش وماتییەوە لە قاقای
شێتانەی- ئەجەل- دەداو
ڕۆژیش زەنگیانە قودرەتییەکانی
خەندەی خەمینی- عەبەس-
لە سەبەتەی- دخمە-یەکدا کۆدەکاتەوە
کۆ....

٢٠٠٢/١١/١١



## کەڤاڵەکانی قەدەر

هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو!
«ناڵی»

١

«کەشتی»یەک لێوانلێو لە سەرخۆش
لە بەژی گوناھ و گومان و زوڵمەت و
دەریایەک شەرابی تەڤگەڕ و
کەفچەڕی نەشئەدا
بە لەنگی دەلەنگێ و
بە لاری دەهەژێ
گومڕایی ڕووگەکان
بە تەمی فیراق و
تومانی قەدەرا
دەسپێرێ!

٢

نەوەکان.. زەبەرجەدترین
تەرزەو بارانی بارین
بەخوڕ دادەڕژێن و ڕادەزێن
گوزوگومەت لەنێو دەچن!
چەند دانە گوڵەباغێکی
پەژمووردەی ئاھ و حەسرەت
لە سیلە و تەم و تاری و تەنی و تەوەن و
ئینجانەو زەمەندەکانی - زەمەن-دا
جێدەهێڵن! جێ

٣

دڵم لە دەراوی – تەسنیم–ی
عیشقی هەڵکێشاو
لێوە بووم لێوە
لەبەردەم ئاوێنەی بێموبالاتی
زەواڵی زەمەندا
دەمەوڕوو کەوتم و
هەویاو هەناسە ساردو
سەرگەردان
دوودی حەشیشی دووری
دەکێشم!

٤

دوور لە نووری فنجانەی
کوڵمی گوڵناریت
– سینا–ی وشکەڕۆی قاقڕە
ئەم ڕۆحی ڕەوشەنی شیعرە!

٥

لەبەر سایەی چناوی
دوڕڕو مەرجانی
ڕووخساری پەروەرێنیتدا
گیرۆدەو خانەخراب
غوباری عومری بابردووم
بە خرنگەی خشڵی وشە
سەرشێتەکانی ئەڤین
ئەژمار دەکەم ئەژمار!



٦

ئەی زەنبەریترین زاروزێچی جوانی!
وەی بە ڤیانیترین وەجاغێک
لە یوسرو مەرجانەکانی بەینەت
ئاگرستانی بورکانی مەحەببەت نەبێ
ئەم دەفری عیشقی گیانە
چلۆن
لێوڕێژ دەبێ لێوڕێژ!

٧

ئەستەمە نیشانەکانی وەجد
لێکبدرێنەوە
کولبەیی – دڵ –
خاپوورترە لە مەرگ!

٨

چەندین جار بە پەرێشانی
نوقمی دەریا سەرمەستەکانی
ئەڤین بووین و
– دڵ – تاقە حەرفێکی حەشیشینی
پێ نەنووسرا!

٩

بۆم نەکرا جانتا کریستاڵێک
وشەی پیرۆزی ئەزەلیت
بەسەرا دابارێنم و
بە ئاوەڕۆنی سوبحانیش
لیسپ و سینە و کەزیت
ئاونگی کەم ئاونگی!

١٠

نازانم لە چی بدوێم و لە چی ڕامێنم
ئێوارەوەختان لەپڕ دادەڕژێ و
تۆیش
بەم خەسڵەتی دوودڵییە گوڵگوڵییەوە
تەنکە ئارمووشێکی بەر پێواری ئاگرین
خەرمانەی دەوری باڵاتە!

١١

سوندوس و ئیستەبرەقەکانی
پێچشی دورجی مەحەببەتی
- دڵ - دەرکە
ئەمێستا فرە جوانی!

١٢

- قومری - دەیگوت: دەک دەست و مەچەکت بشکێ
پێم نەگوتی:
کەرپەن(*) خراپ لە - ئاڤێستا - دەگەن
خراپ لە ئاڤێستا دەگەن کەرپەن
لە ئاڤێستا خراپ دەگەن کەرپەن
دەگەن خراپ لە ئاڤێستا کەرپەن
دەگەن لە ئاڤێستا خراپ کەرپەن

---

* کەرپەن: ناوی تاقمێ لە پێشەوایانی دێوپەرستن، دێو، بە مانای خوداوەندو ئافەریدەگار، بەڵام زەردەشت ئەوانەی کە لەگەڵ ئەو سازگار نەبوون بە دێو ناوی بردوون، واتە «دێوی قین».. یان ئەو کینە لە دڵانەی کە دژی مەزداپەرستی بوون. بڕوانە کتێبی «ئەوێستا».. نامەی منیەوی زەردەشت، وەرگێڕی بۆ کوردی، عومەر فاروقی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای - ئاراس - ساڵی ٢٠٠٢.



١٣

بەردەوامبوون هەمیشە
وەزەنی وەرزەکان دژوارتر دەکا و
- لالە - تەنی پۆشەکانی
هزر و لێکدانەوەش
لێڵ و خامۆشتر!

١٤

لەو بەرخۆرە خۆشەدا
کۆما کۆما
شارا قەشەنگەکانی
خوێی زەرد و سوپەندی سیاو
بخوری سپی/مان دەسووتاند و
شەرای ئەفسوون و عیشق و
مەینەت، سەرشاری دەکردین و
تنۆک تنۆک تنۆک تنۆک
چاو ئەسرینی فیراقی دەوەراند و
دڵدەڕۆیی و دڵدەڕۆیی و دڵدەڕۆیی!

١٥

بەو ئێوارە ئارمووشیە!
ڕەوێلێک ماسیگری تۆڕەوانی تامەزرۆ
بە بادی هەواوە
خۆ دەلەنگێن و دەلەنگێن و دەلەنگێن
سەردینە سوندوسییە سیمینەکانی
زێڕخانەی زەرباچەی زناکی ڕۆح
ڕام دەکەن و

دانە دانە.. بە بەژی
گۆلە لیخن و تارییەکانیان
دادەدەن دا!

١٦

لە لێڕەواری تەڕچکی وشەو دەستەواژەدا
ئێمەی لاساریترین ئەشقی و بەندەواریترین ئەڤیندۆست
دڵکەش دڵکەش
زڕوزەنگیانەکانی خورپەی
گیان کۆدەکەینەوەو
سەرمەست و تەناهی و حەیران
دەڕەقسێین و
سترانی دڵمەندی و ئۆخژنییەکانی
- حەرف - دەچڕین و
لە سیمای نیشانە تەڵخەکانی
قەدەر قەدەر ڕادەمێنین و
لەپڕ بۆ دڕنی
قۆشەنی قڕنیس و شەبەحی
دەڵە ورچی سەرگەڕی مەرگ
- هێڵنج -مان پێ دێنێ - هێڵنج!

٢٠٠٣/١/١١



## زینانی ڕۆح

سووتا ڕەواقی خانەیی صەبرم، دڵ و دەروون
نەیماوە غەیری گۆشەیی ذیکرێکی یا صەبوور
«نالی»

بەو سپێدەی کافوورییە!
کە لە کاوانی دوندی - دڵ -
سەوڵەجانی - شیعر و ئەڤین-مان
تووڕ هەڵداشت
«لەبەر عەرشی موعەللای لوئلوئی
لالای حوسنی ڕۆشەنی کچانی
سپی پێستی ئامالزەردی چاوبەڵەکی
گەردن زراڤی سوندوسپۆشی بەرچەپەری
- باغی سەبا - کەوتە حاڵ و جەزبە و فەنا»
کڵ و کڵپەی ئاگری بوغز و ئێرەیی
بەجۆرێ هاتە نێڵە نێڵ
هەر ئەوەتا.. یەشمی عومر
نەبووە «ئاخی سەرسەرەڕێ»
چاو هەڵبڕە: ئەی نەورەسی نازپەروەری
کەناری سەلسەبیلی ڕۆح
دەریاچەیەک/ لێوڕێژ لە یوسر و مرواری
هەڵپڕژێندراوی میهری مۆرفیم
وەک کەوە و پیرۆزە و شەوە
دادەگیرسێ و
زەرکێک/ شەرابی شەیدایی قولقول پیاڵەی
نەواز و کوانوبەک/ ڕەحیقی ناز

پەڕەی پەرەنگی شێتێتی دەورووژێنێ
لەوێش، لەودیو زووهای تاریکستانی
لێڕەواره قاقڕ و قڕتێکەوتووەکەی
ژاوەژاوی ژار و ژەنگی واژەدا
«ماکی دووکەڵ پڕشکەی وا دەهاوێژێ»
ژووژوو و وشترمورخ و باخە و قوڕواق
ورچ و وەزەخ و واق واق
دۆشدامان و بە قیڕەقیڕ و واقەواق
تێکقژقژان»
ئێمەی بلەوەز و بەندەوارو خەتاکارانی
زینانی زەمهەریری زمان
هەر زوو گجی بادی هەوای - داب-مان
دادڕی و
لەژێر ڕێژنەی برۆنزی دووشی بەینەتدا
بەندەنە ڕەندو درەوشاوەکانی لیلۆسیترین
لەشی هۆزانمان - جن - بارانکردو
مەراقی/ مەوداکانی مەرگ و عیشوەی عیشق و
جەننەتی سینەی
ئاهووە ئاتەشییە گەنمڕەنگەکان
دووچاری کوڵ و کەسەری کردین»
شەوڕاشکا و
شەوڕاشکا و
شەوڕاشکا
«سووڕەت» بە لارەولەنجەوە
قاقا قاقا پێدەکەنێ و
ورشەی شووشەی پەنجە شووشەکانی ڕادەمووسی و



بلووری لالەی ڕوخسارە فیردەوسییەکەی
- دەپژا - و
پۆشاکی خوناوبەسەری بۆن و بەرامەی
ڕەز و عەتری کونارو گەزیچاری لێ
- دەپرژا - و
شۆرەزاری ڕۆحی خاپوور و مێرگی موراد
دەڕسکا و دەشنایەوە!
ئەی پەروەرێنی من، منی خەتاباری ئەزەل
چی بکەم.. چەپاڵەم دە چەپاڵە!
سووڕەت.. ڕستێک.. ئای کە ڕستێک!
«کەڵبەی گورگ و زەنگیانەی نارنج و پلّپلّەی مول و
دگانی مارو سوهای تووتیاو خشڵ و زەنبەری
شەبستانی، لە سەرلەبەری باڵای ئاڵاندبوو
دەتگوت: تاووسێکی خوماری چلچرا بارانکراوە!»
چاوە ڕەش ڕەشەکانی
کەیلی کلی جادووی کەژمار و
سەهبای قودرەتی سوبحانی
لەنێو جامخانە بەرهەڵاکەی
جینانی جیلوەی جوانیدا
کەفەڵە کێوییەکانی بەرتیشکی
شەوچرا شێتەکەدەدا شەوچرا!
تاڵ تاڵ قژە خەڵوزییەکەی
ڕووەو شان و بەرمل و لێو و زنج و
گەردنە سوراحیەکەی دادەڕژا دا!
«سووڕەت»
ئەی ڕەخشندەترین شۆخی باغی سەبا

وەی فرووستادەی مەسکەنی عیشقی ڕەها
لەم گەردوونە بێ ئەنواو بێ هەدادانەدا
لەچی بدوێین! لەچی؟!
دڵزووهان و
لەشزووهان و
ڕۆحزووهان و
زیندەگیش زار و زووهان
نە دڵ برستی لێ دەبڕێ
نە تێکستی زەواڵ، مۆرفیم
نە نەشئەی سووتێنەری مەی
سەفەری دووردرێژی سەرابستانی
ئەم ژینە تەواو دەکا
نە چرکەساتی ئاتەشینی سکڵی ئیرۆس
نە حەڵقە حەلەزوونییە قاوەڕەنگەکانی
دوودی حەشیش!
نە حەسرەت و ئاه و زاری بەندەواری
لەیرە، لەم پارچە زەمەنەی گیانەدا
بە قاروورەیەک قاوەی بێ هۆشی و دورجێک
فستقی سیحر و زەیتونی زناک و ڕاکی ڕاڕایی و
بەرچنەیەک ڤالیۆمی ڤیان و ڕاڤەوە
بیردەکەینەوە.. بیر
چناوی نیشانە نیانەکانی ئاخ و ئاخڵە و
ئاگرو ئاهوراو ئای ئای
لێکدەدەینەوەو
وەش وەش وشەی ورشەداری
تژی لە تەڵای تلیاک و ئاونگی ئارتین



هەڵدەدەین و
هەڵدەدەین و
هەڵدەدەین
هاژەهاژی لەنێوچوونی
تاڤگەکانی عیشق و نەواز دەنووسینەوەو
تۆمارە
پاپیرۆسییەکانی نێو شووشە
– خاڵییەکان –
بە ڕووبارە داخراوەکانی ئەبەد دەسپێرین و
لە دوورڕا ئاخ! لە دوورڕا!
مەزرایەک مووروو و مەرجانی
پەنهان پەنهانی پەرێشانی
لە دەروونی
کەیوانی ئەڤین دا
دەبریسکێتەوەو
دەبریسکێتەوەو
دەبریسکێتەوە
ئەی قەدەری قورمزی، ڕازی ئاڵۆزی
وەستانی خورپەی بێ موبالاتیم
پێ ببەخشە
ئێمەی بلەوەز و بەندەوار
بەم وەزەنی شەکەتی زەین و گیانەوە
تنۆک تنۆک
تنۆک تنۆک
ئاوەڕۆنی سۆزی سوتماکی
خەفەت و هۆشی داڕژیاوی دێوانەیی

به سینەی تازەڕەسیدەی،
– زەری سرووش– دادەکەین و
دادەکەین و
دادەکەین و
لەبەر قاپی سەماخانەی سەودایی
– حەرف و عەددەم –دا
ڕادەچلەکێین و
گۆلێک ئای کە گۆلێک!
کەفی کحولی ئەسپەنک و
هەوری ئیکسیر
دەسووتێ و
خشڵ و خەردەل و خەشخاشەکانی
ڕۆحی شیعر دادەگیرسێنێ دا

٢/ ٢/ ٢٠٠٣



## سروودەکانی عیشق

لە وەصڵی تۆ زیاتر خەوفناکم، نەک لە هیجرانت
بە میثلی شەمع و پەروانە، بەڵێ، عاشق دەبێ وابێ!
«ناڵی»

١

ژیان لە چناوێک دەکا
لە کەنار دەریایەکی ترسناک
کەشتییەک لەبەریای
سارایەکی زیب
بەرچنە پەنگرێک لە
جەرگەی بەفرستانێک
لە زیو
نیگاکە نیگاکە! ئای کە نیگا ناکەی!
ئەی یار
بەفری سەر ئەو پشکۆیە
سرک و جوان و عەترناکە
چلۆن ڕەشدەبێتەوە
ڕەش ڕەش..

٢

دەرکەوە.. ئەمێستا دەرکەوە
بۆ دەرناکەوێ؟ بۆ
ئەی تاقانەترین یاقووتی نهێنگەی مەلەکووت!
با پەرەنگی تەڵای حوسنت
بدرەوشێتەوەو بدرەوشێتەوە
شەوی ئەم دارستانی غەمگینییە
گیانی داڕماندین گیان!

٣

به ئاگره شین شینەکانی
لالەیی - دڵ -
کینەو وەسوەسەکانی گومڕایی
دەسووتێنم
من سەرمەست و ئالودەی
پرشنگی مەحەببەتی خۆرێکم
- ئەی خۆری من -
لە خاوەری کاوانە سپی سپی و
دوور دوورەکانی وەجدی
هەمیشەییەوە هەڵدێ.. هەڵ

٤

دڵارام بە عیشق
لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی مەستیدا
دەخولێمەوەو دەخولێمەوەو دەخولێمەوە
لەپڕ
نووری گزنگی جوانیت
سەراپای ئاوەزم لەدەست دەدا
لەدەست

٥

کەرستەی لێکدانەوەکان
هەڵدە نێو بادەیێ لە ئەڤین
ئەی ماهی من
خەریکە مۆڵەت تەواو دەبێ
تەواو!



٦

ئەی پەروەرێنی من
ئەو هەموو جوڵندەو جفۆکی وشەیە
سەرپاکی ئیرەمی باغی دڵ
چەپاوکەن چی بکەم!

٧

تا ڕۆژی پەسلان و بەرێ
دەس لە ئەفسوونی ڕووخساری
پەروەرێنیت هەڵناگرم
ئەی شێوەپەری!
دڵمەست و کەسیرەو سەرگەردان
نیشانەکانی جوانی و
کڵپەی ئاگری ئەڤینت دەنووسمەوەو
بە دێوانەییش سەردەنێمەوە..
سەر

٨

ئێمەی تۆرەمەی تۆڤە سەرشێتەکانی ڕاڤە
ڕەنگەکان تێکەڵ دەکەین و تابلۆ گەرمەکان
لەبرێز
لە کەڤرو دەوەن و بەدەن و
زەمەن و نەغەم
لەبەردەم سەرابە درەوشاوەکانی
جوانی و سیحری کەوڵە پیرۆزەکاندا
دەسەوسان و پەرێشان
دەلالێینەوەو دەلالێینەوەو
دەلالێینەوە

٩

خەشخاشی - شەوە-ی باخەڵت
سەرمەستی دوو دنیای کردم
عەتری خوناوی پەرچەمت
ئاوارەی جینانی کردم

١٠

ئا بەمجۆرە
زەرەندی کۆڤانەکانی ڕۆح
لە ئینجانە ڕەنگاوڕەنگەکانی
زەمەن دەنێین و
شکۆفە دۆزەخییەکانی موراد
بەدەم نەسیمی سوبحەوە
دەشنێینەوەو
بۆن و بەرامەی عەتری قەدەر
دەپرژێنن.. قەدەر

١١

فیراقێکی سووتێنەرە زیندەگی
ئەی یار
نە چەهچەهەی هوزارێ هەس
نە نرکە و ناڵە و فوغانێ

١٢

لەوێ لەو کاوانی - طور - و
باغی سەبای مەلەکووتەوە
ئەی یار
پاژ پاژ یەشم و ئاقیق و



بەهرەکانی کەڤاڵی ئەڤینمان
بۆ بهاوێژە
سەنگەسارمان کە سەنگەسار
ئێمەی کوڕ و کاژە سەرەڕۆکانی - خومار -
با بە شۆقی ئیکسیری ئەفسوونە
ئاڵئاڵەکانی ئاڵتوونی گومڕاییەوە
سەرنەنێینەوە.. سەر

١٣

ئەی بزوێنەری جیلوەی
وردە مەرجانەکانی دەریالووشی
عیشق و ترس و جوانی و قەدەر
وەی! میحرابەکانی پەرستگای دڵ
بە تەجەللا
بە ڕۆنەقی پرشنگداری میهری باڵات
تۆفی ڕۆح و گڕوتینی
ئەم هێشووی پیتی شیعرانە بزوێنە!

١٤

هەواو هەوەسی فەیرووزەکانی
عیشق نەبوایە ئەی یار
- دڵ - چی دابوو لە لەنجاندنی
تیپی وشە!

١٥

«سەر زەوی بە شیناوردی خۆی جوان دەبێ»
خەڵقندە بە ئاگرە ناسکەکانی ڕۆح و جەستە
ئەی دانە گەوهەری درەوشاوەی

حەشیشخانەی تەهی دڵ و دەیجوورەکانی
تێکست و ڕستەو حەرفی گیان!
ئەی یار
لەم نیوەشەوە مەست و برۆنزییەدا،
مەرجانەکانی بەنانت داگیرسێنە دا..

١٦

بەختەوەربە بەختەوەر
ئەی ئاخرین شۆخی بەهاداری
کازێوەکانی کەیوان و
کارێزەکانی جینان و
سەلسەبیلەکانی سەرزەمین
وەی! ناسکترین مۆنادی زەمزەمەکانی
زەین و گیان!
ئەم هەموو زەماوەندی سروود و
تەراتیلی شیعرە
لە سۆنگەی ئاگری عیشق و
بەفری بەینەتە بەینەت
ئەی لەنجەدارترین نەورەسی
جۆبارە ئاڵتوونییەکانی فیردەوس!

مایسی ٢٠٠٣



## تابلۆکانی ئەڤین

مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ!
کە نەقشی غەیری ڕەنگی ئەو بەئاوی دیدە شۆرابێ
«ناڵی»

١

ئیمشەو زەری زوڵفە حەڵواییەکانی
پەخشانی سەرشان و ملە
هێندە بە عیشوە و هێمنی
لەسەر ڕۆخی ئەسکەملێکی
پرشنگداری خامەکیدا ڕوونیشتووە و
دەڵێی تەواری نازپەروەری
باخچە هەڵواسراوەکانی فیردەوسە و
بەندەوار، دیدەخومار
بە چاوە هەنگوینییەکانی
لە دەرگا بەرپێوارەکانی مەحەببەت
دەڕوانێ...
شەو/ زەمەنێکی بێ هۆش و دڵ کشومات
جوانی/ ئاگرێ لە دەستەچیلەکانی عیشق
بوونیش تەنها پیاڵە شەرابێکی کەفئاڵی
لێوڕێژ لە حەسانەوەو ژاوە ژاو
وا خەریکە هەنگە زەردەکانی گیان!
دەورووژێن و دڵۆپ دڵۆپ
دڵۆپ دڵۆپ
شیلەکانی گوڵی ڕووخسار هەڵدەمژن و
گوزوگومەت هەڵدەوەرێن هەڵ..

٢

لەوێ لە سیامالە مەرجانییەکەدا
- خولیا-ی غەجەرزادە
بە ساغەرێ ڕازیانەوە دەلەنگێ و
گۆرانییەکانی غەریبی دەچڕێ و
چنگ چنگ
چنگ چنگ
عەترو لەوەندە و موورووەکانی
دوڕڕ باخەڵی
ڕووەو مێرگەکانی عیشق
پەرش دەکا.. پەرش

٣

لەو بەژ و دەریایە
شەپۆلێ
غەجەر و گەڕیدەو ڕەوەندۆک
ڕەو دەکەن.. ڕەو ڕەو
هەڵوەدای بریسکەی ڕایەخی
ڕازاوەی سرووشت و گۆڤەند و
هەوەسی لۆگۆسن
چەند بەلەز ڕادەکەن!
چەند بەلەز لە بادەی نەسیمی
سوبحدەم دەنۆشن
خومارو تەناهی دەڕەقسێن!
ئەنگۆران.. ئای سەرلەنگۆران!
کزۆڵە و کەسەردار
بزاڤی مەرجانی نیانی تەمەنیان



ئاوێتەی لەززەتی ڕۆنەقی
هەیوولای شەو دەکەن.. شەو شەو

٤

«زەمین ئاوت هەڵقوڕێنە، بەرزایی بەس ببارێنە
ئاو ڕۆچوو بە ناخی ئاخاو کار سەری گرت...»
ئەو هەموو لێشاوی جواناوی ڕەحمەتە
دڵۆپ
دڵۆپ
دڵۆپ
دڵۆپ
دادەڵییە نێو
درزی پیت و شوختی وشە و
سەڵساڵەکانی تەتەڵەی تەهی ڕۆحەوە
ماسییە زەنگیانەڕەنگەکانی
زەریاچەی هۆش و مۆرفیم
لە بەژ و بەریاکانی نەهامەتیدا
هەڵبلۆقان!
چەنێ ئاڵۆزە ئاڵۆز ئەی خودا
لێکدانەوەی ئەو هەموو هێمای ڕازانە!
لە ماوەی چاوترووکانێ
جیلوەکانی جیوەی زەمەن
تنۆک
تنۆک
تنۆک
تنۆک
دابڕژێنە نێو خەڵووزی خەون و فەنا!

چ تۆفانێکی ئاڵە زیندەگی ئەی یار
«ئەی تاقانەترین یار»
مەودا کورت و شەو شەو درێژ
وای بۆ ئێمە!
لەم بێستانی فراوانی تاریکییە بێ چراخان و شەوچرا
خەریکە ترس دامدەگرێ
ترس ترس ترسی عیشق
ترس ترس ترسی جوانی
ترس ترس ترسی فیراق
ئەی ڕێنوێنی من لە کوێی؟
تۆزێکی تر تۆزێکی تر نزیکبەوەو نزیکبەوە
سێڵاوێ تووشە ترسناک!
سێڵاوی واژەکانی گیان!
وا لێکدی جیادەبینەوە
جیا جیا جیا جیا د ە ب ی ن ە و ە جیا

حوزەیرانی ٢٠٠٣



## تاج

داستـانی هیـجری من شـەرحی بە نووسین ناکرێ
پێت دەڵێم چۆن بوو ئەگەر چاوم بە چاوت کەوتەوە
«حاجی قادری کۆیی»

مێزمان دەرفەتێکە
بۆ ئەوەی شەقامێک لیمۆی دیدار
بۆ نێو ڕووباری
دنکە هەنارە گەییوەکانی چاومان
هەڵدەین و
سکڵە سرکەییەکانی کوانووی
- نارنج -ی شەیدایی
مەفتەنی - دڵ - بسووتێنێ و
ڕۆح/ دیدەنی گوڵەکانی غەیب بکاو
شیعریش/ جووتێ پرتەقاڵی گوشراوی خوێنین
بۆ سەر مەمکەکانی زەمەن و
ڕەنگەکانی قودرەت.
بەو پەنجە شووشەییە شاعیرییە
ئەو لاپەڕی ئایندەیە هەڵدەوە
جارێکیدی مێژوو پێکێ ڤیانە و
عومریش فاتیحەی فرمێسک
ڕۆژێ گەڕایەوە
ئای ئەو ڕۆژەی کە گەڕایەوە!
چەند لە گۆپکەی ئەو هەرمێیانەی زەمەن دەکا
کە پەنجە حەشیشاوییەکانی شەوێکی - زایزۆن -
نیگاری کێشا...
نیگارێک -

له شكۆكانی تەخت و تاج و سەولەجانەكانی ڕەبیانی
ئەی بارانی سەرخۆشی ئەو بناری مەمک و هەنگوینە
بمكە زەخرەفەی سەر كەڤرێكی مەست و
ڕێگا مەدە -
ڕوو لە پەرژینی
ئەو دارستانی سێوە بكەمەوە
ئەی ئایەتەكانی سەر كەڤاڵی - طور -و
سەرحەڵقەی جەزبەكانی گوڵی خوا
وەی خوداوەندی شیعرو لافاو و ئەڤین
ئەو زەمەنە
شووشەیێ - جن-ە لە - با -و
كێڵگەیێ بەفری ڕەنگزەردە و
ڕێنادا بچینە نێو بازنەیێ لە لیمۆناد و
ڕێنادا بۆ تەنها تاوێكیش
لە چوارچێوەی سنووری بەرومەمكی عەبەس
بحەسێینەوەو
چەپكێ غەزەلی غوربەتی ڕووەو بیابانی حوسن
هەڵدەین و
مەرجانەكانی گیانیش لە ساغەر كەین.
تاج: ئەی گوڵە نێرگزی ئارانەكانی بەفرو
زریانەكانی زایزۆن و
عەترە سوور سوورەكانی زەمەند
تاج: تاج بوو هەڵوەدای خەفەتی كردین
«ڕەنگە نەتبینمەوە - تاج»
«باڵە سپییەكانی بازی شیعر، بۆتە بازی باوەشێن» و
تۆز و گەردو غوباری دەوروبەری پێ ڕاناماڵدرێ.
مەگەر - لاچین-ی سەر دوندی - سوبحان -
بە كەژاوەی پەڕەمووچی پیت و



سیرەی نەوای ڕوئیا و
لەنجە لیمۆییەكانی وێنەی مەملەكەتی - میهر -
فریای كەوێ!
ئای خانەزای مەلەكووت:
وەی پەلكەزێڕینەی زەمەنی چارەنووس
بشنێ وەكو - ئاو -
لەو كاتەی دەیەوێ ببێ بە شیعر
با بخوورەكانی فیراق
ئاگر لە میسكەكانی ویساڵ بەردەن
بشنێ و هیچ لە ڕەنگی ئەو نادیارییە مەڕوانە
چونكە لەمێژە مێژوو دوو باڵە لە بخوور و برین
كاتژمێرەكەت هەڵدە ئەی خوداوەندی شیعر و قەدەر
با بازووبەندی خورپە و جوانی و سرووش
لە بازووكەین
زەمەن هەمیشە و هەمیشە دۆستی ئێمە نییە
ئەگەر گوارەكانی عەتف
لای زمانی هزر جێبێڵێن..
چی حەرفەكان دەڕەقسێنێ و
چی هەیە سینتاكسی بەختمان
فێری ژیان بكا
چی ماوە هەڵێنەدەی لەو دیوەخانی مۆرفیمە
لەو مێرگی خەمینی حەشیش و فۆنیمە
ئێمە بە پیاڵە چایێكی موقەددەس سەرخۆش بووین
ئەگەر حەشیشی - نەهلیست-مان بكێشابا و
شەرابی - كلكی تیمساح-مان بنۆشیبا
دەبوا ئاسمانی ئەڤین یەكبارە
تاج و توج و عاجە عەزازیلییەكانی وەجدی بباراندبا!
وەرە با حیكایەتی زەمەن لای باران تۆمار كەین و

بۆ تاوێ عومر بە – با –دەین.
وەرە با حیکایەتی زەمەن لای باران تۆمارکەین و
با فرمێسکەکانی عەقڵ تەرجەمەی دیالێکتی
– هەڵدان – کەین.
وەرە با خەنینی خوا و
زەردەخەنەی دەریاییێکی زەردی زێڕین
ئاوێتەی عومر کەین..
وەرە با ئەو شکەنیخەڵوزینی فیردەوسییەی
کە ڕێحانەی ئینجانەی مەنزڵی خوایە
لەدەست نەدەین
ئەی زەمانی زەیزەفونی
بدرەوشێ دە بدرەوشێ
وردە کریستاڵ و زەنگیانەکانی دەروون بدرەوشێنەوە
کێ شیعر بۆ زەمانی زەماوەندی
کۆترەکانی وەفا دەنووسێتەوە
تۆ نەبای
ئای کە تۆ نەبای
کەس نەبوو لەو حەقلی ئاگرەدا
«قیبلەی شۆڕش»
بە پێکێ شیعر و بتلێ حەشیشی ڤیان بگۆڕێتەوەو
خوا بەسەر شانۆی لیمۆ شیرینەکانی لێومان بێنێتە سەما..
سەما ئەی پاسەپۆرتی ناساندنی ڕۆحەکانی جەستە
سەمای چرکەکانی مەستبوون
سەمای فەنابوونی مانا و
تەرزە توندەکانی هزر:
ئەی خوداوەندی شیعر و عیشق و ستیان
«نیگارت..
ئای کە نیگارت...



لە تنۆکە گەرمەکانی ئەسرینی چەشم و
ئاوێنەی دڵدایە».
ئەگەر دێینەوە
کودەتایێ بەسەر حیرمانی ئەو بەردانە دەکەین
کە لای – ئاو – ڕەشماڵی مەنگیان هەڵداوەو
ئەو دنکە زیخانەش کە حەسرەتی خەڵوەتیان
بە ڕووگەکانی – با – سپاردووە
ئەگەر دێینەوە
ئێمە دوو ڕێگای پڕ لە ماسکی ڕوخساری
حەرف و گراسین
توانەوە دەمانڕوێنێ و
باران بە یەکترمان دەناسێنێتەوەو
عەشقیش پەرتتر
ئەی میحرابەکانی هەوەس بە تەجەللا
هەڵدەڕێژین یاقووتەکانی مەراقی لیلۆسی و
جەربەزەیی چەقۆکانی سەما
لەسەر عەرشی هوتێلێک لە تاج و کەوچک و
گازینۆکانی عەشق
حەرف دەچڕین و
غەزەلی غوربەتی لە پێکی ئاوەدانی دەکەین
ئەی دەسپێکی جوانییەکانی یەزدانی
شەو فیدای مێزی کحول و
ڕۆژیش قوربانی گەڵا وەریوەکانی باخچەی حەرف بێ.

زانا خەلیل – ئەڵمانیا
هاشم سەڕاج – هەولێر

*باخچەی هوتێلی هەورامان*
٢٠٠٢/٩/٩

## دورج

عاشق هەوەسی مەیکەدەو و عیلمی بەسیطە
عاقڵ طەڵەبی مەدرەسەو و جەهلی مورەککەب
«نالی»

١

عیشق بوو
گەنجی ئاڵی تەنیایی پێ دارِماندم
تا لە بەستەکانی با و
شەوچراکانی ئاو و
پیتەکانی ئاگر و
خاسەڕەنگی کراسە مارۆنییەکانی خۆڵدا
خۆڵ
خۆڵ
خۆڵ
بدرەوشێمەوە و
ب د ر ە و ش ێ م ە و ە

٢

نەخشێ
تورڕڕەی دەنکە هێشووەکانی
ئیکسیری ئەڤینە و
لە ئاسۆکانی ئەزەلەوە دادەڕژێ و
لە دورجی بەهاکانی وشە و
لەنجەی نەشئەکانی ڕۆح و
ئاڵۆزی ڕوخسارەکانی جوانیدا
حەشار دەدرێ حەشار



٣

پەلە مەکە
هەر ئێستا یەکێ دێ
وا لەبەر ئاوێنە وەستاوە و
قژی شانە دەکا و
جام جام شەرابی جام جام شەرابی
جیلوەی جوانییە سوبحانییەکان
بە گیابەندی هەودای خەڵقندەکانی
جیهانا دادەکا و دێ و دێ و دێ
ئێمەیش هێدی هێدی ڕووە و
مەفتەنە نادیارەکانی غرووب
بەرێ دەکەوین بەرێ

٤

تازە چی بکەم ئەی یار
/دڵ/ لەبەردەم فورقانی
چاوە مەستەکانتدا
مات و مەدهۆش و حەیرانە

٥

لەنێو ژاوەژاوی پێوەندییە واژەییەکاندا
/دورجێ/ وەنەوشەیی هەس
سەرمۆر و تەلیسماوی
لە سەلکە پیازێکی مزری سرکەیی دەکا و
بە لەنجەی سڵسڵە و پلپلەکانی تەپڵی
کەرنەڤاڵی ئیقاعەکانی /دەروون/
مەست مەست مەست

دەلەنگێ و مەست مەست دەلەنگێ و
لەبڕێز لە کۆدەکانی ڕۆح و ئاتەشەکانی ئەڤین و
یاقووتەکانی گوناه و خشڵ و زەمبەرەکانی
گومڕایی و جوانی و فیراق
مەست مەست مەست
ڕووە و بەنان و بەندەنەکانی لەشی
شۆخێکی بەندەواری دڵسوتماکی گەنمڕەنگ
دەکرێتەوە و دەکرێتەوە و دەکرێتەوە

٦

وەرە ئەڤین
شەیدام بە پرشنگەکانی خۆری ویساڵ
وەرە ئەڤین
شەیدام بە پرشنگەکانی خۆری ویساڵ

٧

دوایین جار گەمەکانی وەرەق و شەترەنجی تەمەن
بە ئازادییە دەربەستەکانی مۆرفیمەکانی زمان
دەسپێرین و ڕستە و دەستەواژە
ئاڵۆز و جەلاتینییەکانی ڕۆح
لە کەمەری بوونەوەرە زیبا و بنێسەکان دەئاڵێنین و
خورافیترین غەزەلێکی ناوادە ناوادە ناوادە
بۆ عەقڵێ شەکەتی /ئەجەل/ دەچڕین و
دەچڕین و
دەچڕین



٨

پێم خۆشە لەودیو ئەمارەتی ئەسمەرپێچە
بۆ گوڵەباغە موبارەکەکە نیگابانت بم
ئەی خاوەندی دەسبەندی زێڕ و مەلەکی
مەملەکەتی نەغمەکانی سرووشی ڕۆح

٩

ئەو مەلەک بەچکەیە لاجانگی
حەشیشی مادلێنە
کە پەلکەزێڕینەی بارانی مووروووەکانی
هەوری شەرم شەرم شەرم
گەمارۆی ڕوخساری دەدا
لە کالانەی شەوی چاوە مەستەکانی
ڕستێک گلۆپی کافووری
دا دەگیرسێ دا

١٠

ئەی کەڤری سوور کەڤری مەحەببەت
هێزی نادیاری خومارینت ببارێنە
با سۆلینەکانی باغی عەتف بپشکوێن
دەزانی /دڵ/ چەنێ ئالوودەی ئاوێنەی
بێموبالاتی حوسنی شۆخێکی
شەونمباری غەجەرزادەیە
شارای یاقووتی گەنجی درەوشاوەی
لەززەتدارترین ورێنەی دڕدۆنگییەکانی
زاگەی زەین زەین زەین دەورووژێنێ

١١

بیرمان لە شەوە ترسناکەکانی
دەریا دەکردەوە دەریا
لەپڕ لێزمە کاغەزێکی شینی ئاسمانی
شێتانە هەڵڕژایە هەراوی زوهای
عەدەمەوە عەدەم عەدەم عەدەم

١٢

ئەی بوهلی موقەددەس
دانەچۆقە و پێخاوس و پەرێشان
بەڕێ کەوتووم گومڕا و خانەخراپ
گیرفانم تەژی لە سواڵەتی کەڤاڵەکانی
ڤیان و قورقوشمەکانی هێمای پەروایی
بەڵکو لەو ئاگری کوانووی وەجدی ئەزەلییەت
چلوسکێکم پێ ببەخشی چلوسک

ئەیلوولی ٢٠٠٣ / هەولێر



## جەمرە

دڵیش مـــــایل بە دیدەی تۆبە، بۆیە
لەمن وەحشیی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو
«نالی»

بولێڵ دواین ئەستێرەی مشەخت
دەیجریوان
لە خەو ڕابووم... ڕاڕا بووم
لەمیان دار و چەمەن و شکۆفە خەوبردووەکانەوە
بەرانبەر سێبەری گەرمی
بەژنی ئەڤینی باڵا... سووژدەم برد و
سیلسیلەیەک درووودی سوور سووری
لەززەتداری فیردەوسیم بۆ هەناردی!
ئای جەمرە ئای؟!
ئەی داوێن تەڕترین گوڵە دۆزەخی گەردوون!
وەی ڕەشتۆزیترین ئاهووی هاموونەکانی زەنبەق
لەوێ لەبەر دەرگا داخراوەکەی
عیشق و قەدەردا
چەنێ خەرامانانە دەلەنجای و
وازیت بە بابوجە زەردە بزماربەندە
حەلەبییەکە دەکرد و
داو داو داو داو داو داو
پرچە قەترانییە شێدارەکەت داو داو
دادەرژایە سەرتاسەری دیم و لاجانگ و چەناگە و
دەتچرپاند بە گوێچکەی سەرابا
ژیان/ لە وەهمێکی جوان دەکا و پریەتی

له پرشنگەکانی شەونم و عەترەکانی حەشیش و
ئاخەکانی خوسار و سەربهووردەکانی سەفا
قامکە سەهۆڵییەکان
پچڕ پچڕ پچڕ پچڕ
پچڕ پچڕ
لەژێر گەرمایی نەشئە گوڵگوڵییەکانی ئیرۆسدا
وندەبوون ون ون ون
چێژ چێژ چێژ چێژ
چێژ چێژ
دانە زەنگیانەی عومر دەسووتا!
ئای جەمرە ئای!
چەنێ ئاگری بوون ئاگری
پەرەنگی خورشتە نارنجییەکانی سفلس و
بیمی سەیەلانەکانی عەبەس
بە ورێنەی نیگەرانییەوە دەخرۆشان!
لەولاوەیش/ تکەی ئاوە شێدارەکانی
کوپە کۆنەکانی زەمەن... لە قەوزە تەڵخەکانی
مورادەوە دادەچۆڕایە نێو
ئینجانە سپییەکانی ترشیاتی چڵێسییەوە و
سترانەکانی جەستەی دەچڕی:
جەستە جەستە جەستە
ئاوا؟! زیلەی گوارە جوانەکانی زیندەگی ئاوا دەبێ
ئاوا؟! زیلەی گوارە جوانەکانی زیندەگی ئاوا دەبێ
گیانیش/ گیان گیان گیان گیان
نەغمەکانی دەسنووسی پەرکەم
پەرکەم پەرکەم پەخشی بالکۆنە



ترسناکەکانی شەوگار دەکا شەوگار
جەمرە ئای جەمرە
«تۆ لەنجەدارترین /شۆڕەبی/یەک بووی
لە پەشمەک و قەیماغ و دانتێلا و
ئەڵماس و ئیرەم و ئابنوس
کانیلە مەرجانێکی کافووری دەیڕسکاندی و
سێبەرە وەنەوشەییە بازنەییەکانت شەکەتی
گیانیان دەحەساندەوە»
جەمرە ئۆف جەمرە
ئەی نازپەروەرترین نەخچیری دەخمەی
کرمگەلە شووشەییەکانی بەربەرییەت
وەی؟! ناووسێک لە
خۆڵەکەوە درەوشاوەکانی
لالە و لاولاو و هەڵەز و
ئاخ و هەستی
ئاخ جەمرە ئاخ
ئـ.. ا .. خ
جـ.. ە .. مـ.. ر.. ە
ئـ.. ا .. خ

٥/ ١٠/ ٢٠٠٣

# لیا

ڕەققێتیی تەن و، ڕیققەتی دڵ، ڕوقبەتی طاعەت
مەخصووصی ڕەقیب بۆ لەمنی خەستە ڕقی بوو!
«نالی»

*بۆ: (نامیق عەلی قادر)ی شێوەکار*

١

لەنجەت ڕەحیقی
گوڵە مێلاقەی زوورگە لازووردییەکانی ئیرەمە و
چۆڕ چۆڕ چۆڕ چۆڕ
چۆڕ چۆڕ
دەبریسکێ و دادەڕژێ
دا دا دا
میسک و زەیتوون و میشکات و حوبابی
چرا شووشەی ئەڤینی کونجی خەڵوەتخانەی
گۆشەگیریم
نەشئەدار و ڕۆشن دەکا
ڕۆشن
ڕۆشن
ڕۆ... ش... ن

٢

کەڤاڵی حوسنی حەڵواییت
پریەتی
لە هێما ئاڵۆزەکانی – طور – و
هالاوە موقەددەسەکانی



پۆلوی – طوا –
تۆ
ئەی مەلەکی مەملەکەتی عەرشی موعەللا
– وەی! خۆری غەزەلی عیشوەگەری من!
سیلسیلەی دەسبەندی زێڕ و مرواریت
بلەرزێنە
با
خشڵگەلی ئیقاعە سەرشێتەکانی
حەرف و دەروون
سەرمەستتر و حەشیشیتر
بلەنجێن و
بلەنجێن و
بلەنجێن

٣

ئەی ئیکسیری زەلزەلە زیباکەی
«ز»یی ڕەزان و
ژاوە ژاوە ژێدارەکەی
«ژ»یی کەژان و
خاکستەری خەرمانە خەمینەکەی
خوم و خارای
«خ»یی خەزان
وەی! ڤالاترین پیاڵە لێوانلێوەکەی
عەتر و عونناب و حەشیشی
«ڤ»یی، ڕێڤینەکانی حەسرەت و
لاڤەکانی گیان!
ئۆها! لێبورو دلاوا

«د» دالی دڵی دەریاچەی ئاگرینی
سۆز و سرووش و سەڵتەنەت و سەودایی
هێشووی وشە
بلەرزێنە... بــ

٢٨/ ١١/ ٢٠٠٣



## ڕیڤا

دووری لەمن خستەوە بێ سەبەبێ یاری من
باری خودایا کە تۆ بگری سەبەبکاری من
«نالی»

*بۆ: د. فەرهاد پیربال*

ئەم گەشتە دوورو درێژە بەجارێ شەکەتی کردین
وێڵ و سەرگەشتەو پەرێشان هەنگاومان ناو
گەیشتینە سەر ئاوی/ مەدیەن/
شەو/ بەکۆڵێ ئەستێرەی زومورڕەدەوە
دەیجریوان و
بوهلی دەخمەخانە دێرینەکانی
ڕوونا دەکردەوە ڕوونا!
گوزوگومەت تۆڕمان هەڵداو
پەزەکانی بەندەواریمان ئاودا
ئاو ئاو ئاو ئاو ئاو
ماسییە ئەڤینییەکانی قەدەر لەشبازییان دەکردو
پڕیشکەی ئاگری حەسرەتە نارنجییەکانیان
دەبریسکاندەوە
ئەی خودا خودای بوزورگ
پشکۆی دۆزەخی چ فیراقستانێکە ئەو
جاه و جەلال و بریسک و باق و ئاشووب و هەڵای
زیندەگییە!
لەپاڵ گابەردە بلوورینەکەدا پشوومان داو
بەرهەڵبێنەیەک پلووکە بەردی قاوەڕەنگمان
هەڵدایە جۆبارە جیلوەدارەکانی زەمەنەوە

شەو/ شەوچرایەکی سەرشێتی وەنەوشەیی بوو
دەدرەوشاو دەدرەوشاو دەدرەوشایەوەو
پەیتا پەیتا پەیتا پەیتا
/فۆتە/ گوڵنارییەکەی دوڕگەردنی
ڕیڤای ڕۆشن دەکردەوەو
ڕیشووە ئارمووشییەکانی کەیلی
عەترو ڕەحیقی ناز

دەتگوت:.. زەرییە چاومەستەکانی
ژێر خێوەتە سەوزەکانی وارانەکانی
فیردەوسە.. ورد ورد ورد ورد
ورد ورد
لە ورشەی /بەنان/ە سوبحانیەکانی
ڕادەماو تاڵ تاڵ تاڵ تاڵ
لیسپ و ئەگریجەی پەشمەکینی
لوولدەداو لووللوولدەدا لوول لوول
ئای کە غەجەر جوانن
غەجەر چەنێ جوانن خودای من!
ئێمەی موسافیرو خاکەڕای
هەڵوەدا بەعیشق
لەم خاوەر و خۆرنشینی ئەبەددا
بێ ئەنواو خان و لان
لەبارەی هێما ئاڵۆزەکانی بوون و
سترانە غەمگینەکانی وەرزو
نیگەرانییەکانی /یەقین/
دەدواین و دەدواین و پێدەکەنین



چاوەشینشینەکانی ڕیڤا
جووتێ مووررووی شێداری شەرابی بوون و
هێدی هێدی هێدی هێدی
دادەگیرسان دا!
تاڤگەی پەرەنگی غەمزەیان
دادەباران دا دا دا
گەردوون... ئای گەردوون! گەردوون
بە تەنکە کراسێکی ئاونگی داپۆشرابوو
گژەبای /ئەجەل/ دەیلووراند و
توێ توێ توێ توێ توێ توێ
ڕەنگە ئاوییەکانی دەلەراندەوەو
عەتری زەنبەق و زافەرانی پەژمووردەی زەمان
دەپژاو دەپرژاو شەپۆلی دەدا
شەپۆل شەپۆل شەپۆل
ئای ڕیڤا! ئەی ئاڵتوونیترین زاروزێچی
غەجەر زادەکانی وجوود!
وەی! ڕەونەقیترین میتاڵێک
لەکانزا مەحەببەتییەکانی جەننەت!
ئۆهـ! بێ موبالاتیترین شۆخی ڕاژیلەو بنێسی
شەقامە تەنگەبەرەکانی وەجدی دڵ!
مەستم مەست مەست سەرمەست بەعیشق
هاڵاوی کامەجوانی لەپۆلووی سۆزی
موقەددەس گەرمترە!
ئای ڕیڤا ئای!
ئەو هەمووو جواناوی جادووییە تێکەڵ
بەتۆمەکانی کێڵگەی مەرگ و غوربەت بێ

چی دەکەین؟ چی
ئای ڕیڤا ئای!
ئەو هەموو سێلاوی ترسناکییە
مێرگە مەرجانییەکانی جوانی ڕابماڵێ
چی دەکەین؟ چی
برسێتی بڕستی لێ بڕین و سەرما سەرلەبەری
گیانی سڕکردین، بێ پەناو پەسێو خۆمان
[ژیان/ سەمای پڕژەی فوارە عیشوەگەرەکانی
عیشق و ئەڤینی باخچە هەڵواسراوەکانی عومرو
لەنجەی جەبەروتی پارینەکانی مورادە لە
پاوانەکانی ئاقیقداو بۆن و بەرامەی چەپکەنێکی
«نارنج» ڕەنگی گوڵگوڵییە لە سەحەرگاهێکی
هەڵپە ساردەی ئەتڵەسیدا،
عەتری یادەوەرییەکانی شەوق و هەوەس
دەوروژێنێ... ئاه پەروەردگاری من
ژیان/ هەڵڕشتنی تکەی ئاونگی نمەی شەرمە
شەرم شەرم شەرم
لەبەردەم ئاوێنەی حوسنی زیباو دیدەی مەست و
فەتتانی غەجەر بەچکەیەکی باڵا نیهالی سەهی
قەدی شەککەربار لەسەر عەرشی موعەللای
نوور ئەفشانی عیشق و مەحەببەتدا مات و خامۆشە!
ژیان/ نزای میهرو سەوداییە ئاگرینەکانی
زەردەشتە زەردەشت- بۆ
«ئەسفەندیار»انی شیعر شیعر شیعر و
هەڵدانی ساغەرێک ئەڤین و پیاڵەیەک حەشیشی
شێتییە لەدەیجووری ئێوارەیەکی غەزەلڕەنگی



غەمزەدەی بەیدای غوربەتدا، و ژیان/
بێهوودەترین عەربەدەیەکە لەتریفە تریفی
مانگەشەوێکی بێ کۆتای نەشئەبازی پرتەقاڵێدا] و
لەنجەی فێداری سووسنێکە لەنێوان خۆرکەوتنێکی ئاڵ و
خۆرنشینێکی شیندا دەشنێ!
لەشمان هەڵدەلەرزاو هەڵدەلەرزاو هەڵدەلەرزاو
لاڤ لاڤ لاڤ لاڤ لاڤ لاڤ
گیانمان دەلاڵایەوە
هاییی هاییی هاییی هاییی
ئەی پۆلووی ئەڤینی موقەددەس
وەی چرکە دڵاواو دلۆڤانییەکانی
سۆزە یەزدانییەکانی /ئاسیا/
فریامان کەوە.. فریا فریا فریا..
ئێمەی گومڕاو سەرگەردان و سەرەڕۆ
[«لەم دەشت و دەرو بەریای /سینا/یە
نەتۆسقاڵێ کلۆبەفری گەزۆی ڤیان دادەبارێ
نەشێلاقەیەکی نازپەروەر پەروازیەتی
نە تریانێک هێشووی /ڕەنگاو/ی سەعدانی
نەسەوە هەنجیرێکی شیرینی ڕێحانی
نە گومگومەیەکی تژی لەکافووری حەزو میسکی خوتەن
نە عەتری لیلوپەڕی ئەگریجەی پەشمەکی/ ناهید/
نە فیتەفیتی سوورباوی مەستانەی زەردەشامی دێ
نە سەوڵەجانێکی بلوورین ئەژدەر ئاسا هەڵدەقۆزرێ
نەوڵساتێکی گوژەر
کوشتووی میحرابەکانی مەعبەدی
عالەمی باڵاو عیشوەو نازە»]

لێرە لەم دەڤەری گیانەدا
گەر گوێرەکەیەکمان لابایە سەرژێمان دەکرد
گڕمان لەکۆتەرە کۆنەکانی زەمان بەردەدا
زەمان زەمان زەمان
زەمان ئەی سەرابیترین
تەلیسمی جوانییەکانی وەهمگای ئەزەل
وەی تریقەو قاقا و خولیاو ماخۆلانەکانی فەنا
تیکە تیکە تیکە تیکە
تیکەگۆشتمان دەبرژاندو
خشڵ و زەنبەری گیانمان لە پەنگردەناو
قوم قوم قوم قوم قوم قوم
نم نم نم نم نم نم نم
تنۆک تنۆک تنۆک تنۆک
تکەی شەرابی عیشقمان.. لەورشەی بەنانی
پەنجە کریستاڵییەکانی ڕیڤا دەنۆشی و
تووتیای نەشئەگای چەشم و عیشق و موراد
دادەڕژاو دادەڕژاو دا دا دا
کەف کەف کەف کەف
کەفمان بەزەخمەکانی یادەوەری
دادەکرد دا دا دا دا دا
هەودا هەودا هەودا هەودا
دوودی سپی و تاڤگەی تامەزرۆی
تەمتومانی شەککەرین بەری ئاسمانی دەگرت
ڕیڤا ئەی ڕیڤا.. ڕیڤا ئەی ڕیڤا
ئەی دوڕڕی پیرۆز دوڕڕی بیابان
[منی سەرگەشتەو حەیران



زەمەنێکە ورشەی تەلیسمی ئیکسیری
بۆیەی ئەبەنۆسی وەجدی باڵا
دەنووسمەوە.. تۆ ئەی پۆڕی لەنجەداری
ئیرەمەکانی ئێوارە وەختان و شەوە خامۆشەکانی دڵ!
کێ دێ و ئاوی جاویدانی ئەگریجەی ناز پەروەرت
دەخواتەوە.. شەوە یاقووتییەکان نێچیری
خەو و خەیاڵ و خۆڵەمێش و دەیجووری ئەبەدن
چەشنی چارەنووسی پرشنگی نەیزەکە جوانەکان]
ئەی خودا خودای بوزورگ.. تازە چی بکەم؟ خودای من
لەپڕ بیرم لەماسییە جوانەکەی عومرو قەدەر کردەوە
ڕیڤا ئاگری لە چەپکەنە نارنجییە گوڵگوڵییەکەی
بەری بەردەدا، ئەی ئاگری گوڵناری
«ساردو بێوەی بە».. چەرخەی گۆنا فیردەوسییەکەی
ئاڵ ئاڵ ئاڵ ئاڵ دادەگیرسا ئاڵ ئاڵ
کوانێ لەکوێیە، لەکوێیە دەپێم بڵێ
لەکوێیە؟ بۆ پێم ناڵێی بۆ بۆ بۆ
هەڵبڵۆقا هەڵبڵۆقا هەڵبڵۆقاو
خزایە نێو دەریاکەوە..
یەک بەدەستە چەرمووەکەم کێشام
بەگازەرای گابەردە سپییەکەی تەنیاییا
جودامام.. جودا جودا جودامام
«پەناهم دەی خودایا»
لەم هیجرانی عیشق و سووتانی مەراقەدا
هالاوی کامە جوانی لەسۆزی
پۆلووی موقەددەس گەرمترە!
ئای! زووهای تەمەن، چەنێ ئاڵۆزە ئاڵۆز

ڕاڤەی سەربهووردی وەرزو وجوودو خەون و
خەفەت و خەیاڵ و مەرگ و جوانی و قەدەر
بەمجۆرە چرکە خۆشنوودییەکانی وەجدو
بەینەت و ئولفەت و وەفا بەسەردەچن و بەسەردەچن و
بەسەردەچن.. سەرپاکی سروودە حەسرەتییەکانی
دووری /کۆنیاکی/ تەمەن لەبیردەبەنەوە
لەبیر... د ە ب ە ن ە و ە

لەبیر
ل ە ب ی ر

٢٠٠٤/٢/٢١



## خولیا

دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی، فەرەقی بوو
مەکسووری ڕقی بەو دڵی وەک بەردی ڕەقی بوو
«نالی»

١

مرۆڤ؛ ئەی خوێن پارەی لێڵ و ناپاڵاوتەی ئەزەل!
مرۆڤ؛ ئەی ئەستێرەی ورشەداری [فەجری کاذیب]
مرۆڤ؛ ئەی گەنجی هەمیشە لەبیرکراوی جەنگەڵستانی کپ و خامۆش
ئاه! خورد و زەوادی کەرنەڤاڵە زەمەندییەکانی فەنا و زەواڵ!
وەی! نوتفەی تێکەڵاو بە ژیناتە پەنهانەکانی
زەماوەندە بەربەرییەکانی زەمەن!
لەیرە، لەژێر ئەم ساباتی سووسنییەی سوبحانییەدا
لە تێکئاڵانی هەودا ناسکەکانی سپێدەی بەرەبەیان و
دەمە دەمی ئێوارە و تاریکی شەو بنوارە!
چلۆن، هەیەجانی شەپۆلە لارە و لەنجەکانی
دوکەڵکێشە کریستاڵییەکانی ماڵە شووشەیی و
ئاوەدانەکانی ئاسمانی ئاڵی عیشق عیشق عیشق
ئاوێزانی تەمە قاوەییەکانی مەینەت و دڵتەنگی و
فیراق دەبن، فیراق ئەی سەختترین ڕۆژی
حەسرەت و ساتەوەختی بێهۆشییەکانی مەرگ!
ئای! دەخیلتبم ئەی [دادڕی سپێدەی بەیان
لە سینگی تاریکایی شەو] لەم گەڕانەوەی
دوور دوورەی گیانەدا، منی پارسای ڕەوەندی
دۆزەخزەدە چی بکەم چی؟!

٢

تابشت بێنە تابشت
ئەی ڕۆحی مشەخت و بەلەنگاز
بە شۆق و بڵێسە ئیلاهییەکانی
دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ
دەستەچیلەی خەفەتە گەورەکانی
ئەو دۆژەهی
فیراقە بسووتێنە! بـــ

٣

ئێمەی سەرەڕۆیانی
سارای سەرابە ئەبەدییەکان
بێ هەدا و هەڵوەدا
هێدی هێدی هێدی هێدی
ڕێگا بەرپێوارییەکانی غوربەت
دەبڕین و دەبڕین و دەبڕین و
کز و کەنەفت و کەفتەکار
ڕێدەکەین ڕێ ڕێ دەکەین
ئەی یار.. ئەی دەلالیترین یار
لەو سینای سەحەرگای سینەی
عەتر
و
شەراب
و
کافووری
مەحەببەتەت
تێراومانکە تێراو!

٤/ ٤/ ٢٠٠٤



## پارچە حەشیشەکانی عیشق

حیکمەتی تۆ مولهەمە، هەم قەدەمت مەرحەمە
موستەحەقی مەرهەمە سینەیی ئەفگاری من
«نالی»

*بۆ «قەرەنی جەمیل»ی شێوەکار*

### حەشیشی نیگارکێشان

لە چرکەساتی شێتێتی و درەوشانەوەی گیاندا
ڤان ڤان ڤان بە پەنجە ڕەنگاوییە پەرەنگاوییە سیحراوییەکانی
لە سپیترین پانتاییە جیوەییە ئاگراوییەکانی /سێ تابلۆ/دا
کاردەکا و سێ جۆر بۆیە و ڕەنگی جیاوازی ئاتەشین
لە ئیکسیرەکانی ئاو و نەشئەکانی ئاوەدۆنا دەگرێتەوە
سێ جۆر جیلوەی جیاوازی جادووی جەهەننەمی و
عەتری ئاقیق لە ئیقاعە ڕەنگییەکانی تاریکخانەی
شەوی وشە دادەڕێژێ و سێ جۆر نەوای
جیاوازی خەزانئامێز لە جەستەکانی خۆڵ و با!
ڤان/ کەسیرە و دەردناک و خەفەتبارە
گەڕیدەترین غەجەرزاد، بە جانتا عەترناکێکی
تژی لە پارچە ئاوێنەی /ئەگنۆستیک/ و
گیابەندی فلچەی ئەڤین و ئەتۆمەکانی
/دیمۆکریت/ و چەپکێ بخووری بودایی و
دەسنووسێکی کتێبی سارد] هێدی هێدی
هێدی هێدی حەشیشی فەنتازیای عومر و
لەهی کەڤاڵی دەروونی مەستی گەردوون دەکێشێ و
دانە دانەش مروارییە شینەکانی فەنای /بارۆک/
لە بادەکانی شەو دەنێ

ڤانی لێوەو سەرگەردان و تۆرەمەی
تاعوون و خەتاو بەفر و دۆزەخ سێ جۆر
جوڵندە و جفۆکی سرک و کێویش
ڕووە و بوهلەکانی میهر و نسارەکانی
وڕێنە و تیرێژەکانی قەدەر و
سەفاگای ڕەنگستانا ڕەنگستان
ڕادەماڵێ ڕا ڕا ڕا

## حەشیشی شیعر

لە بوهلی شۆرەزارەکانی هەورە شینشینەکانی
/نادیار/ و تونێلە توناوتوونەکانی عیشق و شەیداییەوە
ئەسفەندیارێکی غەجەرزاد بە گالیسکەیەکی سوندوسپۆشی
گوڵگوڵییەوە دێ و برووسک ئاسا ئەسپە سپییەکانی
تەمەن و سەودایی تاو دەدا
تاو تاو تاو
بەرچنەکانی خەون و زەمیلەکانی خولیا و تریانەکانی
خەیاڵی پڕن لە مەرجانە مەحەببەتییەکانی خودا و
ئاتەشەکانی ئەڤین و نەشئەکانی ئەفیون و ڕۆح و
ڕوئیا و جنونی سیحری بەهرە و زرنگەی پیت و
پەشێوی گیان و بریسکەی جوانی و لرفەی
سووتانی ناخ و شەرابە ئالێئاڵەکانی
شیعر شیعر شیعر شیعر شیعر شیعر
بە ڕەوتی زیگزاکی حەلەزوونی و نەقشی نەقاشی
وێنە زەینییەکانی ئەندێشەی زمان و ڕستەگەلی
مونحەریف مونحەریف و حەشیشیترین
پانتاییەکانی نووری جەوانی بەلەززەتخانەی
ڕۆح و ئەجەل دەسپێرێ و زریزەکانی ترپەی دڵ



دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ
دادەڕژێنە پێکەکانی میهر و سەفاوە
چناوێک لە هەستە نارنجییەکانی سرۆی گەردوون
دەڕەقسێ و دەڕەقسێ و دەڕەقسێ
زەمەندێک لە نەهلیست /ڕەزێک لە حوسن
مەزرایەک لە ئاماژە کریستاڵییەکانی خرۆشان
دەدرەوشێن و دەدرەوشێن و دەدرەوشێن
ئەمە چ درەوشانەوەیەکە ئەی خودا
خودای یەکتا!
ئێمەی تۆرەمەی تروبادوور و زناک و زەلزەلە و زوقم و
زەمهەریرەکانی خەون و خەتاو خومار و خەراباتەکانی
نەشئە و ژارو ژەنگ و غەجەر و هەدەر و ئاشوب و
هەڵا و گوناه و تاراج و چەپاو و وەسوەسە و
گومڕایی و بەربەرییەت و ئافەت و بەڵاو
میحنەت و ناچیزەیی و ماخۆڵان و
سیت و سامائیل و مارا......
بە ئەسمەرپێچی ئاگاییەکی ڕەنگاوڕەنگی
تەلیسماوی گەمارۆدراوین گەمارۆ
بێ دەرفەت و مەودا و هەل و مۆڵەت
چۆن چۆنی بیر بکەینەوە
چۆن چۆنی شەرای دڵ و
ورشەکانی بەندەواری دەربڕین
چۆن چۆنی بیر لە هیچ نەکەینەوە
ئەی ڕۆح [ئەی ئەهریمەن ئەی ڕۆحی هیچی]
هەڵقوڵێ بە لێشاوی هێشووی
وشەی شەهوەتباز و

ئیقاعگەلی لەنجەداری نەشئەباز و
پەشمەکی دەسەڵاتی خۆڵەمێشینی عەقڵ
عەقڵ عەقڵ عەقڵ
هەپروون بە هەپروون کە.. هەلا بە هەلا
با سوڵتانەکانی هۆش لەدەسدەین
سەرمەست و سەرشار و سەرگەشتە و کەسیرە
لەم یاریگای لیگۆی ئاسمانییە
چوون موریدانی ئەهلی دڵ
بە هەیەجانی بێهۆشییەوە تەفر و توونا بین!
ئۆه: ئەی بەخشندەترین نیگەهبانی
چێشتەنگاوە لازووردییەکانی جوانی
ئەی دڵ.. دوایین جار کەڵکەڵەی
عیشق و خەفەت لەبەینم دەبا و
لە داڵانە وێرانەکانیشدا زەمەن نییە!
بلەنجێ دەبلەنجێ ئەی بۆ
هەمیشە نالەنجێی ئەی یار
[شای کەچ کولاهان]
شوعلەڕێژ، دیدەباز، خانەزا
غەزەلبار، مەدەدکار، لەعلی بەدەخشان
مۆنادی نەشئەی شەوانی عەربەدە
جیلوەگەر، ئاخڵەی قودرەت
وەی! کلی سوبحانیی و دوڕی سەراپەردە
منی ئاتەشزەدە
شیعر بوو شیعر فریبی دام فریب فریب
ئەی ڕۆحی یەکتا وەی سەرچاوەی هەڵچوونەکانی
شیعری شینباو و عیشوەگەر



بخرۆشێ و فریام کەوە
چلۆن فۆرمی سپیپاتی مۆرفیمەکانی
ئەم ئەزەلە بێهوودەیە تێکبشکێنین؟
«بابلێک/ لە شەراب و بورجێک/ لە خەشخاشەکانی
لەززەت بدرەوشێن
خەونێکی وەنەوشەیی چەنێ وەنەوشەییە
ئەم خەونە .. ئەی خودا
ئێمەی کۆیلەکانی چێژ و هەوەس و ئارەزوو
لەم وەهمخانەی سارای پەرتەوازەی جوانییەدا
گەر نیگەرانییەکانی گیان و حەشیشی ڕستە و
شۆقی شەبەقی شۆخی و شوختی پشکۆکانی
میهر و ئای و ئۆی سووتماکی دڵ و
ئەفگارەکانی وەجدی گەردوون
نەنووسینەوە چی بکەین چی؟

## حەشیشی نەوا

سوب سەحەران موتەشەڕید / کنۆڵب / ئاسا
بە کووچە و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شارا دەخولێتەوە
موبتەلا و شەیدا و پەرێشان
مەخمور مەخمور سەر ئەکا بە باغی سەفا و
ڕووەو ڕووگەی میهر و ڕەها چاو هەڵدەبڕێ
یەک بە هەناسەی ساردی
عەتری سووری بادەی لاولاوی جوانی و
ڕەحیقی گوڵەباغە نازپەروەرەکانی وەجد
هەڵدەنۆشێ و
هێدی هێدی هێدی هێدی
لە شەبەنگی بەرزی باڵای

سنەوبەرە ئیلاهییەکان ڕادەمێنێ و
ساغەری وەحدەت هەڵدەدا و
نەشئەی غەمە شیرینەکانی
بوون و قودرەت
گڕی فیراق و مەحەببەت
سەراپای ڕۆحی دادەگرن دا دا دا دا دا
ئێوارانیش.. زارو زەبوون سەرلەنگۆڕێ
لە مەفتەنی شەرابخانەی عیشق و نەواز
مانەندی /موغ/
بە خەفەتبارترین نەوا و ئاگریترین زایەڵەی
زەمزەمەی مەجووسیانە
حەسرەتەکانی دووڕدانەی عیشق و
گەوهەرە شەهوارەکانی جوانی
ئەژمار دەکا ئەژمار
ئەژمار

٢٠٠٤/٥/٤



## خوسار

خەندەی نەفەسی تۆ بو وەکوو صوبح و نەسیمی
یا گوڵ دەمی پشکووتن و، عەطری وەرەقی بوو
«نالی»

١

ئەی مەرگ تۆزێ مۆڵەتم دە... مۆڵەت
با نەوای سەلسەبیلەکانی ڕۆح و
چرکەساتە سوبحانییەکانی
عیشق و فیراق و جوانی بنووسمەوە...

٢

ئەی یار
پیاڵەی چەشمی خومارت
پڕ شەرابی ڕەزی بوهلی موقەددەس و
عەتری ئاقیقی ئیرەمە
ئەی سەلاریترین یار
لەم بوحرانی ئاشوبی ئەڤینی نیگەرانییە
«بەنەشئەی نیگای مەخمورت»
خوساری سووتماکی تەمەن
جوبران کەوە جوبران!

٣

ئەی یار
دووریت پەڵەهەورێکی گەڕیدەی کەیلی

ئاسنەوالّەی تواوەی ئاسمانەکانی
زەین و مێرگەکانی سۆز و ڤیان و شەیداییە
دلّۆپە پەرکەمییەکانی شێتێتی و
پشکۆ سوورهەلّگەڕاوەکانی لاڤەی
دارمانییەکانی گیان دەبارێنێ!

٤

لەتە سوالّەتەکانی دوڕ باخەلّی مەخمەلّینت
هەلّدە نێو ئاتەشکەدەی سەلّسالّەکانی
کوورەی دلّ!
با لەززەتە نارنجییەکانی خۆلّەکەوەی تووتیای
گۆزە و ئینجانەکانی تاڤگەی ئەڤین
بەنەشئەکانی شەراب و عەترەکانی
شکۆفەی حەشیشی تەجەللاکەن
تەجەللا!

٥

لێرە، لەم گەردوونە غەمگین و زەبر و زەنگییەدا
دوو دلّ، بەپێکەڤە لکاوی
دوڕیانە دۆزەخییەکان دەبڕن و
پەردەیەکی تەنکی پەرمێشی
لێ ناگەڕێ نا
هالاّوی پەرەنگی سۆزە سوبحانییەکان
تێکەلاّوی یەکدی بن یەکدی

٦

لێرە، لەم گەردوونە غەمگین و زەبر و زەنگییەدا
خەفەتێ شەککەری هەس



حەلحەلەی ئاسمانەکانی دلّ و دەروون
دادەگرێ دا... خەفەتێ
لە پەلّەهەورێکی ڕەشی تالاّوزای
ناوادەی ئەجەل دەکا ئەجەل ئەجەل ئەجەل
هەر ئەوەتا داناکا
دا
دا
دا!

٢٠٠٤

# کاپۆچینۆ

دڵیش مـــــایل بەدیدەی تۆیە، بۆیە
لە من وەحشیی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو
«نالی»

١

ئەی دولبەری دەس بەجام و پیاڵەی یاقووتین
وەی ئەبەنۆسیترین تەنکە ڕۆحی یاخی و بەلەسە
کاتێ بەو ڕەوت و دیمەنی
شۆخ و شەنگی و نەرمونیانییە دەلەنجێی
منی بێ هۆشی سەوداسەری غەمزەدە
هێواش هێواش
خۆڵەمێشی قەقنەسی گیانم پەرت دەبێ پەرت
ڕاڕا و نائارام خەریکە تەلیسمی پیتەکانی
عیشق و شارای لێکسیکی وشە
دەشێوێنم!

٢

عەتری ئاوریشم و دیبای
لەشت بوو لەش لەش لەش
سەراپای سەڵتەنەتی
عەقڵی لە دەست دام و
سەرمەست و کەنەفت و حەیران
ئەوا بان و بانیژە و باڵکۆن و
فوسەیفسا و حەلانەکانی
ماڵی وشە دەڕمێنم و
ڕماندنێک تا سەرحەدی



بنج و بناوانی بناغەکانی
جنوون!

٣

بێ موبالات، ڕادەکەین و ڕاڕا لە مەیخانەکانی
کەنار (تەبەس) و بەرانبەر گزنگی
هزری باڵا لاڤەلاف دەلالێین و
ساغەر دەنۆشین و دەڕەقسێین و پیت دەچڕین
ڕۆژگار ئای ڕۆژگار!
ڕۆژگار
نەهەنگێکی هاروهاجی قەترانییە و
بەئەسپایی سەردینەکانی
تەمەن و میهر و جوانی
هەڵدەلووشیت... هەڵ!

٤

وەرە ئەی شۆخی ڕوخسار فیردەوسین
بەر لەوەی هەیڤی قەشەنگی
ڕووگە و وجوود و جیلوەگاه
لەت لەت بێ لەت لەت
لەت بێ لەت لەت لەت بێ لەت
لەت لەت
با پیاڵەکانی ئولفەت و ئەڤین و
مەحەببەت بنۆشین و
تۆزێ بپەیڤین! تۆزێ
پەیڤین ئای! پەیڤین
پەیڤین
عەتری ناز پەروەرترین شکۆفەی

مێرگە مەخمەڵییەکانی ئاوازی گیان
دەپژێنێ!

٥

نەمدەزانی خۆ من نەمدەزانی
لە نێوەندێکی سنوورداری
بیرکردنەوە و بیرچوونەوەدا،
شەیدا و بەندەوار و پەرێشان
سەرقاڵی گەمەکانی لیگۆی
عیشق و مەراقەکانی
جوانی و فڕکردنی
فنجانەکانی مەرجانی کاپۆچینۆی
عەبەسم عەبەس
ع ە ب ە س...
ئەی بێ موبالاتیترین موسافیری سەرەڕۆی
بێ نێونیشان و قیبلە و شووناس!

٦

ئەی بەدفەڕترین و هێمنترین شەڕانگێز
وەی ئەندێشەدارترین پرژەیار!
[خۆزگە دووری من و تۆ بەئەندازەی
دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بووایە]
چەنێ هەڵەداوان
چەنێ چەنێ چەنێ
هەڵەداوان
خزایتە نێو باغی سەفا و
بەنەشئەی تاقە نارنجێکی
سیسی پەژموردە



شازادەی عەرشی موعەللای
ئەمارەتی
حوسن و
شیعر و
ڤیانت هەڵفریواند... هەڵ!

٧

ئاخر غەنیم لە شەوق و ڕەونەقی
ئیکسیری وردە ئاقیقی تێکستان
چاویان بەرداوەتەوە!
دۆست بەناز و عیشوە تەناهی
دەخەنن و دەخەنن و دەخەنن
چی نەماوە ئەی یار
ئەی ئاتەشیترین یار
لەم هالاوگەی زەلزەلەی
توورهەڵدانی ئەفسوونی
سووری وشەیە
دڵ پارە پارە بکرێ
پارە پارە بکرێ دڵ
دڵ
دڵ...

٨

دوێ شەو
لا ڕوومەتێکمان خستە سەر
ئاستانەی مەفتەنی جوانیت و
ڕوومان لە (عوزا) و غەرانیقەکان وەرگێڕا
تۆ ئەی (یا)یێک لە تەنکە کریستاڵەکانی

کۆنیاکی هەیوولای قەدەر!
وەی! شەوچرای ماڵی ئاوەدان!
وا لەبەر تیشکی پاقژی هەتا هەتایەتدا
ئالوودە بەپێکەکانی ئەڤین و سرووش و جوانی
چلوورەی دڵ دەتوێتەوە و چلوورەی
دڵ دەتوێتەوە و دەتوێتەوە...

٩

وەی سووتێنەرتر
لە لەززەتەکانی کایەی وەرەق و
نەشئەی مەی و پشکۆکانی مەحەببەت
تۆی ئیکسیریترین جلوبەرگی ئاگرینی
شەوە دەیجوور و تەزیوەکانی
یەڵدای تەمەن!
دەزانی چەنێ نەرمونیان و قەشەنگی
کاتێ بەلەنجەی پلێپلە و نقێمە قەوس و
قوزەحییەکانی ئەنگوستیلە نازپەروەرەکانی
عیشق و پرشنگی داو داوی ئاڵتوونی قژت
مەفتەنەکانی دڵ و دەروون
خاپوور دەکەی خاپوور...؟
خ ا پ و و ر

١٠

ئەی پەروەردگاری دەهندە و دڵاوا
بارانی رسق و رۆزییەکانی
سرووشمان!
بەسەرا ببارێنە
رەهێڵێک/ لە مۆرفیمەکانی لەنجەخانەی



شێتێتی!
رێژنە ئیقاعێک/ لە کاتە ئیکسیرییەکانی
تەجەللا
دەبا زەمزەمەی چرکە ئاگرینەکانی
نیگەرانی و مەینەتی عومری
بەسالاچوو
تۆمارکەم... تۆمار... تۆمار

١١

مەلەک مووررووی عەترناکی عەرەقناکی
دورِ باخەڵان دەرفێنن
ئەی قۆڵ و باسک مەرمەرینی
بەهێ موشکینی سینە ئاتەشین
بەلۆیاسانی لەش تورت و لووسی
بلوورینی شەوە دەریا شەککەرییەکانی
میهری ئەزەلی و نەشئەی عەربەدەی
شەرابی (سپی)ت
دەشوبهێنم!

١٢

کەفی کاپۆچینۆی گەردنی زراڤی ئیلاهیت
چرا شووشەی رۆحی کلۆڵ و شەکەتان
دادەگیرسێنێ دا دا دا
ئەی گورزە بلێسەی نازپەروەری رەها
وەی سەمای کەوە و زەنگیانە شێواوەکانی
دورجی موقەددەس!
بەعەتری پرچی داو داوی ئاڵتوونیت
سۆسەکانی چرکەی گیان و

پشکۆکانی عیشق عیشق عیشق
حەشیشناککە... حەشیشناک
حـ ە ش ی ش ن ا ک

١٣

ئەو پۆلە زەربییە چاو ڕەشانە
دەڵێی لە توخمی دوڕ و ئەڵماسن
وا لە ژێر چادرە سەوزە بڵێسەدارەکانی
بەختەوەریدا بەڕاکشاوی
سروودەکانی عیشق و جوانی دەچڕن و
چاومەست و کەسیرە و نەشئەباز
ڕووەو ئاتوونی نووری باڵاش
دەلالێن و دەلالێن و
دەلالێن!

١٤

تۆی بریسکەی وردە مرواری
سەدەفە پیرۆزەکانی دەریاچەی
بێ کۆتای خودا!
ئەی شۆخ
ئەی شێداریترین پارچە میتاڵێک
لە دۆزەخ!
وەی نارنجیترین لەتە مۆسیقایەکی غەجەرزاد
لە فیردەوس!
شەپۆلی ئاگرینی شیعر شیعر شیعر
چلۆن دەتوانێ نەخشی
غوباری تەڵای ڕوخساری
یەزدانیت بنووسێت و



دەسبەسەر عەرشی پیرۆزی هاڵاوی
نوری جوانیتا داگرێ دا!

٢٠٠٤/٩/٩

# پێڕست


**گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس** ..... 5

پێکنینێک لەناو قوڕگی شاری گریاو ..... 9

سووتان لەناو گڕی عەشقا ..... 12

تۆ کۆچەری و... منیش تاوڵی دەربەدەریت ..... 13

دوو پارچە شیعر ..... 15

دووکەڵ ..... 16

کات و شوێن ..... 54

گوشبەندە شوورە ..... 56

ڤان ..... 58

تەزوو ..... 61

گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس ..... 62

تاووسی سپی دایانا ..... 70

مۆنادە جوانەکان ..... 81

ئەلیاسابات ..... 97

فاوست ..... 98

دەف ..... 99

ورچ ..... 100

مەرگ و جوانیی ..... 106

بازنەی قابیل ..... 107

بۆهیمیەت ..... 109

سزا ..... 113

دووش ..... 115

ئەی بڕۆنزیترین خەفەت ..... 117

یەشمەکانی چۆمسکی ..... 120

گەمەی مۆرفیمەکان ..... 128

زێ زێ هەمیشە دایکمانە ..... 147

جەنگ ..... 150





مایا ..... 153

دارمان ..... 171

پایزی ڕەنگەکان یان «کەڤالێک بۆ ڕێبوار سەعید» ..... 174

سەمای ئاو ئاو ئاو ..... 177

چۆپی ..... 178

بێهوودەیی ..... 179

زیندانەکانی... ..... 180

شازادە ..... 181

لە هەمبەر سرووشتدا لە هەمبەر سرووشتدا ..... 183

سیماکان ..... 186

مەرجانەکان ..... 190

خومار ..... 194

زازاکان زیباییترین زریزەی زەمهەریرین ..... 197

**لالە بەدەستان** ..... 201

لالە بەدەستان ..... 205

بابرم جانانە ..... 211

ماچینەکان ..... 219

خەون ..... 227

سروودەکانی عیشق ..... 231

دەشنێ ..... 235

کەفباران ..... 241

سەمای پێپوکان ..... 243

مەرگی غەریبان ..... 249

وارانی ڕۆح ..... 258

ئەرەنیا ..... 267

عیشق و نەواز ..... 269

ئەرەنیا... ئەی جیلوە فرۆش! ..... 273

تفتیلکە فیردەوسییەکانی ئاهورا ..... 280

کەڤاڵەکانی قەدەر ..... 292

زینانی ڕۆح ..... 298

**سرووده‌كانی عیشق** ........ 304
تابلۆكـانی ئه‌ڤین ........ 310
تــاج ........ 314
دورج ........ 319
جه‌مـره ........ 324
لیـا ........ 327
ڕیڤـا ........ 329
خـولیـا ........ 338
پارچه حه‌شیشـه‌كانی عیشق ........ 340